# کــاوە

فەرهەنگی فارسی – کوردی

**بەرگی یەکەم**

# کاوە

## فەرهەنگی فارسی - کوردی

**بەرگی یەکەم**

آ. ا. ب. پ. ت. ث. ج. چ. ح

عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەبدوڵڵا ئیبراهیمی
کاوە "فەرهەنگی فارسی - کوردی" بەرگی یەکەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٦٢
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٢٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٥٣ - ٢٠١٢
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-29-4

# فرهنگ فارسی - کردی

# Persian - Kurdish

کاوه

# Kaweh Dictionary

ژینی ژێردەستی بۆ گەلت وەکوساڵی بێ بەهارە
ڕێگای ڕزگاری ئاستەمە، تووشەو هەزار بەهەزارە

کۆمەڵگایەکی ژێردەستە و زەلیل و دیل و دواکەوتوو
بە سەرکەری دابی کۆن و بەنوێنی نەزانی خەتوو

لە کۆمەڵگایەکی وادا شۆڕشی بەدەست و تفەنگ،
ناتگەیێنیتە ئامانج و وەک ڕنینی بەردە بەچەنگ

زەلکاوێکی خنکێنەرە، پێت هەڵێنی دەچییە خوارتر
چەکئەوڕۆ دادت بۆ نادا لە حاست زۆرداری چەکدارتر

قەڵەم هەر تاقەدەرمانە، بۆ مێشکی سڕکراو بەبەنگ
زانست بۆ هەوێنی خەبات، وەکو شیرەی‌گوڵە بۆ هەنگ

ئاگری نەورۆز ڕێنوێنە بۆ شۆڕشێکی ڕزگاری
قەڵەم وەک کوتکی کاوەیە بۆ لابردنی بێ بەهاری

تۆرە و فەرهەنگت بەرەپێش، چارەی دەردی تۆ ئەوەیە
کوتکی کاوەی هەر قەڵەمە، نەورۆزی کوردی پێوەیە.

کاوه

# پێش پێشەکی

## بۆ ناوی کاوەم هەڵبژارد؟

کاوە پاڵەوانێکی ئەفسانەییە کە نەتەوە ئاریایی ڕەگەزەکان، بەئیخۆیانی دەزانن. نەورۆزی نیشانەی سەرەتای ساڵو وەخۆکەوتنەوەی سروشت و گەرم داهاتنەوەی زەوی و نەمانی سەرما و سەردەرێنانەوەی گژوگیا لەبن‌خاکی ساردوسڕیش، تێکەڵاوییەکی پتەوی لەگەڵ ناوی ئەو قارەمانەدا هەیە. ئەو دوو ناوە لە چیرۆکەکانی ئاڤێستا وەرگیراون و بەشانامەی فیردەوسی کەوتوونەتەوە سەرزار و زمانان، لەسەر کاوەی ئاسنگەر، دەنگۆ زۆرن و هەر کام لەو گەلانەی خۆیان بە ئاریایی ڕەگەز دەزانن و تەنانەت ئەوانەی بەڕەگەز ئاریاییش نین و سەردەمێک بەدوای بژێویی باشتردا، یا وەک داگیرکەر هاتوونەتە وڵاتی ئاریاییەکان، خۆ بەسوێندان شین و ڕەش هەڵدەگێڕن، کە کاوە هەر تەنیا ئی خۆیانە و مافی کەسی تری بەسەرەوە نییە. هێندێک لە نووسەرانی سەدەی بیستەم و لەوانە ئەحمەدی کەسرەویش، هەوڵی زڕاندنی ناوی کاوەیان داوە. ئەوان بەهۆی هەڵەیەکی مێژوویی و بەوێچوواندنی ناوە یۆنانییەکەی (ئیختوویگۆ)ی دوایین پادشای ماد - کە (ئاستیاک)ە - بە(ئاژدەهاک)، تاوانی خیانەت دەدەنە پاڵی، چونکە ئاستیاک (ئیختوویگۆ) بەپادشایەکی دادگەر دەزانن. (ئەحمەدی‌کەسرەوی) لەباری ئایینییەوە سەر بە بیروباوەڕێکی هەڵقووڵاو لە ئوولی زەردەشتە و بەو هۆیەشەوە (ئیختوویگۆ)ی خۆش‌دەوێ، چونکە ئەو پادشایەی ماد، ویستی دەستەڵاتی پادشا ناوچەییەکان کەم کاتەوە، کە هەر کامیان لە قەڵەمڕەوی خۆدا، بەخوا دەناسران و دەسەڵاتی ئوولی و میرییان بەدەستەوە بوو. بەتەواوی بۆ ئەو مەبەستەش، ویستی ئایینی موغەکان پەرە پێ بداتەوە و هەر ئەوەش - کە بەزیانی سامانپەرستی و دەستەڵاتی مەزنانی میری و سپایی ماد تەواو دەبوو - بوو بەهۆکاری خیانەتی سپاسالاری ماد و سەرکەوتنی کورۆش.کورۆش لە تاکە بەردەنووسێکدا کە لەپاشی بەجێ ماوە، بۆ خۆی ڕاستیی ئەو ڕوانگەی دەسەلمێنێ و دەڵێ: یێکێک لە هۆکارەکانی ناڕەزاییی گەلانی ژێردەستی ماد ئەوە بوو کە ئەوان ئوولی خۆیان بەسەر خەڵکیدا دادەسەپاند... " ئەو باسە زۆر هەڵدەگرێ و لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامەیەکی زۆری گەرەکە، کە لە کورتەباسێکی ئاوادا ناگونجێ. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر بڕواننە باسی ئاستیاگ لە کتێبی (تاریخی ماد ا.م. دیاکۆنۆف، ترجمۀ کریم کشاورز، چاپی تاران، ١٣٧٩، لاپەڕەی ٣٨٤ تا ٣٨٧).

کاوە، ئاسنگەرێکی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی ئیسفەهان بوو، کە بەهۆی پیشە پیرۆزەکەیەوە هاتبووە ئەو شارە. مەڵبەندی ئیسفەهان بەشێک بووە لە هەرێمی (پارسوا)ی سەر بە وڵاتی ماد. هەر ئێستاش کوردێکی زۆر لە ئاقاری ئەو شارەدا دەژین، کە بێگومان بەهۆی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکانی دوای ئیسلام و بەتایبەتیش دوای سەفەوی، تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر لە ڕێژەیان کەم بووەتەوە. سەرەڕای ئەو دەنگوباسانەش، من کاوە، هەر بە قارەمانێکی کورد، دەزانم، ئەو بەپێی چیرۆکەکانی ئاڤێستا، نموونەی ئازادیخوازێک دەداتە دەستم، کە نەیتوانی مل بۆ قورسایی نیری ستەمی دەستەڵاتی داگیرکەر دانەوێنێ و ئازایانە هەستاوە و پادشای ستەمکاری تێک شکاند. ئەو بەنموونەی پێشمەرگەیەکی کورد دەزانم، کە بەبێ تەمای هیچ دەستکەوتێکی مادی گیان و مان و سامانی خۆی خستە مەترسی و بەوەلانانی ترس و دڵەڕاوکێ، نەمامی ئازادیی پێ گەیاند، بەڵام لە دابەشکردنی دەستکەوتەکاندا، بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵگاکەی خۆی دا دەستی کەسێک کە لە خۆی بە لێزانتر و شیاوتری دەزانی.

# پێشەکی

ساڵی ١٩٨٦ چاوم بەکتێبی "بزووتنەوەی‌کورد لە ساڵی ١٨٨٠ " کەوت کە دوکتۆر جەلیلی جەلیل نووسیبووی، دوکتۆر کاوس قەفتان وەری گێڕابووەوە سەر کوردی. ئەو کتێبە ژمارەیەک بەڵگەی مێژوویی بەکەڵکی بۆ ڕوونبوونەوەی بەشێکی هەرچەند زۆر بچووک بەڵام گرینگی مێژووی گەلی‌کورد تێدا بوون. بۆیە بڕیارم دا وەری گێڕمەوە سەر فارسی، تا لەلایەکەوە خوێنەری فارسیزان و لەلایەکی‌تریشەوە ئەو کوردانەی خوێندنیان بەفارسی بووە و نازانن کوردی بنووسن و بیخوێننەوە بەهرەی لێ وەرگرن و خەڵکێکی زیاتر لە ڕاستییەکان ئاگادار بن. کە قۆڵم لێ هەڵماڵی، ئەوجار گریانم بۆ کلۆڵی و لێقەوماویی گەلەکەم هات. تێگەیشتم دەردەکەمان هەر ئەوەندە نییە کە خاکەکەمان دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵکو دەردی گەورەتر دەست بەسەرداگیرانی فەرهەنگ و زمان و تەنانەت مێژووەکەشمانە. بۆ خاکی دەست‌بسەرداگیراو "بارە سروشتییەکەی داگیرکردن " داگیرکەر هەر داگیرکەرە و ئەوەی کە داگیرکەر کێ بێ شتێکی ئەوتۆ لە سروشتی‌کارەکە ناگۆڕێ و بە دەرکرانی داگیرکەریش کۆتایی بەدۆخەکە دێ، بەڵام‌کە دێتە سەر فەرهەنگ و ئەدەب و ئابووری"واتە بارەکۆمەڵایەتییەکانی داگیر کران " زیان و کێشەکانی‌تازە سەرهەڵدەدەنەوە. بۆ وێنە ئێمەی‌کوردی لێقەوماوی مێژوویی - لێرەدا مەبەستم چاکی یا خراپیی ئوولێک یا بڕوایەک نییە، بەڵکو مەبەستمە کارتێکردنەکانی داگیرکەران لەو بوارانەدا بخەمە بەرچاو - بەرەوپێش چوونی لەشکری ئیسلام لە وڵاتەکەماندا، بەشی هەرە زۆرمانی بەزۆری لێ کردووین بەموسڵمان، داگیرکەری موسڵمانی شیعەی سەفەویش بەشێکی بەرچاوی لێ کردووینە شیعە، لە داخی تورکی عوسمانیش بەشێکی بەرچاوی نەتەوەکەمان لەژێر دەستی ئەو داگیرکەرەدا بوون بەعەلەوی. بەشێکیش لەسەر دینی پێشوو ماونەوە، بەڵام ئەوەشیان لە کار تێکردنی داگیرکەران بەدوور نەبووە. پێنج داگیرکەری کوردستان، بەچەند زمان‌و فەرهەنگی جیاواز و لە زۆر جێگاشدا دژ بەیەک بۆ تواندنەوەمان لەناو خۆیاندا و سڕینەوەی ئاسەواری‌مێژوویی و فەرهەنگی و پێناسەی نەتەوەییمان چی بۆیان کراوە کردوویانە. خوێندن بە زمانی زگماکی تەنیا لە بەشێکی کەمتر لە پێنج یەکی کوردستان "ئەویش بەنیوەچڵی و زۆرتر بۆ پێهەڵاکوتن بەبێگانەی داگیرکەر " ئازاد بووە. لە زیاتر لە نیوەی کوردستاندا هێنانی ناوی‌کورد تاوان بووە و سزای‌گەورەی بۆ دانراوە. ئاوا لە نیزیک بەچل میلیۆن کورد، تەنیا دەوری چوار میلیۆنی و ئەویش بەنیوەچڵی و ناتەواوی دەرەتانی خوێندن و نووسین و خوێندنەوەیان بەزمانی‌کوردی هەبووە. هەر ئەوەندەش زمانی نەتەوەی داگیرکەر کارێکی زۆر تێکدەرانەی لە بواری ڕێنووس و ڕێزمانیدا کردووەتە سەر. بەو هۆیانە کورد لە زمان و خەتی هاوبەشی خوێندن و نووسین و فەرهەنگستان بێ بەش بووە. ئەوە دەردێکە کە تەنانەت دوای ڕەتاندنی داگیرکەرانیش، چارەسەرەکەی ماوەیەکی دوور و درێژ هەڵدەگرێ، واتە دوای سەربەخۆیی وڵاتیش خەباتێکی دوور و درێژ و پڕ کوێرەوەریمان بۆ سەربەخۆیی و ساغبوونەوەی فەرهەنگی لە پێشە. هەر لە سەرەتای دەست‌پێکردنەکەوە کەوتمە ژێر ژانی ئەو دەردە. توشی زۆر وشەی نامۆ بووم زۆربەیان لە زمانی داگیرکەرەوە خزیبوونە نێو زمانی دەکار کراو لە وەرگێڕانی کتێبەکە بۆ سەر زمانی‌کوردی، تازە ئەویش وا گۆڕا بوو کە نە کورد و نە عەرەب نەیان دەناسییەوە ، بۆ وێنە لە جێگایەکدا نووسیبووی"چارەنووسە ماسەویەکەی ئەرمەنیان " چەندی هێنام و بردم‌و پرسیارم‌کرد و کردم و کراندم کەسم‌نەدیتەوە کە بزانێ یاوێی بچوێنێ ئەو وشەیە لێرەدا چ واتایەک دەگەیێنێ. تەنانەت لە زۆرکەسی وام پرسی‌کە لە کوردستانی باشوور خوێندبوویان، تا سەرەنجام یادی بەخێر کاک مەلا حەسەنی‌ڕەستگارم دی و پێی‌گوتم: ئەوە " ماسەوی " نییە مەئساوییە واتە: "پڕ کارەسات "، بەڵام خۆ دەر دەکەم هەر ئەوەندە نەبوو. ئەمن کوردیم نەخوێند بوو. ئەوەی دەمزانی هەر بە هەوڵی خۆم فێری بووبووم. خوێندەواریم وەک هەموو کوردەکانی ژێر دەستەڵاتی ئێران بەناچار بەفارسی بوو. بۆ نووسین بەکوردی بەدروستی ڕانەهێندرابووم. فێر بووبووم ئەگەر بمەوێ شتێکیش بەکوردی بنووسم بەفارسی بیری لێ بکەمەوە، ئەوجار وەریگێڕمەوە سەر کوردی جا بینووسم، تائێرە ڕەنگە زۆر نائاسایی نەیەتە بەرچاو، بەڵام کێشەی سەرەکیم لە وەرگێڕانەکەدا بۆ ساز بوو. لە دانانی وشەی لەباری‌فارسی لە شوێنی کوردییەکەیدا تووشی گرفتی‌گەورەبووم. فەرهەنگێکی فارسی بەکوردی دەیتوانی بەشێکی بەرچاوی کێشەی‌من و زۆری وەک من چارە بکات.

تا ئەو کاتە چەند کارێکی زۆر ناتەواو و ساکار بەوناوە بڵاو بووبوونەوە، کە نرخی خۆیان هەیە بەڵام بۆ چارەسەرکردنی گرفتێکی ئاوا زۆر لاوازبوون. لەو کاتەوە بەمەراقبووم ڕزگاریدەرێکم لێهەڵکەوێ و بەنووسینی فەرهەنگێکی ئاوا، لەو داوە

ڕزگارم‌بکا. بیستم ماموٚستا هەژار خەریکی نووسینی فەرهەنگێکی کوردی بەفارسییە. ئەو خەبەرە هیوایەکی گەورەی خستە دڵمەوە. هەرچەند ئەوە هەنگاوێکی زۆر گەورە و بەکەڵک و چارەسازی بەشێک لە دەردەکە بوو، بەڵام نەیدەتوانی بەڕادەیەکی کارساز، مەبەستەکەی منی لەو بوارەدا کۆڵەوار بەدی بێنێ. هەر دوعام دەکرد بریا ئێستاکە دەستی بەکارێکی ئاوا گەورە کردووە، فارسی بەکوردییەکەشی جێبەجێ‌کردبا. کەچی ماموٚستا دوا ماڵاواییی لە گەلی‌کورد کرد و ئەو ئاواتەم نەهاتە دی.
لە وەرگێڕانەوەی کتێبی"کورد و عەجەم "دا بۆ سەر زمانی فارسی هەنبانە بۆرینە زۆر بەکەڵکم هات. لەو کاتەوە بیری نووسینی فەرهەنگێکی فارسی بەکوردی دەمێشکمدا هێلانەی ساز کرد. کار لەسەر فەهەنگێکی ئاوا دوو مەرجی دەویستن:
١- غیرەت وەبەر خۆنان و خۆڕاگری و بەردەوامی: ئەمن لەو بوارەدا زۆرم دەخۆڕا دەدیت. چونکە هەر پیشەم وا بووە، ئەگەر بڕیاری کارێکمدا، وا مێشکمی پێوە خەریک دەبێ کە تا دەیکەم ئۆقرەم لێ هەڵدەگیرێ.
٢- زانیاریی پێویست: لەو بوارەدا زۆر خۆم بەکوڵ و کۆڵەوار دەهاتە بەرچاو. ئەمن ڕابردووی کاری ئەدەبیم بێجگە لە وەرگێڕانی دوو کتێبی کوردی بۆ سەر فارسی (کتێبی ناوبراو و کتێبی کورد و عەجەم) و کورتە چیرۆکێکی کوردی بەناوی "زیندەبەچاڵ " نەبوو کە هیچیشیان بڵاو نەبووبوونەوە تا عەیب و چاکەیان وەدەرکەوێ. ئەوە کۆشکی هیوامی دەخستە لەرزین، بەهەنبانە بۆرینەی ماموٚستا هەژار خۆم دڵخۆشی‌داوە. بەداخەوە ماموٚستا هەژاریش بەناوەخت دوا ماڵاواییی خۆی لێ کردین‌و ئەو دڵخۆشییەشم بە کەسەری ئاواتێکی وەدی‌نەهاتوو تەنگی پێهەڵچنا. ناچار بەهیوای هەمبانە بۆرینە، ئەو کێشەیەشم خستە نێو گێژاوی بیری ئاڵۆزم.

ماڵاواییم لە هاوڕێیانم و چوونم بۆ تورکیا لە مانگی ١١ی ١٩٩٥ ڕا دەست بەتاڵییەکی دامێ کە خێرا دەست بکەم بە هەڵگێڕانەوەی هەنبانە بۆرینە بەپێی وشەی فارسی (بەپێچەوانەی کتێبەکە کە بەپێی وشەی کوردی ڕیز کراوە). تا لەوێ بووم و دوو مانگێکیش‌دوای چوونم بۆ ئوستورالیا (١٩٩٧/١/٢١) بەوردکە کاغەزان (هەر کوتە کاغەزەی بۆ وشەیەک وەک ئەو وێنەی لێرەدا دەیبینن) دەوری خۆم واتە نیبوو کوردە کوتەنی "وشتری بەبارەوە لێ ون دەبوو! "، دوایە کەچە کۆمپیوتەرێکم بەقەرز کڕی. ئەوە لە دەست وردکە کاغەزانی ڕزگار کردم، بەڵام کێشەی دەگەورەتری بۆ ساز کردم کە لەنێو بەشی کێشەکاندا باسی‌دەکەم.



## کێشەکان:

جێگای خۆیەتی لێرەدا بەکورتی هێندێک لەو گرفت و کێشانە بخەمە بەرچاو کە لە نووسیندا تووشیان بووم و بێگومان هەر نووسەرێکی کورد تووشی‌دەبێ. ئەو کێشانە لەو کاتەدا زەقتر خۆ دەنووێنن کە نووسینی فەرهەنگ دێتە گۆڕێ، کە بابەتێکی زۆر گرینگ و هەموانییە و دەبێ هەموو کوردێک لێی تێ بگا و کەڵکی لێ وەرگرێ. بۆ وێنە کە دێتە سەر خوێندنەوە، ئەگەر کتێبەکە بەخەتی لاتین نووسرا بێ، خوێندنەوەی بۆ ئەوەی هەر ئەلفو بێکەی عەرەبی دەزانێ ناگونجێ و بەپێچەوانەش.

### کێشەی نووسین:

١- نەبوونی خەت (script)ی یەکگرتوو، کە لەسەرەوە بەکورتی نموونەیەکم لەسەر هێنایەوە.
٢- ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، کە هەرچەند لە ڕێنووسی فارسی باشترە، بەڵام هێشتا ناتەواوە. بۆ وێنە وشەی مانگ: (١- مانگ = مانگی ئاسمان، ٢- مانگ = ماندوو) ئەوەی یەکەمیان چۆن نووسراوە هەر وا دەخوێندرێتەوە بەڵام ئەوی تریان نا. بۆ باشتر ڕوونبوونەوە سەرنج بدەنە ڕێنووسی لاتینیی ئەو دوانە (1- mang 2- manig) خوا لێخۆشبوو ماموٚستا هەژار ئەو کێشەی بەدانانی نیشانەیْ لە شوێنی i تاڕادەیەک چارەسەر کردووە (١- مانگ، ٢- مانْگ)، بەڵام هێشتا نەبۆتە باو.
٣- فۆنت: ئەو فۆنتانەی بۆ ئەلفوبێتکەی شێوە عەرەبی وەک عەرەبی و فارسی و کوردی و... ساز کرا بوون لەسەر هەموو پەنجەرە (window)یەک، هەرچەند پشتیوانی (support)ی ئەو زمانانەشی هەبا نەدەخوێندرانەوە. بێجگە لەوەش فۆنتە کوردییەکانی تا ئەو کات ساز کراو، عەیبی سەیر و سەرلێشێوێنەری زۆریان تێدابوون. لە فۆنتێکدا پیتێک (character) لەسەر (key board) لە شوێنێک و لە فۆنتێکی تردا لە جێگایەکی تر دانراوە. بۆ وێنە بۆ نووسینی"ڕ " لە فۆنتێکدا (B) و لەوی‌تردا (shift B)و لە فۆنتێکی تردا ( V+shift A) دادەگیرێ. جا وەرە ئەو کێشەی بۆ منی تەمەنێک لە کوێرەوەریدا تێپەڕ کردووی مێشک بەهەزاران بیر و بیرەوەریی ئاڵۆز و تێکدەر ئاخنراوی دوورەوڵاتی کوێرزەیین، چارە بکە کە بەپێی‌سەلیقە بە Zanest Avdar دەستم ڕاهاتووە و دەبێ بە Kurdish News بابەتێک بنووسم کە شوێنی هێندێک لە پیتەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازە. ئێستاش، کە ساڵی ٢٠١٢یە، چەندین تەختە

کلیل (keyboard)ی نووسین، بۆ فارسی و کوردی و عەرەبی لە بەردەستی کەڵک وەرگران لە کۆمپیوتەردان، کە هەموو لەسەر یەکێکیان ساغ نەبوونەوە، فۆنتەکانیش هەر کامیان بەپێی بەرنامەیەکی جیاواز دانراون، کێشەی زۆر دەخوڵقێنن. بۆ وێنە، بەرنامەیەکی فەرهەنگ نووسینم وەگیر کەوت، کە ئێرانی دایان نابوو، ویستم، ئەو فەرهەنگەی بخەمە سەر، بەڵام، (script)ە کوردییەکانی نەدەخوێندنەوە، چونکە تەنیا بۆ ئەو فۆنتانە ساز کرابوو، کە لە ئێراندا باون و ئەوانیش (script)ە تایبەتەکانی زمانی کوردی وەک (ۆ، ێ، ڕ ...)یان تێدا نەگونجاوە. بەکورتی زۆر عەیبی تریش لەو بوارەدا دەکەونە بەرچاو وەک: نەنیشتنەجێی نوختە یا نیشان لە شوێنی دروستی خۆی و پێوە نەنووسانی هێندێک پیت لە هێندێک وشەدا و تەنانەت ونبوونی نوختەی هێندێک لە پیتەکان لە وشەدا و ... سەرباری ئەو دەردانەش ئەمن لە نووسینی فەرهەنگدا تووشی گرفتێکی تر بووم، ئەویش نەبوونی فۆنتێک بوو کە کوردی و فارسییەکە وێکڕا بنووسی. زۆرم حەول‌دا و زۆریشم خۆ پێوە ماندوو کرد، بەڵام نەمدۆزییەوە. نەبوونی فۆنتێکی ئاوا تووشی دوو کێشەی کردبووم. یەکەمیان ناڕێکی لە خەت و نووسراوەدا و دووەمیشیان کە گرینگتر بوو کێشەی لەخۆڕا تێکچوونەوەی فۆنتەکان (لە ئەندازە یا چەشنیاندا) بوو. لە فایلێکی ١٠٠لاپەڕەدا فۆنتەکە تێک دەچوو، لەخۆڕا دەگۆڕا بەفۆنتێکی نەخوازراوی عەرەبی. دەبوو هەموو فایلەکە بکەمەوە بەفۆنتەکوردییە مەبەستەکە. تا ئێرە بەسێنەیی بوو، بەڵام ئەوجار دەبوو ئەو فارسییانە وشە بە وشە ببینمەوە و چاکیان کەمەوە کە لەبەر نەبوونی"ص، ض، ط، ظ، ذ " لە کوردییەکەدا بەناچار لە عەرەبی و پاشانیش لە فارسیم وەرگرتبوون. زۆرجار دوو سێ ڕۆژم بەڕستنەوەی ئەو ڕیسەوە دەچوو کە ئاوا لێم بووبوو بەخوری!! سەرەنجام پاش حەول و خۆماندووکردنێکی زۆر و پرسیار لەم و ئەو و لە دۆستانی ئوسترالیا و دەرەوە، بە وەدەستخستنی بەرنامەیەکی "فۆنت سازکەر " بەهۆی برادەرێکم بەناوی عەلی‌کە ئازەرییەکی‌ئێرانی بوو و، کەڵک وەرگرتن لە ئینتەرنێت و کڕینی کتێبێکی فۆنت سازکردن، فۆنتێکم ساز کرد کە مەبەستەکەمی بەتەواوی دەپێکا و ئاوا ئەو کێشەیەشم بۆ خۆم چارە کرد. پەنجەرەی XPش زۆر کێشەی بۆ چارەسەر کردم. بەخۆشییەوە برادەرێکی دڵسۆز سایتی Kuritgroapی پێ ناساندم، کە کۆمەڵێک لە دڵسۆزانی وشەی‌کوردی دایان‌ناوە و پشتیوان و keyboard و ئەژمارێک فۆنتی کوردییان ساز کردووە کە مەبەستەکەی من تا ڕادەیەکی بەرچاو دەپێکن. بەڵام‌کەموکووڕیی ئەو فۆنتانە کە تا ئێستا کەوتوونە بەرچاوم ئەوەیە کە بزوێنەکانی وەک (سەر) و (ژێر) و (بۆر) و (زەنە) و هێندێک نیشانەی تر باش کار ناکەن و دانانیان پیت لە وشە جیا دەکاتەوە. پێویستە ئاماژە بەکاری ئەو دڵسۆزەش بکەم‌کە ئۆفیسی کوردیی داناوە بەڵام بەهۆی ناتەواوبوونی بۆ نووسینی کتێب نەدەگونجا. بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم کە کێشەی فۆنت زیاتر لە ساڵێکی کاتی منی بۆ خۆی برد و لە کارە سەرەکییەکەی خۆم کە نووسینی فەرهەنگە بوو وەدوای‌خستم.

## کێشەی دەرەتان:

دەرەتانی لەبار و پێویست بۆ نووسینی فەرهەنگ بە چەند مەرج پێک دێ:

١- کەرستە: هەبوونی سەرچاوەی بەکەڵک و دەست وێڕاگەیشتن بەکتێبخانەی دەوڵەمەند مەرجێکی هەرە گرینگە لە کاری فەرهەنگ نووسیندا، کە بەداخەوە کورد لەو بارەوە زۆر فەقیرە. جا لەناو ئەو فەقیرییەشدا ئاوارەیەکی لە وڵات دابڕاوی وەک من کە تەنانەت لە ئاوارەییشدا هێندە دوور کەوتوومەوە کە بۆ کارەکەم هەر دەستم بەهاسانی وەجموجۆڵی فەرهەنگیی‌کوردی لە ئەورووپاش ڕاناگات - چونکە بۆ خۆمی لێ دوورم و کەسی واش شک نابەم لەو بوارەدا بتوانێ یاریدەرم بێ - ئەو کێشەیە چەند قات دەبێتەوە.

چەند فەرهەنگێکی فارسی بەکوردی لەلایەن چەند دڵسۆزێکی وشەی کوردی بڵاو بوونەوە، هێندێکیانم لە ئینتێرنێت وەدەست کەوتن، برادەرێکی دڵسۆزیشم لە سوێدڕا فەرهەنگی یەک جڵدیی زانکۆی کوردستانی بۆ ناردم، ئەو فەرهەنگانە وشەی زۆریان دا دەستم، بەڵام، ٣ لەو فەرهەنگانە، هەڵە و کێشەی زۆریان تێدا بوون، بەتایبەتی لە فەرهەنگەکەی زانکۆی کوردستاندا، ٤٠٥ هەڵەی بەرچاوم دۆزینەوە، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەی وەک ناوی ژمارەیەکی زۆر زمان، نەتەوە، تایفە و هۆزی شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان، کە بۆ فەرهەنگێکی دوو زمانە بێجگە لە هەڵمساندنی قەبارەی کتێب، کەڵکێکیان تێدا نابینم و، هەروەها زۆر شتی تر کە لێرەدا باسیان ناگونجێ و بەجودا لە نامیلکەیەکدا بڵاویان دەکەمەوە.

٢- هاوکاری: فەرهەنگنووسانی گەلانی ئازادی جیهان بێجگە لە دەدەستدا بوونی کەرستە و ئامرازی پێویست بەدەستە و تاقمی چەندین‌کەسی و پشتیوانیی میری و زۆر کارسازی و کاردروستاییی تر کار دەکەن، بەڵام فەرهەنگنووسی کورد دەبێ بەتەنێ و بێ چاوەڕوانیی هاوکاریی کەس، بەشێکی بەرچاو لە کات و ماڵ و ویسحەت و ژیانی خۆی لەسەر ئەو کارە دانێ، کە ئەوەش بێگومان زۆر سەختە و لەخۆبووردنێکی زۆری دەوێ و سەرباری ئەوەش نابێ چاوەڕوان بێ کارەکەی بێ هەڵە و کەموکووڕی بێ. ڕاستە هاندان بۆ بەرەوپێش چوونی کارێکی ئاوا گوڕ و تینی زیاتر دەداتە مرۆڤ، بەڵام ڕەخنەش (چ بەجێ، چ بێجێ، چونکە هەردووکیان وریاکەرەوە و هەڵە کەمکەرەوەن) پێویستی و مەرجی بێ ئەملا و ئەولای سەرکەوتنی ئەو کارەیە و تەنیابوون لە کاردا هەڵە پاساو ناداتەوە مەگەر، ئەوەی کار دەکا گرینگی بداتە

ڕەخنەکان و بەباشی هەڵیان سەنگێنێ. بواری نووسینی وشەدانی کوردی، گیروگرفتی زۆری تێدا بەدی دەکرێ. نە دەوڵەتێک هەیە، پشتیوانی لەو کارە بکا و نە دەزگایەک هەیە یارمەتیدەر بێ و نە کۆڕێک لە زانایانی بواری وشە هەیە لانیکەم ئەو کارە ناتەواو و سەرەتاییانە هەڵسەنگێنێ، کە بەماندوویی و لەخۆبووردنێکی زۆر لەلایەن چەند کەسێکەوە کراون.

٣- دەست وێڕاگەیشتنی ئازادانە بەهەموو بەشەکانیکوردستان: فەرهەنگ (قامووس، وشەدان) زمانی لێک تێگەیشتنی خەڵکە و فەرهەنگنووسیش ئەو کەسەیەکە "وشە " لە خەڵک وەردەگرێ و لە پەنا یەکتری لە شوێنی شیاودا دایان دەنێ. دووری لە سەرچاوەی سەرەکیی فەرهەنگ "واتە خەڵک " بۆ منی دوورەوڵات لەو کارەدا کە دەستم پێ کردووە کۆسپێکی گەورەیە و بەتایبەتی کە کارەکەشم دوو نەتەوە دەگرێتەوە.

٤- دارایی: پشتیوانیی ماڵی کارێکی ئاوا بۆ گەلێکی بێ دەوڵەت و دەست بەسەرداگیراو و فەرهەنگی خۆ لێ قەدەخەکراوی وەک کورد، یەکەم دەسترۆیشتوویی نووسەر و دووەم بازاڕە. دوورکەوتنەوە لە گەل (کە بازاڕی بەرهەمەکە پێک دێنێ)، گونجانی چاپ و بڵاوکردنەوە دەخاتە ژێر کارتێکردنێکی زۆر تێکدەرانە. گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای من لە دوورەوڵات بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم ئەو خاڵەیە. لە وڵاتێکی تەریک و دوور لە وڵاتانی تر کە ڕێگای بەوشکانی دا بۆ هیچ شوێنێکی دنیا نییە، دەست بەهاسانی وە وڵاتانی ئەوروپاییش ڕاناگا کە بازاڕێکی باشتریان لێیە و چاپ و بڵاوکردنەوەشیان باشتر لێ دەگونجێ، تەنیا بەدراوی سۆسیال و گرتنەوە لە دمی ماڵ و منداڵم، کتێبم لە چاپخانە ڕەسمییەکان بۆ لە چاپ نەدرا. بۆیە ناچار بووم بۆ خۆم فێر بم بەپرینتەرێکی ساکار لە ماڵە خۆم لە چاپیان بدەم و لاپەڕە دانان و لێک قایمکردن و بەرگ تێگرتن و بڕین و بەگشتی هەموو کارەکانی بەدەست و مست و گیرفانیخۆم بکەم و بەخۆڕایی بیدەم تەنانەت بەو کەسانەش کە بە وتەی خۆیان زۆر بەمەراقی بڵاوبوونەوەی بوون و هانیان دەدام لە بڵاوکردنەوەیدا پەلە بکەم، پاش چاپەکەش پشتیان تێ کردم و بەڵێنەکانیان لەبیر خۆ بردەوە، جا ئەوجار مەمنوونیشیان بم بۆم بخوێننەوە. ڕەنگە بڵێن کتێبەکە شتێکی وا نەبووە کە سەرنجیان ڕاکێشی، بەڵام وا نییە، چونکە کتێبێکی وەک کورد و عەجەم، ئەگەر بڵێین وەرگێڕانەوەکەشی باش نەبێ - کە ئەوەیان بەتاوانی من دادەنرێ – خۆ نرخە مێژوویییەکەی لەسەر کێشەی کورد هەر لە جێی خۆیەتی.

٥- ئەمن و هەڵە: کورد دەڵێن: " بەندە بێ پەڵە نییە "و بێگومان " بێ هەڵەش نییە ". هەڵە پەڵە دەخاتە سەر مرۆڤ، هەڵەش هەتا گەورەتر بێ پەڵەی گەورەتر ساز دەکا. بەسەهوو چوون لە هەموو کار و کاتێکدا دێتە پێش و گرینگترین هۆکارەکانیشی بەبڕوایمن بریتین لە:

یەکەم - زەینکوێری کە دەبێتە هۆی لەبیرچوونی زۆر شتی بەجێ و پێویست.
دووەم - تەنیابالی و بێ هاوفکری و بێ هاوکاری: ڕاوێژ و هاوفکری دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر لە هەڵە کەم کاتەوە. زۆرجار بۆم هاتووەتە پێش کە پاش چەند جار بەوردی پێداچوونەوەی بە بابەتێکدا هێشتا هەڵەی زۆر زەقی تێدا ماون. هۆیەکەشی ئەوەیە کە مرۆڤ هەموو هەڵەکانی خۆی بە تەواوی نابینێ و هاوکاری و هاوفکریی دڵسۆزانە دەتوانێ چارەی ئەو دەردە بێ.
سێیەم - بۆچوونی بێجێ و تێگەیشتنی نابەجێکە زۆر ڕوو دەدا و مەرجیش نییە ئەگەر نووسەر زۆر شارەزاش بێ هەموو بۆچوونەکانی ڕاست و بەجێ بن.
چوارەم: تەواوی کاری نووسین، تایپ لەسەر کۆمپیوتەر و تەنانەت سازکردنی فۆنتەکەشی بۆ خۆم کردوومە. ڕووی نەبوونی ڕەش بێ! دەنا هەر نووسینی فەرهەنگ بۆ خۆی کاری تەنیا کەسێک نییە  چ دەگا بەو کارانەی تریشی. لەکاری فەرهەنگنووسانی گەورەشدا سەرەڕای ئەو هەموو کار دروستاییانەی بۆیان کراوە، چاوم بە هەڵە کەوتووە، بۆیە بێگومان کارێکی ئاوا لە هەڵە و کەموکووڕی بەدوور نابێ.
سەرەنجام دەمەوێ بە خوێنەرانی هێژا بڵێم، فارسگوتەنی: دیگران کاشتند ماخوردیم، ماهم میکاریم دیگران بخورند. واتە: ئەوان چاندیان ئێمە خواردمان، ئێمەش دەیچێنین ئی تر بیخۆن. مامۆستا هەژار، مامۆستا گیوی موکریانیو... چاندیان ئێمە بەئەمەگناسییەوە خواردمان ئەوە دەشیچێنینەوە تا بزانین ئاخۆ بەرهەمەکەی شیاوی خواردنی داهاتووان دەبێ؟ چاندن، سروشتییانە دوو مەبەستی تێدا بەدی دەکرێ: یەکەم - زیادکردن و باشتر و بەرێژەوتر و بە کەڵکترکردنی بەرهەم تا بتوانی پێداویستیی ویستیاران تا دەگونجێ بەباشی دابینکا، دووەمیش: دابینکردنی تۆو بۆ چاندنەوە. هیوادارم لانیکەم توانیبم بەشێکی هەرچەند بچووکیش لەو دوو مەبەستەم جێبەجێ کردبێ. بێگومان ئەو بەرهەمە پڕە لە کەموکووڕی، ئەو دەستە دەکوشم کە بەڕەخنەیەک پەنجە بۆ هەڵەیەکم ڕادەدێرێ و ئەو دەستەش ماچ دەکەم کە دەنکێک یا لۆچێک وشەی تازە و ڕازاوەی کوردیم بۆ دەخاتە سەر خەرمانی هەژارانەم.

عبدالله ابراهیمی (کاوە)، ٢٠١٢/٤/١١
ئادێلاید - ئوسترالیا

## کورد و زمانەکەی

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە زنجیرە زمانەکانی هیندوئەورووپایی. ڕیشەی ئەو زمانە بێگومان دەگەڕێتەوە سەر زمانی ماد. چەند ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆژئاوایی وەک " ا- سون " و "سایس " و... ڕەچەڵەکی کورد و زمانەکەی دەگەیێننەوە سەر نەتەوەی ماد. "حسن پیرنیا - مشیرالدولە " لە کتێبی (ایران باستان)دا دەڵێ: لوغەتی میدی ئەگەر زمانی کوردیی ئێستە نەبێ بناغەیەتی (مێژووی ئەدەبی کورد، علاءالدین سجادی، چاپخانەی معارف، سردشت، ١٩٥٢/١٣٧١، ل ٤٨ - ٤٦). یەکەم کتێب بەزمانی کوردیی ئاوێستایە، کە زەردەشت نووسیویەتی. زەردەشت بەپێی وتەی هێندێک لە مێژوونووسان لە نێوان ٦٦٠ تا ٦٥٠٠ی بەر لە زاین لەدایک بووە. هێندێک لە مێژوونووسانی یۆنانی وەک "ئەفلاتوون " و "ئیکزان تووس " پێیان وایە لە نیزیکەی (٦٥٠٠ پ.ز) و "دوکتۆر محەمەدی موعین " پێی وایە لە (٦٦٠ پ.ز) لەدایک بووە، "دالای پارسی " ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە بۆ (١٠٠٠ پ.ز) و "وست " و "جاکسن " و هێندێکی تریش بەپێی "بوندهشن " و "ئەرتای ویرافنامە " و هێندێک پەڕاوی تری بەزمانی پەهلەوی ئەو مێژووە بە (٦٦٠ – ٥٨٣پ.ز) دەزانن. بەڵام بێگومان، ئەوانەی زەردەشت دەگێڕنەوە سەردەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز، لە هەڵەیەکی گەورەدان، چونکە لە هیچ بەردەنووسێکی ئەو سەردەمەدا باسی نەکراوە و، هەروەها ناوی شارە گرینگەکانی ئەو سەردەمەش لە ئاوێستادا نین و باسی هیچ کام لە دەوڵەتانی بەهێزی ئەو کاتیشی تێدا نییە. بەردەنووسێکی بەجێماوی ئاسووری لە سەدەی هەشتەمی (پ.ز)دا باسی مادێک دەکا کە ناوی "مەزدەک " بووە. ئەوە دەیسەلمێنێ کە لە سەدەی هەشتەمدا مەزداپەرستی لەناو مادەکاندا بڕەوی هەبووە و بەو پێیەش دەبێ زەردەشت ئی بەر لەو مێژووە بێ.

کتێبی ئەوێستا بەزمانی مادی نووسراوە کە لەگەڵ زاراوەی گۆرانی ئێستا جیاوازییەکی زۆری نییە. هرمیپوس (سەدەی سێیەمی پ.ز) دەڵێ: ئێرانییەکان پەڕاوێکیان هەیە بەناوی ئاوێستا کە بەزمانی ماد نووسراوە. (مێژووی وێژەی کوردی، صدیق بۆرەکەیی، چاپاول، ص٨ - ١٤). ئەوەی حاشای لێ ناکرێ ئەوەیە کە مادەکان بۆ یەکەم جار خوێندنەوە و نووسینیان لە ئێران کردە باو و ئەوەندە لەسەر خوێندن سوور بوون کە تەنانەت لە کاتێکدا کە پیاوان و ژنان بۆ سازکردنی شوورەی هەمەدان بەگەرمی خەریکی کار بوون، منداڵانی شار دەرسیان دەخوێند و بەڕێنوێنیی مامۆستا بەقەڵەمێکی لە مس یان مەفرەق لەسەر لەوحی سازکراو لە قوڕ دەیاننووسییەوە (سرزمین جاوید، ذبیح‌الله منصوری، تهران، زرین، ١٣٧٠، ص١٧٣). کوورۆش لە بەردەنووسەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکا و دەڵێ:
"... مادەکان شتی باشیشیان هەبوون و من پاش ئەوەی بەپادشایەتی گەیشتم، ئەوانەم لە مادەکان وەرگرتن و لە وڵاتی خۆمدا برەوم پێ دان. یەکێک لەو شتە باشانەی لە مادەکان فێری بووم، ئەلفوبێی وان بوو، کە ٣٦ پیتی هەبوون و هەر ئەو ئەلفوبێیەیە کە ئەوڕۆ لە وڵاتی مندا بووەتە باو. ئەمن خوێندن و نووسین بە ئەلفوبێی ٤٨ پیتی فێر بووم، بەڵام زانیم کە ئەلفوبێی ٣٦ پیتیی مادەکان بۆ خوێندن و نووسین کەڵکی زیاترە و مرۆڤ بەو ئەلفوبێیە زووتر فێری خوێندن و نووسین دەبێ. ئەمن تێگەیشتم بۆ ئەوەی خەڵک بەهاسانی فێری خوێندن و نووسین بن، دەبێ نووسین لەسەر تەختەگڵی سوور وەلانێن و وەک خوێندنگەکانی هێگمەتانە تەختە بەرد دەکار کەین و فەرمانبەرانی دیوان و بازرگانان و کارمەندانی تۆمارکردنی بەڵگەنامەکانم ڕاسپارد کە لەسەر چەرم بنووسن و یەکێک لە سوودەکانی نووسین لەسەر چەرم ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆر خۆ ڕادەگرێ.... " و تێکدەری حکوومەتی ماد و دامەزرێنەری دەستەڵاتی پارس، بەو بەڵگە حاشاهەڵنەگرەی خۆی، هەم دەیسەلمێنی، چیرۆکی لەدایکبوونی چەندە درۆیە و هەم ئەوەی کە لە سەردەمی مادداچ گرینگییەک بە خوێندن دراوە، ئەوانە شانازیگەلێکی مێژوویین، کە دەبێ ڕۆڵەکانی کورد پێی بزانن.

بەداخەوە نەک هەر بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیکە بێگومان دەیتوانی پاڵپشتێکی بەهێزی پێشکەوتنی بێ، بگرە بەهۆی دژایەتی و بەرچاوتەنگیی داگیرکەرانی کوردستان و دانانی قەدەغە و بەربەست لەسەری و تەنانەت هەوڵی بێ وچان و توندوتیژیان بۆ سڕینەوەی هەموو ئاسەواری نەتەوەیکورد و تواندنەوەی بەیەکجاری، دەرەتانی پێشکەوتنی پێ بەپێی زمانەکانی تری دەوروبەر بۆ زمانی کوردی نەبووە. زۆر زمانی ئەو ناوچەیە هەرچەند زۆر کەمتر لە زمانیکوردی لە گوشاردا بوونە، وا تواونەوە کە بەتەواوی بڕاونەوە و هەر لە بیریش‌کراون و خاوەنانیشیان ئێستا خۆ بەنەتەوەیەکی تر دەزانن. بۆ وێنە میسرییەکان کە بەتەواوی لەناو عەرەبدا تواونەوە و هەروە نازانن سەردەمێک عەرەبیش‌نەبوون. مامۆستا سەجادی (مێژووی ئەدەبی کورد ل ٤٤)دا دەڵی: "...کوردەکان لەبەر ڕێککەوتی مەڵبەندی و کۆچەرایەتی و شاخنشینی دوورتر بوون لە قەومی بێگانەوە، کەمتر تێکلاوییان بووە بە تێکلاوبوونێکی وەها کە کار بکەنە سەر تێکدانی زمانەکەیان - مەگەر لە دەوری ئیسلامیدا نەبێ کە هەندێ وشەی عەرەبی بەهۆی ئاشنایەتیی ئاینەوە تێ کەوت – بەمجۆرە بەبێ تێکدان و دەست لێدان زمانەکەی خۆیانیان پاراست و هێشتەوە، " ئەوە ڕاستییەکینەشاراوەیە بەڵام هەمووی هۆکارەکە نییە. ڕوانینێکیکورت لە مێژوویکورد بەتایبەتیلە

چەرخی ١٩ و ٢٠دا ڕاستییەکی تریشمان بۆ دەسەلمێنێ، ئەویش خۆڕاگریی بێ وچانی گەلەکەمانە لە پاراستنی فەرهەنگ و پێناسەی نەتەوەیی و تایبەتمەندییەکانی کوردەواریدا. لەو دوو سەدەیەدا دەتوانم بڵێم کورد بەقەت هەموو مێژووی دیاری خۆی دەردی دیون و بەڵای بەسەر هاتوون. کوردستان بەکەین و بەینی زلهێزانی سەردەم لە دوو پارچەڕا بوو بەپێنج پارچە. میرنشینەکانی کە بەدەستی کورد بەڕێوە دەچوون و نیوە سەربەخۆییەکیان هەبوو، هەڵوەشێندران و سنوورەکەشیان بەپێی بەرژەوەندیی داگیرکەران دانرانەوە. حاکمانی نەکورد و ناشارەزا بەزمان و نەریت و فەرهەنگی کوردی و تەنانەت گوێ ئاخنراو بەدوژمنایەتییەکی کوێرکوێرانە دەگەڵ نەتەوەی کورد، بەسەر کوردستاندا سەپان. تەنانەت لە پارچەی داگیرکراو بەدەست یەکەتیی سۆڤیەتیشدا کە بەڕواڵەت گەلان خودموختارییان هەبوو، ئەوەندەشیان پێ ڕەوا نەبیندرا کە هیچ، زۆربەیان بەدەست کارگێرانی شۆڕشی کۆمۆنیستی و بۆ ڕازیکردنی تورکان، لە زێدی خۆ هەڵکەنران و دوور خرانەوە و ئەوانەی مانەوەش لە بەردەستی کۆمارەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا بەحاڵ پلەی هاونیشتمانیی دەرەجە دوویان پێ برا. لە نزیک بەنیوەی خاکی کوردستاندا کە ئاتاتورک بە سات و سەودا دەگەڵ زلهێزان و پیلانی ناوخۆیی لەژێر دەستی خۆیدا ڕای گرتبوو، ناو و زمان و هەموو شتێکی نیشانەدەری شوێنەوارێک لە کورد، لە یاسا و بەڵگە یاسایی و مێژووییەکانی وڵات سڕایەوە و بردنی ناوی‌کورد سزای بۆ دانرا. لە زیاتر لە ٨٠%ی خاکی‌کوردستان نووسین و خوێندنەوەی کوردی بەتاوان و دژی یاسا دانرا. تەنیا بەشێکی بچووکی‌کوردستان، ئەویش لەژێر دەستی ئێراندا، ناوی"کوردستان "ی‌لەسەرما کە: سنە، سەقز، بانە، مەریوان، دیواندەرە، کامیاران، قوروە و بیجاری دەگرتەوە. (تێبینی: خەڵکی ئەو ناوچانە کە سەر بە سنە بوون، بەگشتی بەو شارەیان‌گوتووە "کورسان "، دەنا ئەو ناوەش بەخشیشی داگیرکەران نییە). کوردستان لە بەردەستی عێراق بوو بەشیمال و لە سووریا و تورکیا و سۆڤیەتیش هیچ ناوێکی بۆ دانەنرا. لە هەمووی ئەو ماوەشدا دوور خستنەوە، زیندان، ئەشکەنجە، ڕاگوێستن، کوشتن، ئەنفال، سووتمان، بۆمباران و کیمیاباران و ... هەر لەسەری بەردەوام بووە. بەڵام هەمووی ئەوانەش نەیتوانی کورد بتوێنیتەوە و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی کوردایەتیی لێ بستێنیتەوە. تەنانەت زەبروزەنگ و قەدەغەی ئاتاتورکیش کوردی نەتواندەوە و ئێستا لە زۆر شار و شارۆکە و گوندی باکوری کوردستان، زۆر کورد دەبینی کە تەنانەت لە تورکی هەر تێش ناگەن.

## پێوەندیی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی دراوسێکانی:

### ١- کارتێکردن:

بێگومان هیچ زمانێک ناتوانی بەتەواوی لە کارتێکردن و کارتێکران لە پێوەندی لەگەڵ زمانانی جیهان بەگشتی و زمانانی دراوسێدا بەتایبەتی بەدوور بێ. لە سەردەمی ئێستادا سنوورەکانی گەلان لەباری پێوەندی و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتییەوە زۆر بێڕەنگ بوونەتەوە. بەتایبەتیش‌کە پیشەسازی و داهێنانی تازەی بەردەوام و دیاردە نوێیەکان، هەموو ڕۆژێ بەچەندین وشەی نوێ دەڕژێنە نێو زمانی گەلان، ئەو وشانە لە هەر شوێنێک و بەهەر زمانێک داهاتبن، بەهۆی بڵاوبوونەوەی تێکنۆلۆجی، یا لەنێو گەلانی وەرگردا مانای تازەیان بۆ دادەنرێ یا وشەکە ڕاستەوخۆ دەخزێتە نێو زمانیان. کەوابوو ئەو کارتێکردنانە نەک هەر ناڕەوا نین، بەڵکو دەتوانن زمانەکە دەوڵەمەندتریش بکەن. زۆر گەلان نەک هەر ئەوڕۆ بەڵکو لە زەمانەکانی زۆر دوورەوە کەڵکیان لە وشەی بێگانە وەرگرتووە، بۆ وێنە ئینگلیزی، تورکی، فارسی و عەرەبی پڕن لە وشەی بێگانە. قورئانی پیرۆز کە بە شاکارێکی زمانەوانی دەناسرێ بۆ خۆی بەدەیان وشەی لە زمانەکانی تر وەرگرتووە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە ئەو وشە وەرگرتنە دەبێ بەمەرجێک بێ کە ڕەسەنایەتیی زمانی وەرگر نەخاتە بەر هێرش و پرسیار. ئەگەر لە زمانێکدا وشەی لەبار هەبێ یا دانانی وشەیەکی جوان بۆ دیاردە نوێیەکە بگونجێ، ڕەوا نییە پەنا بەرینە بەر وشەی نامۆی بێگانە کە لە کارکردنەکەی بۆ خەڵک نامۆیی و کێشە دەخوڵقێنێ. ئەوە خاوێن ڕاگرتنی زمانە ڕووتکردنەوەی زمان نییە لە هەرچی وشەی بێگانەیە بەبێ جیاوازی دانان لە نێوان شیاو و نەشیاودا. زمانی کوردی کە لەباری‌جوغرافیاییەوە لە گەمارۆی تەواوی چەند زمانی دراوسێی (فارسی، تورکی، عەرەبی و هەرمەنی و..)دایە، کەمێک لە تورکیڕا و بەهۆی ئاینەوە هێندێک زیاتر لە عەرەبیڕا کاری تێ کراوە. لەپێوەندی لەگەڵ زمانی فارسیدا کارتێکرانەکە شێوەیەکی جیاوازی هەیە، کە لە "پێوەندیی زمانی "دا باسی دەکەین. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کوردی سەرەڕای ئەو هەموو گوشار و زۆرییەی بەدرێژاییی مێژووی پڕ کارەساتی لەسەری بووە، لە زمانەکانی دراوسێی خۆی زۆر خاوێنتر ماوەتەوە و زیاتر لەوەی کاری تێ کراوە کارتێکردنی هەبووە.

### ٢- هاوپێوەندیی زمانی:

زمانی‌کوردی لەنێو دراوسێکانیدا تەنیا هاوبنەماڵەی زمانی‌فارسییە - بنەماڵەی زمانەکانی هیندوئەورووپایی - و چ لەباری ڕێزمان و چ لەباری وشە و واتاوە تێکەڵاوییەکی بەربڵاوی لەگەڵیدا هەیە. کە چاو لە فەرهەنگی فارسی دەکەی

بەسەدان وشەی تێدا دەبینیکە لە کوردیشدا دەکار دەکرێن. بەشێکی یەکجار زۆری ئەو وشانە ئێستا لە فارسیدا کەڵکیان لێ وەرناگیرێ و تەنانەت فارس هەر تێشی ناگەن، بەڵام لە کوردیدا هەر باون و ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ کوردیبوونیان. بەشێک لەوانە هەروەک فەرهەنگەکانیش ئاماژەیان پێ کردووە لە کوردیڕا خزیونەتە نێو فارسی. دوکتۆر محەمەدی موعین لە پێشەکیی فەرهەنگی فارسیی خۆیدا دەڵێ: "ماکەکانی سەرەکیی زمانی فارسی برێتین‌لە: دەریی کۆنین، پارتی، پەهلەوی، هیندی، عەرەبی، تورکی، موغولی، ئەورووپایی ". لە سەرچاوەکانی ئەو زمانەشدا ئاماژە بە پارسیی کەونین و مادی و کوردی.. دەکا.

لێرەدا شایانی ئاماژەیە کە بەداخەوە بیری ڕەگەزپەرستانە تەنانەت وا بەرچاوی زانایەکی گەورەی فەرهەنگی فارسی "وەک دوکتۆر موعین "ی لە حاست زمانەکەمان تاریک کردووە کە بە زمانێکی سەربەخۆی دانەنێ و لە فەرهەنگە شەش جلدییەکەیدا بۆ ڕوونکردنەوەی مانای لهجە دەڵێ: " ٣- لکێکە لە زمانێک کە بەهێندێک گۆڕانکاری لە ناوچەیەکدا ئاخافتنی پێ بکرێ: بۆ وێنە گیلەکی، کوردی، لوری، سمنانی، زاراوەگەلێکن لە ئێرانی... " (ف ۶ ج معین ص ۳۶۶۱ چا دهم ۱۳۷۵ چاپخانۀ سپهر، تهران).

ئەو زانایە کورتبینە تەنانەت زمانی کوردیی تا ڕادەی زاراوەیەکی چووکی ناوچەیی دێنێتە خوار بێ ئاگا لەوەی کە "لوڕی "ش - کە لەوێ ئاماژەی پێ کردووە - بۆ خۆی زاراوەیەکە لە زمانی کوردی کە ئەو دەیکاتە زاراوەیەک لە زمانی ئێرانی. بێگومان مەبەستیشی لە ئێرانی هەر زمانی فارسیی ئێستایە، کە لە ڕاستیدا دوای هێرشی عەرەب ساز کراوە و "ئێرانی " و وشەی "ئێران "یش بەواتای‌ئێستای، داتاشراوی سەردەمی ڕەزا شایە و لەسەر ڕێنوێنیی ڕۆژئاوا دانراوە. ئەو زمانە "فارسی "یە تەنانەت ناوەکەشی دەستکردە و پێش ئیسلام شتێکی بەو ناوە نەبووە و ئەو ناوە هەر "پارسی "ە کۆنەکە بووە کە عەرەبان خوا خێریان بنووسێ چونکە (پ)یان نییە، کردوویانەتە "فارس " و فارسانیش لەسەر خۆیان و زمانە سازکراوەکەیانیان داناوە. کەچی زمانناسان کوردی بەزمانێکی سەربەخۆ و ڕەسەنی زۆر کۆن دەزانن.

بەپێی بۆچوونی مێژوونووسان، پارسەکان خەت و نووسین و خوێندەوارییان لە مادەکان وەرگرت. هەروەها ئاماژە بەزۆر وشەی پارسەکانیش دەکرێ کە لە زمانی ماد وەرگیراون. بۆ وێنە "ا. م. دیاکۆنۆف " لە کتێبی (تاریخ ماد، ترجمۀ کریم کشاورز، تهران، ۱۳۷۹)دا ئاماژەی بەژمارەیەک لەو وشانە کردووە. زمانی کوردی و فارسی ڕێزمانی زۆر لێک نزیک و تا ڕادەیەکی زۆر وەکیەکیان هەیە. ئەوە و زۆریی وشەی هاوبەشە، کە فێربوونی کوردی بۆ فارس و فارسی بۆ کورد وەسێنەیی دەخا.

دوکتۆر موعین لە پێشەکیی فەرهەنگەکەیدا لەنێو هاوکارانیدا ئاماژە بەناوی چەند پسپۆڕ و مامۆستای زانکۆ دەکا کە لە وشەی کوردی و ئەهلی حەق (کە ئەوانیش بەشێکن لە گەلی کورد) و وشەکانی ناوچەی کرماشان (کە ئەویش هەر بەشێک لە کوردییە) یارمەتییان‌داوە. ئەوەش دەیسەلمێنێ‌کە چۆن بەشێکی بەرچاو وشەی کوردی چووەتە نێو فەرهەنگە فارسییەکان. جێگای خۆی بوو فەرهەنگنووسانی بەڕێزی فارسی، کوردیبوونی ئەو وشانەیان لە فەرهەنگەکانیاندا دیاری کردبا، هەروەک بۆ وشەکانی وەرگیراو لە عەرەبی، تورکی، هیندی، پەهلەوی و... و تەنانەت زاراوە ناوچەیییەکانیش ئاماژەیان پێ کردووە.

## خەت و نووسین:

هەروەک‌پێشتر باسم‌کرد، زمانی‌کوردی بەدوو خەت دەنووسرێ:

١- خەتی‌لاتین: کە کوردەکانی بەردەستی تورکیا و کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو پێی دەنووسن. بەبڕوای من ئەو ڕێنووسە بە دوو هۆی سەرەکی بۆ نووسینی کوردی زۆر باشتر و شیاوترە:

یەکەم: باوبوونی ئەو ڕێنووسە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا، کە زۆرینەی کوردەکانی دنیاش پێی دەنووسن.

دووەم: تەواوتربوونی ئەو ڕێنووسە لە ڕێنووسی عەرەبی‌کە لەنێو کوردەکانی بەردەستی ئێران و عێراقدا باوە، چونکە خەتی لاتین لەباری بزوێنەکانەوە بۆ نووسینی کوردی لەبارترە. سەرنج بدەنە نموونەکانی پێشتر باسکراو. بەتایبەتی‌کە لەسەر کۆمپیوتەریش کێشەی نووسین و گونجانی لەگەڵ پەنجەرە (WINDOW)کانی نییە و ئەگەر هەشیبێ زۆر کەمترە. گرینگترین کێشەی نووسینی عەرەبی لەگەڵ‌شێوەی لاتین، نووسرانی لە ڕاست بۆ چەپە کە دەردەسەرێکی زۆر لەسەر کۆمپیوتەر دەخوڵقێنێ کە باسەکەی بەوردی لێرەدا ناگونجێ.

٢- خەتی‌عەرەبی: کە کوردەکانی بەردەستی ئێران و عێراق و سووریا پێی دەنووسن. ئەو خەتە لە ٢٧ پیت (ئ ب پ ت ج چ ح خ د ر ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ک گ ل م ن و ه ی و ٢ نیشانە بۆ سازکردنی" ۆ، ی، ڕ، ێ ") پێک دێ. بزوێنەکانی ئەو خەتە برێتین‌لە:

| بزوێن | حرکت | حرف | وێنە = مثال |
|---|---|---|---|
| ە | ـَـ | a | بەرد: سنگ، چەنگ: چنگ، سەگ: سگ، جەنگ: جنگ |
| و | او کوتاه | u | کورد |
| وو | او کشیده | ū | سوود: سود، بوو: بود، moo: مو، قوو: قو، شوو: شو |
| ۆ | ـُـ | o | سۆراغ: سراغ |
| ێ | ـِـ | e | مێهر: مِهر، سێحر: سِحر |
| ی | ای کشیده | ī | شیر: شیر |
| ا | آ الفممدود | ā | ئاباد: آباد، بار: بار، کار: کار، مار: مار، دارا: دارا |

سەرچاوەکان: بڕواننە منابع (لە: مقدمۀ فارسی)

## چەند ڕوونکردنەوە

یەکەم: نیشانەکانی دەکارکراو لەو کتێبەدا برێتین لە: (پێ) = پێشگر، (پا) = پاشگر، (پی) = پیشوند، (پس) = پسوند، (ب) = برێتی، (ک) = کنایە، (مذ) = مذگر، (مؤ) = مؤنّث، فلک = فلکلورکردی، فلف = فلکلور فارسی، (فم) = بنقل از فرهنگ ٦ جلدی معین، هێندێک وشەی عەرەبی کە (ە)یان دەکەوێتە دوا دەبنە مێیینە بۆ وێنە (ساحِر بەواتای گەمەپێکەر (کە وشەیەکی نێرە و مێیینەکەی دەبێتە ساحِرە واتە ژن یا کچی گاڵتەپێکەر) کە ئاوام نووسیوە: ساحِرە: ← ساحر (مؤ) ، کە واتایەکەی ئەوەیە: (ساخرە) واتە بۆی بڕوانە واتای (ساخر) بەڵام بەشێوەی مێیینە کە دەبێتە (ساخر)ی مێ.
دووەم: بناخەی فارسیی کارەکەم جڵدی ١ تا ٤ی فەرهەنگی شەش جڵدیی موعینە، دیارە لەفەرهەنگی جیبیی عەمیدیش کەلکم وەرگرتووە. لەو فەرهەنگانەشدا نەمتوانی هاوتای فارسی بۆ زۆر وشەی کوردی یا هێندێک وشەی لێکدراو یا ڕستە ببینمەوە، لەبەرئەوەی پێم حەیف بوو کە وەلایان بنێم، ئەو وشانەشم بە لێکدانەوەیەکی پوختی فارسی لەژێر وشەی پێوەندیداردا نووسیوە (نموونەی ١). بۆ وشە لێکدراوەکانیش‌کە لەو فەرهەنگە فارسییانەدا کە تا ئێستا دیومن، بەشێکیان لەناو مانای وشە سەرەکییەکەدا و بەشێکیشیان دوای وشەکە بەتەنێ وەک وشەیەکی سەربەخۆ بەماناکانیانەوە هاتوون. ئەو شێوەیە بێجگە لە دووبارەکاری کە قەبارەی کتێبەکە بەخۆڕایی گەورە دەکاتەوە، تا ڕادەیەک بۆ بەشێکی زۆر لە کەڵکوەرگرانی فەرهەنگەکانیش سەرەگێژە ساز دەکا. ئەمن تێ کۆشاوم بەشێکی زۆری ئەو لێکدراوانە، بەنیشانەی (ـــ) لەپێشیان لەژێر وشەی سەرەکیی پێوەندیداردا بنووسم. دیارە پێم باشتر بوو هەموو لێکدراوانی وشەکە وا دانێم، بەڵام نیگەران بووم بۆ بەشێک لە کەڵکوەرگرانی بەڕێز لە دیتنەوەدا هێندێک کێشە ساز بکا. لەوانەیە لە چاپ و پێداچوونەوەکانی تردا ئەو کارەش تەواو بکەم. (نموونەی ٢). بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر بڕواننە نموونەکان لە بەشی (توصیحات) لە مقدمۀ فارسی.
سێیەم: هێندێک وشە بەتایبەتی ئەوانەی لە عەرەبیڕا هاتوونە نێو فارسی شێوەی کۆی وشەیەکی ترن بۆ پێش گرتن بە گەورەتربوونی قەبارەی کتێبەکە لە بەرابەریاندا نووسیومە کۆی "... " ← ... بۆ وێنە: غنائم (غنایم): کۆی (غنیمت) ← غنیمت، واتە "غنائم " یا "غنایم " کۆی" غنیمت "ە، بڕوانە ماناکانی " غنیمت " و کۆیان کەوە. هەروەک لەو نموونەدا دەبینن لە زۆر جێگا وشەیەک بەدوو شێوە دەنووسرێ، بۆ بەرگری لە گەورەبوونەوەی بێجێی قەبارەیکتێبەکە، لە جیاتیی نووسینەوەی وشەکە بە ماناوە لە دوو جێگا شێوەیەکم لە تەنیشت شێوەکەی تر خستووەتە نێو کەوانە.
چوارەم: هێندێک لە وشە فارسییەکان بەچەند شێوەی لێک نزیک هاتوون بۆ وێنە غَلط (واتە گل) و غَلت هەر بەو مانایە، کە لە فارسیدا هەروەک یەک دەخوێنرێنەوە، ئەو وشەیە چەندین شێوەی ڕێزمانی و لێکدراوی هەن کە لە شێوەی "غلت "یشدا هەر ئاوا دەکار دەکرێن بۆ وێنە (غلطان: غلتان، غلطیدن: غلتیدن، غلط دادن: غلت دادن‌و...)، بۆ پێشگرتن بەزیادبوونی قەبارەی کتێبەکە، لە (غَلْت)دا هەموو شێوە ڕێزمانی و لێکدراوەکانم بە ماناوە نووسیوە و کە هاتوومە سەر وشەی "غَلط " نووسیومە غَلط: ← غَلت (هم)، واتە بڕوانە غَلت و هەموو مانا و شێوە و لێکدراوەکانییەوە.

پێنجەم: لە ڕاگوێستنی وشە لە فەرهەنگی گیوی موکریانیڕا تووشی زۆر وشەی نائاشنا بووم، ئەو فەرهەنگە بێگومان یەکێکە لە کارە زۆر بەرزەکانی تا ئێستا کراو لە خزمەت وشەی کوردیدا، هەر وشەیەک لە هەر زمانێکدا ڕەنگە چەند دەستە مانای جیاواز و تەنانەت پێچەوانەی هەبن، کە ئەگەر دەستەدەستە نەکرێن خوێنەری ناشارەزا لە کەڵک

وەرگرتن لە فەرهەنگدا تووشی هەڵە و سەرلێشێواویی دەکەن (هەروەک بۆ خۆشم زۆر تووشی بووم). هەرچەند هیچ وشەیەکم بەبێ دڵنیابوون لە ماناکەی لەو بەرهەمەدا دانەناوە، بەڵام لەوانەیە لەو ڕاگوێستنانەدا تووشی هەڵەش بووبم. بێگومان وردبینیتان دەبێتە ورياکەرەوەم.

شەشەم: یەک یان یێک: ژمارەی ١ بەبڕوای من وا باشترە بە پیت ئاوا بنووسرێ "یێک " و لە هێندێک جێگاش هەر وام نووسیوە، بەڵام ئەوەندەی من دیومە نووسینەکەی زۆرتر بەشێوەی "یەک " بووەتە باو کە منیش لەو بەرهەمەدا زۆرم کەڵک لەو ڕێنووسە وەرگرتووە.

حەوتەم: ئەو کارەی من بێگومان ناتەواوی و کەموکووڕیی زۆری تێدایە. ئەوە تەنیا ڕێچکەیەکی سەخت و پڕ هەڵدێر و هەڵەمووتە لە بەرقەدی کێوێکی بەرز و ئاستەمدا، کە هەوڵم داوە بیخەمە پێش ئەڤینداراني وشەی کوردی. زۆرم هەوڵ داوە بەو بێدەرەتانی و بێ ئیمکانییەی خۆمەوە تا دەکرێ خاڵە پڕ مەترسی و هەڵدێرەکانی سەر ئەو ڕێچکەی کەم کەمەوە، کە بێگومان کاری منی بەتەنێ نییە، چاوی هیوام بڕیوەتە دەست و مەچەک و مێشکی وریای خوێنەرانی دڵسۆزیش کە هیمەتێک بکەن تا دەگونجێ لە کەمکردنەوەی ئەو هەڵدێر و هەڵەمووتە بەسامانەی سەر ڕێچکەکە یارمەتیم بدەن.

هەشتەم: بۆ ئەوەی خوێنەرانی هێژا لە دۆزینەوەی هێندێک وشەدا تووشی کێشە نەبن، لە تەرتیبی دانانی هێندێک وشەدا بەپێی پیت، بێجگە لە تەرتیبی ئاسایی ئەلفوبێتکەی فارسی ئەو پیتانەم کە بەشێوەیەک دەنگی (ا)یان لێ دەکەوێتەوە ئاوا داناون: آ، أ، ئ، ؤ، هەروەها پیتی (ێ)م پێش پیتی (ی) داناوە.

نۆیەم: لەپێش هێندێک وشە یا دەستەواژی فارسی هێندێک مانای کوردیم نووسیون بەڵام بۆ زۆرنەبوونی قەبارەی فەرهەنگەکە دوای ئەو مانایانەش نیشانەی (و ←....)م داناوە واتە هەروەها بڕواننە....

دەیەم: ئەمن شاعیر نیم و نەشمویستووە شیعری خەڵکی خراکەم، بەڵام بەپێی زەوقی خۆم حەولم داوە ئەو نموونە جوانانەی لە فەرهەنگە فارسییەکان وەرم گرتوون تا ڕادەی گونجاو بەرێکخستنێکی شێوە هەڵبەست بێنمەوە، هیوادارم هۆگرانی هەڵبەست و هەڵبەستوانیش بەسینگێکی فرەوانەوە لە کەموکووڕییەکانم ببوورن.

سەرەنجام: هەڵە لە نووسینی فەرهەنگ (وشەدان)دا لەگەڵ هەر هەڵەیەکی تری ئەدەبی یەکجار جیاوازە و پڕ مەترسیتر، چونکە دەتوانێ وشەیەک بەهەڵە بخاتە بەرچاوی خوێنەر یا وشەیەکی هەڵە بکاتە باو. داوام لە هەموو خوێنەرانی ئەو فەرهەنگە ئەوەیە، هەر هەڵەیەکیان تێدا بەرچاو کەوت، بەسەریدا تێ نەپەڕن، بەنامە، یا ئیمەیلی من: abdollah_e@hotmail.com یا هەر چۆن دەکرێ ئاگادارم بکەنەوە. هەر کەس هەڵەیەکی ئاوام بۆ ڕاست کاتەوە بێجگە لەوەی ئەمن منەتباری خۆی دەکا، خزمەتێکی گەورەش دەکا بە بەکەڵکتر و پاراوتربوونی ئەو فەرهەنگە.

یازدەم: هەروەک دەزانن فەرهەنگ (قامووس) بۆ فێرکردنی زمان نییە بەڵکو یاریدەرێکە بۆ باشتر تێگەیشتن، بەتایبەتیش فەرهەنگێکی وەک ئەوەی بەردەستتان کە پێوەندیی هەیە بە دوو زمانان، پێویستە تا دەگونجێ وشەی زیاتر لە خۆیدا کۆ بکاتەوە،نەک هەر ئەو وشانەی زۆر باون، بەڵکو ئەو وشانەی لە ئەدەبیاتی هەردووکیاندا لەکار کراون، ئەوەش هەرچەند قەبارەی زیاد کردووە، بەڵام گۆڕەپانێکی گەورەتری خستووەتە بەرچاوی ئەوانەی خولیای وشەن.

سەرەنجام بەئەرکی سەرشانمی دەزانم، سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکێشی هاوڕێ و هاوسەری بەوەفام "ڕەعنا " بکەم کە لەسەرەخۆیی و لەخۆبووردوویی ئەو نەبا، ئەو کارەم بۆ نەدەکرا. ئەمن بەشی هەرە زۆری کاتی خۆم لە ماڵدا لەسەر ئەو کارە دانا. زیاتر لە پازدە ساڵان، واتە لە ماوەی کارکردنم لەسەر ئەو بەرهەمەدا، هاوسەرم لە غەریبیدا و بەدوور لە هەموو خزم وکەس و خۆشەویستانی، بەتەنێ لە ماڵدا سەری لێ ئەستوور بووبوو. ئەمن هیچ کاتێکم بۆ دانیشتن لەگەڵ ماڵ و منداڵم نەهێشتبووەوە. لە سەرەتای بەیانیڕا تا درەنگانی شەو خەریکی ئەو کارە بووم. پێش نانی بەیانی دەچوومە سەر نووسین. هاوسەرم بەدەیان جار هەرای لێ دەکردم، تا دەچوومە سەر سفرە. بۆ نانی نیوەڕۆ و شەویش‌هەروا. ئەو تەنانەت میوەشی بۆ پاک و قاش قاش دەکردم و لەپێشی دادەنام. جارجارەش بەگاڵتە دەیگوت: "جا ئەتۆم بۆ چییە، خۆ لە ماڵێ بی یان نەبی هەر وەک یەکە! نەقاشێکی باشم وەدەست کەوێ پێی دەڵێم وێنەیەکت بەکۆمپیوتەر و مێزی کارەکەتەوە بکێشێتەوە، لە دیواری دەدەم، وادەزانم هەر لە ماڵی ". ئەوە ڕاستە بەگاڵتە گوتراوە، بەڵام بەڕاستی بۆ ماڵ و منداڵم هەروەک لە ماڵێ نەبم وابوو... بە لەش لە ماڵ بووم بەڵام هەموو بیر و هۆشم لەنێو کتێب و کاغەزی دەوروبەرم و کۆمپیوتەری پێش چاومدا ون بووبوو. خۆ وڵات شپڕێوکردنیش کە کابانی ماڵ زۆری پێوە قەڵسە، هەر باسی ناکرێ.

# مقدّمهٔ فارسی

سال ۱۹۸۶ با کتاب "جنبش کرد درسال۱۸۸۰، نوشتهٔ دکترجلیل‌جلیل " آشناشدم. این کتاب را دکتر کاوس قفتان به‌کردی برگردانده‌بود. کتاب مذکور به‌شماری‌از اسنادمهمّ تاریخی اشاره‌داشت، که‌برای روشن‌شدن بخشی هرچند کوچک ولی قابل توجّه تاریخ کرد مفیدبود. از اینرو تصمیم گرفتم آنرا بفارسی برگردانم، تاخوانندهٔ فارسی‌خوان بطوراعم‌و اکرادی که به‌دلیل سیاست دولتهای ایران در خواندن کردی با اشکال مواجهند، بتوانند از آن بهره‌گیرند و از این راه افراد بیشتری با واقعیتها آشنا شوند. پس از اینکه دست‌بکار شدم، برای بدبختی و بلادیدگی ملّتم گریه‌ام گرفت. دریافتم که مشکل بزرگ نه‌تنها اشغال شدن سرزمینمان بلکه اشغال زبان و فرهنگ‌و حتی تاریخمانست. درمورد سرزمین اشغال‌شده - جنبهٔ طبیعی اشغال- اینکه اشغالگر کیست درطبیعت "اشغال " تغییر مهمّی نمیدهدو بابیرون راندن‌اشغالگر، کار خاتمه می‌یابد. ولی آنگاه که به‌فرهنگ و ادب و اقتصاد میرسد - جنبهٔ‌اجتماعی - مشاکل‌و زیانهای جدیدی بروزمیکنند. مثلاً ما کردهای ستمدیدهٔ تاریخی (صرفنظر از خوبی یا بدی مذهب یا عقیده‌ای، صرفاً برای نشان‌دادن تأثیر اشغالگران‌در این‌زمینه): پیشروی لشکر اسلام در سرزمینمان، بخش اعظم مارا به‌دین اسلام درآورده، اشغالگر شیعهٔ صفوی نیز بخش قابل توجّهی از ما را به‌شیعه گروانیده. در مخالفت باترک عثمانی هم بخش مهمّی از ملّتمان زیر سلطهٔ این اشغالگر، پیرو آئین‌علوی شده‌و بخشی نیز بردین پیشین خود مانده‌اند، ولی این‌حالت نیز از تأثیر اشغالگران بدور نبوده‌اند. پنج اشغالگر کردستان، با چند زبان‌و فرهنگ مختلف و جداگانه‌و در بسیاری موارد مخالف یکدیگر، برای حل‌کردن ما درمیان خودو ستردن آثار تاریخی و فرهنگی‌و هویت ملّی ما، آنچه ازدستشان برآمده، کرده‌اند. خواندن بزبان مادری تنها در بخشی کوچکتر از یک‌پنجم سرزمین ما "آنهم نیمه‌کاره و بیشتر برای ثناگوئی بیگانهٔ اشغالگر " آزاد بووه‌است. در بیشتر از نصف سرزمینمان، بردن نام‌کرد جرم بوده‌و سزای سختی برای آن درنظر گرفته‌شده‌است. بدینترتیب ازنزدیک به چهل میلیون کرد، ته‌نها حدود چهار میلیون و آنهم ناتمام‌و نیمه‌کاره فرصت خواندن و نوشتن بزبان کوردی داشته‌اند. همینهم از لحاظ املاء و دستورزبان، بشیوه‌ای بسیار مخرّب تحت تأثیر زبان ملّت فرمانروا قرار گرفته‌است. به‌این دلایل کرد از داشتن زبان و خطّ مشترک برای خواندن و نوشتن‌و فرهنگستان بی‌بهره بوده‌است. این دردیست که چارهٔ آن حتّی پس از بیرون راندن اشغالگران هم به‌زمان دورو درازی نیازدارد. بدین معنی که پس از استقلال هم مبارزهٔ دورو دراز و پرمشقّتی را برای کسب‌استقلال و پاکسازی فرهنگی درپیش داریم. از همان آغاز تحت تأثیر آزار این گرفتاری قرارگرفتم. با لغات نامأنوس بسیاری روبرو شدم، که بیشینهٔ آنها از زبان اشغالگر به‌زبان بکار گرفته‌شده در ترجمهٔ کتاب به‌کردی واردشده‌بودند. تازه آنهاهم چنان‌دگرگونه شده‌بودند که نه‌کرد آنرا باز میشناخت‌و نه‌عرب. مثلاً در جائی با کلمهٔ (ماسوی) برخوردم. این کلمه در جای بکار گرفته شده هیچ معنی نمیداد. هرچه تقلاّو پرس‌و جو کردم، حتّی در میان درس‌خوانده‌های آن پارچهٔ کردستان کسی را نیافتم که بتواند مشکل را حلّ کند، تا سرانجام یادش بخیر آقای‌حسن رستگاررا دیدم، گفت: "این‌نه‌ماسوی، بلکه مأساوی میباشد یعنی مصیبتبار " ولی کاش مشکل همین بود و بس! من کردی نخوانده بودم. آنچه را هم که میدانستم با تقلاّی خود یاد گرفته بودم. تحصیل من هم مثل همهٔ اکراد زیر دست ایران بناچار بزبان فارسی بود و برای نوشتن بزبان کردی آموزش داده‌نشده‌بودم. یاد گرفته‌بودم که اگر بخواهم چیزی بکردی بنویسم بفارسی بدان بیندیشم، آنگاه بکردی برای خود ترجمه‌اش‌کنم، سپس روی‌کاغذ بیاورم. گمان میرود تا اینجا غیر طبیعی جلوه‌نکند، ولی گرفتاری اصلی و بزرگی را درواقع در ترجمهٔ مطلب درگذاشتن کلمهٔ مناسب فارسی بجای کردی آن داشتم. یک فرهنگ فارسی بکردی میتوانست چاره‌ساز بخش بزرگی از این‌گرفتاری برای من‌و امثال من باشد. تا آنزمان معدودی آثار بسیار ساده و ناتمام بدین نام انتشار یافته‌بودند، ولی برای چارهٔ چنین مشکلی بسیار ضعیف‌بودند. شنیدم استاد هژار مکریانی روی یک کتاب فرهنگ کردی بفارسی‌کارمیکند. این‌خبر امیدبزرگی بدلم بخشید. هرچند این‌گامی بزرگ‌و مفیدو چاره‌ساز بخشی از مشکل من بود ولی نمیتوانست منظور من درمانده در این زمینه را بنحو کامل برآورده کند. دعا میکردم کاش اکنون که او به‌چنین کار بزرگی همّت گماشته، فارسی به‌کردی آنرا نیز بانجام برساند. ولی او نیز برای همیشه از ملّت کرد خداحافظی کرد و این آرزوی مرا هم باخود بخانهٔ ابدیش برد. فرهنگ هژار در ترجمهٔ کتاب "کرد و عجم " بفارسی برای من بسیار مفید افتاد. از آنزمان، فکر نگارش یک‌فرهنگ فارسی‌به‌کردی درمغزم آشیان گرفت. کار روی چنین فرهنگی به دو شرط اصلی بستگی داشت:

۱- بخود جرأت دادن و پایداری و ادامه‌کاری: من‌در این زمینه بسیار بخود امیدداشتم. زیرا همیشه عادتم چنین بوده که اگر به‌تصمیمی از اینگونه رسیدم، تا تمام کردن کار، صبر و طاقت از وجودم رخت‌برنمیبندند.

۲- اطّلاعات‌لازم: در اینمورد من خود راضعیف‌و درمانده میدیدم. جز ترجمۀدوکتاب ( کتاب مذکور و کرد و عجم) و نوشتن یک داستان کوتاه (زنده‌بگور) گذشتۀ کار ادبی نداشتم، که آنها هم انتشار نیافته‌بودند تا عیب و هنرم معلوم شود. این حالت کاخ امید مرا بلرزه انداخت. با امید " فرهنگ هژار " دل خود را تسکین دادم. متأسّفانه استاد "هژار " نیز نابهنگام بدرود گفت و این دلخوشی نیز به‌اندوه یک آرزوی تحقّق نیافته انجامید. ناچار به‌امید (هەمبانەبۆرینه)، این مشکل را نیز به‌گرداب ذهن مغشوشم افزودم.

بدرود با همراهان و رفتنم به‌ترکیه نوامبر۱۹۹۱ فراغتی پیش آوردکه فوراً با برگرداندن"فرهنگ‌هژار " بترتیب الفباء برحسب فارسی (برعکس اصل کتاب که بترتیب الفباء کردی‌بود) دست بکار شوم. همۀ مدّت اقامتم درآنجا و تا دوماهی نیز پس از رفتنم به‌استرالیا (۱۹۹۷/۱/۲۱) با بریده‌های کاغذ (هر قطعه برای لغتی مانند نمونه‌ایکه میبینید) اطراف خود را چنان تنیده‌بودم که "شتر بابارش در آن‌گم‌میشد! " بعداً با خرید یک کامپیوتر قراضه بطورنسیه از دست خرده‌کاغذها رستم، ولی اینکار مشکل دیگری برایم ببارآورد، که دربخش مشکلات به‌آن اشاره خواهم کرد. جای خود دارد در اینجا به‌شماری از مشکلاتی اشاره‌کنم که درجریان نوشتن گریبانگیرم شده بودند و بیگمان هرنویسندۀ کردی نیز با آنها مواجه خواهدشد. این مشکلات آنگاه برجسته‌تر خودنمائی میکنند که نگارش فرهنگ پیش می‌آید، که موضوعیست فراگیر و هر کردی باید آنرا دریابد و مورد استفاده قراردهد. مثلاً آنگاه که به‌خواندن یا نوشتن میپردازیم، چون کردهای ساکن در کردستان زیردست ترکیه و شوروی قدیم به‌خطّ لاتین‌و دیگر کردها به‌خطّ عربی مینویسند، اگر کتاب به‌خطّ لاتین نوشته شده‌باشد، خواننده ناآشنا به‌خطّ عربی نمیتواند از آن بهره‌گیرد و بالعکس.



## مشکلات نگارش:

۱- نداشتن خط (cript) متّحد، که دربالا به‌نمونه‌ای از آن اشاره‌کردم.

۲- خط (cript) عربی کردی هرچند از شیوۀ فارسی بهتر ولی هنوز ناتمام مثلاً (۱- مانگ = ماه آسمان، ۲- مانگ = خسته، مانده) که اولی درست چنان خوانده‌میشود که نوشته‌شده، ولی دومی چنین نیست. برای روشن شدن بیشتر به نوشتۀ این دوکلمه با خطّ لاتینی توجّه فرمائید (1- mang 2- manig). مرحوم "هژار " این مشکل را با گذاشتن نشانۀ (ـْ) بجای i تا اندازه‌ای حلّ‌کرده: (۱- مانگ، ۲- مانگ). ولی این راه‌حلّ هنوز پذیرفته‌نشده.

۳- فونت: فونتهائیکه برای الفباء عربی(عەرەبی و فارسی و کردی و ...) ساخته‌شده‌اند روی همۀ پنجره‌ها (window) بدرستی کارنمیکنند، هرچند پشتیبانی (support) این زبانهارا هم داشته‌باشند. گذشته از اینهم فونتهای کردی تا آن زمان ساخته‌شده، دارای معایب عجیب و غریب فراوانی بودند. درفونتی یک حرف (character) روی (key board) در جائی و در فونتی دیگر در جای دیگری قرارگرفته. مثلاًبرای نوشتن"ڕ " درفونتی (B) و در دیگری (shift B) و در فونتی دیگر ( + V shift A) فشرده‌میشود. حلّ این مشکل برای چون من عمری را در مکافات و سختی‌گذراندۀ مغز از هزاران خاطرۀ آشفته و زیانبار آکندۀ دور از وطن، که دستم به "Zanest Avdar " عادت نموده و باید مطلبی‌را با (Kurdish News) بنویسم، که جای برخی از حروف آن با فونتهای دیگر فرق دارد، بسیار سخت است. هم‌اکنون هم، که سال ۲۰۱۲ میلادیست، چندین نوع ناهمخوان کیبورد کامپیوتری برای نوشتن فارسی، کردی و عربی، در اختیار استفاده‌کنندگان از کامپیوتر، قراردارند، که هه‌کدام با برنامۀ مخصوصی، متفاوت بادیگران، ساخته‌شده‌اند، که توافق همگانی روی هیچیک از آنان درمیان نیست، و این امر اشکالات فراوانی ببار آورده‌است. برای مثال: من یک برنامۀ کامپیوتری برای فرهنگ نویسی پیدا کردم، که به‌دست ایرانیان ساخته‌شده‌بود، با امید بسیار کوشیدم بوسیلۀ آن، فرهنگ حاضر را برای استفاده روی کامپیوتر آماده کنم. باکمال تأسف دریافتم که برنامۀ مذکور، قادر به شناختن فونتهای کردی نیست، و حروف ( ۆ، ێ، ڕ ...) در آن گنجانده نشده‌است.

خلاصه معایب بسیار دیگری نیز در این زمینه بنظر میرسیند، از جمله: ننشستن نقطه یا علامت درجای‌درست‌خود، بهم‌نچسبیدن برخی حروف در اوّل کلمه، حتّی گم‌شدن نقطۀد برخی‌حروف درکلمه و... باوجود همۀ اینها نیز من در نوشتن فرهنگ با گرفتاری دیگری روبرو شدم، آنهم نبودن فونتی بود که کردی و فارسی‌را باهم بنویسد. هرچه کوشیدم و پرس‌و جو کردم اثری از چنین فونتی در هیچ جا ندیدم و اکنون هم‌که این خطوط را مینگارم نمیدانم چنین فونتی وجوددارد یا نه. نبودن چنین فونتی از سوئی بینظمی و نامرتّبی درخطّ‌و نوشته‌و مهمتر از آنهم بهم خوردن خودبخود فونتها را از لحاظ نوع و اندازه برایم ببار می‌آورد. مشکل دوّم بسیار مهمتر بود، زیرا مثلاً در یک فایل ۱۰۰ صفحه‌ای نوشته‌ها خودبخود به‌یک فونت ناخواستۀ عربی تبدیل میشد وحتّی گاهی اندازۀ فونت نیز تغییر میکرد. ناچار بودم همۀ فایل را باردیگر به‌فونت کردی و اندازۀ مطلوب تبدیل کنم. تا اینجا مشکلی نداشتم و با دوعمل ساده، کارانجام میگرفت، ولی اینبار میبایستی کلماتی را می

یافتم‌که بناچار با ترکیب حروف عربی یا فارسی – بعلّت‌نبودن حروف"ص، ض، ط، ظ، ذ " در کردی - نوشته‌بودم، یک‌به‌یک اصلاح نمایم. این‌کار گذشته از اینکه بخش بزرگی از وقت مرا هدرمیداد، بسیاری از کلمات هم اصلاح نشده از زیر دستم در میرفتندو بدینترتیب بخش زیادی از رشته‌ام پنبه‌میشد. سرانجام پس از کوشش و خستگی بسیار و پرس و جو از این و آن و دوستان استرالیا و آمریکاو اروپا با بدست‌آوردن یک برنامهٔ "فونت‌ساز " از طریق دوستی آذری بنام علی(که‌هرگز این کمکش‌را فراموش نخواهم‌کرد) و یاری انترنت و خریدن یک کتاب فونت‌سازی و صرف وقت بسیار، فونتی ساختم که منظور مرا تماماً برآورده میکرد و بدینطریق این مشکل را نیز برای خود حل‌ّکردم.

## مشکل امکان:

موفقیت در نوشتن یک فرهنگ به‌چند شرط بستگی‌دارد:

۱- وسیله: داشتن منبع مفید و دسترسی به‌کتابخانهٔ غنی مهمترین شرط کار فرهنگ‌نویسی است، که متأسّفانه ملّت کرد در این زمینه بسیار فقیراست. با وجود این فقر نیز، برای من آوارهٔ از میهن جدا افتاده، که حتّی در آوارگی هم بقدری دور افتاده‌ام که بعلّت این حالت و نداشتن یاری‌دهنده و دسترسی نداشتن به حرکتهای اروپا، از بسیاری از لوازم پیشرفت این کار محروم مانده‌ام، این مشکل چند برابر خودنمائی میکند.

تعدادی فرهنگ فارسی به کردی، از طرف شماری از دلسوزان این زبانها، تاکنون انتشاریافته‌اند، که چند جلد از آنها را از طریق انترنت بدست آوردم و دوست مهربانی هم از کشور سوئد فرهنگ فارسی - کردی دانشگاه کردستان را برایم فرستاد، این منابع، تعداد قابل توجهی لغت بر خرمن فقیرانه‌ام افزودند، ولی بویژه ۳ عدد از این کتابها حاوی اشتباهات و مشکلات قابل توجهی بودند. بوێژه در فرهنگ دانشگاه کردستان ٤٠٥ غلط برجسته بنظرم رسیدند و همچنین به شماری اسم مکانها، کشورها، زبانها، قبایل و عشایر از سراسر جهان برخوردم که جز ازدیاد بیهودهٔ حجم کتاب اثر دیگری از آوردن آنها در چنین فرهنگی مترتب نمیشود. همچنین در این فرهنگ به تعدادی از اشکالات دیگر نیز برخوردم که ذکر همهٔ آنها در اینجا نمی گنجدو درنظردارم آنهارا در جزوهٔ جداگانه‌ای منتشر کنم.

**آر:** ١- پسوندفاعلی: ئار، پاشگری‌کارتێکەر، پاشگری کرۆک، یار (خریدار: کریار)، ٢- پسوند مفعولی: ئار، پاشگری بەکار، پاشگری کار تێکراو، (گرفتار: گرفتار)، ٣- پسوند اسم مصدر: ئار، پاشگری چاوگە(کردار: کردار)،

**آر:** ئاڕ، یەک لە سەدی هێکتاڕ، ١٠٠میتری چوارگۆشە،

**آرا:** ١- پسوندآراینده: ئارا(پا)، جوانکەر، ڕازێن(پا)، ڕازێنەر، ڕازێنەرەوە، ڕازێنەوە، وەڕازێن، ٢ ← آراء،

**آراء:** کۆی‌ڕەئی، دەنگەکان،

**آرائیدن:** ← آراستن،

**آرابیراکردن:** ← آرایش‌کردن،

**آراستگی:** خەملاوی، ڕازاوەیی، ڕێکوپێکی، غەملیوی،

**آراستن:** ١ ← آمادەکردن، ٢ - آبادکردن: ئاوا کردن، ئاوەدان کردن، ئاوەدانکردنەوە، ٣- بەرپاکردن (مەجلیس‌و ئاهەنگ‌و..)، پێکهێنان، ٤- بینیازکردن: بۆشناخکردن،بۆشناغکردن، بێنیازکردن، پڕو پۆشتە کردن، پۆشتەکردن، پۆشتەوەکردەی، پۆشتەو پەرداخ کردن، پەرداخکردن، پەرنساندن، تەیارکردن، خەنی کردن، دەوڵەمەندکردن، سازکردن، سازو بێنیاز کردن، غەنی کردن، کۆک‌کردن، ٥- ترتیب‌دادن: تەکووز کردن، ڕێکخستن، ڕێک کردن ڕێکوپێک کردن، لەبار کردن، ٦- زینت‌دادن: ئاراستن، ئارایشت، ئاز، ئەوەڕازنای، تەوزاندن، تیفتیفەدان، تیوتیوەدان، جوان کردن، خرمەدای، خەملاندن، خەملانن، خەمیلاندن، ڕازاندن، ڕازاندنەوە، ڕازانن، ڕازاننەوە، ڕازانەوە، ڕازنای، غەملاندن، نەژرنایش، میزانکەردەی، نەژرنایش، وسنای، هەنوودان، ٧- شادکردن: خۆش کردن، شادکردن، ٨- قصدکردن: عەزمکردن، قەست کردن، قەسکردن، لەخەیاڵی کردنی کارێکدا بوون، نیازکردن، ٩- گماشتن: ئەرک‌بۆدانان، ئەرک‌پێدان، ئەرەسپەردەی، داسپارتن، داسپاردن، داسپارن، ڕاسپاردن، کار پێئەسپاردن، مەئموورکردن، ١٠- مجهّزکردن‌سپاه: ئامادەکردنی‌لەشکر، پۆشتەو پەرداخ کردنی لەشکر، تەیارکردنی‌لەشکر، دەنگ دانی‌لەشکر، ڕێکخستنی‌لەشکر، سازدانی‌لەشکر، ساز کردنی لەشکر، ١١- منقّش‌کردن: نەخشاندن، نەخشدار کردن، نەخشنای، ١٢- هماهنگ‌کردن: ڕێکخستن، ڕێک وسەی، هاوئاهەنگ‌کردن، ١٣ ← هرس‌کردن،

**آراستە:** ١ ← آمادە، ٢- مزین: پەرداخ، جوانکراو، خرمەدای، خرمەدای، خۆجوانکردوو، خەملاو، خەملی، خەملیو، رازاڤ، ڕازاوە، ڕازنان، سەردلکری، غەملیو، فەنتازی، ٣- مرتّب: بەڕێوشوێن، بێگرێ، پاک‌و تەکووز، پوخت، پەرداختە، پەرداغ، پەرکال، تەقراق، تەکووز، دەبار، خشت‌خشت، ڕێک، ڕێکوپێک، سەر هەڤ، فۆقل(آدم)، کۆک، کولۆکار، لەبار، لێکولەبار، مرێس، مورەتەب، موڕەتتەب، ٤ ← هرس‌شدە،

**آراستەسخن:** ئاگرخوەش، بەگفتولفت، تەڕدەم، تەڕزمان، تەڕ زوان، حەنەکچی، خۆشدەڤ، خۆشڕاوێژ، خۆش زوان، خۆشزوبان، دڤ نزەم، دڤنەرم، دەمپاراو، دمڕاست، دمهەراش، دەڤسڤک، دڤنزەم، دڤنەرم، دەموڕاوێژخۆش، دەموکاوێژخۆش، دەمەوەش، ڕاوێژ شیرین، ڕەوان بێژ، زارخۆش، زمانپاراو، زمانخۆش، زماندار، زمان‌ڕەوان، زمانشیرن، زمانشیرین، زوان خۆش، زوانشیرین، زوانوەش، سیقاف، شەکرلێڤ، شەکرلێو، شیرنزمان، شیرینزوان، شیرنکەلام، شیرین گوفتار، فەسیح، قسەخۆش، قسەڕەنگین، قسەڕەوان، قسەزان، قسەسەیر، قسەشیرن، قسەشیرین، قسەقوت، قەل، کای‌کەردۆخ، گفت‌ولفت‌خۆش، لەبلەبان، مەزەدار، مێروانی، نەقاڵ، وێژا،

**آراستەشدن:** ئەوەڕازتای،جوان‌وڕێکوپێکبوون، خۆلەگوڵی‌دان، ڕازانەوە، ڕازیانەوە، زەینین، زەیینین، وتەی،

**آراستەکردن:** ← آراستن،

**آراشید:** ← بادام‌زمینی،

**آرام:** ١ ← آرامش، ٢ ← آرامش‌یافتن، ٣ ← آسایش، ٤ ← آهستگی، ٥ ← آهستە(١و٥و٦)، ٦- اطمینان‌خاطر: ئارامبوون، ئارامبوونەوە، ئارامگرتن، ئارامی، ئارخەیان بوون، ئارخەیانی، ئاسوودەبوون، ئامایەنە سەرووێ، ئامایوەسەروێ، ئۆقرەگرتن، ئۆقرەگرتنەوە، ئەرخەیانی، ئەرەسەکنای، ئەرەکاسۆلنای، ئەرەکەفتەی، ئەرەکەوتەی، ئەرەمرکیای، ئەولەیی، ئەوەسیای، بڕوایی، بێخەمبوون، بێخەمی، بێغەمبوون، بێغەمی، پاڵ‌دانەوە، پاڵ‌لێدانەوە، پشتئەستووری، پشتدانەوە، پشتڕاستی، پشت قایمی، پشت‌لێدانەوە، پشت لێ کردنەوە، پشتووری، پشتەستووری، پشوو دان، پشوو دانەوە، پشووهاتنەوەسەرخۆ، پشووهاتنەوەسەرەخۆ، پشوویەک‌هاتنەوەبەر، پشیدان، پەڕمیان، تکدان، تۆتکە خواردن، تۆتکەکردن، تۆتکەکردنەوە، تۆتکەگرتن، تۆتەکەگرتن، تۆتەکەگرتنەوە،تۆتیکەخواردن، توێتکە، توێتکە خواردن، توێتکەگرتن، تەبتین، تەواسان، تەوتین، حاوانەوە، حەجمان، حەجمین، حەسانەوە، حەوین، خاترجەمی، داساکین، داسرەفتن، داسرەوتن، داسرەوین، داسەکنان، داسەکنین، داکاسان، داکاسیان، داکاسین، داکەسیان، داکەسین، داکەفتن، داکەوتن، داڕمان، دامران، دامرکان، داموکان، دانەوین، دڵاسوودەیی، دڵ ئاسوودەیی، دڵ ئاو خواردنەوە، دڵتەنایی، دڵنیابوون، دڵنیایی، ڕاکەوتن، ڕاکەوەی، ڕۆسەکنان، ڕەحەتی، زەوتبوون، زەود بوون، ستارکردن، ستارگرتن، سرەفتن، سرەفتەی، سرەوان، سرەوای، سرەوت گرتن، سرەوتن، سرەوتەی، سرەوین، سەکنین، سوکناییهاتن، سەبووری هاتن، سێبووریهاتن، فریقەتی، فکرئاسوودەیی، قریان، قورمین،قیم، کپ‌بوون، کپ‌بیەی، کڕبوون، کڕبیەی، کوپیان، کوپین، کەوتش، گونجان، گونجای، گونجین، گوێ‌دنجبوون، لاگرتن، لاگرتەی، لەتان، متمانە، مدران، مدرای، نشایش، نشتش، ورینگ‌گرتن، وەرکەتن، وەرکەفتن، وەرکەوتن، هاتنەسەرخۆ، هاتنەوەسەرخۆ، هاڵەبوون، هەدا دان، هەداری، هەدرین، هەدیایش،هەڤیابوون، هەندران، هەندریان، هەندرین، هێدیبوون، هێدیبوونەوە، هێدیەوبوون، هێوربوون، هێور بوونەوە، هێورین، ٧- ئارامی، بێترسی، سامان، هێمنایەتی، هێمنی، ٨- بەستەک، باڵنج، پڕتال، پۆشەن، پێخەف، جێبان، جێ‌حەسانەوە، جێخەو،جێگا، جێگاوبان، جێ نوستن، جێوان، جێوبان، دۆشەگ، سەرین، شەوێس، متیل، نوستاگ، نڤین، نوین، نوێن، نوێنوبان، نوێنی ڕاخراو، نێن، یاتاخ، یاگی وتەی، یەتاخ، ٩- جای‌خلوت: خامۆش، جیگەی تەنیاوبێهەراوزەنا، دنج، ١٠- صبور: ئارام، ئاشاس، ئۆقرەگرتوو، ئەرەسەکیا، ئەرەمرکیا، ئەهوەن، ئەهوەند، بارکێش، بارهەڵگر، بردەبار، بەپشوو، بەپشی، بەتاب، بەتەحەممول، بەحەوسەلە، بەحەوسەڵە، بەسەبر،بەسەبروپشوو، بەسەبرو حەوسەلە، بەکێش، بەگیر، بەگیرگە، بەلێبوور، بێ‌پێژن، بیندرێژ، بینفرە، بینفرەه، پڕزوو،پشوودرێژ، پشووسەور، پشوولەسەرخۆ، پشوولەسەرەخۆ،تابهێنەر،تەوات، تێربال، جەرگ‌قایم، چاڤفرە، خۆڕاگر،خۆگر،خۆگیر، خوێنسارد، چاڤ‌فرە، دابین، داتەمریاگ، داسەکناو، داکەسیای، دامرکاو، دڵفراوان، دڵفرە،دڵفرەوان، دلڤال، دلڤەکری، دڵکراوە، دەرووندار، زانی، زک‌فراوان، زەوت، زەود، ژیرولەسەرەخۆ، سرەوتوو، سنگفراوان، سەرەخۆ، سەماس، سینگفرەوان، عالوسال، ڤەنهشتی، قاڕ، کڕ، کۆپیان، کەمۆ، کێش(پا)،لسەرخۆ، لەسەرخۆ، لەسەرەخۆ، مەند، مەنگ، نشمی، نەتووڕە، نەرم، نەرموشل، نەرمونیان، نەرموو، نەرموهاژۆک، نەفسپیت، نەفسدرێژ، نەفەس درێژ، نەمڕ، نەملچ، وس، وست، ول، ونسارد، هارام، هشڤەکری، هەدار، هەدراندی، هەندریای، هێدی، هێمن، هێواش، هێوڕ، هێوڵ، هێوْن، ١١- مرقد: چاک، چاکوپیر، خزن، زیارەت، زیارەتان، زیارەتگا، زیرەتەلان، زێوە، غەڵ، قسن، مەرقەد،

**- آرام درگوشەای‌خزیدن:** خپەکردن، خۆماتکردن لەسووچێک،

**آرام‌آرام:** ← آهستەآهستە،

**آرامانیدن:** ١ ← آرامش‌دادن، ٢- بڕواییدان، بێخەمکردن، خاترجەمکردن، دڵئاسوودە کردن، دڵتەنا کردن، دڵنیاکردن،متمانەپێدان، ٣- ئەرەمەرزنای، جێگەپێدان بۆ دامەزران، دامەزراندن، هێوراندن،

**آرامبخش:** ئارامبەخش، ئارامکەرەوە، ئارامیدەر، دامرکێن، ڕۆتەفتێن، سرەوێنەر، سوکنا دەر، سوکناهێنەر، سوکناییدەر، هەدادەر، هێدی‌کەرەوە، هێمن کەرەوە، هێورکەرەوە،

**آرامبخشیدن:** ئارامکردنەوە، سوکناییدان، هێور کردنەوە،

**آرامبودن:** ئارامبوون، ئۆقرەگرتن، هێدیبوون،

**آرامجای:** ← آرامشگاە،

**آرامجو:** ← آشتیخواە،

**آرامجوی:** ← آشتیخواە،

**آرام‌دادن:** ١-ایجادآرامش: پێکهێنانی‌ئارامی، پێک هێنانی هێمنایه‌تی،٢- تسلّی‌دادن: ئارامکردنه‌وه له‌خه‌فه‌تان، ئه‌وه‌لاونای، ئه‌هوه‌نکردنه‌وه، تبتاندن، ته‌بتاندن، ته‌سکیندان، دڵخۆشیدانه‌وه، دڵدانه‌وه، دڵه‌وه‌دای، سرواندن، کۆداندن، گۆزاندن(بچه)، گه‌شگه، لاواندنه‌وه، لاواننه‌وه، لاونایۆ، نه‌تراندن، هێنانه‌وه‌سه‌رخۆ، ٣- مسکن‌دادن: ئه‌ره‌مه‌رزنای، جێگه پێ دان بۆدامه‌زران، دامه‌زراندن، نیشته‌جێ کردن،هێوراندن، ٤-مطمئن‌کردن: بڕواییدان، بێخه‌م کردن، ته‌بتاندن، خاترجه‌مکردن، دڵ‌ئاسووده‌کردن، دڵته‌ناکردن، دڵنیاکردن، متمانه‌پێدان،

**آرامدن:** ← آرامیدن،

**آرام‌ده:** ١- آرام‌دهنده: ئارام‌که‌ره‌وه، هێورکه‌ره‌وه، دڵخۆشیده‌ره‌وه، ٢- مُسکّن: ئێش‌بڕ، ده‌رمانی‌ژان‌وئێش، ژانبڕ،

**آرامسوز:** ئارامی شێوێن، ئۆقره‌هه‌ڵگر، تێکده‌ری ئارامی، حه‌جمێن بڕ، حه‌جمێن هه‌ڵگر،

**آرامش:** ١ ← آرامیدن، ٢ ← آسایش، ٣ ← آشتی، ٤- امنیت: ئارامی، ئاسووده‌یی، بێترسی، بێمه‌ترسی، ته‌ناهی، سامان، له‌ئه‌من‌وئه‌ماندا بوون، هێمنایه‌تی، هێمنی، ٥- خواب‌اندک‌وسبک: بوورژان، بوورژیان، سووکه‌ڵه‌خه‌و، سه‌رخه‌و، سه‌ره‌خه‌و، سه‌ره‌وه‌رم، ٦- سکون: ئارام، ئارامی، ئاراوقارا، ئاسایش، ئاسووده‌یی، ئتر، ئشاس، ئۆخژن، ئۆخه، ئۆقره، ئۆقره‌گرتن، ئه‌ره‌سه‌رده‌ی، ئه‌ره‌سه‌کنای، ئه‌ره‌کاسۆلنای، بهن، تا، تۆتکه، ته‌بایی، ته‌بت، ته‌و، خۆراس، دابینی، داسه‌کنان، داسه‌کنین، داکاسان، دنجی، ڕێکی، ڕێکێتی، ڕێکیه‌تی، ستار، سره‌فت، سره‌وت، سوکنا، سوکنایی، سه‌کامه‌تی، سێبووری، ڤه‌نشین، کپی، کڕی، کری، ورینگ، ورینگه، وه‌خژن، نه‌رمی، وه‌رقه، وه‌رم، وه‌قره، هه‌دا، هه‌دادان، هه‌دار، هه‌داری، هه‌دان، هه‌راس، هه‌ڤیان، هه‌ندر،هێدان، هێسایی، هێمنایه‌تی، هێمنایی، هێمنه‌تی، هێمنی، هێمنیه‌تی، هێواشی، هێوربوونه‌وه،هێوۆری، هێوۆنی، هیوه‌ره،

**آرامش‌ازسرگرفتن:** ئارامبوونه‌وه، ئارخه‌یانی، ئاسووده‌بوون، ئامایه‌نه‌سه‌رووێ، ئۆقره گرتنه‌وه، ئه‌رخه‌یانی، ئه‌وله‌یی، ئه‌وه‌سیای، بڕوایی، بێخه‌می، پاڵدانه‌وه، پاڵ‌لێدانه‌وه، پشتدانه‌وه، پشت ڕاستی، پشتقایمی، پشت‌لێدانه‌وه، پشت‌لێکردنه‌وه، پشوودانه‌وه، پشیدان، په‌ڕمیان، تۆتکه‌کردنه‌وه، تۆته‌که گرتنه‌وه، توێتکه، توێتکه خواردن، توێتکه‌گرتن، ته‌بتین، ته‌واسان، ته‌وتین، حه‌جمان، حه‌جمین، حه‌سانه‌وه، خاترجه‌می، داساکین، داسره‌فتن، داسره‌وتن، داسه‌کنان، دڵ‌ئاسووده‌یی، دڵ ئاو خواردنه‌وه، دڵته‌نایی، دڵنیابوون، داکاسانه‌وه، داکه‌وتنه‌وه، دامرکانه‌وه، دڵنیایی، ستارگرتنه‌وه، سوکناییهاتن، فکرئاسووده‌یی، قیم، گوێدنجبوون، متمانه، هه‌داری، هاتنه‌سه‌رخۆ، هاتنه‌وه‌سه‌رخۆ، هه‌دادانه‌وه، هێدیبوونه‌وه، هێدیه‌وبوون، هێوربوونه‌وه، هێمنبوونه‌وه، هێمن‌وه‌بیه‌ی،

**آرامش‌بازیافتن:** ← آرامش‌ازسرگرفتن،

**آرامشجو:** خوازیاری‌ئارامی،خوازیاری‌ئاسایش،

**آرامشجوی:** خوازیاری‌ئارامی،خوازیاری‌ئاسایش،

**آرامش‌خاطر:** ئاسووده‌یی خه‌یاڵ، بێخه‌می، نیگه‌ران نه‌بوون،

**آرامش‌دادن:** ١- استراحت‌دادن: ئارام‌کردن، ئارام کردنه‌وه، ئارامی پێدان، ئارامیدان، ئاسووده‌کردن، ئه‌ره‌سه‌کیای، ئه‌ره‌کاسۆلیای، ئه‌ره‌مرکنای، ئه‌وه‌سیای، ئیسڕاحه‌ت پێدان، بێخه‌مکردن، بێن‌پێدان، ته‌بتاندن، حه‌جماندن، حه‌ساندنه‌وه، حه‌سانن، دابینکردن، دابین که‌رده‌ی، داسه‌کناندن، داکاسانن، داگرتن، دامرکاندن، دامرکانن، دڵ‌ئاسووده‌کردن، دڵخۆشی دانه‌وه، دڵدانه‌وه، دڵه‌وه‌دای، سره‌واندن، سره‌وتکردن، سره‌ونای، ڤه‌سهاندن، نه‌تراندن، له‌تاندن، هاڵه‌وکردن، هۆلکاندن، هه‌داییدان، هه‌دراندن، ٢- تسلّی‌دادن: ئارامکردنه‌وه، ته‌سکیندان، خاوکردنه‌وه، خاووه‌کرده‌ی، دڵدانه‌وه، دڵخۆشیدانه‌وه، ژووژاندن، سوکنایی‌پێدان، سوکناییدان، سێبووری‌پێدان، سه‌بووری پێدان، هه‌دنادن، هێدیکردنه‌وه، هێدیکرن، هێدیه‌وکردن، هێمن‌کردنه‌وه، هێنانه‌وه‌سه‌رخۆ، هێوراندن، ٣- مطمئن کردن: ئارام کردن، ئارامکردنه‌وه، ئارخه‌یانکردن، ئه‌رخه‌یانکردن، بڕوایی‌پێدان، بێخه‌م کردن، بێغه‌م کردن، پشتئه‌ستوورکردن، پشتڕاستکردن، پشتقایم کردن، قایمکه‌رده‌ی، پشته‌ستوورکردن، پشوویه‌ک هێناتنه‌وه‌به‌ر، حه‌جماندن، حه‌ساننده‌نه‌وه، خاترجه‌م کردن، داسه‌کناندن، دڵاسووده‌کردن، دڵ ئاسووده کردن، دڵته‌ناکردن، دڵته‌نایی‌پێدان، دڵنیاکردن، دڵنیایی پێدان، دڵحه‌ساندنه‌وه، ڕۆسه‌کناندن، ڕووناندن، سوکنایی‌پێهێنان، سه‌بووری‌پێدان، فکر ئاسووده کردن، گوێدنجکردن، متمانه‌پێدان، مدراندن، هێنانه‌وه سه‌رخۆ، هه‌دراندن، هه‌ڤیاکردنن، هه‌ندراندن،

**آرامش‌داشتن:** ئارامبوون، ئاسووده‌بوون، ئه‌ره‌سه‌کنای، ئه‌ره‌کاسۆلنای، ئه‌ره‌مرکیای، ئیسڕاحه‌ت هه‌بوون، بێخه‌م‌بوون، ته‌بتین، حه‌جمین، حه‌سانه‌وه، دابینبوون، داسه‌کنان، داکاسان، دامرکان، دڵ ئاسووده‌بوون، ده‌ئیسڕاحه‌تدابوون، سره‌وتن، سره‌وت کردن، ڤه‌سهان، کوداندن، له‌ئیسڕاحه‌تدابوون، له‌سه‌رخۆبوون، هاڵه‌وبوون، هۆلکان، هه‌دران،

**آرام‌شدن:** ١ ← آرام‌گرفتن، ٢ ← آرامیدن، ٣- وه‌ستانی باو تۆفان‌و کڕێوه‌و شۆڕش، ٤- بازایستادن از گریه: حاوانه‌وه(بچه)، ژیربوون، ژیربوونه‌وه، له‌گریان به‌سکردن، ٥- ساکن‌شدن‌درد: ڕاوه‌ستانی‌ژان، ژان شکان، شکانی‌ژان، هێدیبوون،

**آرامش‌سلب‌کردن:** ئارام‌لێهه‌ڵگرتن، ئازاردان، ئۆقره‌لێهه‌ڵگرتن، ئه‌رناندن، ئه‌نراندن، ته‌نگاوکردن، چرووساندن، چرووساندنه‌وه، ڕه‌نجدان، ڕه‌نجدای، ستار لێ هه‌ڵگرتن،

**آرامشگاه:** ئارامگا، ئارامگه، جێگای لێحه‌سانه‌وه، جێگه‌ی ئاسووده بوون، جێگه‌ی ئۆقره‌گرتن، جێگه‌ی حه‌سانه‌وه، حه‌سانگه، حه‌وانگه، خونجگا، خونجگه، ستارگا، شوێنی‌حه‌سانه‌وه، شوێنی‌لێحه‌سانه‌وه، وه‌قره‌گا،

**آرامش‌یافتن:** ١ ← آرام‌گرفتن(١)، ٢- آسایش یافتن: ئارامبوونه‌وه، ئاسایش وه‌ده‌ستهێنان، ئاسووده بوون، ئۆقره‌گرتن، بێئاژاوه‌بوون، ته‌نابوون، ڕه‌حه‌ت بوونه‌وه، ستارگرتن، سیچه‌نگرتن، ورینگدان، وه‌قره گرتن، هێمنبوونه‌وه، هێمنوه‌بیه‌ی، ٣- اطمینان‌یافتن: ئارخه‌یانبوون، ئامایه‌نه‌سه‌رووێ، ئامایوه‌سه‌روێ، ئه‌رخه‌یانبوون، ئه‌وله‌بوون، بڕوایی بڕوایی په‌یداکردن، بێخه‌مبوون، بێغه‌مبوون، پاڵدانه‌وه، پاڵ‌لێدانه‌وه، پشت ئه‌ستووربوون، پشتدانه‌وه، پشتڕاستبوون، پشتقایمبوون، پشت‌لێدانه‌وه، پشت‌لێکردنه‌وه، پشته‌ستووربوون، پشووهاتنه‌وه سه‌رخۆ، پشووهاتنه‌وه‌سه‌ره‌خۆ، پشوویه‌ک هاتنه‌وه‌به‌ر، تۆتکه‌خواردن، تۆتکه‌کردن، تۆتکه‌کردنه‌وه، تۆتکه‌گرتن، تۆته‌که‌گرتن، تۆته‌که‌گرتنه‌وه، تۆتیکه‌خواردن، توێتکه، توێتکه‌خواردن، توێتکه‌گرتن، حاوانه‌وه، حه‌سانه‌وه، خاترجه‌مبوون، دڵاسووده‌یی، دڵ ئاسووده‌بوون، دڵ‌ئاو خواردنه‌وه، دڵته‌نابوون، دڵنیا بوون، دڵنیایی، ڕه‌حه‌تبوون، ڕه‌حه‌تبیه‌ی، فکر ئاسووده بوون، گوێدنجبوون، متمانه‌په‌یداکردن، مدران، مدرای، هه‌ڤیابوون،

**آرامش‌یافته:** ئارامبوه‌وه، ئاسایش‌وه‌ده‌ستهێناو، ئاسووده‌بوو، ئۆقره گرتوو، بێئاژاوه، ته‌نا، ڕه‌حه‌ت، ستار گرتوو، سیچه‌نگرتوو، وه‌قره‌گرتوو، هێمن،

**آرام‌کردن:** ← آرامش‌دادن،

**آرامگاه:** ١ ← آرامشگاه، ٢- گور: ئارامگه، پێشگا(شاهان)، پێشگه، ترب، ترپ، ده‌خمه، زیاره‌ت، زێد، قه‌بر، قه‌ور، گڵکۆ، گۆڕ، گۆڕخانه، گۆڕن، ٣ ← پناهگاه، ٤ ← مسکن، ٥- بینای‌سه‌رگۆڕ، قسن،

**آرام‌گرفتن:** ١- تسکین‌یافتن: ئارامبوون، ئارامبوونه‌وه، ئارام‌گرتن، ئارخه‌یانبوون، ئارخه‌یانی، ئاسووده‌بوون، ئامایه‌نه‌سه‌رووێ، ئامایوه‌سه‌روێ، ئۆقره گرتن، ئۆقره‌گرتنه‌وه، ئه‌رخه‌یانی، ئه‌ره‌سه‌کنای، ئه‌ره‌کاسۆلنای، ئه‌ره‌که‌فته‌ی، ئه‌ره‌که‌وته‌ی، ئه‌ره‌مرکیای، ئه‌ره‌وڕای، ئه‌وله‌یی، ئه‌وه‌سیای، بڕوایی، به‌رایی‌هاتن، بێخه‌مبوون، بێخه‌می، پاڵدانه‌وه، پاڵ‌لێدانه‌وه، پشتدانه‌وه، پشتڕاستی، پشتقایمی، پشت لێ

دانەوە، پشتلێکردنەوە، پشوودان، پشوودانەوە، پشووهاتنەوەسەرخۆ، پشووهاتنەوە سەرەخۆ، پشوویەک هاتنەوەبەر، پشیدان، پەڕمیان، تک دان، تۆتکە خواردن، تۆتکەکردن، تۆتکەکردنەوە، تۆتکەگرتن، تۆتەکەگرتن، تۆتەکەگرتنەوە، تۆتیکەخواردن، توێتکە، توێتکەخواردن، توێتکە گرتن، تەبتین، تەواسان، تەوتین، حاوانەوە، حەجمان، حەجمین، حەسانەوە، حەوین، خاتر جەمی، داساکین، داسرەفتن، داسرەوتن، داسرەوین، داسەکنان، داسەکنین، داکاسان، داکاسیان، داکاسین، داکەسیان، داکەسین، داکەفتن، داکەوتن، داڕمان، دامران، دامرکان، دامرکانەوە، داموکان، دانبەخۆداگرتن، دانەوین، دڵئاسوودەیی، دڵ ئاوخواردنەوە، دڵتەنایی، دڵنیابوون، دڵنیایی، ڕاکەوتن، ڕاکەوەی، ڕۆتفتان، ڕۆتەفتان، ڕۆتەفتین، ڕۆسەکنان، زەوتبوون، زەود بوون، ژێربوونەوە، ستارکردن، ستارگرتن، سرەفتن، سرەفتەی، سرەوان، سرەوای، سرەوتگرتن، سرەوتن، سرەوتەی، سرەوین، سەکنین، سوکنایی هاتن، سەبووریهاتن، سیای، سێبووریهاتن، فکرئاسوودەیی، قریان، قورمین، قەلەمنار، قیم، کپبوون، کپبیەی، کڕبوون، کڕبیەی، کوپیان، کوپین، کەوتش، گونجان، گونجای، گونجین، گوێدنجبوون، گەشگە، لاگرتن، لاگرتەی، لەتان، متمانە، مدران، مدرای، نشایش، نشتش، نەترین، وەرینگ‌گرتن، وەرکەتن، وەرکەفتن، وەرکەوتن، هاتنەسەرخۆ، هاتنە سەرخۆ، هاتنەوەسەرخۆ، هاڵەبوون، هاڵەوبوون، هەدادان، هەداری، هەدرین، هەدنین، هەدیایش، هەڤیابوون، هەندران، هەندریان، هەدرین، هەندرین، هێدیبوون، هێدیبوونەوە، هێدیەو بوون، هێوربوون، هێوربوونەوە، هێورین، هێونبوونەوە، ٢- سکنیٰ‌گزیدن: ئاکنجیبوون، ئەرەمەرزیا، جێگرتن، جێگیربوون، دامەزران، دامەزریان، دامەزرین، سەقامگرتن، مزڵگرتن، نیشتەجێبوون، ٣ ← خوابیدن،

**آرام‌گرفته:** ئارامبووگ، ئارامدانیشتوو، ئۆقرەگرتو، ئارام بووەوە، ئارامگرتوو، ئارخەیان، ئارخەیانبوو، ئاسوودەبوو، ئۆقرەگرتوو، ئەرخەیان، ئەرەسەکیا، ئەرە مرکیا، ئەرەوڕا، ئەولە، بڕوایپهێناو، بێخەم، بێخەمبوو، بێدەنگ، پاڵداوەوە، پاڵلێداوەوە، پشتداوەوە، پشت ڕاست، پشتقایم، پشتلێداوەوە، پشتلێکردوەوە، پشوو داو، پشووداوەوە، پشووهاتوەوە سەرخۆ، پشوو هاتوەوە سەرەخۆ، پشوویەک‌هاتوەوەبەر،پشیداو، پەڕمیاو، تکداگ، تۆتکەخواردوو، تۆتکەکردوو، تۆتکەکردوەوە، تۆتکەگرتوو، تۆتەکەگرتوو، تۆتەکەگرتوەوە، تۆتیکەخواردوو، توێتکەخواردوو، توێتکە گرتوو، تەبتی، تەواساو، تەوتی،حاواوە، حەجماو، حەجمیو، حەساوە، حەویو، خاترجەم، داتەمریاگ، داساکیو، داسرەفتوو، داسرەوتوو، داسرەویو، داسەکناو، داسەکنیو، داکاساو، داکاسیاگ، داکەسیای، داکاسیو، داکەسیاگ، داکەسیو، داکەفتگ، داکەوتوو، داڕماو، دامراو، دامرکاو، دامرکاوەوە، داموکاو، دانەویو، دڵئاسوودە، دڵئاوخواردوەوە، دڵتەنا، دڵنیا، دڵنیابوو، ڕاکەوتوو، ڕۆتفتاو، ڕۆتەفتاو، ڕۆتەفتیو، ڕۆسەکناو، زەوتبوو، زەود بوو، ستارکردوو، ستارگرتوو، سرەفتوو، سرەواو، سرەوتگرتوو، سرەوتوو، سرەویو، سەکنیو، سوکنایی هاتوو، سەبووری هاتوو، سێبووری هاتوو، فکرئاسوودە، ڤەنهشتی، قاڕ، قریاگ، قورمیو، کپبوو، کپ‌بی، کپەنە، کڕ، کڕبوو، کوپیاو، کوپیو، گونجاو، گونجیو، گوێ دنج بوو، لاگرتوو، لەتاو، متمانەپەیداکردوو، مدرای، نەتریو، نەمْر، وەرینگ‌گرتو، وەرکەتوو، وەرکەفتگ، وەرکەوتوو، هاتوەوەسەرخۆ، هارام، هاڵەبوو، هامۆش، هەداداو، هەداری، هەدراندی، هەدریو، هەدنیو، هەڤیا بوو، هەندراو، هەندریاو، هەندریای، هەدریو، هەندریو، هێدیبوو، هێدیبووەوە، هێدیەوبووگ،هێوربوو، هێور بووەوە، هێوریو،

**آرامنده:** ١ ← آرام‌ده، ٢ ← آرام گرفته،

**آرام‌نگرفتن:** ئارامنەبوونەوە، ئارامنەگرتن، ئارخەیان‌نەبوون، ئاسوودەنەبوون، ئۆقرەنەگرتن، ئۆقرە نەگرتنەوە، بێبڕوایی، بێخەمنەبوون، بێقەراری، پاڵ نەدانەوە، پشتڕاست نەبوون، پشتقایم نەبوون، پشت نە دانەوە، پشوو نەدان، پشوونەدانەوە، پشوونەهاتنەوە سەر خۆ، پشوو نەهاتنەوەسەرەخۆ، پشوویەک‌نەهاتنەوەبەر، پشی‌نەدان، تک نەدان، تۆتکەنەخواردن، تۆتکە نەکردن، تۆتکەنەکردنەوە، تۆتکە نەگرتن، تۆتەکە نەگرتن، تۆتەکەنەگرتنەوە، تۆتیکەنەخواردن، توێتکە نەخواردن، توێتکەنەگرتن، توێتکەنەگرتنەوە، چرمسانەوە، چرووسانەوە، چەوسانەوە، دانەکاسان، دانەساکین، دانەسرەفتن، دانەسرەوتن، دانەسرەوین، دانەسەکنان، دانەسەکنین، دانەکاسان، دانەکاسیان، دانەکاسین، دانەکەسیان، دانەکەسین، دانەکەفتن، دانەکەوتن، دانەڕمان، دانەمران، دانەمرکان، دانەمرکانەوە، دانەموکان، دانەنەوین، دڵ ئاسوودەنەبوون، دڵئاونەخواردنەوە، دڵتەنانەبوون، دڵنیا نەبوون، ڕانەکەوتن، ڕۆنەتفتان، ڕۆنەتەفتان، ڕۆنەتەفتین، ڕۆنەسەکنان، زەوتنەبوون، زەودنەبوون، ستارنەکردن، ستارنەگرتن، سرەوت‌نەگرتن، سوکنایی نەهاتن، سەبووری نەهاتن، سێبووری نەهاتن، فکر ئاسوودە نەبوون، قیم‌نەهاتن، کپ‌نەبوون، کڕ نەبوون، گوێ دنج‌نەبوون،گەشگەنەگرتن، لانەگرتن، متمانەنەکردن، نائارخەیانی، نائەرخەیانی، نائەولەیی، ناخاترجەمی، ناهەداری، نەپەڕمیان، نەتەبتین، نەتەواسان، نەتەوتین، نەحاوانەوە، نەحەجمان، نەحەجمین، نەحەسانەوە، نەحەوین، نەسرەفتن، نەسرەوان، نەسرەوتن، نەسرەوتەی، نەسرەوین، نەسەکنین، نەقریان، نەقورمین، نەکوپیان، نەکوپین، نەگونجان، نەگونجین، نەلەتان، نەمدران، نەمدرای، نەنشایش، نەنشتش، نەنەترین، نەهاتنەوەسەرخۆ، نەهەدرین، نەهەدنین، نەهەدیایش، نەهەندران، نەهەندریان، نەهەدرین، نەهەندرین، نەهێورین، وەرینگ نەگرتن، وەرنەکەتن، وەرنەکەفتن، وەر نەکەوتن، هاڵەنەبوون، هەدانەدان، هەڤیانەبوون، هێدی نەبوون، هێدی نەبوونەوە، هێدیەو نەبوون، هێور نەبوون، هێورنەبوونەوە،

**آرام‌وقرار:** ← آرام(٦)،

**آرامی:** ١- صبوری: ئارام، ئارامی،ئۆقرە، ئۆقرەیی، بەحەوسەلەیی، بەرایی، بێهن‌فرەهی، پشوودرێژی، پشوولەسەرخۆیی، پشوولەسەرەخۆیی، تاب، تاقەت، تبتین، تەحەممول، تەسەلا، حەوسەلە، خۆگرتن، خوێنساردی، دان‌بەخۆداگرتن، دایاخ، ددان بەجەرگی خۆ داگرتن، دەرهەڵنەبوون، ڕاوْشکا، سوبات، سەبر، سەبر کردن، سەبرگرتن، سەبروحەوسەلە، سەبرهاتن، سەبووری، سەبووری هاتن، سەمەت، سەور، سەور گرتن، سێبووری، شێنەیی، قنیات، قەینات، قینات، کاویخۆ، قەری، کشاوی، لەسەرخۆیی، لەسەرەخۆیی، مەندی، نتم، نەفەسدرێژی، نەرمونیانی، وستان، هێدکی، هێدیبوون، هێمنی، هێوری، ٢- ئارامی، سامی، لەڕەگەزی ئارامی نەوەی سامی کوڕی نووح، ٣ ← آرامش، ٤ ← آهستگی،

**آرام‌یافتن:** ← آرام‌گرفتن،

**آرامیدگی:** ئارام، ئارام‌وقەرار، ئۆقرە،سەبر، سەور، قەرار، هێمنی، هەدا،

**آرامیدن:** ١ ← آسودن، ٢ ← آرام‌گرفتن، ٣ ← آرامش‌یافتن(٣)، ٤- ازغلیان‌بازایستادن: ئەوە نیشتەی، لەکوڵ‌کەوتن، نیشتنەوە، نیشتنەوەی کەفو کوڵ، ٥- خفتن: پاڵکەفتن، تلوورکەفتن، چاوچوونە خەو، خەفتن، خەوبردنەوە، خەوتن، خەولێکەوتن، دولوور، دولوورە، ڕازان، ڕازین، ڕاژان، ڕاکەوتن،سەرنانەوە، قوون‌تللوور کردنەوە (موهن١)، قوونەو تلوورکەوتن، کەوتن(سەگ،گورگ،کەرویشکو ڕێوی)، نشتش، نڤان، نڤستن، نوستن، وتش، وتەی، وستەی، وەرەم‌ئەوەبەردەی، وەرەم‌پۆرەکەوتەی، وێتن، هاون، هەفتەن، هەونا، هەون بەبیش، ٦- شکیباشدن: بەسەبر بوون، پشوودرێژبوون، خۆ ڕاگرتن، سەبرگرتن، ٧- فرونشستن‌کف: نیشتنەوەی کەف،

**آرامیده:** ← آرام‌گرفته،

**آرای:** ← آرا،

**آرایش:** ١- زینت: ئارایش، ئارایشت، ئەوەڕازیای، بەزکە، بەزەک، تاسولووس، جوانکاری، جوانی، خرمەدای، خۆتاس‌ولووس‌دان، خۆتاس‌ولووس‌کەدن، خۆتیل‌کردن، خۆجوانکردن، خەمڵ، خەملان، خەمڵین، خۆجوانکردن، دەق، ڕازانەوە، ڕازاندنەوە، ڕازانەوە، ڕازیانەوە، ڕازاوەیی، ڕەوش، زەین، لاولووس، لاولووسە، وتەی، ٢- تجهیز: ئامادەکردن، ئامادەیی، تەدارەک، دروستکردن، دروستکەردەی، دەبارکرن، ڕازاندنەوە، سازدان، سازدای، سازکردن، سازکەردەی،

کاردروستایی، کارسازی، ۳- رسم: ترتیب، داب، دامو دەستوور، ٤- ڕواڵەتڕازاندنەوە، ٥ ← هرس،

**- آرایش‌دادن:** تەکووزکردن، تەکوویزکردن، پۆڕاندن، خنجکردن، قنجکردن،

**- آرایش‌کردن:** ئارایشتکردن، بەزەک‌کردن، خۆتاسولووسکردن، خۆ تیلکردن، خۆخەملاندن، خۆخەملانن، خۆلەدەقدان، خۆ لەگوڵێدان، دەقدان،

**- آرایشگاه:** ئارایشگا، تویرشە، حەللاقە، دووکانی‌سەلمانی، دەلاکی، سەرتاشخانە، سەرتراشخانە، سەلمانی، موویکارخانە،

**آرایـشگر:** ١- ئارایـشگەر، بـەربـەر، پۆرقـوت، جوانکـار، جوانکـەر، حەللاق، خەملێن، خەملێنۆک، دەقدەر، دەلاک، دەللاک، ڕازێنەر، سـەرتـاش، سـەرتـراش، سـەلمـانی، موویکار، وەڕازێن، ٢- دێکۆراتۆر، ڕازێنکار،

**- آرایش‌نظامی:** خۆئامادەکردنی لەشکر بۆشەڕ، خۆ ڕێک خستنی سەربازی،

**آراینده:** ← آرایشگر،

**آرایه:** ١- بەڕیزدانانی شت لەگەورەوە بۆ چووکە یا بەپێچەوانە، ٢- ڕێکخستنی ژینەوەران بەپێی دوورییان لەیەکتر،

**آرایه‌گر: ← آرایشگر،**

**آرایه‌گری: ← آرایش،**

**آرایی:** تەوزێنی، خەملێنی، ڕازێنی،

**آراییدن: ← آراستن،**

**آرترُز: ← آرتروز،**

**آرترُز:** ئارترۆز، نەخۆشیی پووکانەوەی جمگەکانی لەش‌و سەرهاڵدانی ژان‌و ئێش تێیاندا،

**آرتروسکوپ:** جومگەبین، دەزگای بینینی جومگەی لەش،

**آرتروگرافی:** ئارترۆگرافی، وێنەگرتن لەگەی‌لەش،

**آرترولـوژی:** ئـارترۆلۆژی، جومگـەنـاسـی، زانـستی بـاس لـەسـەر گەی‌لەش، گەناسی،

**آرتریت:** هەوکردنی جومگە،

**آرتزین:** بیری ئاوهەڵدەر،

**آرتیست:** ئارتێس، ئارتیس، ئارتیست، ئەکتەر، شانۆکار، شانۆگەر، کۆسەکار، لیستکڤان، نیارڤان، هونەرپیشە، هونەرمەند،

**آرتیست‌بازی:** ئارتێسبازی، نیارڤانکاری،

**آرتیشو:** دڕکەپووشین، دڕکەکەرە، دڕەبا، دڕەهەرێ، دڕەهەرێی، کەنگرەکەرە، گوڵەکەلەنگ، گوڵەکەنگر،

**آرتیکل:** ئارتیکڵ، بەند، بابەت، بەش، خاڵ،کالآ، کووتاڵ، گە، ماک،

**آرج: ← آرنج،**

**آرد:** ئار، ئارد، ئاردە، ئاردی، ئارڤان، ئارڤانە، ئارە، زیراڤ، هـارد، هاردی، هەڕد،

**آرداره:** ئاردەمشار، ئاردی هەڕە، بڕەمشار،

**آردال:** بابنۆکەر، ڕاوێژکەری‌خان، فەڕراش،

**آرداله:** ئاردەوا، ئاردی‌بلەماج، پڕپۆڵە، پەلۆولە،

**آردبرنج:** ئاردەبرنج، ئاردەبرینج، برنجی‌هاڕدراو، سحالە،

**آردبلوط:** ئاردی‌بەڕوو، بەڕووی‌هاڕیاگ، پۆ،

**آردبه‌دهان‌داشتن:** دەم‌چوونەکلێڵەوە، دەم‌دووریان، دەم‌قووچاندن، زاربەستران، زاردروان، لاڵوپاڵبوون،

**آردبیز:** ئاردبێژ، ئاردەبێژ، ئاردێژ، ئاردڤێژ، ئامێری دابێژتن، ئێڵەگ، بێژن، بێژنگ، بێژینگ، زوخمە، قەلبیر، کەمە(بۆخاک)، لەهەز، مخل، مخەل، مۆخل، مۆخڵ، مووخل، مووخڵ، وێچنە(بۆخەلە)، هاردوێچ، هێرنگ، هێڵەگ،

**آردتوله: ← آرداله،**

**آرددوله: ← آرداله،**

**آردرابیختن‌وآردبیزراآویختن:** ئارد تەقاندن‌و سۆسی ڕژاندن، ئاردی‌خۆ دابێشتن‌و کەپەک ڕشتن، کۆتایی هێنان بەکارو پاڵدانەوە، هاردی وێتەی‌و سوێ وتەی،

**آردرابیختن‌والک‌راآویختن:** ← آردرابیختن‌وآردبیزراآویختن،

**آردشدن:** ئاران، ئاردبوون، کرمنشین، گەلفچین، گەلفین، لێکران، مەلسین، وردبوون، وردبیەی، هاڕان، هاڕیان، هاڕیای، هووربوون، هووربین،

**آردشـده:** پـەڕاش، پەڕاش‌پەڕاش، لەئاشکراو، وردکـراو، هـاڕاو، هاڕدراو، هاڕرا، هاڕیا، هاڕیاگ، هاڕیاو، هەڕد،

**آردکردن:** ئاراندن، ئارڤان،ئەرەهـەڕدەی، ئەوەساوای، چرتکردن، خنگار، داهاڕین، دەرزاندن، ڕجرچاندن، ساوای، ساوین(آنرا درهاون خوب‌بساب: له ئاونگەکەدا باش‌بیساوە)، ساوینەوە، فرداندن، فردەک کرن، ڤەهاڕین، ڤەهێران، ڤەهێڕاندن، قرچەشکێن کردن، قرشە شکێنکردن، کردنەئارد، کرمنشاندن، گرسکرن، گژمراندن، گەرمشاندن، لێکردن، لێکرن، وردکردن، وردکردن‌وکردنەتۆز، وردکەردەی، هاڕاندن، هـاڕەی، هـاڕین، هاڕینـەوە، هراندن، هوورکرن، هـەڕدەی، هـەڕین، هێران، هێراندن، هێڕتن، هێرفاندن، هێڕین، هێڤڕ، هێڤن، یەردە،

**آردکننده:** ئاڕێن، ساو، فردەک‌کەر، ڤەهاڕ، ڤەهێڕ، قرچەشکێن، قرشەشکێن،وردکەر، هاڕ، هوورکەر، هێڕ،

**آردل:** فەڕڕاشی بەرپرسی بانگ‌کردنی لەشکریان یا تاوان باران،

**آردل‌باشی:** سەرۆکی فەڕڕاشانی بەرپرسی بانگ‌کردنی لەشکریان یا تاوانباران،

**آردل‌بی‌چوب:** فەڕڕاشی بێ‌دار، میز کەزۆربێ‌و مرۆڤ تەنگاوکا،

**آردَم: ← آذریون،**

**آردن:** ١ ← آبکش، ٢ ← آوردن، ٣- کفگیر: ئاوپاڵ، پاڵێن، پاڵێوکە، قەواش، کەفگیر، کەڤگیر، کەوگیر، کەویر، گەفگیر، مووچ، مەسێ، مەفسک، هسکیف،

**آرده:** ئاردی‌کونجی، کونجیی‌هاڕدراو،

**آردهاله: ← آرددوله،**

**آردی: ← آردین،**

**آردین:** ١- ئارداوی، بەئارد، ٢- ئاردین، وەک ئارد(سنجد دارای درونبر آردی است)، ٣- ئاردەمەنی، ئاردینە، بەرهەمی ئارد، ٤- ئاردانە، داپۆشراو بە توێژێکی وەک ئارد،

**آردینه:** ئاردینە، چێشتی‌ئارد، لەئارد سازکراو،

**آرزم:** ← رزم،

**آرزو:** ١ ← آز، ٢- اشتیاق: ئارەزوو، ئاوات، ئەلها، تاسە، تامەزرۆیی، حـەز، حـەژ، خـۆزی، خولیـا، خـوویی، دڵبـزووتن، دڵبۆچـوون، دڵ‌بۆکورکاندن، دڵ کورکان، دڵ‌لێچوون، عەزرەت،ڤان، ڤیان، ڤین، ڤێن، کاو، مگێز، مگێن، مەراق، مەیل، مەیلان، واز، هاش، هەتەڵ، هەژ، هەسر، هەوا، هەوەس، هیڤی، هێڤی، هیوا، ٣- چشمداشت: ئومێد، تەما، تەوا، چاوەڕوانی، هومێد، هەویا، هیڤی، هێڤی، هیوا، هێـوی، ٤- خواستگاری: چوونەسـەربـەرە، خـازگینی، خـوازبێنی، خوازگـاری، خـوازگێنی، خواسـتن، داواکـاری، داوا کـردن، ژنڤیـان، وارستەی، وازبێنی، هوجوویی، هەیجوویی، هێجبی، هێجوو، هێجوی، ٥- خواهش: ئارزی، ئارۆزە، ئارەزوو، ئامانج، ئاوات، ئاوەخت، ئاوەرخت، بڕانی، پەژارە، خوازتن، خواست، خواستن، خوایشت، خوەستەک، داخاز، داخواز، داواخواز، داوخواز، داوخواست، دڵخواز، دڵتێچوون، دڵخواز، دڵخوازی، دۆز، سەردل، قەشقە، کام،کاو، کەلکەل، کەلکەلە،

کەڵکەڵە، کەوژ، گاڤین، گام، گاوین، گینگەڵە، گێوڵ، مراد، مراز، مەخسود،نیاز، وەسیەت، ویست، هۆک، هەرس، هەز، هەژ، هیڤی، ٦- خودسری: بەرهەڵدایی، خۆ سەری، سەربەخۆیی، کێزری، ٧- دلبر: دڵباز، دڵبەر، دلبەر، دڵبەست، دڵبەند، دڵدار، دلدایی، دڵدز، دڵڕفێن، دڵستێن،دڵوەر، ٨- دلخواه: دڵخواز، وازلێبوون، واستەن، واستەنە، ٩- شهوت: ئارەزووی‌جنسی، ئیشتیای گان، شاوەت، شەهوەت، هەوەس،

**- آرزوانگیز:** ئارەزووبزوێن، ئیشتیابزوێن، ئیشتیاهێنەر، بە ئیشتیا،

**- آرزوانه:** ١- ئەوچێشتەی خزمانی ژنی مەگیرانیکەر لێیدەنێن و بۆی دەبەن، ٢- ویار: ئیشتیا لێبوون، بێزگ، بێزوو، بێزە، بێزی، بێزین، تاس، کەرب، کەربا، کەربایەی، کەربایی، کەروا، کەروایی، کەڤرا، کەوژ، مزێچ، مژدی، مژن، مژە، مەبرانی، مەجیرانی، مەگیرانە، مەگیرانی، مەورانی،مەوریان، مەهبیران، مەهگران، نەوریان، وێزو،

**- آرزوبردن: ← (آرزوکردن) ← آرزو،**

**- آرزوبەدل:** بەئاوات نەگەییو، بێ‌مراد، داخبەدڵ، نامراد،

**- آرزوخواه:** ١ ← آرزومند(١)، ٢- شهوانی: بەئالۆش، حەشەری، حەکەدار، زەنەک(پیاو)، گاناوی، گانەک، گانەکی(بۆژن)، هەشەری، هەکەدار،

**- آرزوداشتن: ← آرزوکردن،**

**- آرزوسنج: ← آرزومند،**

**- آرزوکردن:** ئارەزووکردن، ئارەزوو کەردەی، ئارەزوومەند بوون، ئاوات خوازتن، ئاوات خواستن، ئاوتەخوازبوون، ئیشتیاکردن، ئیشتیالبوون، بڕیان، بەئاوات خواستن، بەحەسرەت بوون، بەسووبوون، بەعەزرەت بوون، بەمەراقبوون، تاسەداربوون، تاسەکردن، تامەزرۆبوون، حەز چەنەکەردەی، حەزکردن، حەزلێکردن، حەژێکرن، خوازتن، خواستن، خۆزگەبردن، خۆزگەخواردن، خۆزگەخواستن، خۆزیخواستن، خوەستن، داخازتن، داخوازتن، داوخواستن، دڵ‌بۆچوون، دڵ بۆسووتان، دڵ‌بۆ کورکاندن، دڵ‌پیاچوون، دڵپێوەبوون، دڵچوون، دڵچوونەسەر، دڵ سۆتەی، دڵسۆچیای، دڵسووتان، دڵسووتیان، دڵ کورکان، دڵکورکیان، دڵ‌لێ‌چوون، سوێبوونەوە، شنیان، عەزلێکردن، ڤێتن، گەرەکبوون، گەرەکبیەی، مەراق‌لێبوون، مەزەبزووتن، وازلێ بوون، واشتەنە، وەشڵەوسەی، ویستن، هەوەسکردن، هێڤیکرن، یادکردن، یادکەردەی،

**- آرزوکشیدن: ← آرزوکردن،**

**- آرزوگاه:** جێگای‌ئاوات، جێگەی‌ئاوات، جێگەی‌مراد،

**- آرزومند:** ١- آرزودار: ئارەزوودار،ئارەزووکار، ئارەزوومەند، ئاواتخواز، ئاواتەخواز، ئاواتەواز، ئومێدەوار، ئەوێندار، بەئارەزوو، بەئاوات، بەئومێد، بەتەما، بەرهێڤی، بەهومێد، بەهەویا،بەهیوا، بینەکار، بینەکەر، پاپا، تکاکار، تەمادار، تەماکار، تەوادار، خوازەر، خوازیار، خوەستەک، خوینکەل، داخوازکار، دڵڕوون، ڕەجاکار، قورگدرێاگ، لەهێڤی، مرێکار، مریکانە، ویستیار، هەزکەر، هەویادار، هێڤیدار، هیوادار، هێویدار، ٢ ← آزمند، ٣- مشتاق: ئارەزو مەن، ئارەزوو مەند، ئاواتەخواز، ئاواتەواز، ئیشتیابۆچوو، بۆسووتاو، بۆنەماو، بەئاوات، بەتاسە، بەحەسرەت، بەداوودڵ، بەعەزرەت، بەعەزرەتەوە، بەمەراق، بینەیکار، تاسا، تاسوخ، تاسەباز، تاسەخوار، تاسەخواز، تاسەخۆر، تاسەدار، تاسەمەند، تامازرۆ، تامەزرۆ، حەزلێکردو، خوینکەل، داڤەگر، دڵبژۆک، دڵسۆتە، دڵسۆچیا، دڵسۆتی، دڵسووتاو، عەزرەتی، کاسۆتی، گز، مریکانە، مشتاق، موشتاق، وازلێ،

**- آرزومندانه:** ئارەزومەندانە، بەئاواتەوە، بەئیشتیاوە، بەتاسەوە، بەتامازرۆییەوە، بەتامەزرۆییەوە، بەحەزەوە، بەحەسرەتەوە، بەعەزرەتەوە، بەکەیف و ئاواتی‌خۆ، بەمەراقەوە، تاشا، دڵسووتاوانە، موشتاقانە،

**- آرزومندشدن:** ئارەزووکردن، ئارەزووکەردەی، ئارەزومەنبوون، ئارەزوومەندبوون، ئاوات‌کەوتنەدڵ، ئیشتیابۆچوون، بۆسووتان، بۆنەمان، تاسەکەوتنەدڵ، حەسرەت کەوتنەدڵ، عەزرەت کەوتنەدڵ، دڵ‌بۆ سووتان، دڵکەوتنەسەر،

**- آرزومندکردن:** خیتەخیتدان،داسپاردن، داسپارن، دنەدان، دنەدای، دەست‌لەپشت‌دان، دەڤگەرمی، دەنەدای، هاندان، هاندای، هانەدان، هۆرنیای،

**- آرزومندی:** ١- اشتیاق: ئارەزوو، ئیشتیا، تاسە، تامەزرۆ بوون، تامەزرۆیی، حەز، دڵبژۆکی، دڵ بۆ کورکاندن، دڵسۆتەی، دڵسۆچیای، دڵسووتان، دڵ سووتیان، دڵکورکان، دڵکورکیان، دڵسووتیان، سوو، سوێ، سوێر، شن، عەز، عەزرەت، مەراق، مەرەق، نگە، واز، واستش، هاش، هەوا، ٢- حالت‌آرزومند: ئارەزوومەندی، ئارەزووداری، ئومێدەواری، دڵ بەچێتێکەوەبوون، مرێکاری، هەویاداری، ٣- حسرت: ئەزرەت، حەسرەت، سو، سووی، سوی، عەزرەت، ٤- غرض: غەرەز، قەست، مەبەست، نیاز،

**- آرزوناک:** پڕئاوات، زۆربەئاوات،

**- آرزوی‌خام:** ئارەزووی خاو، ئاواتی نابەجێ، خەیاڵپڵاو، خەیاڵی بەتاڵ، خەیاڵی خاو، خەیاڵی کاڵ،

**- آرزوی‌دیدار:** ئارەزووی‌دیدار، بێری، تاسۆخ، تاسە،

**- آرزوی‌موفقیت:** ئارەزووی‌پلەوەر، ئارەزووی سەر کەوتن،

**آرزه:** قورەسواغ، کاپۆل، کاگڵ، کەگل،

**آرزه‌گر:** قورەسواغ‌گرەوە، کاپۆڵسازکەر، کاگڵ‌گرەوە، کەگل‌چاکەر،

**آرستن: ← آراستن،**

**آرِستن:** ← توانستن،

**آرسته ← آراسته،**

**آرش:** ئینان، مانا، واتا، هێنان،

**آرشه:** دارۆکەی داوداری لێدانی ویۆلۆن،

**آرشیتکت:** ئەندازیاری خانووبەرە، خانووکار، مێعمار،

**آرشیو:** ئارشیڤ، ئارشیو، ئەرشیڤ، بایەگانی، جێگەی ڕاگرتنی بەلگە، سەرجەمی بەڵگەی ڕاگیراو لە جێگایەک دا،

**آرطی: ← آورتا،**

**آرغ: ← آروغ،**

**آرغدن:** ١ ← آشفتن(٣)، ٢- حریص‌شدن: وەتەماح کەوتن،

**آرغده:** ١ ← آتشی‌شده، ٢ ← آزمند،

**آرکئولوژی:** ئاسەوارناسی، دێرینەناسی، شوێنەوارناسی، عەنتیکەناسی، کۆنینەناسی، کەونینە ناسی،

**آرکیولوژی: ← آرکئولوژی،**

**آرم:** بەرژەنگ، داخ، دروشم، درۆشم، نیشانەی‌تایبەتی، هەوە،

**آرماتور:** ئارماتۆر، شیشی کانزا بۆ پتەوکردنی بێتۆن،

**آرماتوربندی:** ئارماتۆربەندی، دامەزراندن و لێک بەستنی شیشی ئارماتۆر بۆ بێتۆن دەباڵ کردن،

**آرمان:** ١- حسرت: ئەزرەت، حەسرەت، داخ، داخ‌وعەزرەت، ڕەنج، زەحمەت، سو، سووی، سوێ، عەزرەت، مخابن، ٢- هدف: ئارمان، ئارمانج، ئارەزوو، ئامانج، خۆڕۆیی، دۆز، سەرک، مەبەست، نیشانە، کوڤان، کیلک، نیازلەژیانا، مەبەس، مەبەست، هەدەف، هیڤی، هیوا،

**آرمان‌پرداز:** ئایدیۆلۆگ، باوەڕدارێژ، بیردارێژ، تیوریسیەن،

**آرمان‌خوردن:** ئەنتین، بەپەژارەبوون، بەداخو عەزرەت بوون، بەمەراقبوون، خەفەتخواردن، خەم خواردن، خەفەتواردەی، خوسەخواردن، داغداربوون، دڵمایین، دەردوئازارچێشتن، دەردوغەم‌داگرتن، غەم خواردن، کزبوون، کولبوون، لەکوڵبوون، بەکوڵوکۆبوون، کوڵوکەسەرهەبوون، دڵبەکولبوون، دڵشکان، دڵمایین، دڵمەڕیای، دڵمێڕیای، مشقەمشق، مەراقخواردن، مەینەتداربون، وەزگدان، هەڵپێمان،

**آرمانخواه:** ← آرمان‌گرا،

**آرمان‌سرا:** بریتی لەدنیا، جێگای ئاواتان، ماڵی ئاواتان،

**آرمان‌شهر:** شاری‌ئاوات، شاری پاکژ، شاری‌خەیاڵی، شارە بەناوبانگەکەی ئەرەستوو بەخەیاڵ بۆ ئاسایشی مرۆڤ دایناب‌وو، کەسنەزاناوا، یۆتووپیا،

**آرمان‌گرا:** ئارمانخواز، ئامانجخواز، ئایدئالیست، خەیالاوی، خەیاڵپەرست،

**آرمان‌گرائی:** ئایدئالیسم، ئامانجخوازی، خەیاڵ پەرستی،

**آرمانی:** ئارمانی، خوازراو،

**آرَمِدن:** ← آرامش‌یافتن،

**آرَمش:** ← آرامش،

**آرَمنده:** ← آرامنده،

**آرمیچر:** ئارمیچێر، تەوەرەی‌سیم لەدەور پێچراو لە دینامو ستارت‌دا،

**آرَمیدگی:** ← آرامیدگی،

**آرَمیدن:** ← آرامش‌یافتن،

**آرَمیده:** ← آرامش‌یافته،

**آرَن:** ← آرنج،

**آرنج:** ئانیسک، ئانیشک، ئەنیزک، ئەنیشک، بالنج، بلەمرک، بەلەچەک، بەلەمرک، تەنیزک، زەنگ، زەنگە، قنگانیسک، قوڕانیشک، قورنازک، قولانیسک، قوونانیسک، قونا نیشک، قوونەنیشک، قینگانیسک، کونارشک، لاشاخ، لەمرک، مرک، میرک، هانیشک، هەرەزەنی، هەرەژنە، هەرەژنێ، هەریژن، هەشک، هەنیشخ، هەنیشک، یەرەژن،

**آرنده:** هێن، هێنەر،

**آرنگ:** ١ ← آرنج، ٢ ←آزار، ٣ ← آلگونە، ٤- رنگ: چەشن، چەشنەت، چەشیت، ڕەنگ، شێوە، ٥- طرز: بار، بێچم، تۆف، تووز، تەحر، تەرز، جۆر، جوور، ڕەنگ، شێل، شێوە، لۆ، لۆن، نەزم، واش، ٦- حیلە: ئاخلێف، ئارداڤ، ئانوئۆن، ئاواننە، ئاینوئۆین، ئۆین، ئیغفال، بڵحات، بڵعات، بنجامەتی، بەزاج، بەن، بەند، پەنگ، پێچوپلۆچ، تەرفە، تەزویر، تەفرە، تەڵە، تەڵەکە، تەڵەکەبازی، چاپوچووپ، چاپوگووپ، چاغوبەنگ، چاوبەستی، چڤ، چلپ، حیلە، حیلەوحەواڵە، خاپان، خاس، خڵتاندن، خڵتانن، خلەتاندن، خلەتانن، خۆڵکردنەچاو، خەڕۆ، خەڵەتان، خەڵەتیای، داوبازی، دغە، دوبارە، دووڕوویی، ڕاووڕیو، ڕاوەڕێوی، ڕیپ، ڕێو، ساختە، سوڕ(دربازی)، سووڕ، سەگانە، سەگایەتی، سەگگێتی، سەگێنی، سەگیەتی، سێحر بازی، شندی، شندی مندی، عۆین، فاکوفیک، فرتو فێڵ، فڕوفێڵ، فریب، فریو، فریودان، فریودای، فوون، فەدەر،فەرەج، فەن، فەند، فەندو فێڵ، فەنوفوون، فێڵ، فێڵبازی، فێڵوتەڵەکە، فێڵودۆلاب، فێڵوگزی، فێڵەزانی، ڤیڵک، قمار، قۆپیە، قۆرتوپێچ، قوڕۆک، قەمس،کەتن، کەڵەک، کەڵکوکوڵەک، کەڵەکە، گر، گڕی، گز، گزە، گزی، گزیکاری، گۆڵ، گۆڵدان، گۆڵ لێدان، گەڕ، گەڕوگوڕ، گەف، لابان، لاس، لەبان، لێب، لێبەک، لیپ، لێپ، لیت، مەکر، ناڕاستی، وەین، هاوانتە، هۆرخڕنای، هۆرخەڵەتنای، هنەو، هۆقە، هەپە، هەقە، هەڵخەڵەتاندن، هەنگ، هەو، هیلە، یاتوو،

**آرواره:** ئارزەن، ئارگووشک، ئارۆشە، ئاروو، ئالیگووشک، دوو شەویلکە، دووشەویلە، ڕووشە، شەوی، شەوێلاک، شەویلاک، شەویلاکە، شەوێلاکە، شەویلکە، شەوێلکە، شەوێلگە، شەویلە، کاجیرە، کاچێر، کاچێرە، کاژێر، کاکیلە، کاگێرە، کلێشە، کەپوو، لاچلاچ، لاچلاچک، هاروو،

**- آروارۀبالا:** ئالۆشە، شەوێلاکەی سەرەوە،

**- آروارەزیرین:** شەوێلاکەی خوارەوە، لاملامک،

**آروبند:** جەببار، شکستەبەن، شکستەگەر، کرکی، کەل، وەستای شکستەبەند، هەستیڤەگر، هەستی گرەک، هەڵبەس، هەڵبەست، هێسک‌گرەوە،

**آروبندی:** شکستۆبەستەی، شکستۆبینای، شکستە بەندی، شکستەگەری، شکست‌هۆربەستە، شکست هۆر بیلۆ، شکست‌هۆرگین، کەلدان، هەستێگرتن،

**آروغ:** ئارشک، ئێق، برق، بڕک، بڕی،پرقێنە، ڤرڤێنە، قرپ، قرپە، قرپێنە، قرتک، قرخێنە، قڕقێنە، قری، قلپک، قۆڕخێنە، قوڕقێنە، قوڕەنیسک، قوژپێنە، قولپک، قوڵقێنە، کوڤک، مرقێنە، وەربوق، یەق،

**آروغ‌بیجازدن:** خۆتێکوتان، خۆتیهەڵقوتان(باز تو آروغ بیجا زدی؟)، خۆتێهەڵقوتاندن، دم‌تێوەردان،

**آروغ‌زدن:** قرپکردن، قرپهاتنەوە، قرپەکردن، قیرپەکردن،

**آروق:** ← آروغ،

**آرون:** ئاکاری‌باش، ئەخلاقی‌خۆش، خووی‌باش،

**آروند:** ١ ← آئین(٧)، ٢ ← آرنگ(٦)، ٣- ئابڕوو، ئوود، ئوودا، ئیحتیڕام، بایی، بندەسی، پاس، پاگا، پاگە، پایە، پایەبەرزی، پلە، پلەوپایە، پەرای، پەرە، پەرەسە، پەری، پەیسک، پێ، پێلپەلک، جاه، جایەگا، جەلال، جەلالوشکۆ،چەپ(چەپێکی دەبەر ئەودا نیە)، حورمەت، خارنج، خێوەت، دەرەجە، ڕاژە، ڕوتبە، ڕوومەت، ڕێز، زی، سەنگ، سەنگوڕەنگ، شان، شانو شەوکەت، شکۆ، شەوکەت، شیدوبید، عێزەت، فەڕ، قەدر، قەدروحورمەت، قەدرومەرتەبە، گڤاند، گەورەیی، مەرتەبا، مەرتەبە، نرخ، وەج، وەرج، هرمەت، هند، هورمەت، هێژایی، هێندایەز، یەز، ٤- ئارەزوو، حەسرەت، عەزرەت، ٥- ئەورەنگ، تەختی پادشا، ٦- توند، خێرا، چالاک، ڕەند، تەختی‌شایەتی،

**آروین:** ئەزموون، ئیمتیحان، ئینتیحام، بەراورد، تاقی، تاقیکاری، تاقیکردنەوە، تاقیکەردەی، تاقیمانە، تاقیوەکەردەی، تەجرەبە، جەڕەباندن، دووپێک، دەوقاندن، ساوکە، سەنگان، هێچ،

**آره:** ١ ← آرواره، ٢ ← آری،

**آری:** ئا، ئاری، ئاو، ئم، ئەدی، ئەدێ، ئەرێ، ئەیێ، ئەییی، ئێ، با، بەدی، بەرێ، بەلێ، بەڵێ، بەی، قەی، لبێ، لەبێ، وەو، ها، هارێ، هۆ، هۆو، هەرێ، هەی، هەیا، هێ، یا،

**- آری‌ونەکردن:** ← چانەزدن،

**آریا:** ١- نژادآریا: ئاریا، ئاری، ٢- شقایق‌وحشی: خاشخاشک، گوڵە خاشخاشک، کاسەشکەن، نانودۆبڕ،

**آریائی:** ئاری، ئاریایی، زمانی ئاریایی، لەڕەگەزی ئاریا،

**آریانیسم:** ئاریانیسم، ئاینی کەشەیەک بەناوی ئاریووس(دەوروبەری ٢٥٠-٣٣٦ی زایینی٩ لەسەر ئەو بڕوایەبوو کە عیسا نەلەگەڵ بابی(خودا) بەرانبەرەو نە وەک ویش هەتاهەتاییە،

**آریایی:** ئاری، ئاریایی،

**آریستوکرات:** ئاریستوکرات، ئەندامی چینی بەڕێزان، لایەنگری چینی نەجیبان،

**آریستوکراسی:** ئاریستوکراسی، چینی بەڕێزانو نەجیبان، حکوومەتی چینی دەوڵەمەندانو نەجیبانو بەڕێزان،

**آریغ:** بوغز، بێزاری، دلسار، دڵساردی، ڕقنی، ڕکلەزگی، قین، کینەکێشی، نەفرەت،

**آز:** ١ ← آرزو، ٢ ←آیفت(١)،٣ ← حرص،٤- ئالووز، ئالووس، ئاهێن، ئەنوو، بوشکول، پاسار، پڵمە، پۆژن، پووشکوول، پەرۆش، پەرێشانی، پەژارە، تەم، جغار، جەخار، حەچمەت، خوسە، خەفەت، خەم، خەمڵە، خەموجەخار، خەموخەفەت، خەموکەسەر، داخ، داخوحەسرەت، داخودوخان، داخو دەرد، داغ، دڵپڕی، دڵگری، دڵگیر بوون، دڵگیری، دڵ مان، دڵمانی، دڵمایی، دەرد، دەردوئازار، دەردوداخ، دەردوغەم،

دەردومەینەت، دیقدیقە، ڕاخ، سوو، سوێ، سەخڵەتی دڵ، شاییش، شڕوو، عەزرەت، غەم، قار، کزی، کزیوماتی، کوزیرک، کۆڤان، کووڤان، کول، کوڵ، کۆڵاوی، کوڵودۆ، کوڵوکۆ، کوڵوکەسەر، کوڵی دڵ، کەدەر، کەرب، کەسەر، گژم، گەیگر، گەیگیر، مرار، موورووز، مۆژە، موو، مەراق، مەینەت، مەینەتی، وەژارە، هەزن، هەژمەت،

**آزاد:** ١- ئازا، ئازاد، ئازادە، ئازاذ، ئازاسەر، بسەرخوە، بەربوو، بەربووگ، بەرخوەدار، بەردراو، بەردریاگ، بەرەلا، بەرەڵا، بەرەڵڵا، بەرهەڵدا، ترخان، تەرخان، تیلە، خوەسەر، دەرباز، دەرباس، ڕاهی، ڕزگار، رها، ڕەها، ڕەهێڵ، سەرازا، سەربەخۆ، سەر بەربوو، سەربەس، سەربەست، سەرخۆ، قوتار، قورتار، قورتاس، قورتاڵ، گووران، وڵ، ولکری، وەهێر، ٢ ← آباد(٣)، ٣- ارزن: ئەرزن، باچیک، سۆرک، سوورکە، کارس، کارسن، کۆرەک، گارس، گال، هەرزن، هەرزین، ٤- اصیل: ئەسل، بەحەسڵونەسەبە، جسن، حەسڵ، حەسڵوجسن، خانەدان، ڕەسەن، عەسڵ، نەجیب، نەجیم، نەجیو، وجاخ، وەجاغ، هیلاو، ٥- ئاژک، ئاژنگ، بادامەتاڵە، بادامە کێویلکە، بادامەکێویلە، بادامی تاڵ، بادامیکێوی، بادامیوەحشی، باویە تاڵە، بایەف، بەهێڤ ئاژنگ، بەهێڤتاڵ، چوالەتاڵە، چوالەشینکە، چەقالە، شرت، شەواڵ شینک، کاڵەشین، هەرجن، ٦- ئابڕوو دارولەسەر، ڕووسوور (مۆ)، سەربڵن، سەربڵند، سەربەران، سەربەرز، سەر فراز، سەرفیراز، سەرەفراز، ٧- شاد: بەدەق، بەدەماخ، بەدەماغ، بەکەیف، بەکەیفو تەیار، بەکەیفودەماخ، پشکووتوو، چراخ، خۆش دەماغ، خۆشی دەماغ، خوەش، خەرۆ، خەنی، خەرە، دڵخۆش، دڵشاد، دەماخ چاخ، ڕوون، ساخوشادمان، ساز، سازودڵخۆش، ساغ، سەرخوەش، شا، شاد، شادمان، شادودڵخۆش، شادومان، شاز،کۆک، کەیفساز، کەیفخۆش، کەیفخوەش، کەیفوەش، گوربزە، گەوز، نۆنگە، واش، وەش، وەشووار، هەلبشکورین، ٨- ئیختیاردار، خاوەن ئیختیار، خاوەن دەستەڵات، دەستەڵاتدار، ٩ ← سنجد تلخ، ١٠- ئاساییوسروشتی(حرکتآزاد)، ١١- بێبەربەست، بێبەرگر، ١٢- غەیری دەوڵەتی(شغل آزاد)،

- **آزادانـدیش:** ئازادئەندێش، ئازادئەننێش، ئازادبیر، ئازادیخواز، بیرباز، بیربەرز، لایەنگریئازادی، لیبراڵ،

- **آزادانە:** ئازادانە، بەئازادی، سەربەستانە،

- **آزاددار: ← سنجدتلخ،**

- **آزاددارو:** شێلمیکێوی،

- **آزاددرخت: ← سنجدتلخ،**

- **آزادرخت: ← سنجدتلخ،**

- **آزادراه:** ئۆتۆبان، شاڕێ،

- **آزادزاد:** ئازادزادە، نەجیبزادە،

- **آزادسازی:** ئازادکردن، دەربازکردنلەبندەستی، دەرباسکردن، ڕاهی کردن، ڕاییکردن، ڕزگارکاری، ڕزگار کردن، ڕەهاکردن، قوتارکردن، قورتارکردن، نەجاتیدان،

- **آزادشدن:** ئازادبوون، بەربوون، بەرەڵابوون، بەرەڵڵا بوون، بەرهەڵدا بوون، ترخانکران، تەرخانکران، خەلستن، داخەلسان، داڤەرسان، دەرباز بوون، دەربازبیەی، دەرباسبوون، ڕاهیبوون، ڕاییبوون، ڕزگاربوون، ڕەهابوون، ڕەهابیەی، فلتین، فەلتین، ڤەرسین، قوتاربوون، قورتاربوون، قورتاسبوون، قورتاڵبوون، نەجاتیهاتن، نەفدین، ولکران، وێڵبوون، وێڵبیەی، وێڵکران، هۆرئامای، هەڵاتن،

- **آزادشده: ← آزادکرد،**

- **آزادفکر: ← آزادادندیش،**

- **آزادکرد: ← آزادکردە،**

- **آزادکرد:** ئازادبوو، ئازادکراو، بەربوو، بەر بووگ، بەرشیە، بەر دراو، بەردریاگ، بەرەڵابوو، بەرەڵا کراو، بەرەڵدابوو، بەرەڵداکراو، بەرەڵڵا بوو، بەرەڵڵاکراو، بەرهەڵدابوو، بەرهەڵداکراو، ترخانکراو، تەرخانکراو، دەربازبووو، دەربازکراو، دەرباسبووو،دەرباسکراو، ڕاهی بووو، ڕاهیکراو، ڕایی بووو، ڕاییکراو، ڕزگاربوو، ڕزگار کراو، ڕەزگاربوو،ڕەزگارکراو، ڕەها بوو، ڕەها کراو، ژێ بەردایی، فەلتی، قوتاربوو، قوتارکراو، قورتاربوو، قورتار کراو، قورتاسبوو، قورتاسکراو، قورتاڵبوو، قورتاڵکراو، نەجاتی هاتوو، وازلێهێنراو، ولکراو، وێڵبوو، وێڵکراو، هۆرئاما، هۆرئامە،هەڵاتگ، هەڵاتوو،

- **آزادکـردن:** ئازادکردن، بەردان، بەرەڵاکردن، بەرەڵا کەردەی، بەرەڵدا کردن، بەرەڵڵاکردن، بەرهەڵدا کردن، تەرخانکردن، دادێران، دانەبەردان، داهێشتن، دەربازکردن، دەرباسکردن، ڕاندن، ڕاهیکردن، ڕایی کردن، ڕزگارکردن،ڕشاندن، ڕەزگارکردن، ڕەهاکردن، زماندن، ژێبەردان، فەلتاندن، ڤەرْساندن، قوتارکردن، قورتارکردن، قورتاڵ کردن، نەفداندن، وازئانین، واز ئاوردەی، وازچەنەئاوردەی، وازلێ هاوردن، وازلێهێنان، وازهانین، وازهاوردن، وازهێنان، ولکرن، وەردان، وەردای، وێڵکردن، وێڵکەردەی،

- **آزادگام:** ئازادوموختار، خوەسەر، سەربەخۆ،

- **آزادگذاشتن:** ئازادیپێدان، ئیختیارپێدان،ئیزندان، بەرەڵڵاکردن، پێشبەردان، پێشبەرەڵڵاکردن، تەرخانکردن، دەرفەت پێدان، دەستئاوەڵەکردن، سەربەستکردن، هەوسار لەسەرداڕنین (بیادبانە)، لێنەپرسینەوە،

- **آزادگـی:** ١- جوانمردی: جوامێری، مۆردەمەنی، مرۆڤایەتی، مەردی، مێرخاسی، ٢- نجابت: بەحەسڵو نەسەبی، حەسڵی، جسنی، ڕەسەنی، عەسڵی، نەجابەت، نەجیبی، نەجیمی، نەجیوی، وەجاخی، وەجاغی، هیلاوی، خانەدانی، ٣ ← آسایش،

- **آزادمرد:** ١ ← آزادمنش، ٢- نجیب: ئەسل، بەحەسڵونەسەبە، جسن، حەسڵ، حەسڵو جسن، ڕەسەن، عەسڵی، نەجیب، نەجیم، نەجیو، وەجاخ، وەجاغ، هیلاو، خانەدان،

- **آزادمردی:** (١ ← آزادمنشی، ٢ ← آزادگی(٢) ← آزاد،

- **آزادمنش:** بەهیمەت، جوامێر، مەردوڕەند،

- **آزادنامە: ← آزادینامە،**

- **آزادوار:** ئازا، ڕەسەن، سەربەست، نەجیب،

**آزادە:** ١ ← آزاد(٣)، ٢ ← آزادکرد، ٣ ← آسودە، ٣- ئازا، ئازاد، ئازادە، ئازاسەر، بسەرخوە، بەربوو، بەر بووگ، بەرخوەدار، ترخان، تەرخان، خوەسەر، ڕاهی، ڕزگار، ڕەها، سەرازا، سەربەخۆ، سەربەربوو، سەربەس، سەربەست، سەرخۆ، ٤- ئەسبی بەڕێز، ئەسپی شایان، ٥- پیاوچاک، حەڵاڵزادە، ڕەسەن، ساڵح، ساڵحوپاک، هەلال زادە، ٦- رها: بەربوو، بەربووگ، بەردراو، بەر دریاگ، بەرەلا، بەرەڵا،بەرەڵڵا، بەرهەڵدا، ڕاهی، ڕزگار، ڕەها، ٧- بەتاڵ، بێئەرک، بێکار، بێنیاز، دەست بەتاڵ، ٨- بێدەمار، بێفیز، خۆ بەزل نەزان، خۆشکین،

**آزادەخواە: ← آزادوار،**

**آزادەخو:** ئازادیخواز، بەتۆرە، بەئەخلاق، پیاوانە، جوامێر، خاوەن ڕەوشتیبەرز، شاییبەخۆ،مەرد، مەردانە، مەردوڕەند، مەردو مەردانە، نەجیب، نەجیم،

**آزادەخوی: ← آزادەخو،**

**آزادەدل:** ١ ← آسودەخاطر، ٢ ← آزادە(٥)،

**آزادەسرو:** سەرو، سەروو، سەلڤی،سەلو، سەلوا، سەلوو، سەلوی، سەوڵ،

**آزادەمرد: ← آزادە،**

**آزادەمردم: ← آزادمرد،**

**آزادەوار: ← آزادوار،**

**آزادی:** ١ ← آزادمردی، ← آرامش، ٢- جدائی: جودایی، جیایی، دووراهی، دووری، دووروێتی، دووریتی، لێکدوورکەوتن، هیجران، ٣- حرّیت: ئازادی، ئازاسەری، ئازایی، بسەرخوەیی، پایدۆسی، تەرخانی، خۆگێڕان، خوەر، خۆیبوون، ڕزگاری، ڕەزگاری، سەربەخۆیی، سەربەستی، سەربەستێنی، سەربەسی، سەرخووەبوونا، فەلات، ٤- رهائی: ئازادی، بڕەس، ڕاهیبوون، ڕزگاری، ڕەزگاری، ڕەهایی، نەجات، نەجاتی، ٥- سپاس: ئەمەگناسی، بەچاکە زانین، چاکە

لەبەرچاوبوون، سپاس، سوپاس، شوکر، شوکرانە، کرە، مالاڤا، منە، منەت، ٦- شادی: بزەبزی سمێڵ، بزەیشادی، بسکەی سمێڵ، بەدەقی، بەدەماغی، بەکەیفی، بەکەیفیو تەیاری، بەکەیفو دەماخی، پابەزەوی نەکەفتن، پێ لەزەوی نەکەوتن، پێ وەحەرزی نەکەوتن، پشکووتوویی، تووک، تووکەیسمێڵ، تووکەیسمێڵهاتن، تەردەماخی، تەڕ دەماغی، چراخ، خۆشی، خوشیخوشی، خۆشیدەماغی، خوەشی، خەرۆیی، خەنیبوون، دڵخۆشی، دڵشادی، دەماخ چاخی، ڕوونی، ڕەوەت، سازی، شادمانی، شادومانی، شادی، شازی، شاوانی، شاهینە، شایی، شۆق، فیکەیسمێلانهاتن، کۆکی، کەیف، کەیفخۆشی، کەیفسازی، کەیفوشادی، کەیفوەشی، کیف، گوربزەیی، گەشە، گەشی، گەوزی، نەشە، نیشە، وەشەک، هەلبشکورین، هەون،

- **آزادیبخش:** ئازادیبەخش، ڕزگاریدەر،

- **آزادیبیان:** ئازادیی ڕادەربڕین،

- **آزادیخواه:** ئازادیخوا، ئازادیخواز، ئازادی واز، ئازادیواز، ڕزگاریخواز، سەربەستیخواز، هشاز،

- **آزادیستیز:** ئازادیکوژ، دژی ئازادی،

- **آزادیطلب:** ← (آزادیخواه) ← آزادی،

- **آزادیعمل:** ئازادیی کردەوە، دەستئاوەڵەیی،

- **آزادیفردی:** ئازادیی تاکەکەسی،

- **آزادینامه:** ئازادەڕپی، ئازادنامە، ئازادینامە، حوکمیئازادی، نامەی ئازادبوون، نامەی ئازادی،

**آزار:** ١ ← آتشیشدن، ٢← آفت، ٣← آز(٤)، ٤- بیماری: بێماری، ژان، لەشبەباری، مەرەز، مەرەزن، ناخۆشی، ناخۆشین، ناساخی، ناسازی، ناساغی،ناساقی، ناوەشی، نەخۆشی، نەخۆشین، نەخوەشی، نەساخن، نەساخی، نەسازی، نەساغی، نێوەسانی، نێوەشانی، نێوەشەن، نێوەشەی، نێوەشی، نێوەشینە، نێوەشییە، هللە، ٥- درد: ئازار، ئوزوور،ئەزیەت، ئێش، ئێشان، ئێشای، تیک، جزار، حازاب، حازار، حازاو، حەزاب، حەزیەت، دەرد، دەوس، ڕنج، ڕەنج، ڕێنج، ژان، ژانی، عازاب، عازاو، عەزاو، عەزیەت، کول، گل، وەزن، وەزەندی، وەی، هازار، هێش، هیوات، یەش، ٦- رنجش: ئازاردراوی، ئازاردیتوویی، بێمەیلی، تۆراوی، تووڕەیی، جونگەیی، خەمباری، خەمناکی، دڵئێشاوی، دڵبەخەمی، دڵتەنگی، دڵخوردی، دڵخۆری، دڵخوەری، دڵڕەنجاوی، دڵڕەنجی، دڵشکاوی، دڵ شکستی، دڵشکستەیی، دڵشکەیی، دڵشکەستەیی، دڵ شکەستی، دڵشکیاگی، دڵگرانی، دڵ گەرمی، دڵگیری، دڵمایی، دڵمەندی، دڵمەنی، دڵنارەحەتی، دڵێشاوی، دهۆیی، ڕابەلی،ڕاگەشی، ڕووگیری، ڕەنجاوی، ڕەنجیاگی، زووری، زویری، زیزی، سڵی، سهی، سەرگرانی، سەرگەشتەیی، عاجزی، عێجزی، عێدزی، قەلسی، لالووتی، لووتخواری، لووتەلایی، ملوولی، مەلوولی، ٧- ضرب: ئەنەدای، ئەنەکوای، زەبر، زەرب، زەربان، زەرپ، لێخستن، لێخەک، لێدان، لێدانێک، ٨- مشقت: ئاپۆر، ئاپۆرە، ئاران، ئازار، ئاریشە، ئاسێو، ئوزوور، ئەرک، ئەرکوئازار، ئەرکیگران، ئەزیەت، ئەشکەنجە، ئەمەگ، ئێش، بار، بۆبلات، بۆنەهاتن، بەختڕەشی، بەد ئیقبالی، بەدبەختی، بەدشانسی، بەلا، بەلاوچۆرتم، بەلاوموسیبەت، بەلەگەور، بەوبەختی، بێبەختی، بێ دەرەتانی، بێولەتی،پارس، پەتا، پەتپەتێن، پەتەر،پێچوتاو، پێسیر، تالاو، تالۆترش، تاوتوێ، تووشی، تووشیبەلابوون، تەریفەیی، تەگەرەوتووشی، تەمەرە، تەنگانە، تێلاو، جر جرە، جڕنیاوفڕنیا، جڕیاوفڕیا، جزار، جزیاوفزیا، جەنجەڕات، جەنجەڕە، جەفا، چۆرتم، چارەڕەشی، چەرمەچۆپی، چەرمەسەرە، چەرمەسەری، چەنەقۆمیای، چەواشۆ، چەوس، حازاب، حازار، حازاو، حەزاب، حەزیەت، حیجران، خراپبۆهاتن، خراپلێقەومان، خەبس، داماوی، دژواری، دژی، دەرد، دەردومەینەت، دەردە سەری، دەردە - ساری، دەوس، ڕنج، ڕۆژڕەشی، ڕۆژی تاریک، ڕووشە، ڕەنج، ڕەنجو چەوسانەوە، ڕێنج، زامەت، زەحمەت، زەحمەتوچەوسان، زەحمەتودەرد، زەحتە، زەرەر، زیان، ژان، ژانودەرد، سرت، سرتی، سوێ، سەختی، سەخڵەت، سەگەمەرگی، سەمەرگی، شەڤرەش، شەلشی، عازاب، عازاو، عەزاو، عەزیەت، فەتارەت، فەتەڕات، فەلاکەت، قوڕ بەسەری، قوڕوەسەری، قەترمە، قەدا، کارەسات، کامباخی، کڵۆڵی، کۆتەک، کۆچ قوڵپی، کوڕەوەری، کۆستکەوتن، کۆس کەفتن، کولپ، کوڵەمەرگی، کوێرەوەری، کەت، کەزلاتەی، کەسەر، کەلال، کەڵەمە، کەمبەختی، کێشەوگێرە، گراداف، گرداف، گرداو، گرگاشە، گووج، گەوەڕ، لێقومیان، لێقۆمین، لێقەڵمان، لێقەومان، لێقەومین، مسۆدە، مسیبەت، مسیوەتی، مشەقەت، مشەققەت، موروز، مەینەت، ناراو، نارەحەتی، نامەت، نامەتی، نامەد، نسیبەت، نوشوس، نوشوستهێنان، نوشوستی، نەدامەت، نەزە، نەسیبەت، نەشس، نەگبەت، نەگبەتی، نەهات، نەهاتی، نەهامەتی، نەیامەت، وە، وەزەن، وەزەندی، وەند، وەی، وەیشووم، وەیشوومە، هەشاشین، هازار، هەژمە، هێش، هیوات، یەش،

**آزاراقی: ← آذاراقی،**

**آزاربلندی:** ١- بەرزەترسی، ترسان لەبەرزایی، ٢- بێنەفەسی، پشووسواری لەبەر کەمبوونەوەی هەوا لەبەرزایی، نەخۆشی بەهۆی کومبوونەوەی هەوا لەبەرزاییەوە،

**آزارتلخه:** ئێرەقان، ئێشازەرک، بەزەک، زەردوویی، زەردەیی، زەردیوی،زەرکی،زەروکی، زەرەک، یەرەقان،

**آزاردادن: ← آزردن،**

**آزاردن: ← آزردن،**

**آزاردوست:** ئازاردران پێخۆش، خۆئازار، شێتی خۆ ئازاردان، مازووخیست،

**آزارده:** ١ ← آزرده، ٢- آزاردهنده،

**آزاردهنده:** ئازارپێگەیێن، ئازاردەر، ئێشێن، بەئازار، بەئێش، بەژان، دڵتەزێن، ڕەنج پێگەیێن، ڕەنجێن، گەهرێنەر، لەژان، ناخۆش، نارەحەتکەر،

**آزاردیدن:** ئازاردیتن،ئازارکێشان،ئێشەهبوون، تووشهاتن بەدەردو ژان، تووشیئازاربوون، دەردکێشان، ڕەنج دان، ڕەنجکێشان، ژان هەبوون، عازابکیشان، عازاو کێشان،

**آزاررساندن: ← آزردن(٢)،**

**آزاررسانیدن: ← آزردن(٢)،**

**آزارش:** ١ ← آزار، ٢ ← آزردگی،

**آزارطلبی:** ئازاتخوازی، شێتیی خۆئازاردان، مازووخیزم،

**آزارکردن:** ← آزردن(٢)،

**آزارگر:** ١ ← آزاردهنده، ٢- ئازاردەری جنسی، سادیست،

**آزارگرفتنازکسی:** لێتۆران، لێتووڕەبوون، لێڕەنجان، لێقەڵسبوون،

**آزارگریجنسی:** نەخۆشیی ئازاردانی جنسی، سادیسم،

**آزارمند:** ئازاردار، دەردمەن، دەردمەند، دەردناک، دەردەدار، ناساخ، ناساز، ناساغ، نەخۆش، نەساخ، نەساغ،

**آزارنده: ← آزاردهنده،**

**آزاری: ١ ← آز(٤)، ٢ ← آزاردهنده،**

**آزاریدن: ← آزردن،**

**آزبست:** پەمۆیئاگرنەگر، پەمۆینەسۆچ، لۆکەی ئاورنەگر، لۆکەی نەسۆز،

**آزپرور: ← آزمند،**

**آزپیشه: ← آزمند،**

**آزجو: ← آزمند،**

**آزجوی: ← آزمند،**

**آزخ:** ئازەخ، بالۆک، بالۆکە، بالووک، بالووکە، بالوویک، بالویل، بایلە، بەهلویلک، پالو، سگڵ، کار، گەندمە،

**آزدن:** ← آجیدن،

**آزدە:** ← آجیدە،

**آزردگی:** ١ ← آزار(٣)، ٢- جراحت: برین، چوی، ڕێش، زام، زەخم، زەخمەل، نژد، ٣- رنجش: ئازراوی، تۆراوی، دڵئێشاوی، دڵشکاوی، دڵێشاوی، ڕەنجاوی، گەهراویەتی، ملولەی،

**آزردن:** ١ ← آتشیکردن، ٢- ئازاراندن، ئازار پێ گەیاندن، ئازاردان، ئازاردای، ئازاریاوەنەی، ئەرناندن، ئەنراندن، ئێشاندن، ئێشنای، دەسنین، دەوساندن، ڕەنجپێدان، ڕەنجپێکێشان، رەنجپێگەیادن، زەباندن، سزادان، سزادای، شەبکاندن، عازابدان، عازاودان، عەزیەتدان، عەزیەت کردن، قەهراندن، کێشەماندان، گورتلکرن، گەهراندن، نارەحەتکردن، وەزەنی، ٣- ئاراندن، ئازاراندن، ئازارپێگەیاندن، ئازاردان، ئازاردای، ئازراندن، ئێشاندن، ئێشنای، بیسکانی، تۆراندن، تۆرانن، تۆرنای، تووڕەکردن، خەفەتاندن، دڵ ئێشاندن، دڵ ڕەنجاندن، دڵشکاندن، دڵشێلان، دڵ مەڕدەی، دلهْشتْن، دڵێیشاندن، ڕەنجاندن، ڕەنجانن، ڕەنجنای، زیزکردن، عەزیەت دان، قەڵسکردن، قەهراندن، قەهرپێدان، گەهراندن، نارەحەتکردن، وەزەنی، ٤- تۆران، دڵمان، دڵئێشان، دڵئێشای، دڵخوەری، دڵ شکان، دڵشکیان، دڵمان، دڵماین، دڵمەڕیای، دڵ مێڕیای، دڵێشان، ڕەنجان، ڕەنجیان، ڕەنجین، زویربوون، زیزبوون، عاجزبیەی، ٥- کولدار کرن، بریندارکردن، ڕێشکردن، زامارکردن، زامدار کردن، زەخمو کردن،

**آزردنی:** ئیئازاردانێ، بۆ ئازاردانباش، بۆئازاردانبوو، شیاویئازار، هیئازاردان،

**آزردە:** ١ ← آتشیشدە، ٢- رنجیدە: ئاراو، ئازاردیتوو، ئازاردراو، برک، بێمەیل، تۆراو، تووڕە، جونگە، چەوساوە، خەمناک، داچەکاو، دڵئێشاو، دڵبەجەخار، دڵبەخەم، دڵبەکوڵ، دڵپڕ، دڵتەنگ، دڵجخار، دڵخۆر، دڵخورد، دڵخوەر، دڵڕەنج، دڵڕەنجاو، دڵشکاو، دڵشکست، دڵشکستە، دڵشکسە، دڵشکەست، دڵشکەستە، دڵگران، دڵگەرم، دڵگیر، دڵمای، دڵمەڕیا، دڵمەن، دڵمەند، دڵمێڕیا، دڵ نارەحەت، دلنەخوەش، دهۆ، ڕابەل، ڕاگەش، ڕووگیر، ڕەنجاو، ڕەنجیا، ڕەنجیاگ، زوور، زویر، زیز، سڵو قوشقی، سه، سەرگران، سەرگەشتە، شەمزاو، عاجز، عێجز، عێدز، قارس، قاڵس، قەڵس، قەهری، قین کەردە، کوێرەوەر، گەهراو، لالووت، لووتخوار، لووتەلا، ملکز، ملول، مەلول، ناڕازی، ناڕازیکراو، ناقایل، ٣- مجروح: بریندار، ڕێش، زامار، زامدار، زەخمو، کولدار، ٤ ← بیمار،

**آزردەجان:** ← آزردە(٢)،

**آزردەخاطر:** ← آزردە(٢)،

**آزردەدل:** ← آزردە(٢)،

**آزردەشدناز:** دڵژێچوون، دڵلێئێشان، دڵلێبوون، لە بەردڵ کەوتن، لەبەرچاوکەوتن، لێ ڕەنجان، وەرو چەما کەوتەی،

**آزردەکردن:** ← آزردن(١و٣و٥)،

**آزرم:** ١ ← آزار(٣و٨)، ٢ ← آسودگی، ٣ ← آشکار، ٤- ئابڕوو، ئوود، ئوودا،ئیحتیڕام، بایی، بندەسی، پاس، پاگا، پاگە، پایە، پلە، پلەوپایە، پەرای، پەرە، پەرەسە، پەری، پەیسک، پێ، پێلپەلک، چەپ، حورمەت، خارنج، دەرەجە، ڕاژە، ڕوتبە، ڕوومەت، ڕێز، زی، سەنگ، سەنگو ڕەنگ، شان، شکۆ، شەوکەت،عێزەت، فەڕ، قەدر، قەدروحورمەت، قەدرومەرتەبە، گڤاند، مەرتەبا، مەرتەبە، نرخ، وەج، وەرج، هرمەت، هند، هورمەت، هێژایی، هێندایەز، یەز، ٥- ئەوەی بەدڵدا دیت، ئەوەیبەمێشکدادیت، ئەندێشە، بۆنج، بیر، پلوپۆ، پەرژارە، پیرەبووک، داڵغە، ڕامان، ڕەت (لەڕەتدام کە چی بکەم)، فکر، فیکر، کەڵکەڵە، گومان، واتەویرە، ویر، هزر، هژر، هەسەر، هەوەس، هیزر، ٦- ئینساف، بەزەیی، حوکمی ڕەوا، حەق، داد، دادپەروەریکردن، دەرفە، سەداقەتنواندن، عادڵی، عەداڵەت، فرسەند، لایهەقگرتن، هەق، ٧- بار، باشار، باشار کردن، بەرگە، بەرگەگرتن، بەرووەست، پادانەگەز، پا گژ دان، پایەداری، پشوودرێژی، پێداگرتن، تاب، تابشت، تابوشت، تابهێنان، تاقەت، تامل، تاوش، تاوشت، توانا، تەحەمول، خودداری، خۆڕاگرتن، خۆڕاگری، خۆگرتن، دەوام، دەوامهێنان، دەربردن، سووربوون، سووربیەی، سەبر، لەسەرەخۆیی، مقاومەتکەردەی، ملەجیرۆکێ، وەرگە، وەستان، وێستان، ٨- بەرماڵ لەسەرئاوێگەڕان، پارێزکاری، پارێزکردن لەئاویشەوی، پارێزکردن لەخراپە، پاکداوی، پاکداوێنی، پەرهێزگاری، ترسلەخوا، خۆ پارێزی، داوێنپاکی، دووریلەخراپە، ٩- پارێزگاری، پشتگرتن، پشتیوانی، پێبەری، تەرەفداری، چاڤسۆری، چاوسووری، خاوەنداری، داژداری، داشداری، داکۆکی، داکووکی، داڵدە، کۆمەگی، مەدەد، لاکۆشی، لاکۆشکە، لاکوشکێ، لاکوشی، لاگرتن، لا گری، لاگیری، لانگرتن، لانگیری، لایەنگری، لایەن گیری، هاریکاری، هەڤگەلی، یاریدە، ١٠- بەشەرمدا شکان، دەڕوودامان، ڕوودەربایستی، ڕوودەربایسی، شەرم گرتن، لەڕوودامان، ١١- تەڕن(..تەڕنێکی پێدام)، خوسار، خەسار، زان( ئەمسەگە زانەخرۆیە)، زرار، زەڕ، زەرەد، زەرەر، زەهی، زیان، زیۆن، سەرە چەرم، گەزەند،نەستیل، ١٢- باشی، بژوون، تەندروستی، خۆشی، خوەشی، دروستایی(دروستاییسەری تاقە براکەت)، ژیوساغی، ساخی، ساغی، ساقی، سەحەت، سەحەتباشی، سلامەت، سلامەتی، سەرساخی، سەر ساغی، سەرمایی، سەلامەت، سەلامەتی، فەت، لەش ساغی، واشی، وەسەتی، وەشەنی، هەبوونی، ١٣- ئەدەب، تۆرە، تەقیە، چاووڕوو، چاوەڕوو، چەشوڕی، حەیا، خەجاڵەتی، ڕاڤ، ڕوو(پیاوێکی بێڕووە)، شکۆ، شەرم، شەرموشوورەیی، شێواز، عەیا، فهێت، فەدی، وێل، هۆرتە، هەیا، ١٤- خۆشەویستی، دلۆڤانی، محەببەت، محیببەت، محیبەت، مۆبەت، موحبەت، مۆڤەت، مەوبەت، مێهرەبانی، وەشەویسی، ١٥- بیر (بآزرم من: بەبیری من)، بیراهی، بیرەوەری، جیل، چیل، ویر، هوار، هویر، یاد، یاو، یای،

**آزرمجو:** ١- باشرم: بەئەدەب، بەتۆرە، بەحەدەب، بەحەیا، بەشەرم، بەشێواز، بەعەدەب، پەلیار، حەیابەخۆ، خوەیڕێزک، خەجاڵەتی، ڕووتەنک، ڕووگر، ڕوونەرم، شەرمن، شەرمنە، شەرمۆ، شەرمۆک، شەرمی، شەرمین، شەرمێون، فەدۆک، فهێتکار، فەدیۆک، کەمڕو، کەمڕی، ٢- پارێزکار، داوێنپاک، دەستودڵپاک، ٣- بەئینساف، داد پرس، دادپەرْس، دادپەرْست، دادپەروەر، دادوەر، داوەر(مخفّف دادوەر)، خاوەن داد، عادڵ، دادگەر، دادگێڕ،

**آزرمجوی:** ← آزرمجو،

**آزرمخواه:** ← آزرمجو،

**آزرمداشتن:** بەحەیابوون، بەشەرم بوون، حورمەت گرتن، حورمەتگرتەی، حورمەت وەنەگرتەی، ڕێز بۆ دانان، ڕێزلێنان، شەرملێکردن،

**آزرمگن:** ← آزرمجو(١و٣)،

**استدلال‌کردن:** ← **استدلال،**

**استدلالی:** ١- بەڵگەیی، دەلیلی، ٢- بەڵگەخواز،

**استدن:** ١ ← ستاندن، ٢ ← تسخیرکردن،

**استدکار:** ١ ← یادآوری، ٢ ←یادکردن،

**استر:** ئێستر، قاتر، قانتر، هەستەر، هەسەر، هستر، هێستر، هیسر،

**استراتژی:** ڕێکار، زانستی‌بەڕێوەبردنی کاری‌نیزامی، ستراتیژی، هونەری بەڕێوەبردنی کاروباری جەنگی،

**استراتژیک:** ستراتیجیک، ستراتێژیک، ناوچەی‌گرنگ بۆکاری نیزامی،

**استراحت:** ١- آسایش: ئارامی، ئاسایش، ئاسوودەیی، ئۆقرە، ئیرووبی، ئیسراحەت، ئیستیراحەت، بێئازاوەییتی، بێن، بێهن، پشوو، پیش، تەناهی، چوتورم، حەسانەوە، خۆشی، خۆشی‌و ئاسوودەیی، ڕەحەتی، ستاری، شێنی، فرەهی، فەرعانی، ورینگ، وەقرە، هێسایی، هێمنی، ٢- آسودن: ئەوەسیەی، ئیستیراحەتکردن، ئیسراحەتکردن، بهندان، بێهندان، پشوودان، پشیدان، تەواسان، چۆترم، حاوانەوە، حەسانەوە، حەوانەوە، سانەوە، شەکەتی‌دەرکردن، ڤەسین، وچان، وچاندان، ٣- توقف‌کوتاه: ئیستکردن، ئیستگرتن، پشوو، وچان، وچانگرتن، ورنگ، ورنگدان، ورنگ‌گرتن،

**- استراحت‌دادن:** ئەوەسیای، ئیسراحەت‌پێدان، حەساندنەوە، فەسهاندن، ڤەرسهاندن،

**- استراحت‌کرده:** ئاسوودە، ئیستیراحەت‌کردوو، ئیسراحەت کردوو، حەساوە، ساوە، هسیاو،

**- استراحت‌کردن:** ← استراحت(٢و٣)،

**- استراحتگاه:** ئەنوا، جێگای‌حەسانەوە، جێگەی ئیستیراحەت، جێگەی ئیسراحەت، حەسانگە، شوێنی‌حەسانەوە، عەنوا، وڤەسینگە، لادەگا، چانگە، هەڤانگە، یانگە،

**- استراحتگاه‌صحرائی:** جێگای‌وچان‌لەدەشت، لاگا،

**استراق:** بەدزییەوە کارێک کردن، دزین،

**استراق‌سمع:** بەدزیەوەگوێگرتن، پسوگرتەی، پێکاندن، خرچاندن، خۆداگرتن، خۆدانوستاندن، خۆگرتن، کوڵ، کۆڵگرتن، کوڵەکردن، کەڵەکردن، گۆبەلکردن، گوێتەقە، گوێتەقێ، گوێچکەتەقێ، گوێچکەتەکاندن، گوێچکەتەکانن، گوێچکەشلکردن، گوێچکە شل کەردەی، گوێچکەگرتن، گوێ ڕاگرتن، گوێ‌شلکردن، گوێگرتن، گوێ‌قوتکردن بۆقسەی‌کەسێ، گوێ‌هەڵخستن،

**- استراق‌سمع‌کننده:** خۆگر، خۆگرتوو، خۆگیر، گوێتەقەکەر، گوێچکەتەقێکەر،گوێچکەتەکێن، گوێچکەشلکەر، گوێچکەگر، گوێ ڕاگر، گوێگر، گوێشلکەر، گوێقوتکەر بۆقسەی‌کەسێ، گوێ‌هەڵخەر،

**استرجاع:** خواستنەوە، ڤەگەڕاندن، گەڕانەوە، وەرگرتنەوە،

**استرحام:** بەخشین‌خواستن، بەزەییخوازی، داوای‌بەزەیی، داوای‌لێبووردن، دلۆڤانی‌خواستن، ڕەحمەتخوازی،

**استرخاء:** خاوبوونەوە، داهێزان، داهێڵران، سستبوونەوە، شلبوونەوە، نەرمبوونەوە،

**استرداد:** ئەوەدەی، دانەوە، داواکردنەوە، دایوە، ڕادەست کردنەوە، ڕەدەو کردن، گێڕانەوە، لێسەندنەوە، لێ وەرگرتنەوە، وەرگرتنەوە، وێدانەوە،

**استردن:** ١ ← ازبین‌بردن، ٢- پاک‌کردن: ئەسترین، ئەستڕینەوە، ئەوەسڕیەی، پاکردنەوە، پاک کردنەوە، پاک‌کەردەی، پاکەوکردن، پاکەوەکردن، چزکردن(نوشتە)، خاوێنکردنەوە، داسڕین، دالووشانن (بینی)، ستڕین، ستڕینەوە، سڕین، سڕینەوە، سڕیەی، سەلخاندن، ڤەسڕین، گرمخین(نوشتە)، ماڵەفە، ماڵینەوە، هەشف، هەشفاندن، هەشفین، هەڵگرتنەوە(نوشتە)، هەلەسون، ٣- تراشیدن‌موی: موو تاشین،

**استرزاق:** ڕزق‌خواستن، ڕۆزی‌خوازتن،

**استرس:** ١- ئاڵۆزی، دڵەتەپە، دڵەڕەپێ، گرژی، ٢- گوشاری ڕەوانی،

**استرشا:** بەرتیلخوادن، داوای ڕیشوەتکردن،

**استرشاء:** بەرتیلخوادن، داوای ڕیشوەتکردن،

**استرشاد:** داوای هیدایەت کردن، ڕێ دۆزینەوە، ڕێنوێنی خواستن، وەدوای ڕێگای ڕاست کەوتن،

**استرضا:** ١← خشنوودی، ٢ ← خشنودکردن،

**استرضاء:** ١← خشنوودی، ٢ ← خشنودکردن،

**استرعاء:** چاوەدیری‌و یارمەتی خواستن،

**أسْتُرلاب:** ← أسطرلاب،

**استرنگ:** بەلەدوون، تووڵەزڕە،حەسەنبەگی،سێوەخووگانە، گیائادەمە،

**استروژن:** هۆرمۆنی مێیینە،

**استرون:** ئاژەڵی‌نەزۆک، ئەستێور، بەیچەی، بێدوندان، ستێور، نەزا، نەزۆک،

**استرونۆمی:** ئەستێرەناسی،

**أستُره:** تیخی‌مووتاش، تیغی‌مووتاش، جۆزان، زینی، سەرتاش، گۆزان، گووزان، گوویزان، گوێزان، گیزان، گێزان، مووس، هەستەرە،

**- استره‌لیسیدن:** ئازاتی‌نواندن، ئازایەتی‌نواندن، ئازایی‌نواندن، تیخ‌لستنەوە، جەربەزەیی، خۆخستنەمەترسی، دلێریکردن، دلێری نواندن، غیرەت نواندن، گیان‌بەختکردن، مل لەچەقۆسوین،

**استرهاب:** ← **ارعاب،**

**استری:** ئێسترانە، ئێسترانی، تۆڕی، ڕەفتاری‌هێسترانی،

**استریپ‌تیز:** خۆڕووتکردنەوەی وردەوردە بەدەم سەماوە،

**استریل:** ١- داری‌بێبەر، ٢ ← استرون، ٣ ← ستریلیزە،

**استریلیزە:** دژگەنکراو بەکەرستەی زانستی،

**استسعاد:** بەختەوەری‌خواستن، داوای‌بەختەوەری‌کردن، داوای هاریکاری‌کردن، یارمەتی‌خوازتن، یاریدەویستن،

**استسفار:** داوای‌لێکدانەوەکردن، لێپرسین،

**استسقا:** ← **استسقاء،**

**استسقاء:** ١- ئاڤزەلێک، ئاوبەند، ئیسقایی، تینشکی، زکەماسی، ٢- باران‌خواستن،

**- نمازاستسقاء:** نڤێژاباراندێ، نوێژەبارانە،

**استسلام:** ← **تسلیم‌شدن،**

**استشارت** ← **استشارە،**

**استشارە:** ڕاپرسین، ڕاگۆڕینەوە، ڕاوێژخوازی، ڕاوێژکاری، ڕاوێژ کردن،

**- مجلس‌استشارە:** ڕابێژگە، ڕاوێژگە،

**استشراق:** خۆرهەڵاتناسی، ڕۆژهەڵاتناسی،

**استشعار:** ١- ئاگاداربوون، زانین، ٢- ترس دەدڵدا شاردنەوە، لەدڵەوەترسان،

**استشفاء:** داوای چابوونەوەکردن،شەفاخواسن، شیفاخواستن،

**استشفاع:** پاڕانەوە، داوای‌لێبووردن، شەفاعەت‌کردن،

**استشمام:** ١- بوبردن: بۆبردن، بۆنکردن، بۆی... بردن، بەگومان دۆزینەوەی‌نهێنی، پەی‌پێبردن، پەیبردن، پێزانین، سۆزەکردن، سۆسە، سۆسەکردن، سووسە، شتێ‌لەخەبەروەدەست‌کەوتن، ٢- بوکردن: بۆن بۆهاتن، بۆن پێوەکردن، بۆنکردن، بۆنهەڵمژین، بۆ هۆرلووشەی، بۆ هەڵکێشان، بێهنکرن، بیەن‌کردن،

**استشمام‌شدن:** بۆن‌هاتن، بۆژنەفتن، بۆ لێهاتن،

**استشمام‌کردن:** ← استشمام،

**استشهاد:** ١- بەبەڵگەهێنانەوەی قسەی کەسێک، بەشاهیدگرتن، بەڵگەهێنانەوە، داوای بەڵگەکرد، دەلیل‌هێنانەوە، شاهیدخوستن، شاهیدی دان، ٢- شەهیدبوون، گیان بەختکردن،

**استصباح:** چراویستن، چراهەڵکردن، داوای ڕووناکایی کردن،

**استصحاب:** ١- داوای‌هاوڕێیتی‌کردن، دۆستایەتی خواستن، ٢- دەگەڵخۆردن، ڕەگەڵخۆخستن، ٣- هاریکاری خواستن، یاریدەخواستن، ٤- هێشتنەوە لەسەر دۆخی‌پێشوو،

**استصغار: ← تحقیر،**

**استصفاء: ← تصفیه‌کردن،**

**استصواب:** بەباش‌زانین، بەچاک‌دانان، بەچاک‌زانین، بەڕاست‌زانین، پەسندکردن،

**استضانه:** ڕووناک کردن، ڕووناکی خواستن، ڕۆناهی خواستن،

**استضعاف:** بەبێهێززانین، بەلاوازدانان، چەوساندنەوە،

**استطابه:** بەپاک‌وخاوێن دانان،

**استطاعت:** ١ ← استعداد(٢)، ٢- بینیازی: بداری، بێنیازی، توانابەسەرداشکان، تێری، تێروپڕی، دارابوون، دەست‌ئاوەڵەبوون، غەنیبوون، گزۆری، نێنیازی، ٣- ثروتمندبودن: توانایی‌ماڵی، دەست ڕۆیشتن، دەستڕۆیشتوویی، دەستڕۆیین، دەسڕۆیین، دەوڵەمەندی، سامانداری، ٤ ← توانستن،

**استطاله:** ١ ← تکبر، ٢ ← درازکشیدن، ٣- زۆربوون، زیادکردن، لەزیادی‌دان، ٤ ← گردنکشی، ٥ ← گردنکشی‌کردن،

**أُستطراب:** شادبوون، شادی‌خواستن،

**أُستطراد:** ١- بەفێڵ‌هەڵاتن لەبەردوژمن بۆفریودانی، ٢- دوور کەوتنەوەلەبابەت، ٣- وتنی بابەت بەپێی‌هەلومەرج،

**أُستطراداً:** بەپێی‌هەلومەرج،

**أُستطرادکردن:** دوور کەوتنەوەلەبابەت،

**أُستطراف:** ١- بەنوێ‌دیتنەوەی‌شتێک، ٢- بەنوێ زانین، ٣- گاڵتە کردن‌وپێ‌سەیربوونی‌شتێک، لەبەر سەر سووڕماوی پێکەنین بەشتیک،

**أُستطلاع:** ئاگاداری‌ویستن، زانیاری‌خواستن، زانیاری‌خوازی،

**استطلاق:** ١- ئازادی‌خواستن، ڕزگارکردن‌لەبەند، ڕزگاری خواستن، ٢ ← اسهال،

**استظلال:** پەنابردنەبەرسێبەر، سێبەرنشینی،

**استظهار:** ١- پشتیوانی‌خواستن، داوای داڵدەکردن، ٢- پشتگەرم بوون، پشت‌وپەناهەبوون، ٣- پشتگەرمی، ٤ ← اندوخته،

**استعاده:** ١- دانەوە، داوای‌گەڕاننەوەی‌شتێک‌کردن، گەڕاندنەوە، وێدانەوە، ٢- خووگرتن‌بەشتیکەوە، هۆگربوون،

**استعاذه:** بەدەخیلبوون، بەدەغیلبوون، بەسڕوویین، پەنابردن، پەنابەردەی، پەناهێنان، پەناخواستن، چوونە ژێرباڵ، ڕاخوستن، سەروێکردن، وەدەغیل‌بوون، هانا بردن، هانابردنە بەر، هانابەردەی، هاواربردنەبەر، هاوار بۆ بردن،

**استعارت: ← استعاره،**

**استعاره:** ١- عاریەگرفتن: بەئەمانەت‌وەرگرتن، خوازە، خواستنەوە، ٢- دەکار کردنی وشە لەغەیری مانای‌خۆیدا،

**استعاری:** خوازەیی، خواستراو، وەرگیراو،

**استعانت:** ١ ← مددخواستن، ٢- هێنانەوەی شێعری شاعێرێک لەشێعر یا نووسراوەی‌خۆدا،

**استعباد:** بەکۆیلەگرتن، کردنەبەندە، کردنەکۆیلە،

**استعجاب: ← تحیر،**

**استعجال: ← عجله‌کردن،**

**استعداد:** ١ ← آمادگی، ٢ ← توانائی،

**- استعداداکتسابی:** بڕشتی فێربوون، بەهرەی لەفێربوون وەدەستهاتوو،

**- استعدادذاتی:** بڕشتی سروشتی، بەهرەی‌سروشتی، توانایی سروشتی، لێهاتوویی سروشتی،

**- استعدادشخصی:** بەهرەی‌تاکەکەسی، توانای تاکە کەسی،

**- استعدادفطری:** ← (استعدادذاتی) ← استعداد،

**استعذاب:** داوای ئاوی پاک‌و ڕوون کردن،

**استعراب:** بوونەعەرەب، لاسای‌عەرەبان‌کردنەوە،

**استعراض:** پێشاندان، خستنەڕوو،نواندن، نیشاندان،نیشاندای، وسای، وسنای،

**استعسار:** دژواربوونی‌کار، کاروەزەحمەت‌کەوتن،

**استعصاء: ← تمرد،**

**استعصام:** پەنابردنەبەر، دەست‌بەشتێکەوەگرتن بۆخۆپاراستن، هانابۆبردن،

**استعطاء: ← گدائی،**

**استعطاف:** ١- بەدەستهێنانی‌دڵ، داوای‌بەزەیی‌کرد، دڵ‌وەدەست هێنان، مێهرەبانی‌خواستن، ٢ ← مهربانی‌کردن،

**استعظام:** ١- بەگەورەزانین، ٢- گەورەیی‌کردن،

**استعفا:** ١- ئیستیقالە، خۆکێشانەوە، داوای لەکارکشانەوە، دەست‌لەکارکێشانەوە، دەستهەڵگرتن‌لەکار، لاگری، ٢- بەزەیی خواستن، داوای‌بەخشین، داوای‌بەزەیی، داوای‌لێبووردن، لێبووردن خوازی،

**استعفاء: ← استعفا،**

**استعفادادن:** ئیستیقالەدان، خۆکێشانەوە، داوای‌لەکارکشانەوە، دەست کێشانەوە، دەستهەڵگرتن لەکار، وازهێنان‌لەکار، ٢- درخواست عفوکردن: بەزەیی‌خواستن، داوای بەخشین‌کردن، داوای‌بەزەیی‌کردن، داوای‌لێبووردن‌کردن، لێبووردن‌خواستن،

**استعفاکردن: ← استعفادادن،**

**استعفانامه:** نامەی‌دەست‌لەکارکێشانەوە، لاگرینامە، وازنامە،

**استعفاف:** پاکی‌خواستن، خۆپاراستن، خۆ لەحەرام بواردن، دووری‌کردن لە خراپە،

**استعلاء:** باڵادەستی، بەرزی‌خواستن، زاڵبوون، زاڵی، زاڵێتی،

**استعلاج:** ١- چارەخواستن، چارەدۆزی، داوای‌چارەکردن، ٢ ← معالجه،

**استعلاجی:** دەرمانی، کەرستەی‌دەرمانکردن،

**استعلام:** ١- ئاگاداری‌خواستن، خەبەروەرگرتن، داوای‌خەبەرکردن، زانیاری‌خواستن، هەواڵ پرسین، ٢- داوای دەرس کردن، داوای فێربوون کردن،

**- استعلام‌بهاء:** بایی پرسین، نرخ پرسین،

**استعلامات:** پرسگە، جێگای پرسینی زانیاری، شوێنی وەرگرتنی زانیاری،

**استعمار:** ١- ئاوەدانکاری، ئاوەدانکردنەوە، فەتاندن، ٢- ئیستیعمار، داگیرکاری، داگیرکردنیولاتێک بەبیانووی ئاوەدان کردنەوە، دەستەلات بەسەرداگرتن، کۆلۆنیالیزم، ولاتگری، ولگەخوازی،

**- استعمارزدائی:** سەربەخۆییپێدان، سەربەخۆیی بۆ وەرگرتن، لەژێردەستەییدەرهێنان، لەکۆلۆنیدەرێنان،

**- استعمارشدن:** ئیستیعمارکران، بۆونەژێردەستە، دەست بەسەردا گیران، بوونەکۆلۆنی،

**- استعمارگر:** داگیرکار، داگیرکەر،

**- استعمارنۆ:** ئیستیعماری‌نوێ، دانانیدەولەتێکی بەڕوالەت سەربەخۆ بەلامدەستەمۆ لەولاتێکدا لەلایەن ولاتێکی بەهێزی دیکەیەوە، زالبوونی ولاتێکی بەهێز بەسەولاتێکی لاوازدا بەبێ دەکارکردنی هێزی نیزامی،

**استعماری:** ئیستیعمارکەر، ئیستیعمارگەر، داگیرکەری بیانوو ئاوەدانکردنەوە،

**استعمال:** بـ کارئانین، بەکاربردن، بەکاربەردەی، بەکارهێنان، دەکارکردن، کارپێکردن، کارلێکێشان، کەلک لێ وەرگرتن، هلهلاندن،

**- استعمال‌دخانیات:** ڤەکشاندن، کێشان، کێشانی تووتن‌و...،

**استغاثت:** ← استغاثه،

**استغاثه:** ئەوەلالیای، پاڕانەوە، پەنابەردەی، داد خواستن، داوای بەفریاگەیشتن، فریا ڕەس خواستن، کۆمەکخوازی، لالانەوە، لالەوپالە، هانا بردن، هانابەردەی، هاواربۆبردن، یارمەتی‌خواستن،

**استغراب:** ← تحیر،

**استغراق:** ١- بەتەواوی‌دەبەرکاران‌ڕۆچوون، بەهەموان ڕاگەیشتن، تێڕامان، تێڕۆچوون، گشتگیر بوون، ٢ ← غرق‌شدن، ٣ ← تَعَمُّق،

**استغفار:** ئیستیخفار، پاشگەربوونەوە، پەشیمانی لە تاوان، تۆبە، داوای‌بەخشین، داوای لێبووردن، داوای لێ خۆشبوون،

**استغفرالله:** ئەسەخفیرولّلا، پەنابۆخوا، پەنابەخودا، خوایەتۆبە،

**استغلاظ:** ئەستووربوون، بەخەست‌زانین، خەستبوون،

**استغلاق:** بەستران، داخران، دژواربوونی‌ئاخاوتن، لەسەودادا بەکڕینێک دەلێن کەدەستەلاتی وێدانەوەی تێدانەبێ،

**استغلال:** ١- بەهرەلێوەرگرتن،چەوساندنەوە، ٢-خەرمان هەلگرتن، خەلەوەرگرتن، دەغل‌ودان وەدەست هێنان، دەغل‌هەلگرتن،

**استغناء:** ١- بداری، بێنیازی، تێری، تێروپڕی، دەست ئاوەلە بوون، دەولەمەندی، غەنیبوون، گزۆری، نێنیازی، ٢- بێنیازی‌ویستن،

**استغنام:** بەغەنیمەت‌زانین، بەخۆڕایی زانین، بەدەرفەت زانین، بەمفتەزانین، بەمفتێ زانین، بەهەل زانین،

**استفاده:** ئیستیفادە، بەرهەم، بەهرە، سوود، قازانج، کاربەری، کەلک،

**استفادۀابزاری:** قازانج بردنی نابەجێ لە کەسێک یا شتێک،

**استفاده‌بردن:** ← استفاده‌کردن،

**استفاده‌جو:** ← سودجو،

**استفاده‌چی:** ئەوکەسەیە هەرلەبیری ئەوەدابێ لەهەر کەس یا هەر شتێک بەقازانجی‌خۆ کەلکوەرگرێ، بەدوای قازانجی خۆدا، قازانج‌خواز، هەلپەرست،

**استفاده‌داشتن:** ئیستیفادەهەبوو، بەسوودبوون، بەقازانج‌بوون، بەکەلکبوون، بەهرەهەبوون،

**استفاده‌کردن:** ئیستیفادەکردن، بەکارهێنان، بەهرەلێوەرگرتن، بەهرەوەرگرتن، دەکارکردن، قازانج‌کردن، کەلک‌وەرگرتن، کەلک لێوەرگرتن،

**استفاضه:** ١- ئاوی‌ڕەوان‌ویستن، ٢- بەخشیش‌ویستن، بەهرەمەند بوون، داوای‌کەرەم‌کردن، ٣- ئاشکرابوونی‌قسەیان‌هەوال، درکان،

**استفتاء:** ئیزن وەرگرتن، ڕاپرسی، ڕاخوازی، ڕاوەرگرتن، فتواپرسین، فتواخواستن، فتوا وەرگرتن، فەرمان‌وەرگرتن،

**استفتاح:** ١- دەس‌پەنەکەردەی، دەسپێک، دەس پێکردن، دەست پێکردن، دەشت، سفتاح، کردنەوە، کردنەوەی بابەتێک، هەوەل‌فرۆش، ٢- داوای‌سەرکەوتن کردن، فەتح‌خواستن،

**استفراد:** ١- بەتەنیایی‌ئەنجام‌دان، بەتەنێێکارکردن، تەنیابالی، خەبتین بتنێ، یەکتەنی، ٢- خوازیاری‌تەنیایی‌بوون، ٣- تاک کردنەوە، تاکەوکردن، هەلبژاردنی کەسێک لەنێو دەستەیەکدا،

**استفراغ:** ١- ئێق، بۆغ، حۆق، حەیزە، ڕتک، ڕشاوە، زێلەشێوە، فرتک، قرتک، قەس، قەل، قەی، نشر، هۆلنج، هۆلونج، هێلنج، هەراژ، هەراش، هۆق، **هێق**، یەق، ٢ ← استفراغ‌کردن،

**استفراغ‌کردن:** ١- ئەڕشانەوە، ئیستیفراق، ئێقکردن، ئێق هاتنەوە، بۆغکردن، حوقکردن، حەیزەکردن،خێسانەوە، خێورانەوە، دل بە یەکاهاتن، دل‌پێکاهاتن، دل‌تێکەلهاتن، دل‌تێکهەلاتن، دل‌دەخێلەکەوە هاتن، دل‌دەخێلەوەهاتن، دلڕابوون، دلڕابین، دلغەلینەک، دل‌کەف کردن، دل‌لەخێلەوەهاتن، دل‌لەژێللاهاتن، دل هۆروەئەمای، دل‌هەلاتن، دلهەل چوون، دلهەلشێوان، دلهەلشێوانەوە، دلهەلشێویان، دل‌یۆرەلوای، ڕتک‌کردن، ڕشانەوە، ڕشیایۆ، ڕەشەڕشاوە، زێلۆشێویای، فرتکان، ڤەڕشین، ڤەڕەشان، ڤەڕەشیان، قرتکان، قەسیان، قەسین، قەی کردن، قەیووکردن، نشراندن، نشرین، وەڕشان، وەڕشیان، وەڕشین، هۆر ئاوەردەی، هۆرشێویای، هۆروەئاوەردەی، هۆق‌کردن، هۆلنج دان، هۆلونج دان، هەراژ، هەراش، هەلاوردن، هەلشێوان، هەلشێویان، هەلنج‌دان، هەلۆهاوردن، هەلهاوردن، هەلهاوردنەوە، هەلەوهاوردن، هەلێنج‌دان، هێق کردن، هێلنجدان، هێلنجدای، هێنانەوە، یەق کردن، یەقکردنەوە، یێقکردنەوە، ٢- توانایی‌خۆ دەکارێکدا دەکار کردن،

**استفزاز:** ← تحریک‌کردن،

**استفسار:** بیرخوازی، پرسوجۆ، چنەپەرسەی، لێپرسی،

**استفسارکردن:** ئەوەپەرسای، بیرخوازی کردن، پرسوجۆکردن، پرسیارکردن، پرسین، پرسینەوە، پشکنین، پەرسای، داوای‌شیکردنەوە، گەڕان، لێ کۆلینەوە، لێگەڕان،

**استفعال:** داواکردنی کار یا شتێک،

**استفهام:** پرس، پرسیار، پرسیارکردن‌بۆتێگەیشتن، پرسین، پەرسای،

**استفهامی:** پرسیاری،

**استقالت:** ← استقاله،

**استقاله:** ١ ← استعفا، ٢- داوای تێکدانەوەی سەودا، داوای هەلوەشاندنەوەی پەیمان، هەلوەشاندنەوەی ماملە،

**استقامت:** ١- باشار، بەرگە، پایەداری، پتەوی، پشوودرێژی، پێ‌داگرتن، تاب، تابشت، تابوشت، تاقەت، تامل، توانا، تەحەمول، خودداری، خۆ ڕاگری، خۆگری، دەوام، ڕاسایی، سەبر، لەسەرەخۆیی، مقاومەت، ملەجیڕۆکێ، وەرگە، ٢ ← استقامت‌کردن،

**- استقامت‌بەخرج‌دادن:** ١- باشار کردن، بەتوانابوون، بەرگەگرتن، پادانەگەز، پاگژدان، پایەداری کردن، پتەوبوون، پشوودرێژی کردن، پێ‌داگرتن، تاب هێنان، تابشتهێنان، تابوشتهێنان، تاقەتهێنان، تامل کردن، تەحەمولکردن، خودداریکردن، خۆڕاگرتن، خۆ گرتن، دەربردن، دەوامهێنان، ڕاسان، سووربوون، سووربیەی، سەبرگرتن، لەسەرەخۆبوون، مقاومەت کەردەی، ملە جیڕۆکێ کردن، وەرگە گرتن، وێستان، ٢- ڕاستبوونەوە، ڕاست ڕاوەستان،

**استقامت‌کردن:** ← (استقامت‌بەخرج‌دادن) ← استقامت،

**استقامت‌ورزیدن:** ← (استقامت‌بەخرج‌دادن) ← استقامت،

**- بریک‌استقات‌بودن:** لەسەرهێلێک بوون(لەبیرکاریدا)،

**استقباح:** ئیدانەکردن، بەخراپ‌لەقەلەم‌دان، بەشوورەیی‌زانین،

**استقبال:** ١- بەرەندەک، پیر، پیرایی، پێشواز، پێشوازی، ٢ ← استقبال‌کردن،

**استقبال‌کردن:** بەپیرەوەچوون، بەپێشوازەوەچوون، بەرەندەک، بەرەوپیرچوون، بەرەو پیل‌چوون، پیرایوەلوای، پێشوازی‌لێکردن، چوونە پێشوازی، خێرئامای، خێرهاتن، دەمەوچوون، ڕووتێکردن،

**استقبالی:** ١- مربوط بەزمان آینده: آیندەیی، داهاتوویی، هی دا هاتوو، ٢- ممکن: شیاوی‌بوون، گونجاو، ممکون، ممکین، مومکین،

**استقدام:** بەرەوپێش‌چوون، پێشقەچوون، چوونەپێش، حەڕکین، دەستپێشخەری،

**استقراء:** ئاوایی بەئاوایی پرسیار کردن بۆ شتێک، بۆگەڕان، بەدواداچوون، بەدواداگەڕان، توێژینەوە، خۆ تێهەڵقورتاندن دەبابەتێک، گەڕان، لێگەڕان،

**استقرار:** ١- ئارامی، ئۆقرە، ئەرەکاسۆلنای، بنەگری، بەرقەراری، بەندبوویی، بەنگبوویی، پاوەجێیی، جێگربوویی، جێگری، جێگیری، چەقاوی، حاوەوەیی، خۆگری، داسەکناوی، دامەزراوی، ڕاوەستاوی، سوکنا، سوکنایی، سەقامگری، سەقامگیری، قایمی، قەتیسماوی، کوورس، گرساوی، گلخواردوویی، گیربوویی، گیرخواردوویی، گیرساوی، گیرساوەیی، ماتبوویی، ماوی، مدراوی، مسۆگەری، نیشتنەجێیی، وێساوی، وێسیاگی، هێوری، ٢ ← استقرار پیداکردن،

**- استقرارمطلق:** بەتەواوی‌جێگیربوون، جێگیر بوونی ڕەها،

**- عدم‌استقرار:** نابنەجهی، نابنەجێیی، ناجێگیری، ناسەقامگیری،

**استقرارامنیت:** جێگربوونی ئارامی، جێگەبونی ئاسایش، جێگربوونی هێمنایەتی،

**استقرارپیداکردن:** ئارامبوونەوە، ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، ئەرەسەکنای، ئەرەکاسۆلنای، ئەرەمەرزیا، بنەگربوون، بنەگرتن، بەرقەراربوون، بەندبوون، بەنگبوون، پاوەجێ بوون، جێگربوون، جێگرتن، جێگیربوون، چەقان، چەقای، چەقەی، چەقیان، چەقین، حاوانەوە، خۆگرتن، داسەکنان، دامەزران، دامەزریان، دامەزرین، ڕاوەستان، سەقامگیر بوون، قایمبوون، قەتیسمان، کوورس، کوورس بەستن، گرسان، گرسای، گلخواردنەوە، گیربوون، گیربیەی، گیرخواردن، گیرسان، گیرسای، گیرسانەوە، گیر واردەی، ماتبوون، ماتبیەی، مان، مانەوە، مدرای، مسۆگەربوون، نەڕۆیشتن، نیشتنەجێ بوون، وێسان، وێستان، هێورین،

**استقراردادن:** ئارامکردنەوە، ئەرەمەرزنای، بنەجە کرن، بنەجێ کردن، بەلیاندن، جێگیر کردن، دامەزراندن، دامەزرانن، سەقامگیر کردن، قەراردان، قەراردای، مسۆگەر کردن، هێوراندن،

**استقرارگرفتن:** ← استقرارپیداکردن،

**استقراریافتن:** ← استقرارپیداکردن،

**استقراریافته:** جێگر، جێگرتوو، جێگیربووگ، جێگیر، دامەزراو، دامەزریاگ، سەقامگرتوو، سەقامگیر، مسۆگەر،

**استقراض:** داوای‌قەردکردن، قەرزداواکردن، قەرز وەرگرتن،

**استقراع:** ١ ← قرعەکشیدن(درفارسی)، ٢- نێرینە خواستنی وشتر یا مانگا، وەکەڵ‌هاتن،

**استقسام:** ١- بارەخواستن، بەش‌خواستن، پاژ خواستن، داوای بەش‌کردن، ٢- داوای سوێند خواردن کردن، سوێنددان،

**استقصاء:** تێکۆشان‌وگەڕان‌بەدوای بابەتێکدا، لێکۆڵینەوەو تێکۆشان بۆ گەیشتن بەئەنجامی بابەتێک، گەیشتن بەکۆتایی بابەتێک،

**استقصاص:** تۆڵەخواستن، داوی تۆڵەکردنەوە،

**استقلال:** ١- ئازادی، خۆبوویی، خۆگێڕان، خوەر، خۆیبوون، خۆیی بوون، سقام، سەرازادی، سەرازایی، سەربخۆیی، سەربەخۆیی، سەربەستی، سەرخۆبوون، ٢- بەکەم‌دانان، بەکەم‌زانین،

**استقلال‌داخلی:** ← خودگردانی،

**استقلال‌رأی:** سەربەخۆیی بڕیاردا، سەربەخۆیی لە بڕیاردادندا،

**استقلال‌طلب:** ئازادیخواز، سەربەخۆییخواز، سەربەستیخواز،

**استقلال‌طلبی:** ئازادیخوازی، سەربەخۆییخوازی، سەربەستیخوازی،

**استکان:** ئیستیکان، ئیسکان، پیاڵە، ستەکان، ستەگان،

**- استکان‌نعلبکی:** ١- ئیستیکان‌و ناڵبەکی، پیاڵەوژێرپیاڵە، ٢- ئەسبابی چاخواردنەوە، کتری‌و پیاڵە،

**استکانت:** ١- خاکەڕابوون، دامان، زەبوون‌بوون، گردەنشین بوون، ٢ ← تسلیم‌شدن، ٣ ← زاری‌کردن، ٤ ← فروتنی،

**استکبار:** ١- بەخۆفشین، تەکەببورکردن، خۆبەزلزانی، خۆبەگەورە زانین، خۆ نواندن، خۆهەڵکێشان، سەرەڕۆیی‌وخۆنواندن، فڕناخی، لەخۆفشین، وێ‌ئەرمانای، وێ‌هۆر کێشای، ٢- زۆرداری، زۆرەملی، ستەم کاری، گووجکاری، ٣- وڵاتی دەستەڵاتخوازو زۆردار،

**استکتاب:** ١ ← استنساخ، ٢- پێ‌نووسین، داوای‌نووسین‌لێکردن،

**استکتام:** داوای‌شاردنەوەکردن، داوای‌نەدرکاندن کردن،

**استکثار:** زۆرخوازی، زێدەخوازی، فرەخوازی،

**استکراه:** ١- پێ‌ناخۆشبوون بەناڕەوازانین، ٢- بێگاری‌پێکردن،

**استکشاف:** ئاشکراکردن، بەدواداەڕان، خویاکرن، داوای ڕوون کردنەوەکردن، دۆزینەوە، دیتنەوە، ڕوونکردنەوە، کەشفکردن، لێگەڕان،

**استکمال:** ١- داوای‌تەواوبوون‌کردن، ٢ ← کامل‌کردن، ٣- باش کرد، بەشێوەیەکی‌باش دەرێنان،

**استل:** تەختەبەردی‌لەسەرنووسراو، کێل،

**استلاب:** ← ربودن،

**استلام:** ١- ئاشبوونەوە، ئاشتبوونەوە، پێکهاتنەوە، ٢- دەست‌پیا ساوین، دەست‌پێداهێنان، ٣- زیارەتکردن، ماچکردنی شتێک بە نیشانەی پیرۆزی، ٤- وەرگرتنی شتێک لەکەسێک،

**- استلام‌حجر:** زیارەتی بەردی کابە، ماچکردنی (حجرالاسود)،

**استلانت:** ١- بەنەرم‌دانان، نەرمکردن، ٢- نەرمبوون، نەرمی،

**استلزام:** ئاتاجی، ئەوجەپێبوون، ئیحتیاج، ئیحتیاج پێبوون، بگردگ، بەیواستن، بەپێوست‌زانین، بەگەرەک‌زانین، پەک‌پێکەوتن، پێداویست، پێداویست بوون، پێداویستی، پێدڤی، پێدڤیاتی، پێ‌موحتاجبوون، پێویا، پێویسبوون، پێویستبوون، پێویستی، یویستی‌پێبون، حاجەت پێبوون، حەوجەبوون، حەوجێبوون، زەرۆلە، زەرووربوون، زەرووری بوون، بکەلکهەبوون، کەڵک هەبوون، گەرەکبوون، گەرەکبیەی، گەرێ بوون، لازم بوون، لەسەربوون، موحتاجبوون، موحتاجی پێبوون، نیاز پێبوون، واجب بوون، واجۆ، واجۆبوون، واژۆ، واژۆبوون، وەج، وەرج، هەوجە، هەوجە پێبوون،

**استلقاء:** تەخت‌بۆی‌کەوتن، خۆلەگەزدان، لسەر پشتێ ڕازان، لسەرپشتی‌نقستن، لەسەر پشت‌ڕاکشان، لەسەرتەختی پشتێ ڕاکشان، لەسەرگازی‌پشت درێژ بوون،

**استم:** ئائلی، ئەغز، بێدادی، بێڕوحمی، بێرەحمی، پستووری، تەعەدا، جەور، خوێنخۆری، خوێنمژی، خەسم، دڵڕەشی، دڵڕەقی، دڵسەختی، دڵهشکی، دەستدرێژی، دەسدرێژی، زاڵمایەتی، زاڵمەتی، زالمکی، زاڵمێنی، زڵم، زۆرداری، زۆرکاری، زۆریکردن، زوڵم، زێڵ سیاوی، زینات، ستەم، ستەمکاری، ستەمگەری، گووج، لەتم، ناحەقی، ناهەق، ناهەقی، نەقڵ، نەقڵە، نەهەقەی، ونوەری،

**استماع:** ئەژنەفتن، ئەژنەوتن، بەربای گوێ‌کەوتن، بەگوێ گەیشتن، بهستن، بهیتن، بهیستن، بیستن، بیسن، ژنەفتن، ژنەوتن، ژنەوتەی، ژنەوین، ژنیەن، ژنیەی، شنەفتن، شنەفتەی، شنەوتن، گۆشدان، گۆش دەی، گوه لێبوون، گوێدان، گوێدای، گوێ ڕاگرتن، گوێگرتن، گوێ‌لێبوون، گەیشتنەگوێ(از زبان سوسن آزادەام آمد بگوش/کاندرین دیرکهن کار سبکباران خوش است - حافظ - فم: گەیشتەگوێم لە

زمانی‌گوڵە سوێسنێکی ئازاسەر/ بەخۆشی لەودنیاکۆنە هەرکەم‌ئەرکە دەبیاتەسەر ـ کاوە)، ویستن، هاتنەگوێچکە،

**استماع‌شدن:** ١- ئژنیەی، بەگوێ گەیشتن، بیستن، بیستران، بیسران، ژنەفتران، ژنەوتران، شنەفتران، شنەوتران، گوێ‌پێدان، گوێ‌لێڕاگیران، ٢ ← مایل‌شدن،

**استماع‌کردن:** ← استماع،

**استمالت:** ئاشتکردنەوە بەقسەی‌خۆش، ئەوەلاونای، بەقسەی‌خۆش بۆلای‌خۆ ڕاکێشان، بەخۆشی‌دواندن، بەنەرمی دواندن، دڵجۆیی، دڵخۆشی، دڵخۆشیدانەوە، دڵداری، دڵدانەوە، دڵنەوایی، دڵوەشی‌ئەوەدای، دڵەدڵە، دڵەوەدای، لاواندنەوە، لاواننەوە،

**استمالت‌دادن:** ← استمالت،

**استمالت‌کردن:** ← استمالت،

**استمتاع:** ← متمتع‌شدن،

**استمداد:** داوای‌هیمدادی‌کردن، کۆمەک‌خواستن، کۆمەگی‌داواکردن، یارمەتی خوازی، یارمەتی‌خواستن، یاریدەخواستن،

**استمدادکردن:** ← استمداد،

**استمرار:** بەردەوامبوون، بەردەوامی، پەیوەستەیی، پێوەچوون، خۆڕاگرتن، سەرەمەرە، لەدوودان، لەسەرڕۆیشتن، نەپسانەوە، هەمیشەیی‌بوون،

**استمراراً:** بەبەردەوامی، بەردەوام، بەهەمیشەیی، بێ‌پسانەوە، پەستاپەستا، پەیتاپەیتا، خۆڕاگرانە،

**استمراردادن:** ← ادامەدادن،

**استمرارداشتن:** بەردەوامبوون، خۆڕاگرتن، نەپسانەوە، هەمیشەیی بوون،

**استمراری:** بەردەوام، خۆڕاگر، نەپس، نەپساوە، هەمیشەیی،

**استمزاج:** ئاگاداری‌لێوەرگرتن، ژێرزوان‌چەشتن، ژێرزوان چێژی، سەرداکێشان، سەرداکێشی، قسەدەراوردن، قسەدەرکێشان، قسەدەرهاوردن، قسە دەرهێنان، قسەڕاکێشان، قسە لەزاردەرهێنان، قسەلەسەرداکێشان، قسەلێدەرکێشان، قسە لێ دەر هێنان، قسەلێ‌ڕاکێشان، قسەلێوەرگرتن،

**استمزاجی:** ئەزموونی، تاقیکارانە،

**استمساک:** پەنابۆبردن، پێهەڵرووسکان (بچە بدامن مادرش‌درآویخت: منداڵەکە بەدامێنی دایکی‌هەڵرووسکا)، چوورکردن، چەنگ لێ‌گیر کردن، خۆپێوەهەڵاوەسین، دەست پێگرتن، دەست لێ بەندکردن، دەستەودامێن‌بوون، ڕنەکردن، کردنەبیانوو،

**استمساک‌کردن:** ← استمساک،

**استمطار:** باران‌خواستن، داوای‌بارانەکردن،

**استمگر:** ئایل، بەدکار، بێئینساف، بێبەزە، بێبەزەیی، بێرەحم، پیاوخۆر، پێبەر، پێستوور، چەپگەر، چەپگەرد، خوێنخوار، خوێنمژ، دڵتاری، دڵتاریک، دڵڕەش، دڵڕەق، دڵسەخت، دڵهشک، زاڵم، زاڵمەی، زۆردار، زیناتکار، زینەی‌خۆر، ستەمکار، ستەمگەر، قاندڕ، مارز، مارس، وەحشی،

**استملاء:** ڕێنووس‌پرسین، نژوەخوازتن، نژوەلێگرتن،

**استملاک:** بوونەخاوەنزەوی، بەساحێب‌کردن، خاوەن دارێتی، داگیرکردن، دەست بەسەر داگرتن، زەوتکردنی‌مڵک، کردنە مڵکی‌خۆ، مڵکخوازی،

**استملاک‌کردن:** ← استملاک،

**استملال:** ← بستوەآمدن،

**استمنا:** جلق، دەسپەڕ، دەسپەڕی، دەستپەڕ، دەستمیز، دەست گان، ساک‌لێدان، شاوەتهێنانەوە بەدەست، کابلەمە، کەپلەمە، کەفلەمە، مشتاو، مشتە، مشتەگان،

**استمناء:** ← استمنا،

**استمهال:** ئەختان‌وەرگرتن، دەرفەت‌وەرگرتن، کات‌خواستن، کات‌وەرگرتن، ماوەخوازی، ماوەخواستن، مۆڵەت‌خواستن، مۆڵەت‌وەرگرتن،

**اُستُن:** ← استون،

**استنابت:** بریکارخواستن، بەجێگردانان، جێگرخواستن، شوونکار دانان،

**استناد:** ئاماژەپێکردن بۆسەلماندنی بابەتێک، ئاماژە پێکردن وەک بەڵگە، بەبەڵگەدانان، بەبەڵگەهێنانەوە، پشت بەبەڵگەوە بەستن، پشت‌پێبەستن، دەکارکردن وەک‌بەڵگە بۆ سەلماندنی مەبەست، وەک بەڵگە هێنانەوە،

**استنادجستن:** ← استناد،

**استنادکردن:** ← استناد،

**استنباء:** بەدوای‌هەواڵداگەڕان، هەواڵپرسین، هەواڵ‌خواستن،

**استنباط:** تێگەیشتنی‌بابەتێک بەکەلکوەرگرتن‌لەبابەتێکی دیکە، ڕاستی‌لێوەدەرنان، مانالێوەدەرنان، مانا لێوەرگرتن بەژیری، مانالێهەڵێنجان، واتاهەڵگۆزین، هەڵهێنجان، هەڵێنجان،

**- قوۀاستنباط:** توانایی هەڵێنجانی ڕاستی لەبابەتەکان،

**استنباط‌کردن:** ← استنباط،

**استنبه:** ١ ← بختک، ٢ ← خشن(١)، ٣ ← دلیر، ٤ ← دیو، ٥ ← زشت، ٦ ← قوی،

**استنتاج:** ئاکام‌لێوەرگرتن، ئەنجامگیری، بۆدەرکەوتن، بەرهەم وەرگرتن، بیربردن، دوائەنجام، دەرەنجام، لێ‌پەیداکردن، لێکدانەوە، لێ‌وەدەرخستن، نەتیجەلێوەرگرتن، وەبەرهێنان،

**استنتاجی:** ئاکام‌لێوەرگیراو، بەرهەمهاتوو، وەبەرهاتوو،

**استنجاء:** ١- ئاوەگڵکردن، بیسمیلکردن، گڵاوکردن، گڵاو کەردەی، ٢ ← رهاشدن، ٣- تارەت گرتن، خۆشۆردن، قنگ شۆردن،

**استنجاح:** ڕەوایی‌خواستن، داوای‌ڕەوابوونی حاجەت کردن، سەرکەوتن‌خواستن، کامڕەوایی‌خواستن،

**استنجاد:** ١ ← استمدادکردن، ٢- خۆگرتنەوەدوای بێهێزی، وەغیرەت‌کەوتنەوەپاش ترسان، وەگوڕ هاتنەوە پاش لاوازی،

**استنزاف:** ← هدررفتن،

**استنزال:** نیشتنەوە،

**استنساخ:** ڕوونووسی، شکلنووس، فۆتۆکردن، فۆتۆکۆپی، فەرکان، فەرکاندن، کۆپیکردن، لەبەرخەت گرتنەوە، لەبەرنووسینەوە، لەڕوونووسینەوە، لەڕووهەڵگرتنەوە، لێهەڵگرتنەوە(وێنە)، نووسانەوە، نووسینەوە،

**استنشاق:** بۆنکردن، بەکەپۆهەڵمژین، هۆرلووشەی، هەڵمژین،

**استنصار:** داوای یارمەتی کردن لەکەسێک بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمندا، سەرکەوتن‌خواستن،

**استنطاق:** ئەوەپەرسای، بەقسەهێنان، پرسینەوە، پرسیار لێکردن، پەیڤاندن، پێچانەوە، چەنەئەوپەرسای، ڤەپرسین، قسەلێدەرکێشان، لێ پرسینەوە، لێپێچانەوە، وەقسەخستن، وەقسەهێنان، هێنانەقسە،

**استنطاق‌کردن:** ← استنطاق،

**استنفاذ:** ڕزگارکردن، ڕزگارکردنی کەسێک لەدەست یەکێکی دیکە یا بەلایەک، ڕزگاریی کەسێک ویستن، نەجاتدان،

**استنکاح:** ژن‌هێنان، شووکردن، مارەکردن، نیکاح‌کردن،

**استنکار:** ← انکارکردن،

**استنكاف:** ١- بەشوورەیی زانین، بێزنەهاتن، پێشەرم بوون، خۆ لێ لادان، خۆ لێنەدان، سڵ‌لێکردن، سەرپێچی‌کردن، لێ‌پرینگانەوە، نەکردن، ٢ ← خودداری، ٣ ← سرپیچی،

**استنکاف‌کردن: ← استنکاف،**

**استنکال:** جەزرەبەدان، سزادان،

**استوا:** ١- ئیستیوا، جەغزێکی گومانی‌یەبەدەوری زەویدا کە بەگەرمترین بەشی سەر زەمیندا تێدەپەڕێو گۆی زەوی دەکاتەدوو بەشی یەکسان، ٢- بەرابەربوون، وەکیەکبوون، یەکسانخوازی،

**استواء:** ← استوا،

**استوار:** بنەجە، بنەجێ، بەرقەرار، بتەو، بەپشت، بەناڤ، بێلەبت، پالەپال، پاوەجێ، پاوەجێگە، پایەدار، پتەو، پڕوپتەو، پشتدار، پکێت، پلّپ، پەشتی، پەیت، پێوەجێ، تن، تون، توند، جێگرتوو، چەقیو، خوات، خۆڕاگر، خۆگر، خۆگرتوو، خۆگرتی، خۆگیر، خوەشکێش، داکوتیاگ، دامەزراو، دامەزریاگ، ڕاسا، ڕاوەستاو، سەقامگیر، فرشک، ڤەبری، قاعیم، قاهیم، قایم، قایمو شەدای، قورس‌وقایم، قەرت، قەیم، گورخ، مدرا، مشوار، موکوم، مەحکەم، واپەر، هێقم،

**استوارخرد:** ژیر، بەئەزموون،

**استواردادن:** ١ ← استوارکردن(١)، ٢ ← اطمینان داشتن، ٣ ← باورداشتن،

**استوارداشتن:** ← استواردادن،

**استوارساختن:** ١ ← استوارکردن(١)، ٢ ← اصرارورزیدن،

**استوارشدن: ← استوارگردیدن(١)،**

**استوارکردن:** ١- ئەرەسەپنای، ئەرەمەرزنای، بتەو کردن، بەپشتکردن، بنەجهکرن، بنەجێکردن، بەرقەرار کردن، پاوەجێکردن، پا وەجێگەکردن، پایەدارکردن، پتەوکردن، تن‌گرتەی، توند بەستن، توندکردن، توند گرتن، تەڤزاندن، جێگرکردن، جێگیرکردن، چەسپاندن، چەقاندن، خۆگیرکردن، دامەزراندن، ڕاگرتن، ڕاوەستاندن، ڕاوەستاو کردن، سەپاندن، سەقامگیرکردن، شەتەکدان، شەتەکدای، ڤەبرین، قایم کردن، قایمکەردەی، مەحکەمکردن، مدرنای، موکوم کرن، مەحکەم کردن، نیشتەجێکردن، ٢ ← تأیید کردن، ٣ ← درست کردن، ٤- توندکردن، توندبەستن، شەتەکدان،

**استوارگردیدن:** ١- ئەرەمەرزیا، بەرقەراربوون، پتەوبوون، تەڤزین، خۆگرتن، چەقین، دامەزران، دامەزریان، دامەزرین، ڕاوەستان(استوار باشی: ڕاوەستاوبی، بەرقەراربی)، قایمبوون، مدرای، وێستان، ٢- ئارخەیانبوون، ئەرخەیانبوون، ئەولەبوون، بڕوایی، بڕوایی‌پەیداکردن، بێخەمبوون، بێغەمبوون، پاڵدانەوە، پاڵ‌لێدانەوە، پشتئەستووربوون، پشتدانەوە، پشتڕاستبوون، پشتقایمبوون، پشت‌لێدانەوە، پشت‌لێ کردنەوە، پشتەستووربوون، پشووهاتنەوەسەرخۆ، پشوو هاتنەوەسەرخۆ، پشوویەک‌هاتنەوەبەر، تۆتکەخواردن، تۆتکەکردن، تۆتکەکردنەوە، تۆتکەگرتن، تۆتەکەگرتن، تۆتەکەگرتنەوە، تۆتیکە خواردن، توێتکە، توێتکەخواردن، توێتکەگرتن، حاوانەوە، حەسانەوە، خاترجەم بوون، دڵاسوودەیی، دڵئاسوودەبوون، دڵئاوخواردنەوە، دڵتەنا بوون، دڵنیابوون، دڵنیایی، ڕەحەتبوون، ڕەحەتبیەی، فکر ئاسوودە بوون، گوێ‌دنجبوون، متمانە پەیداکردن، مدران، مدرای، هەڤیابوون،

**استوارنامە:** ئیحتوبارنامە، بڕوانامە، نامەی‌ناساندنی باڵوێز بە دەوڵەتی بێگانە،

**استواری:** ١ ← احتیاط: ٢ ← اطمینان، ٣ ← اعتماد، ٤ ← امانت (١)، ٥- برقراری: بتەوی، بەپشتی، بەرقەراری، پایەداری، پتەوی، پشتداری، توندی، خۆڕاگری، خۆگری، خۆگیری، دامەزراوی، ڕاوەستاوی، سەقام، قاعیمی، قاهیمی، قایمی، قەیمی، ٦- پیمان: ئەمەگ، بڕیە، بەڵێن، بەڵێنی، بەینەت، پەیمان، پێمان، سامە، سۆز، سۆست، شۆن، شەرت، عەهد، قەرار، قەول، قەوڵ، قەول‌و قەرار، گرێدانْک، گفت، گفتە، مەرج، میجاز، واد، وادە، وەعدە، هەرێ، هەرێنی، ٧- محکمی: پتەوی، توندی، قایمی، مایە،

**استواری‌داشتن:** ١ ← استحکام، ٢ ← اطمینان داشتن،

**استواریکردن:** ١ ← احتیاط، ٢ ← اطمیمان‌کردن، ٣- بەهێزکردن، تەسدیقکردن، سەلماندن، واژۆکردن، هێزپێدان، ٤- تحقیق‌وتفحص کردن: بەدوادا گەڕان، بەشوێنداگەڕان، پرسیارلەسەرکردن، پشکڤاندن، پشکناندن، پشکنین، پشکوناندن، پشکوناندنەوە، پەیجۆری، پەیجۆریکردن، پەیدۆزی، پەیدۆزیکردن، تاقیق لەسەرکردن، تۆژانەوە، تۆژینەوە، تەفتیشکردن، چاو پێداخشاندنەوە، جسوجۆ، جوسوجۆ، چێوەتفێ، خپر، دانەپەی، دۆزین، سەنگوسووژن دان، شارۆکردن، شوێنکەوتن، شیکردنەوەوتۆژینەوە، فەتاندن، کنە کردن، کنەوە، کۆڵینەوە، گردیسەر، گەڕان، گیڕایش، لەدواداگەڕان، لەدووگەڕان، لەشوێنچوون، لەشوێن گەڕان، لێکۆڵینەوە، لێگەڕان، لێگەڕیان، لێ گەڕین، منیکاری، منیکردن، منیکرن، نانەشوێن، وشکنای، وەدوا کەوتن، هلکەوشاندن،

**استوان:** ١ ← استوار، ٢ ← امین، ٣ ← مضبوط،

**استوانک:** ١ ← پیستون، ٢ ← سیلندر،

**استوانە:** خڕی‌لوولەیی، کۆڵەکەی ڕاست، لوولە، لوولەک، لوولەی ڕاستی دووسەر گرۆڤەر،

**استوانەای:** خرت، خڕی‌لوولەیی، گرد، گرۆڤەر، گرۆڤەری لوولەیی، گلۆڤەر، گلیل، لوولەکی، لوولەیی،

**استوخودوس:** ← اسطوخودوس،

**استودان:** ئێسکدان، زیارەتێن زەردەشتی‌یا، گۆڕستان بەگشتی‌و گۆڕستانی زەردەشتی بەتایبەتی، هەستیدانک،

**استودن: ← استاییدن(٢)،**

**استودیو:** تۆمارگە، جێگای‌کاری وێنەگر، جێگای نەخشە کێشان، ستۆدیۆ، شوێنی فیلمچاکردن، کارگەی هونەرمەند،

**استوشدن: ← اعتراف‌کردن،**

**استوقدوس:** ← اسطوخودوس،

**استون:** ئەستوون، ئەستووند، ئەستووندەک، ئەستوونگ، ئەستوونەک، بوان، تەژە، چڵە، چڵەک، چەڵاک، چەڵەکە، دیرەک، ستوون، ستوونە، ستینک، کۆترە، کۆڵەکە، کۆڵەگە، کێران، گولتە، مەردیاق، هەستوون، هەسوون، هەلووک،

**استوە:** ١ ← اندوهگین، ٢- درماندە: ئەرەمەنە، بلەگاز، بلەنگاز، بنسی، بێباڵ، بێپەڕوباڵ، بێپەژمار، بێتاقەت، بێتووتە، بێجێ، بێداڵدە، بێدەر، بێدەسەڵات، بێمەڵوەن، بێنەوا، تێماو، جاڕز، جاڕس، جڕ دەرهاتوو (جڕمدەرهات)، داماگ، داماو، دامای، دامەنە، دەردەدار، دەرمەنە، زوین، زەبوون، زەلیل، سخڵەت، سەخڵەت، سەرگەردان، سەغڵەت، شلوکوت(تێیداشلوکوتبووم نەهات)، شەکەت، شەلوکوت، عاجز، عێجز، عێدز، فل، ڤەڕمل، ڤەمای، قەتیز، قەتیس، کەشەنگ، کەللەپا، لاکەفتە، لاکەوتە، ماتو سەرگەردان، ماندی، وەئامانهاتوو، وەستاو، وەستیای، هێز پێنەماو،

**آستَە:** ١ ← استخوان، ٢- هستە: پەپۆ، چنجک، چنچک، دندک، دەنْک، دەنکی‌میوە، کاکڵ، کاکڵە، کورووک، مەغز، مەژگە، ناڤک، ناو، ناوک، ناوکە، ناوکەمیوە، ناوکی میوە، نۆتْک، هەستو،

**اِستُە:← استوە،**

**أستَە: ← کفل،**

**اِستَە:← ستیز،**

**اَستهانت: ← تحقیر،**

**اِستهجان:** بەدزێوزانین، بەحەیب‌زانین، بەشوورەیی‌دانان، بەناحەز زانین، پێ‌عەیب‌بوون، ناحەزی،

**استهداء:** ١- دیاری‌ویستن، ٢- ڕێنوێنی‌ویستن،

**استهزا: ← استهزاء،**

**استهزاء:** بزدان، بەسووکی تەماشاکردن، پاسقاڵی، پەنەخوای، پێ پێکەنین، ترانە، تناز، تناز پێکردن، تەرانە، تەقلیت، تەوزە، تەوسە، تیتاڵی، تیز، تیزپێکردن، تیزپێوەکردن، تیزەجارِی، تیزەزارۆکی، جەفەنگ، رِشقن، رِشقەن، رِەشقەن، رِیشخەن، زرِتۆلە، زنتۆت، زەردە پێهاتن، فشە، قمار پێکردن، قومارپێکردن، قەشمەری، قەڵسەلێگیران، گاڵتە، گاڵتەپێکردن، گاڵتەجارِی، گۆنگڵ، گەمە، گەمەپێکردن، گەنجەفە، لەیزاندن، مەزاق پێکردن،

**اِستهزاءآمیز:** بەتیزەوە، بەگاڵتەجارِی، گاڵتەجارانە، گەپجارانە،

**اِستهلاک:** بەربەرەدانەوەی وام، پوان، دارِزان، دەکارکران، رِزان، سوان، لەناو چوون، وردەوردەسوان بەدەکارکردن،

**اِستهلال:** ١- لەمانگی‌نوێ‌گەرِان، مانگی‌نوێ‌دیتن، وەدیار کەوتنی مانگی نوێ، ٢- گریانی منداڵی ساوا لەکاتی لەدایکبووندا، ٣- دەست پێکردنی وتە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ مەبەستدا،

**اِستهواء:** ١- سەرگەردانبوون، سەرلێشێوان، ورِبوون،٢-خەڵەتاندن، سەرگەردانکردن، سەر لێ شێواندن، گێژکردن،

**استیجاب:** رِەواییپەیداکردن، شیاویدەوەستهێنان،

**استیجار:** بەئیجارەگرتن، بەکرێ‌گرتن، بەمزبەرگرتن،

**استیجاری:** ئیجارەیی، بەئیجارە، بەکرێ، بەمز، کرهایی، کرێیی، مزبەر،

**- حجاستیجاری:** حەجێکەکەسێک مربێ‌و نەیکردبێ‌و پاش مردنی وی کەسێکی دیکەبەوەرگرتنی پووڵێک لەجیاتیانی دەیکا،

**- نمازاستیجاری:** نوێژێکەکەسێک مردبێ‌و نەیکردبێ‌و پاش مردنی وی کەسێکی دیکەبەوەرگرتنی پووڵێک لەجیاتیانی دەیکا،

**استیجاز:** لابردنی‌شتەزیادییەکانی وتار،

**استیجال:** دەرفەت‌خوازتن، کات‌ویستن، مۆڵەت‌وەرگرتن،

**استیحا:** ترسان، دڵتەنگبوون، سڵەمینەوە،

**استیدن:** ← ایستادن،

**استیذان:** ئیجازەوەرگرتن، ئیزن‌وەرگرتن،

**استیز:** بەربەرەکانی، جەنگ، سەربزێوی، شەرِ، کێشە،

**استیزە:** ١- جنگ: بناقێ، پەرەچەنگ، پەرەچەنگی، پەیکار، پێک هەڵپرِژان، پیلە، جەنگ، خرِەپیچک، دەستاڤێتن هەڤ، رِەزم، شەرِ، شیرش، قوماند، کۆماند، کێشە، گۆنگەڵ، گەرِ، لەج، لەهەڤخستن، لەهەڤ‌کەتن، لێکدان، نەبەرد، نەگونجان، هەرا، هەرڤ، هەڵا، هێڵە، ٢ ← ارغندەگردیدن، ٣- خصومت: بەربەرەکانی، دوژمنایەتی، دوژمنی، سەربزێوی، کێشە،

**استیزەرو:** بەکێشەونەسازاو، بێفەرِ، پلەندەر، ترکەن، تووش، تووش‌ونالەبار، جرِن، جنگز، جنگن، جینگن، چنگن، درِ، زرِەک، سەرنەوق، شەرِاشۆ، شەرِانی، شەرِفرۆش، شیرەت، غەنزیل، قرووش، کەرچۆڤە، مقەرس، ناتەبا، ناحاواو، ناسازگار، نەئال، نەساز، نەگونجاو، نەقەنۆ، وەیخرِ، هاروهاج،

**استیزەرو:** ← استیزەگر،

**استیزەنهادن:** ئەویۆترینی وەربیەی، بەشەرِدان، بەگژدا کردن، بەگژیەکداکردن، پێک هەڵپرِژاندن، تێک بەردان، تێکەوەگلاندن، دانەشەرِ، دەگژیەک رِا کردن، شەرِهەڵایساندن، کێشە سازکردن، لەیەک بەردان، وێک هەڵپرِژاندن، وێکهەڵرووسکاندن، وێهەڵپرِژاندن،

**استیصال:** ١ ← ازناافتادن، ٢- بنبرِبوون، بنەبرِبوون، بێخبرِبوون، خاشەبرِبوون، رِیشەبرِبوون، رِیشەکێشبوون، شۆنەوار نەمان، شوێنەواربرِان، لەبنراهەڵقەندران، لەبنهاتن، لەبن‌هاتوویی، لەبنەهاتن، لەبنەهاتوویی،

**استیضاح:** ١- بازخواست: ئەوەپەرسای، پرسیار لێ کردن، پرسینەوە، پێچانەوە، تۆژانەوە، چەنە ئەوپەرسای، داوای‌رِوونکردنەوەکردن، ڤەپرسین، لێپرسینەوە، لێپێچانەوە، ٢- داوای‌رِوونکردنەوە لەوەزیران لەلایەن نوێنەرانی مەجلیس بۆکاری‌رِەخنەلەسەریان، ٣- باش‌تێرِوانین، بەوردی‌چاولێکردن، چاک‌لێرِوانین، وردتەماشاکردن،

**استیعاب:** تاووتوێکردنی بابەتێک بەتەواوی، داگرتن، گرتنەوە، هەمووڵا داگرتن، هەمووڵاگرتنەوە،

**استیفا:** ← استیفاء،

**استیفاء:** ١- تمام‌بازستدن: بەتەواوی ئەستاندنەوە، بەتەواوی وەر گرتنەوە، ٢- تماماً طلب کردن: بەتەواوی داواکردنەوە، بەتەواوی ویستنەوە، ٣- تصفیۀمالیات: دانەوەی‌ماوەی‌باج، دانی هەموو باجەکە، ٤- حساب: حیساب، حیساب‌وکیتاب، حیسێب، ٥- کەلکوەرگرتن لەماڵ یاکاری‌کەسێک بەئیزنی‌خۆی،

**استیقاظ:** ١- بەخەبەربوون، وەخەبەرهاتن، ٢ ← بیداری، ٣- خرمەی‌پاوانەو شتی‌لەم‌بابەتە، خرینگە، ٤- وریابوو، وریابوونەوە، وشیاربوو، وشیاربوونەوە، ٥- وریایی، وشیاری،

**استیقاع:** چاوەرِوانی رِوودانی کارێک بوون،

**استیقان:** بەحەتمی‌زانین، بەمسۆگەرزانین، بەیەقین‌زانین، گومان‌تێدانەبوون، لێ‌بێگومان‌بوون،

**استیل:** ١- چۆنیەتی‌بیناسازی‌یاکۆتەل‌سازی، رِەوشت، شێواز، شێوە، ٢- ئاسنی بێ‌ژەنگ، ئستیل،

**استیلا:** ← استیلاء،

**استیلاء:** بەسەردازاڵبوون، دەست‌بەسەرداڕۆیشتن، زاڵبوون،

**استیلاپیداکردن:** بوونەخاوەن، بەسەردازاڵبوون، خستنە ژێردەست، داگیرکردن، دەست بەسەردا رِۆیشتن، دەست بەسەردا گرتن، زاڵبوون، زاڵبیەی،

**استیلاد:** ئاوسکردن، مناڵخوازی،

**استیلایافتن:** ← استیلاپیداکردن،

**استیم:** ئاداب، برانگوە، پەنام، تەشەنەک، چرکی برین، چڵکی برین، زامت، زامەت، زرِزرِە، زڵزڵە، زڵفنچک، زنچک، زنچکاو، زووخ، زووخاو، زیچک، زیچکاو، زیق، زینچک، زینچکاو، شژ، شژی، شەلق، عەداب، عەزاب، غەور، قنچکاو، کێخ، کێم، کێماو، کێم‌و هەوای‌برین، نێم، کێم، گڤرت، نێم، هەو، هەوا،

**استیمار:** رِاوێژخواستن، رِاوێژکردن‌پێکەوە،

**استیمان:** ١ ← امان‌خواستن، ٢- پناه‌بردن‌به: پەنا بۆ بردن، چوونە بنداڵدە، چوونەژێرپەنای، هانا بردنەبەر، هاوار بردنەبەر، هاوار بەردەینەوەر، هاوارپەی بەردەی،

**استیناس:** ١ ← آرام‌گرفتن، ٢ ← انس‌گرفتن، ٣- بەرەومرۆڤایەتی کشان، دەستەمۆبوون، لەوەحشیگەری هاتنە دەر.

**استیناف:** بەسەرداچوونەوە، پێداچوونەوە، تازە کردنەوە، تێهەڵچوونەوە، داوای‌چاو پێدا خشاندنەوەبەحوکمی‌دادگا، دیسان لێکۆڵینەوە، سەرلەنوێ دەست‌پێکردنەوە، لەسەرگرتنەوە،

**استیهیدن:** ← ستیزەکردن،

**اسجاع:** ١- دەنگی‌کۆتروقومری‌یان، گمەگمی‌کۆتران، ٢- وشەگەلی ئاهەنگدار کەدەخرێنەپاش رِستەیا دەستەواژان،

**اسجال:** جێهێشتنی کار، زۆربەخشین،

**اَسحار:** ١- کۆی(سَحَر) ← سَحَر، بەیانی‌یان، ٢- کۆی(سِحر) ← سِحر، ئەفسوونەکان،

**اِسحاق:** ١- دوورخستنەوە، ٢- سوان، کۆنبوون،

**اِسخان:** تین‌پێدان، گەرمکردن،

**اَسخی:** ١- بەخشندەتر، جوامێرتر، ٢- بەلێبوورتر،

**اسخیا:** ← اسخیاء،

**اَسخياء:** بەخشندەکان، بەلێبووران، جوامێران،

**اَسَد:** ١- برجیشێر، ٢- برجیپێنجەمی ساڵ، مانگی گەلاوێژ، ٣- تەڵا، زێڕ، ٤ ← شیر(شاەجنگل)،

**اِسدال:** بەردانەوە، داکێشاندن، داهێشتن، داهێڵان، ڕۆهێشتن، ڕۆیەڵکردن، شۆڕکردنەوە،

**اُسرا: ← اُسراء،**

**اُسَراء:** ئێخسیران، بەندییان، دیلان، دیلەکان، گرفتاران، یێخسیران،

**اُسرائیلی:** جوو، جوولەکە، دانیشتووی ئیسرائیل، مووسایی، یەهوودی،

**اِسراح: ← آزادکردن،**

**اِسرار: ← پنهانکردن،**

**اَسرار:** ڕازەکان، سوڕەکان، نەدرکاوەکان،نهێنییەکان،

**اسرارآمیز:** پڕلەڕاز، پڕلەڕەمز، پڕلەنەهێنی، ڕازاوی، ڕازناک، ڕەمزاوی، ناڕوون، نەدرکاو،

**اسرارمگو:** ڕازیدەروون، ڕازینەشیاویدرکاندن، ڕازی نەهێنی، ڕێزەیڕاز،

**اَسراع:** ١ ← شتابکردن، ٢- پەلەپێکردن، پەلە لێ کردن، وەپەلەپەلخستن، وەپەلەخستن،

**اِسراف:** ١- ئەبلەخەرجی، باشوبۆشی، پەرتسێنی، پێپانە، تەخشان پەخشان، تەلاس، چەنگلفە، خاسەخەرجی، خۆبەردان، خەرجی زیادی، خەرجینابەجێ، دەسبڵاوی، دەستبڵاوی، دەستبەردایی، دەستڤالایی، زێدەخەرجی، زێدەڕۆیی، زێدەمەسرەفی، سێرڤی، وێڵخەرجی، هەبلەخەرجی، هەڕش، هەڵەخەرجی، ٢ ← ولخرجیکردن،

**اِسرافآمیز:** ئەبلەخەرجانە، خاسەخەرجییانە، دەسبڵاوانە، دەست بڵاوانە، زێدەخەرجییانە، وێڵخەرجانە، هەبلەخەرجانە،

**اِسرافکار:** ئەبلەخەرج، پەرتسێن، تەخشانپەخشانکەر، خاسەخەرج، دەسبڵاو، دەستبڵاو، دەستبەردایی، دەستڤالا، زێدەخەرج، زێدەڕۆ، زێدەمەسرەفکەر، سەرتێکەر، سێرڤیکەر، ماڵزیدەلەپێویست بەختکەر، ماڵبەفیڕۆدەر، وێڵخەرج، هەبلەخەرج، هەڵەخەرج،

**اِسرافکرن:** ئەبلەخەرجیکردن، باشوبۆشی کردن، بەخۆڕایی خەرج کردن، پەرتسێنی کردن، پێپانە کردن، تەخشان پەخشان کردن، چەنگلفەکردن، خاسەخەرجی کردن، خۆبەردان، خەرجی زیادی کردن، خەرجینابەجێ کردن، دەسبڵاوی کردن، دەستبڵاوی کردن، دەستبەردان، دەستڤالایی کردن، زیادەڕۆیی کردن، زێدەخەرجی کردن، زێدەمەسرەفی کردن، سەرتێکردن، سێرڤی کرن، ماڵبەختکردنیزیدەلەپێویست، ماڵبەفیڕۆدان، وێڵخەرجی کردن، هەرژاندن، هەبلەخەرجی کردن، هەڕشاندن، هەڵەخەرجی کردن،

**اسرافوتبذیر: ← اسراف،**

**اِسرافورزیدن: ← اسرافکردن،**

**اِسرامیشیکردن: ← نگەداشتن،**

**اُسرُب: ← ارزیر،**

**اسرع:** توندتر، خێراتر، زووتر، زووترین، گورجتەر، لەزتر، لەزترین،

**اسرعاوقات:** بەپەلەوبێڕاوەستان، بەزووترین کات، خێراترینکات، زووترین کات، کەمترین ماوەی گونجاو، لەزووترین کاتی گونجاودا، هەرچیخێراتر، هەرچی زووتر،

**اسرعوقت: ← اسرعاوقات،**

**اُسرُنج: ← سرنج،**

**اِسرِنج: ← سنج،**

**اَسره:** ١- زرێی پتەو، ٢- بنەماڵە، خانەدان، مالبات،

**اسری: ← اُسرا،**

**اَسطار:** خەتەکان، دێڕەکان،

**اِسطار:** هەڵەکان لەخوێندنەوەدا،

**اسطبل: ← اصطبل،**

**اُسطُرلاب:** یاسمان پێو، ئوستورلاب، دەزگایەکە بۆ ئەندازەگرتنی شوێنو بەرزیی ئەستێرەکان لەحاسماندا کە ئەستێرەژمێران بۆفاڵگرتنەوەش بەکاری دێنن،

**اسطُقُس:** ١- بنەما، پێز، توخم، مادە، ماک، ٢- چوارماکەکان، ٣ ← اساس،

**اسطوانە: ← استوانە،**

**اُستوخودوس:** ئەسپەرەڕۆمی، خەزێمەکێویلە، شارێحانە، شارێحانەڕۆمی، گیاژانوبا،

**اسطورە:** ١- سخنپریشان: قسەیبێسەرەوبەرە، هاتەران پاتەران، ٢- قصە: ئەفسانە، بەسەرهات، چرچرۆک، چرچرۆنک، چێچەڕۆک، چیرۆک، چیرۆنک، چێڕووک، چیڤانۆک، حەقایەت، حەکایەت، حیکایەت، خەبرۆشک، داستان، دەسان، دەستان، دیرۆک، ڕووداوی خەیاڵی، ڕێزک، سەربردە، سەربوورە، سەربهورد، سەرگوروشتە، قەواتی، کەڤنەشۆپ، نەزیلە، هەقایەت، هیکایە،

**اُسطورەچە:** کورتەچیرۆک،

**اُسطورەزدائی:** ئەفسانەسڕینەوە،

**اُسطورەشناختی:** ئەفسانەناسانە، چیرۆکناسانە،

**- انتقاداسطورەشناختی:** ڕەخنەی ئەفسانەناسانە،

**اُسطورەشناسی:** ئەفسانەناسی، چیرۆکناسی،

**اُسطول:** کەشتیگەل، گەلەگەمی، یەکەیەکی بریتی لە چەند پاپۆڕ،

**اِسعاد:** ١- بەختەوەرکردن، خۆشبەختکردن، ٢ ← امداد،

**اَسعار:** ١- قیمەتەکان، نرخەکان، ٢- بەڵگەنرخدارەکان، دراوەبیانییەکان لەدەوڵەتێکدا،

**اِسعاف:** بەهاناگەیشتن، بەهاوارەوەچوون، پێڕاگەیشتن، چارەسەری، فریاکەوتن، یارمەتیدان،

**اَسعر:** کز، لاواز، لەڕ،

**اُسغُر: ← خارپشت،**

**اسف:** پەرۆش، پەژارە، پەشیمانی، حەیف،خەفەت، خەمباری، خەمیزۆر، داخ، داخداری، داخودوخان، دوخان، دەردوداخ، دەردودوخان، دیقدیقە، سوێ، کوڵوزووخاو، کوڵوکەسەر، کەسەر، مخابن،

**اسفآور:** ← اسفانگیز،

**اَسفا: ← دریغا،**

**اِسفار:** ئاشکرابوون، درەوسانەوە، ڕووناکبوون، ڕوونبوونەوە،

**اِسفارکردن:** ئاشکراکردن، دەربڕین، گوتن،

**اَسفالت:** ئاسفاڵت، ئیسفاڵت، قیرتاو، قیلەتاو،

**اسفاناج: ← اسفناج،**

**اسفاناخ: ← اسفناج،**

**اسفانگیز:** بەژانوئێش، پڕداخودوخان، پڕدەردوداخ، پڕکوڵوزووخاو، پڕکوڵوکەسەر، پەژارە هێن، جێگایداخ، جێگەی داخ، حەیف، خەفەت هێن، خەماوەر، خەماوی، خەمهێن، دیقدیقەدەر، کەسەردەر، مایەیداخ، مخابن، ناخۆش،

**اسفبار: ← اسفانگیز،**

**اسفخوردن:** بەداخبوون، پەشیمانبوونەوە، خەفەتپێوەخواردن،

**اِسفرزه:** ئەسپرزە، پاکەرەشێڵە، ڕکێشەباریکە، ڕکێشەتەسکە، گەڵادمەڵ، گیاسنگ‌ئێشە، یاوز،

**اِسفَرغَم:** ← اسپرغم،

**اِسفَرَم:** ← اسپرغم،

**اِسفَرود:** ← سنگخوارە،

**اَسفست:** ← یونجە،

**اسفل:** خوارتر، خوارووتر، لەخوارتر، نزمتر، نزمتەر، وارتەر، وارین،

**اسفل‌السّافلین:** چینی حەوتەمی دۆزەخ، خوارووترین چاڵی جەهەندەم،

**اسفناج:** ئەسپەناخ، ئەسپەناغ، ئەسفەناج، سپەناخ، سپەناغ، سپیناخ،

**اسفناخ:** ← اسفناج،

**اسفناک:** ← اسف‌انگیز،

**اسفنج:** ئیسفەنج، سونگەر، سەڵمکە، کەفی دەریا، کەرەور، هەور، هەورک، هەوری،

**اسفنج‌حمام:** لفکە، لیفە، هەور، هەوری،

**اسفنجه:** ← اسفنج،

**اسفنجی:** ئیسفەنجی، هەوری، هەورین، هەورینە،

**اسفند:** ١- ئسبەن، ئەسپەن، دیدی، ئەسپەندەر، قان، قانگ، قانگڵە، ملوانەگیا، هەرمەل، ٢- اسفندماه: پۆلان، دەلووڤ، ڕەشەمە،

**اسفنددانه:** دانەئەسپەندەر، دانەقانگ، دەنکی ئەسپەندەر، دیدی،

**اسفنددودکردەن:** ئەسپەندەرسووتاندن، سووتاندنی دەنکی ئەسپەندەر، قانگ سووتانن،

**اسفید:** ← اسپید،

**اسفیداج:** دەرمانی خۆجوانکردنی ژنان، سپیاڤ، سپیاو، سیماڤ،

**اسفیدار:** ← اسپیدار،

**اسفیداسفید:** زۆرزۆرسپی، سپی‌سپی، یەگجارسپی،

**اسفیدبا:** شۆرباوگۆشتی ساکار، شۆرباوی هەر بەگۆشت‌و پیوازو نۆک بەبێ چێشتەخۆشکە، گۆشتاوی ساکار،

**اسفیدباج:** ← اسفیدبا،

**اِسقاط:** ١- ئەرەڕزا، بۆفڕێدان، بێکەلک، پتوورکاو، داڕزاو، شتی‌بۆفڕێدان، شیاوی‌فڕێدان، کۆتەرە، کۆڵە (گزگەکۆتەرە، گەسکەکۆڵە)، کۆنەو پەک‌کەوتوو، کەچە، لەکار کەفتی، ٢ ← افکندن، ٣ ← حذف‌کردن، ٤ ← فرسودگی،

**-اسقاط‌تکلیف:** بەرپرسایەتی‌لەکۆڵخۆکردنەوە، تەکلیف‌لەسەرخۆ لابردن،

**-اسقاط‌جنین:** منداڵ لەبەرخۆبردن،

**اسقاط‌کردن:** فڕێدان، کەوتن، کەواندن،

**اسقاطی:** ← اسقاط،

**اَسقام:** پەتاکان، نەخۆشییەکان،

**اِسقام:** نەخۆشکردن،

**اَسقف:** ئۆسقۆف، قەشە،

**اسقف‌اعظم:** ئۆسقۆفی گەورە، سەرئۆسقۆف، شەرۆکی قەشان، مەزنەقەشە،

**اِسقیل:** پیازەخوانکە، پیازەخووگانە، پیازەمارانە، سیرەسەگانە، سێڤ سێڤۆک، گونگونە سەگانە، گونگونە سەیە، گونەسەگانە، گەپڵە، هاز،

**اِسکات:** ئارامکردنەوە، بێدەنگ‌کردن، خامۆشکردن، داسەکناندن، دامرکاندن، دەنگ‌بڕین، زمان‌بەستن، سۆسەبڕین، کپ‌کردن، کڕ کردن، ماتکردن، نق‌بڕین،

**اسکاچ:** ئیسکاج، پەڕپەژمینە، پەڕۆزروە، دەفرشۆر، زروە، کاسەشۆر،

**اسکادر:** چەند گەمیەی هێزی دەریایی لەژێر فەرمانی ئەفسەرێکدا،

**اسکادران:** ١- سکادران، هێزی چەکداری هەوایی، ٢ ← اسواران،

**اِسکار:** مەستکردن،

**اُسکار:** ئوسکار، خەڵاتێکی ساڵانەیە دەدرێ بەباشترین فیلم یا هونەرمەندی سینەما لەئامریکا،

**اِسکاف:** پینەچی، کەوشدروو،

**اِسکالش:** ← سگالیدن،

**اِسکان:** ١- ئارام، ئۆقرە، ئێوری، بجهی، بجێیی، داسەکناوی، سوکنا، سوکنایی، هێوری، ٢- ئاکنجێتی، بنەجێیی، جهگیری، جێگری، دامەزراوی، دانیشاندن، نیشتەجێیی، ٣ ← اسکان‌دادن،

**اِسکان‌دادن:** ١- ئارامکردنەوە، ئۆقرەپێ‌دان، ئێوراندن، بجهکرن، بجێ کرن، داسەکناندن، سوکناییدان، هێدیکردنەوە، هێوراندن، ٢- ئاکنجی کرن، بنەجێکردن، جهگیرکرن، جێگرکردن، جێگەپێدان بۆدامەزران، دامەزراندن، دانیشاندن، مەرزنایرە، نیشتەجێکردن، یاگەدەی،

**اسکان‌یافتن:** ١- ئارامبوونەوە، ئۆقرەگرتن، ئێورین، داسەکنان، ڕۆسەکنان، سوکنایی‌هاتن، هێدیبوونەوە، هێورین، ٢ - ئاکنجیبوون، ئەرەمەرزیا، ئەرەمەنەی، بجه بوون، بنەجێبوون، جهگیربوون، جێگربوون، جێ پەیداکردن، جێ‌دیتنەوە بۆ دامەزران، جێگە دەس کەوتن، دامەزران، جێگرتن، جێگیربوون، دامەزران، دامەزریان، دامەزرین، سوکناییهاتن، مزڵگرتن، مەرزیایرە، نیشتەجێبوون،

**اَسگدار:** ١- پیلک، پەیک، تەتەر، قاسید، نامەبەر، ٢- توورەکەی نامەبەر، ٣- مزڵ‌و پێگەی نامەبەران،

**اِسکریم:** شمشێربازی، شەڕەشیر،

**اُسکره:** ١- پێوانەیەک بووە بۆ پێوانی دەرمان، ٢- جامی ئاو پێ خواردنەوە، ٣- دەفری‌سواڵەت، گۆزەی سواڵەت،

**اُسکفه:** ئاسانە، ئاستانە، ئاستۆن، ئاستوون، بڵندین، بەردەرکە، بەر دەرگا، بەردەرگانە، پاگا، پاگە، پاڵاوەش، پاڵاوەژ، پێسووە، پێشدەرگا، پێشماڵ، پێوە، داری‌ژێردەرانە، دەرازینک، دەرپا، دەرچک، دەرکودوو (یاخوا لەهیچ دەرکو دوویەکا نەبی)، دەرگانە، دەرماڵ، دەرێزان، دەریزان، دەریزانک، دەمدەر، ژێردەرانە، سەردەرانە، شۆپ، شیپانە، شیپک، شێنیک، کەوشکەن،

**اسکلت:** ئێسقانبەندی، ئێسکەڕووتە، ئیسکلێت، چواربەندە، چوارچێوە، قابلۆغە، قاپۆڕە، کەلەخ، کەلەستە، گرێژەنە(لەگرێژەنەچووە: اسکلت آن ازهم پاشیده)، گرێ‌و بەندی لەش یا هەرشتێک،

**اسکلت‌بندی:** چوارچێوەبەندی، چێوبەست لێکدان بۆ بینا سازی، چێوبەند سازکردن،

**اسکلت‌سازی:** ئیسکلێت‌سازی، سازکردنی ئێسقانبەندیی گیانلەبەرانی مردوو وەک خۆی،

**اسکلروز:** ← تصلب،

**اسکله:** ئەسکەلە، بەندەر، چارۆکە، شوێنی لەنگەر خستنی گەمی، لەنگەرگا، لەنگەرگە،

**اسکن:** ← اسکناس،

**اسکناس:** ئەسکەناس، ئەسکیناس، پارەی‌لەقاقەز، پووڵی‌کاغەزی، شاڕەوا،

**اِسکنبیل:** ڕاوەند، ڕێڤاسە، ڕێواسە،

**اَسکندان:** قفڵ‌و کلیل،

**اسکندر:** سیر، گیای سیر،

**اسکندرانی:** ئەسکەندەرەیی، ئی شاری ئەسکەندەریەی میسر،

**اسکندروس:** سیر، گیای سیر،

**اسکنک:** ← **اسکنه،**

**اسکنه:** ۱- متە: بەهەرەمە، پلەماتە، پیک کرن، خەنجەر دەم، خەنجەردەمە، دارتەقێنە، دار کونکەرە، درێرک، زمە، سمۆ، سمە، سمەک، سمبە، شخاب، شخاڤ، شغاب، کونکەرە، مغار،مکارە، موغار، مەتکەب، مەتکەو، مەتە، مەتەفەڕەنگی، مەکارە، ۲- چەشنێکە لە متوربەکەداری بۆموتوربەلەسەرکردن خشت دەبڕنو لەنێوەڕاستێ‌ڕا دەیقەڵێشن دوایە بنی‌نەمامێک دەتاشنو دەقەڵشی دارەکەدا دەیچێننو توندەبەستن،

**اسکورت:** ۱- ئیسکۆرت، دەستەسەربازی هاوڕێی کەسێک بۆپاراستنی، ۲- ئاستەڕی بەرگی کتێب لەناوەوە،

**اسکولاستیک:** ۱- قوتابخانەیی، مەدرەسەیی، وانەیی، ۲- مەکتەبێکە لەفەلسەفە،

**اسکی:** ئیسکی، خزخزان، خسکێ، خش‌خشان، خشحشۆک، خشک، خشکە، خلۆوزگێ، خلیسکانێ، خلیسکێن، خێچک،

**اسکی‌باز:** ئیسکی‌باز، تەهیسەک، خشیلککار، خلیسک کار، شەمتۆک، کاشکان، کاشیکان،

**اسکیزوفرنی:** تێکچوونی ڕەوانیی درێژخایەن بەشێوەی دابڕان لەکۆمەڵ، شێتیی گەنجەتی،

**اسکیزه:** ۱- جَستن: ئەوەهۆروەسەی، باز، بازبردن، بازە، بازدان، بازراقەبەستن، بازڕە، بازرەقە، باز هاویشتن، بلۆکچوون، بەرپڕنای، بەهین، پازە، پازدان، پازەدان، پەڕای، پەڕین، تۆلەڤەسک، تەولباز، جۆتک، چراخ‌پێبوون، چرت، چرتک، چرتکردن، چڕین، چریەی، چڤ، چڤ لخوەدان، چەنک، چەنک کردن، چەنگ، چەنگ‌کردن، خۆ وژاقکردن، خۆ هەڵداشتن، خۆهەڵدان، داپەڕان، دەرپەڕان، دەر پەڕین، دەقلووس، ڕاپەڕان، سنگەباز، سنگەوباز، سنگەوبازە، سەر پەڵۆ، شلپین، فرت، فرتدان، فتۆپاچک، فنجک، ڤەجلقاندن، قوڤز، قەفاز، قەڵباز، قەڵبەز، قەڵت، قەڵەمباز، قەڵەمبازە، قەڵەمبازدان، گوژم، گۆمەتە، گومەتە، لەپڕاهەستان، لنگەئەستەنە، لۆتک‌لخوەخستن، لۆتکین، لۆدک، لۆدک‌لخوەخستن، لۆک، لیتک، ڤەگەمزین، واز، وڕکە، وزاق، وزاق‌بەستن، وزاقدان، وەزین، هلبزین، هلقەواستن، هۆڕئەوەولە، هۆڕپڕای، هۆروەسەی، هەڵبەز، هەڵبەزهەڵبەز، هەڵبەزین، هەڵبەزینەوە، هەڵپەڕ، هەڵپەڕان، هەڵوەزین، ۲- جفتک: تیز،جفتە، جوحتک، جۆتک، جووتک، جووتکە، جووتلەقە، جووتە، جیفرک، حەبەلووتک، زرچک، زیچک، زیترک، لووشک، لووشکە، لەقە،

**اسکیزیدن:** جفتەوەشاندن، جفتەوەشانن، جفتە هەڵخستن، جۆتە شەنێ، جووتەوەشاندن، جووتەهاویشتن، جیفرکهاوێژی، لووشکهاویژتن، لووشک هاویشتن، لەقەشەنەی، لەقەوەشاندن، لەقەهاوێژی، لەقە هاویشتن، هۆرتووڕنای، هۆرتووڕیای، هۆشەنەی، هۆروسەی، هۆر وەسەی، هەڵتۆز، هەڵتۆزاندن، هەڵتۆزکردن، هەڵتۆزهەڵتۆزکردن، هەڵتووڕان، هەڵتووڕاندن، هەڵتووڕانن، هەڵتووز، هەڵتووزاندن، هەڵتیز، هەڵتیزاندن، هەڵتیزان، هەڵجووزان، هەڵجووزانن، هەڵجووزین، هەڵگووزان، هەڵگووزانن، هەڵخستن، هەڵخستنەوە، هێسترانی،

**اسگال:** ← **اندیشه(۱)،**

**اسگالش:** ← **اندیشه(۱)،**

**اسگدار:** ← **آسگذار،**

**آسگذار:** ۱- ئەو پەیک (قاسید، نامەبەر)ەی مزڵ‌بەمزڵ ولاّخەکەی دەگۆڕی، ۲- توورەکەی نامەکانی پەیک/قاسید/نامەبەر،

**اسلاف:** بابوباپیران، بابوکاڵ، پێشوونان، پێشینان،

**اسلام:** ۱- ئیسلام، ئیسلامەتی، موسوڵمانەتی، ۲- چوونەژێرباری هێمنیو ئاشتییەو، خۆبەدەستەوەدان، ملکەچی،

**اسلام‌آوردن:** باوەڕ بەئیسلامەتی‌هێنان، بوونەئیسلام، بوونەموسوڵمان،

**اسلامبولی‌پلو:** ئەستامبووڵی‌پلاّو، پلاّوی‌بەگۆشتی‌وردوئاوی‌تەماتە،

**اسلامخواه:** ئیسلامخواز، ئیسلامی،

**اسلامگرا:** ئیسلامخواز، ئیسلامی،

**اسلامی:** ئیسلامی، بسڵمان، بسوڵمان، پسوڵمان، پەیوەندیدار بەئیسلام، مسڵمان، موسوڵمان،

**اسلامیت:** ئیسلامەتی، مسوڵمانایەتی، مسوڵمانەتی، موسوڵمانایەتی، موسوڵمانەتی، موسوڵمانی،

**اسلاید:** سلاید، وێنەی سەرفیلم کەقابێکی بەدەورەوەیەو بەپرۆژێکتۆر دەکەوێتەسەرپەردە،

**اسلحه:** ئەسلەحە، تەرک، چەک، چەکوتفاقی جەنگ، چەکوچۆڵ، چەکوچۆڵە، سیلاح، ڤزک،

**- اسلحهٔ‌آتشین:** ئەسلەحەی‌ئاورین، چەکی‌ئاگرین، چەکی گەرم، سیلاحی‌ئاگرین،

**- اسلحه‌برداشتن:** چەک‌بەدەستەوەگرتن، چەکداربوون، چەک هەڵگرتن، خۆچەکدارکردن،

**- اسلحه‌برزمین‌گذاشتن:** چەک‌دانان، خۆ بەدەستەوە دان، دەست لەشەڕکێشان، دەست لەشەڕ هەڵگرتن، واز لەشەڕ هێنان،

**- اسلحه‌بستن:** ئەسلەحەبەستن، چەک پێبوون، چەکداربوون، چەک لەخۆبەستن،

**- اسلحه‌به‌زمین‌گذاشتن:** ← (اسلحه‌زمین‌گذاشتن) ← اسلحه،

**- اسلحه‌خانه:** ئاسێگە، ئەسلەحەخانە، جبەخانە، چەکخانە، شەهک، عەمباری چەکوچۆڵ، هەماری‌چەکان،

**- اسلحه‌دار:** چەکوچۆڵپارێز، سەربازی‌پارێزەری‌چەکوچۆڵ،

**- اسلحه‌رابرزمین‌گذاشتن:** ← (اسلحه‌زمین‌گذاشتن) ← اسلحه،

**- اسلحه‌رابه‌زمین‌گذاشتن:** ← (اسلحه‌زمین‌گذاشتن) ← اسلحه،

**- اسلحه‌ساز:** جەخسی، چەکبەند، چەکساز، شیلانگەر، قۆڕچی،

**- اسلحه‌سازی:** چەکبەندی، چەکسازی، شیلانگەری، قۆڕچێتی،

**- اسلحهٔ‌سبک:** ئەسلەحەی سووک، چەکی سووک(وەک تفەنگو دەمانچە)،

**- اسلحهٔ‌سبک:** ئەسلەحەی‌سووک، چەکی سووک(وەک تفەنگو دەمانچە)،

**- اسلحه‌کشیدن:** ئەسلەحەهەڵکێشان، چەک‌کێشان، چەک هەڵکێشان، دەس بۆچەک بردن، دەست‌بۆچەک بردن، نیشتنەپارێز، هەڵکێشانەچوک،

**- اسلحهٔ‌کمری:** چەکی‌کەمەری، دەمانچە،

**- اسلحهٔ‌گرم:** ← (اسلحهٔ‌آتشین) ← اسلحه،

**- اسلحهٔ‌نارین:** ← (اسلحهٔ‌آتشین) ← اسلحه،

**اسلم:** بێزیانتر، دروستتر، ساختر، سالمتر،

**أسلوب:** ئاکار، بار، بێچم، پێودان، تلۆج، تووز، تۆف، تەحر، تەرز، جۆر، جوور، دامودەستوور، دەستلفۆک، دەستوور، ڕاگە، ڕەڤشت، ڕەنگ، ڕەواڵ، ڕەوشت، ڕەویەت، ڕێ، ڕێگا، ڕێگە، ڕێوشوێن، زێ، شێل، شێواز، شێوە، فێڵ(ئەمکارە فێڵی‌خۆی هەیە)، قاعیدە، قام، قانوون، قسن، کلۆج، کولۆج، لۆ، لۆن، نەزم، واش، یاسا،

**اسلیم:** ئیسلام،

**اسلیمی:** نەخش‌ونگارگەلێکی بازنەیی‌و پێچاوپێچە،

**اسم:** ۱- ئیسم (اسم مبارک؟: ئیسمی شەریڤت؟)، ناڤ، نام، نامە، نامێ، ناو، نووم، نۆمە، نێو، ۲- بیانگ، بیانوو،

**- اسم‌آلت:** ناوی ئامێر، ناوی ئامرازی کار،

- **اسم‌اختصاری:** سووکەڵەناو، کورتەناو،
- **اسم‌اشارە:** ناوی‌ئاماژە، وشەی ئاماژە (ئەو، ئەم)،
- **اسم‌اعظم:** ئیسمی‌ئەعزەم، ئیسمی حەزەم، بەرزترین ناو خودا کەدەبێژن تونیا بەندەگەلی هەڵبژردراوی خۆی دەیزانن،
- **اسم‌بامسمّی:** ناوی‌بەناوەرۆک، ناوی‌شیاو، نێوێک کەدەگەڵ نێونراوەکەبێتەوە،
- **اسم‌بدرکردن:** بەخراپە ناوداخستن، بەخراپەنێودەرکردن، ناو بەخراپ‌ڕۆیشتن، ناوبەبەدزڕان، نێوبانگی خراپ وەدووکەوتن،
- **اسم‌بردن:** باسکردن، ناڤبرن، نامبەرکردن، نامێ‌بەردەی، ناوبردن، ناو کوتن، نێوهێنان،
- **اسم‌بی‌مسمّی:** ناوی بێناوەرۆک (وەک‌بەکوێربڵێی چاوگەش!)، ناوی‌نەشیاو،
- **اسم‌جامد:** ناوی بێ‌ڕەگ، ناوێک کە لەوشەیەکی ترەوە وەرنەگیرابێت (وەک سر: سەر)،
- **اسم‌جمع:** ناوی کۆ، ناوێک کە بەشێوەی تاکەو لەوتادا کۆ دەگەیەنێ،
- **اسم‌جنس:** ناوی‌کۆ، ناوی‌گشتی (ناوێک کەبەناو تاکە بەڵام بەکردەوە کۆ دەگرێتەوەوەک: گەلە، ڕان، هۆز)، هەڤەناڤ،
- **اسم‌چیزی‌راین‌بودن:** ئەڵێن، ئەیژن، ئێژن، گوا، گوایە،
- **اسم‌خاص:** بەرابەری‌هەڤەناڤ، ناوی‌تایبەت، ناوێکە کە لەکەس یان شتێکی تایبەتی دەنرێ،
- **اسم‌خانوادگی:** شۆرەت، فامیل، ناوبانگ، ناوی‌بنەماڵەیی کەدەکەوێتەدوای ناوی هەرکام‌لەئەندامانی،
- **اسم‌خودراعوض‌کردن:** ناوی‌خۆگۆڕین، دان‌نان بە شکستی‌خۆ(ئەگەر ئەوقسەڕاست‌بێ ناوی خۆم دەگۆڕم)،
- **اسم‌درکردن:** ناڤوبانگ‌چوون، ناودەرکردن، ناوڕۆیشتن، نێوداخستن، نێودەرکردن،
- **اسم‌ذات:** ناوی‌سەربەخۆ، ناوێکەسەربەخۆبێ‌و بوونی بەشتێکی دیکەوە نەبەسترابێتەوە،
- **اسم‌روی‌کسی‌گذاشتن:** ١- بوختان‌پێکردن، بەناڕەواتاوانبار کردن، ناوبرین‌بەسەرکەسێکدا، ناولەسەردانان، ناوی‌خراپەنان بەیەکێکەوە، نتکەنان‌بەکەسێکەوە، نێوبەسەردابڕین، نێولەسەردانان، نێو لێنان، نێوونرتکەوەدواخستن، نێویخراپوەدووخستن، ٢- ناونان، نێونان،
- **اسم‌زمان:** ناوی‌زەمان، ناوی‌کات، ناوی نوێنەری کاتێکی دیاریکراو،
- **اسم‌شب:** ڕەمزی ناسینەوەی‌یەکتر لەشەودا، ناوی شەو، نەهێنیی‌شەو،
- **اسم‌عامّ:** ← (اسم‌جنس) ← اسم،
- **اسم‌علم:** دیارناو، ناوی ناسراو، نێوی‌بەدەرەوە،
- **اسم‌فاعل:** ناوی بکرد، ناوی‌بکەر، ناوی‌کارکەر، ناوی ئەوکەسەی‌کارەکەدەکا، (بەپاشگری (ندە)و (ئەر)و (کار)و (کەر)و (گەر)و (ئۆک) وەک: ئاسنگەر، باڵندە، لێدەر، نەشتەر گەر، کارەکەر، گرینۆک)،
- **اسم‌فامیل:** ← اسم‌خانوادگی،
- **اسم‌کسی‌بدرفتن:** ← اسم‌بدرکردن،
- **اسم‌کسی‌بەچیزی‌دررفتن:** بەناوبانگ بوونی کەسێک بەشتێکەوە، ناوبەشتێکەوەڕۆیشتن،
- **اسمگذاری:** ناونان، نێولێنان، نێونان،
- **اسم‌کسی/چیزی‌راآوردن:** ناوبردن، نێوبردن، نێوهێنان،
- **اسم‌کسی‌راروی‌سنگ‌کندن:** ← مردن،
- **اسم‌مرکب:** ناوی لێکدراو، ناوی پێکهاتوو لە دوو یا چەند وشە،
- **اسم‌مستعار:** نازناو، ناوی‌خوازراو، ناویهەڵبەست، نێوێکەکەسێک بەدەرلەنێوی‌خۆی بۆخۆی دادەنێ،
- **اسم‌مصدر:** چاوگ، ناوی‌چاوگە، ناوێکە لەکردەوە سازدەکرێ‌و مانای چاوگە دەداتەوە(زانست، ڕەوشت)،
- **اسم‌مطول:** درێژەناو،
- **اسم‌معرفە:** ناوی بناس، ناوی ناسراو، ناوێک کە بیسەر خاوەنەکەی دەناسێ،
- **اسم‌معنی:** ناوی واتا، ناوێکە بوونی بەشتێکەوە بەستراوەبێ،
- **اسم‌مفعول:** ناوی بەرکار، وشەیەکەبۆئەوناوە دەکاردەکرێ کە کردەوەیەکی لەسەرکراوەو بەپاشگری (ئاو، راو، کراو، کردراو) سازدەکرێ (وەک: لێدراو، گیراو، کوژراو، خوراو، خواردراو، دەرکراو)،
- **اسم‌مکان:** ناوی‌جێگا، ناوێکە شوێن یا جێگا دەنوێنێ‌و بەپاشگری (بار، دان، زار،سار، سان، ستان، گ، گا، گە، ڨن، ن،) لەسەرناو سازدەکرێ(وەک: ئاورگ، ژوانگە، لەنگەرگا، کوردستان، بەردەڵان، گوڵزار، جۆبار، ڕووبار، خوێدان، گوڵزار، کۆسار)،
- **اسم‌نکرە:** ناڤێ‌نەنیاس، ناوی‌نەناسراو، ناوێ کە بیسەر خاوەنەکەی ناناسێ،
- **اسم‌نوشتن:** ناونووسی‌کردن، ناوی‌خۆنووسین، نێونووسی‌کردن،
- **اسم‌نوشتن:** ناونووسی، نێونووسی،
- **اسم‌ورسم:** ناووپلە، ناوونیشان، نێوبانگی باشی کۆمەڵایەتی، نێوونێوبانگ،
- **اسم‌ورسمدار:** بەناوبانگ، خاوەن ناووپلەوپایە، ناوونیشاندار، نێوبانگی باشی کۆمەڵایەتی لەسەر، نێوونێوبانگدار،
- **اسم‌ورسم‌درکردن:** ناوبانگ‌داخستن، ناووپلەوەدەستهێنان، نێوبانگی‌باشی‌کۆمەڵایەتی دەرکردن، نێوونێوبانگ‌ڕۆیشتن،
- **بەاسم:** ١- بەناوی، بەنێوی، ٢- بەبیانگی، بەبیانووی،
- **بەاسم‌خودجازدن:** بەدرۆ بەخۆوەلکاندن، بەناهەق بەنێوی خۆ کردن، کردنەهی‌خۆ،
- **بەاسم‌کسی‌بودن:** بەناوی‌کەسێک‌بوون، بەناوی کەسێک تۆماربوون، بەناوی‌کەسێکەوەبوون، کردنەناوکەسێکەوە، لەسەرناوی کەسێک بوون،
- **بەاسم‌کسی‌تمام‌شدن:** بەناوی‌کەسێک‌تەواوبوون، ڕەپاڵ دان(ڕەپاڵدانی‌کارێک‌بەکەسێک‌کەنەیکردووە)، وەپاڵ‌کەسێک‌نران،
- **بەاسم‌کسی‌دررفتن:** ← (بەاسم‌کسی‌تمام‌شدن) ← اسم،

**اسماً:** بناڤ، بەپێی‌ناوەکەی، بەناو، بەناوێ، بەنێو،

**اسما:** ناوەکان، نێوەکان،

**اسماء:** ناوەکان، نێوەکان،

- **اسماءاعلام:** ← (اسم خاص) ← اسم،
- **اسماءحسنی:** گرنگترین ناوەکانی خوا کەنەوەدونۆ ناون،
- **اسماءخاص:** ← (اسم خاص) ← اسم،

**اَسمار:** ئەفسانەکان، چیرۆکەکان، حەکایەتگەل، کۆی(سمر)،

**اِسماع:** ١- بەگوێ‌دادان، بەگوێ‌گەیاندن، ٢- سروودگوتن،

**اَسمر:** ئەسمەر، سەوزە، گەنم‌ڕەنگ، گەندمی، گەنمی،

**اسمن:** چاختر، قەڵەوتر،

**اسموکینگ:** جۆرەجلکێکی فەرمیی پیاونەیەکەزۆرتر لەدانیشتن‌و بۆنەفەرمییەکاندا دەکرێتەبەر،

**اسمی:** ١- بەناو، بەنێو، ڕواڵەتی، ٢- بەناوبانگ، بەنێوبانگ،

**اسناد:** بەڵگەکان، بەڵگەنامەکان، سەنەدەکان، قەباڵەکان، قەواڵەکان،

**اِسناد:** پێوەلکاندن، دانەپاڵ، ڕەباڵدان، ڕەگەڵخستن، وەپاڵدان، وەپاڵنان، شتێک خستنەپاڵ‌کەسێک، شتێک وەدوای کەسێک خستن،

**اسناددادن:** ← اِسناد،

**اسنادکردن:** ← اِسناد،

**اِسنادمجازی:** ڕەباڵدانی شتێکی خەیاڵی کەزۆرتر لەهەستی شاعیرانەوەسەرچاوەوەردەگرێ،

**اسنادتجاری:** بەڵگەنامەی بازرگانی،

**اسنان:** ١- ددانەکا، ٢- ساڵەکانیتەمەن،

**اسنوموبیل:** دەزگای بەفرماڵ، ماشێنی بەفرماڵین،

**اَسنی:** ١- بڵندتر، بەرزتر، ٢- ڕۆشنتر، ڕووناکتر، ڕوونتر،

**اَسواء:** خراپتران، دزێوتران،

**اَسوار(اُسوار):** سوارە،

**اَسوار:** برجەکان، بورگەکان، تیتاڵکەکان، شوورەیقەڵاکان،

**اسواران:** دەستەسەربازیسوارە، دەستەیئەسپسواران، سواران،

**اسواق:** بازاڕەکان،

**اُسوت(اِسوت):** ١- ئەوتایبەتمەندیەیەی مرۆڤدەکاتەشایانی ڕێبەری، خەسڵەتی شایانیڕێبەر، ٢ ← پیروی، ٣ ← پیشوا،

**اُسوة: ← اُسوت،**

**اسود:** ڕەش، ڕەشتاڵە، ماریڕەشیگەورە،

**اس‌وقس:** ← اسطقس،

**اسوه:** ١- پێشەنگ، ڕێنما، ڕێنوێن، سەرخەت، سەردێڕ، سەرمەشق، گرۆبەر، نمانا، نمینەک، نموونە، نموونەی بێخەوش، ٢ ← رهبر،

**اِسهاب:** ١ ← پرچانگی، ٢- لەڕادەتێپەڕین،

**اِسهال:** ئیسحال، ئیسحالبیەی، بەلەتوڕکە، بەلەفیرکە، بەلەفیڕە، پاکارکردن، پژک، تراڵی، تووڕاڵ، تووشقە، تەڤژین، تەقەتووڕکە، تەقەتۆڕە، تەقەفیڕە، حەیزە، دڵکارکران، دەروی، ڕەوانی، زکڕۆین، زگچوون، زگڕەوانی، زگکارکردن، زکەشۆڕە، زگەشۆڕە، زگە شۆڕێ، زەحیر، زەعیرە، زەختە، سکچوون،سکڕۆین، سکەشۆڕە، سکەشۆڕی، سەرپایی، سەرپێیی، شاتان، فیر، فیران، فیرکان، فیرە، ڤرک، ڤرۆ، ڤرۆک، ڤێرکە، قرگ، گووشلە، لەمشیەی، لەمەشیەی، هناڤچوون، هەڵتووڕان، هەڵشوولان،

**- اسهال‌خونی:** خوێن‌دانیشتن، دیزانتری، زەحیری،

**- اسهال‌حیوانی:** بەلەتووڕە، بەلەتووشقە، بەلەفیڕە، فیرکە، فیرە،

**- اسهال‌شدن:** بەلەفیڕەگرتن، تووڕاندن، تووڕنای، داتووڕاندن، ڕەوان بوون، زگچوون‌گرتن، فیراندن، فیرنای، ناڤچوون، هەڵتووڕاندن، هەڵتووڕانن، هەڵفیران، هەڵفیراندن،

**- اسهال‌گرفتن: ← (اسهال‌شدن) ← اسهال،**

**- اسهالی:** ئیسحال، بەلەفیڕەگرتوو، تەقەفیڕەگرتوو، ڕەوان، زگچوون‌گرتوو، زگەشۆڕەگرتەە، سەرپێییگرتوو، ناڤچوو،

**- اسهالی‌ریدن:** بەلەفیڕە، تووشقە، تەقەفیڕە، زگچوون، زگە شۆڕە، شاتاندن، شوولاندن، شیڕان، شیڕاندن، فیراندن، فیڕانن، فیرنای، فیشاندن، فیشانن، ڤیراندن، هەڵشوولاندن، هەڵفیراندن،

**اَسهام: ← سهام،**

**اَسهَل:** ئاسانتر، بەسێنەبیتر، ساناتر،ساناهیتر، سێنەبیتر، هاسانتر،

**اسیاف:** شمشیرەکان،

**اسید:** ئاسید، ئەسید، ترش، ترشە، ترشی، تیزاو، تیژاو،

**اسیدیته:** ترشایی، ڕادەیترشی،

**اسیر:** ئەسیر، ئێخسیر، بەردەستە، بەیدەست، دۆساخ، دیل، زیندانی، گراو، گرتوو، گرتی، گرفتار، گیراو، هەسیر، هێسیر، هێشیر، یەخسیر، یەسیر، یێخسیر،

**اسیرشدن:** بوون‌بەدیل، بەدیلگیران، بەردەستەبوون، گران، گیران، گیریان، گیریای، یەخسیربوون،

**- اسیرخاک: ← مردە،**

**- اسیروابیر:** دیل‌وداماو، قەتیس، گرفتار، گیروبەند،

**اسیرکردن:** ئێخسیرکردن، بەئێخسیریگرتن، بەدیلگرتن، بەردەستکردن، بەندکردن، دیلکردن، گرتن، گردن، یەخسیر کردن،

**اسیرگرفتن: ← اسیرکردن،**

**اسیری:** ئەسیری، دۆساخی، دیلی، ژێردەستەیی، گرفتاری، گیراوی، هەسیری، هێسیری، یەخسیری،

**اش:** ئەکەی، ی، پاشکری ئاماژە بەخاوەنایەتی (کتابش: کتێبەکەی، خانەاش: ماڵەکەی، ماڵی)،

**اشادت:** ١- پلەبردنەسەر، گەورەکردن، هەڵدانەوە، ٢- ئاشکرا کردنی کەسێک،

**اشارات:** کۆی(اشارە) ← اشارت(اشارە)،

**اشارْپ:** چارۆک، چارۆکە، چارەکە، چەتفە،

**اَشارت:** ١- ئاشیرەت، ئاماژە، ئیشارە، ئیشارەت، ئیما، ئێما، فچەنن، نیشانک، نیشانە، هێما، هیما، هێماژە، ٢ ← پند، ٣ ← رأی، ٤ ← مشورت،

**اشارت‌داشتن:** بەڵگەبوون‌بۆ، دەلیلبوون‌بۆ، نیشانەبوون لە،

**اشارت‌شدن:** ئەمرکران، دەستووردران، فەرماندران،

**اشارت‌کردن:** ١- با دستو ابرو و...نشان‌دادن: ئاماژە پێکردن، ئاماژە کردن، ئیشارەکردن، هێماکردن، ٢- فرمان‌دادن: ئەمر کردن، دەستووردان، فەرماندان، فەرماندای،

**اشارە: ← اشارت،**

**اشارەشدن: ← اشارت‌شدن،**

**اشارەکردن: ← اشارت‌کردن،**

**اشاعت: ← اشاعه،**

**اشاعه:** ١ ← پراکندەشدن، ٢ ← افشاشدن، ٣- ئاشکراکردن، ئاشکراکرن، ئاشکراکەردەی، بڵاوکردنەوەی نهێنی، پەردەلەسەرلابردن، پەردەلەسەرلادان، تاندەرخستن، چەرمگەوکردن، خستنەڕوو، خویاکردن، داپڵاندن، دانەخویاکرن، درکاندن، درکنای، دەرخستن، دەرێخستن، ڕۆشنکردنەوە، ڕوونکردنەوە، ڕەوشەنکردنەوە، زاهیرکردن، زڕاندن، زڕنای، سوورکردنەوە، سووروەکەردەی، عەیبوعار وەدەر خستن، فارشبوون، ڤەبچڕاندن، ڤەوراندن، ڤێڤراندن، قچاندن، قەپچەراندن، لەقاودان، نواندن، نیشاندان، نیشاندای، وسنای، وەدیار خستن، وەدیهێنان، ونارا، وەدەرخستن، وەدیارخستن، ٤- بڵاو بوونەوەیخەبەروباس، بڵاوبوونەوەیقسە، تەقینەوە، دەنگۆ، ڤەدێران، ٥- بڵاوکردنەوە، بڵاوەپێدان، پڕژاندن، پرشاندن، پەرەپێدان، داپڕژاندن، داپژاندن، ٦- تەقەداخستن، دەمگۆداخستن، دەنگۆداخستن، قاوداخستن، قووداخستن، گوتگوتک، مقۆمقۆکردن، واتەوات، ٧- چەند خاوەنی لەسامانێدا بەبێ ویستی خاوەنان(وەک میرات)،

**اشاعةاکاذیب:** درۆبڵاوکردنەوە، درۆداخستن، دەرەوبڵاوکردنەوە، فشەداخستن،

**اشاعەدادن:** برەوپێدان، بڵاوکردنەوە، بەلاڤکرن، پرژاندن، پەرەپێدان،

**اَشباح:** ١- کۆی(شبح) ← شبح، ٢- تەنان، جەستەکان، لەشان،

**اِشباع:** ١- پڕی، تێروپڕی، تێری، خەستی، سێری، ٢- بەخەستی ڕەنگ‌کردن، پڕڕەنگ‌کردن، تێرڕەنگ کردن، ٣ ← بسیار،

**اِشباع‌شدن:** پڕبوون، تێربوون، خەستبوون،

**اِشباع‌کردن:** پڕکردن، تێرکردن، خەستکردن،

**اشباه:** شبهاند، شپاندن، لێکچوون، وێکچواندن، وێکچوون،

**اَشبُل:** خەرزێ‌ماسی، گەرا، گەراماسی،

**اشبو:** خەڵووزدان، ڕەژیدان، زغاڵدان، زغاڵدوو، سوخاڵدان،

**اشبە:** لێکچووتر، وێچووتر، وێکچووتر،

**اشپش:** ئەسپشی، ئەسپی، ئەسپێ، زندوو، زیندوو، سپپی، سپە، سپە، سپهک، سپەه، سپی، سپێ، عەبوێژ، گنار، هسپی، هەسپێ، هەشپش، هەشپشی، هەشپی،

**اشپشە:** ← شپشک،

**اشپوختن:** ١ ← افشاندن، ٢- ترشح کردن: پشیان، تەڕاه دان، تەڕاییدان، تێ چوون، دەڵاندن، نمدانەوە،

**اشپیختن:** ← اشپوختن،

**اشتاب:** ئازا، برێڤ، بەخبەخ، بەل، پلت، پەل(کجا با این عجلە: بەرەوکوێ پەل بووی؟)، پەڵە، پەلە، پەلەبچوڕکێ، پەلە پچووڕکێ، پەلەپرتکێ، پەلەپڕووزکێ، پەلەپڕووزە، پەلەپڕووزێ، پەلەپڕووسکە، پەلەپڕووسکێ، پەلەپەلوهەلەهەل، پەلەقاژە، پەلەو داوان، پەلەولەز، پەلەیزۆر، پۆ، تاڵووکە، تاو(بەتاوهات)، توند،تەڵووکە، تەوژم، تەوشم، جەخت، حەلوەلا، حەولووەلا، خۆش، خۆشخۆش (عجلەکن (باعجلە برو): خۆشبڕۆ، خۆشخۆشبڕۆ)، خێرا، خێراخێرا، دەستوبرد، دەسوا کرد، زوو، ساتی، سەرپێ، شاکەشاک، عەجەلە، فڕەفڕ، کوڵووکی، گورج گورج، گوژم، گوژمە، گوژولەز، لەز، لەزوبەز، هەشتاو، هەلەوپەلە، هەلەهەل، هەڵەهەڵ، هەلە هەلو پەلەپەل،

**اشتابیدن:** بەلەسەبوون، پەلەپەل، پەلە کردن، پەلە کەردەی، پەلە لێکردن، پێهەڵبڕین، تاڵووکە کردن،جەختکردن، شاکە شاک، لەپین، لەزاندن، لەزکردن، لەزلێکردن، لەزیان، لەزین، وەپەلە کەوتن، هنجراندن، هەڵپەوپەلە، هەڵپەهەڵپ،

**اشتافتن:** ← اشتابیدن،

**اشتالنگ:** جگ، قاپ، میچ،

**اشتباە:** ١- بەسەهووچوون، پەڵە، تاوان، خووڵ، خەتا، خەڵت، خەڵەت، دەسەرچوو، سووچ، سەهوو، سەهووکردن، غەڵەت، فاست، فیت، فیک، قۆڕن، گونا، گوناح، گوناسا، گوناسە، گوناع، گوناە، لەسەرچوو، لەسەرچوون، نووچک، نەزانست، هەللە، هەلە، هەڵە، هەڵەکاری، هەڵەیی، یانش، ٢ ← اشباە،

**- ازاشتباەدرآمدن:** بەسەهووی‌خۆزاین، بەغەڵەتیخۆزانین، بەفیتی خۆزانین، بەفیکیخۆزانین، بەگوناحیخۆزانین، بەگوناهی خۆ زانین، بە هەڵەیخۆزانین،

**- اشتباهاً:** بەخەتا، بەخەڵەت، بەغەڵەت، بەهەڵە،

**- اشتباهات:** کۆی(اشتباە) ← اشتباە،

**- اشتباەداشتن:** ١- خەڵەتهەبوون، غەڵەتهەبوون، هەڵەهەبوون، ٢- لێکچوون، وێکچوون،

**- اشتباەکار:** ← اشتباەکنندە،

**- اشتباەکاری:** شاشیکاری، هەڵەکاری،

**- اشتباەکردن:** بەخەڵەتچوون، بەسەرچوون، بەسەهوو چوون، بەهەڵەچوون، دوچاری نووچک هاتن، سەرچوون، سەهوکردن، غەڵەتکردن، هەڵەکردن، هەڵەکەردەی،

**- اشتباەکسیراگرفتن:** هەڵەبۆ ڕاستکردنەوە،

**- اشتباەکنندە:** بەهەڵەچوو، خەڵەتکار، سەهوکار، شاش، شۆش، غەڵەت، هەڵەکار،

**- اشتباەگرفتن:** بەهەڵەبۆچوون، بەهەڵەگرتن، تووشی هەڵە بوون لەناسیندا، لێتێکچوون، کەسێک بەجێگای کەسێکی دیکە گرتن،

**- اشتباەلُپی:** بەهەڵەچوون لەواتا یا دەربڕیندا، پەڵەی زەق، هەڵەیتەواو،

**- اشتباەلفظی:** جووڕیان، زمان بەهەڵەداچوون، شاشیا دەڤکی، هەڵەیزارەکی،

**- اشتباهی:** بەخەتا، بەخەڵەت، بەغەڵەت، بەهەڵە،

**- اشتباهیگرفتن:** ← (اشتباەگرفتن) ← اشتباە،

**- بەاشتباەافتادن:** بەسەهووچوون، بەغەڵەتچوون، تووشیغەڵەت بوون، تووشیهەڵەبوون،

**- بەاشتباەانداختن:** بەسەهووبردن، بەسەهووچواندن، بەغەڵەتچواندن، تووشیهەڵەکردن، سەرلێسەندن، غەڵەتپێکردن،

**- دچاراشتباەشدن:** ← بەاشتباەافتادن،

**- کسیراازاشتباەدرآوردن:** لەهەڵەدەرێنانی کەسێک، ناساندنی هەڵەی کەسێک بەخۆی،

**اشتجار:** بەبەریەکداچوو، دەووەوەی، شەڕەقسە،

**اشتداد:** ١ ← استوارشدن، ٢ ← زورمندی، ٣ ← سختشدن، ٤ ← سختی، ٥ ← نیروگرفتن،

**اشتدادیافتن:** توندەوەبوون، تەشەنەکردن، سەختەوەبوون،

**أشتُر:** حوشتر، حویشتر، حیشتر، دەڤە، دەڤەه، دینە، سار (سارەوان)، سارە، سال، عشتر، وشتر، هوشتر، هۆشتر، هەشتر،

**اشتراء:** سەنن، کڕین،

**اشتراط:** شەرتبەستن، گرێوکردن، مەرجکردن،

**اشتراک:** بەشداری، بوونەشەریک، پشکداری، شەریکایەتی، هاوبەشی،

**- اشتراکروزنامە:** ئابونمان، پووڵیئابوونە، پارەی کڕینی ڕۆژنامەو گۆڤارو ئاووکارەباو... بۆماوەیەکی دیاریکراو،

**- اشتراکلفظی:** بەکارهاینانی وشەیەک لە ڕستەیەکدا بەدوومانا (وک: ڕاویارو ڕاویار کە یەکەمیان بەمانای ڕاوچی و دووهەمیان بهمانای ڕێبوارە)، بەکارهێنانیوشەیەک بۆچەندواتا،

**- اشتراکمساعی:** ئاریکاری، هاریکاری، هاوکاری، هاویاری، هەرەوەز،

**- اشتراکمعانی:** هاوبەشیلەمانادا، هاوبەشیلەواتادا،

**اشتراکپیداکردن:** بەشداربوون، بوونەشەریک، بوونەهاوبەش، بوونەهاوشک، بوونەهاوڕا، بوونەهاوکار،

**اشتراکدادن:** بەشدارکردن، کردنەشەریک، کردنەهاوبەش، کردنەهاوپشک، کردنەهاوکار،

**اشتراکداشتن:** بەشداربوون، شەریکبوون، هاوبەشبوون، هاو پشک بوون، هاوکار بوون،

**اشتراکی:** ١- ئیشەریکایەتی، بەشداری، بەشێوەیهاوپشکی، بەشەریکی، بەشەریکایەتی، شەریکی، هاوبەشی، هاو پشکی، هاوکاری، ٢ ← کمونیستی،

**- اشتراکیکردن:** گۆڕینی خاوەندارەتیی تاکەکەسی بەخاوەندارەتیی کۆیی،

**- نظاماشتراکی:** سیستەمیکۆمۆنیستی، نیزامی کۆمۆنیستی،

**اشتربان:** حوشترەوان، سارەوان، وشترەوان،

**اشتربچە:** بەچکەوشتر، تۆرم، دەیلاخ، دەیلاغ،

**اشترپا:** جاترە، هەوشین، گیایەکەلەتیرەیپنگ،

**اشترپای:** جاترە، هەوشین، گیایەکەلەتیرەیپنگ،

**اشترچران:** حوشترەوان، سارەوان، وشترەوان،

**اشترخار:** حوشترئالووک، حوشترخوار، حوشترخۆرکە، حوشترخۆرە، ستریشینک، شیرحوشتر، کاویر، وشترالۆک، وشترخوار، وشترخۆرکە، وشترخۆرە، هوشترالۆک،

**اشترخان:** حوشترخان، وشترخان،

**اشترخوار:** ١- وشترخۆر، ٢- گەنە،

**اشترخوی:** ١- کینەشتری: بەڕق، بوغزلەزگ، حرسن، دەبنەوەبڕ، ڕقلەزک، ڕکلەسک، ڕکونی، ڕکوونی، زکڕەش، قیناوی، قینلەبەر، قین

لەدڵ، قینلەزگ، قینلەسک، قینون، قینەوْن، کێنو، کینەدار، کینەکێش، کینەوْشتری، لەرِق، لەرِک، لەنجباز، لەنجۆ، نەهێنبرِ، نەهێن درِ، نەهێنگر، نهێنبرِ، نهێندرِ، نهێنگر، وشترقین، وشترکین، ٢- صبور: ئارام، ئۆقرەگرتوو، بەپشوو، بەحەوسەلە،بەحەوسەڵە، بەسەبر، بەسەبروپشوو، بەسەبروحەوسەلە، بەکێش، بەگیر، بەگیرگە، بەلێبوور، بێپێژن، پڕزوو، پشووسەور، پشوولەسەرخۆ، پشوولەسەرەخۆ، جەرگ‌قایم، چاڤ فرە، خوس، خۆگر، خۆگیر، دابین، داتەمریاگ، داسەکناو، داکەسیای، دامرکاو، دڵفراوان، دڵفرەوان، دلڤال، دلڤەکری، دڵگوشاد، دەرووندار، زانی، زەوت، زەود، سرەوتوو،سەرەخۆ،سەماس، عالوسال، ڤەنهشتی، قارِ، لسەرخۆ، لەسەرخۆ، لەسەرەخۆ، مەند، نشمی، نەتوورِە، نەرم، نەرموو، نەرموشل، نەرمونیان، نەرمو هاژۆک، نەفس‌پێت، نەفەس‌درێژ، نەمْر،نەملچ، وس، وست، ول، هارام، هەدار، هەدراندی، هەندریای، هێدی، هێمن، هێواش، هێور، هێوڵ، هێوْن، ٣- قانع: بۆین، رِازی، رِازی بەبەش، شوکرانەبژێر، قانح، قانع، قنیاتکەر،

**اشتردار:** حوشترەوان، سارەوان، وشترەوان،

**اشتردل:** ١ ← اشترزهره، ٢ ← اشترکین،

**اشترزهره:** بزدۆک، بزدوونەک، بەزدۆنەک، بەعجی، بێدڵ، بێزاڵە، بێزراڤ، بێ‌زراڤ،بێغیرەت، پرِپۆل، ترسۆ، ترسۆک، ترسۆ نەک، ترسەزاڵ، ترسەزاوەر، ترسەنۆک، ترسیار، ترسیاو، ترووسک، تسکەن، تورووندی، تەسە زاڵ، حیز، خنز، خوێری، خێرِۆ، دلْسست، دل کەچک، دەڵە، دەمارسست، رِەڤرِەڤۆک، رِەوەک، زەبوون، فرە، ڤرچالە، ڤرچاڵە، ڤەرچالە، قزە، قژە، قوزە، قوونفرە، قەڵس، قەڵسەمێر، قەلە زراو، کەللە زراو، کولافە، کۆنەمەشک، کەمدڵ، گەوش، مخەننەت، مێچک، ناپیاو، نامەرد، نەمەرد، نەمێر، نەوێر، نەوێرک، نەوێرۆک، نەوێرەک، هوولۆلی، هیز،

**اشترک:** شاپێڵ، شەپۆلی‌گەورە، وشترە، گەڤل، لەپاوە،

**اشترکین:** ← اشترخوی(١)،

**اشترکینی:** ← اشترخوی(١)،

**اشترگاو:** زەرِرِافە، وشترگا، هێشترگا،

**اشترگاوپلنگ:** زەرِرِافە، شترگاپلنگ، وشترگا، هێشترگا،

**اشترگربە:** نالەبار، نەشیاو،

**اشترگیا:** ← اشترخار،

**اشترلک:** ← اشترمرغ،

**اشترمآب:** ١- بسیارموقر: زۆرقورساخ، زۆرقورساغ، زۆرسەنگین‌و گران، زۆربەمووركومایە، زۆرمەند، زۆرمەنگ، زۆربەحوزم، زۆربەعوزم، ٢- کهنەپرست: دماکەوتە، دواکەوتوو، کەڤنەپەرێس، کۆنەپەرست،

**اشترمرغ:** ئاگرخۆرە، حوشترمرخ، حوشترمەل، شترمر، وشترمر، هەشترمە،

**اشتروار:** بارەوشترێک، باری وشترێک،

**اشتروان:** ← اشتربان،

**اشترە:** ← (شترخار) ← شتر،

**اشتعال:** ← افروختگی،

**اشتعال‌پذیر:** ← (قابل‌اشتحال) ← قابل،

**اشتغال:** ١- بە...وەخەریکبوون، پێوەخەریک بوون، پەرژان، پەرژیان، پەرژین، خجلیان، خەریک بوون‌بە، سەرگەرمبوون‌بە، ٢- مشغولیت: گرفتاری، سەرگەرمی، سەرقاڵی، مژووڵی، ٣- پیشە، شوغڵ، کار،

**- اشتغال‌اتفاقی:** کاری بەهەڵکەوت بەبێ سەحاتی کارو مزی رِێکوپێک،

**- اشتغال‌زا:** ئیشساز، کارپێکهێن، کارزیادکەر،

**اشتقاق:** جیابوونەوە، شەقبوون، لەیەک برِان، لێکبوونەوە، لێکدابرِان، لێک هەڵبرِان، وەدەرکەوتنی وشەیەک لەناو وشەیەکی دیکە وەها کەمانای‌وشەی تازە پەیوەندیی هەبێ لەگەڵ‌وشەی پێشوو(بۆوێنە: (رفتن: رِۆیشتن، روند: رِەوت، رفتار: رِەفتار، روش: رِەوشت) کە هەموویان لەوشەی(رفتن: رِۆیشتن) وەرگیراون)،

**اشتک:** بابۆڵەپێچی منداڵ،پابۆڵە، قومات، قوماتک، قوماتە، قۆناخ، قۆناخە، قۆناغ، قۆناغە، قۆنداخ، قۆنداخە، قۆنداغ،کلپیچک، کوماتەک، قۆنداغەی کۆرپەی ساوا، مادْک،

**اشتکاء:** سکالاکردن، شکایەتکردن، گازندەکردن،

**اُشتُلم:** ١- بەزۆری‌ئەستاندن، ٢- تعدی: تەعەدا، دەست درێژی، دەسدرێژی، زوڵم، زۆریکردن، ستەم‌کردن، کەڵەگایی، ٣- تندی: تووورِەبوون، تووورِەیی، توندی، جەحنین، حیرس، خوریت، خۆقەڵس‌کردن، رِق، رِقهەستان، رِکهەستاوی، رِکبوونەوە، زرزی، قەڵسی، گەرووشە، ٤- لاف‌زدن ازپهلوانی: ئیدیعای پاڵەوانەتی کردن، بافیش، بەفشەفش‌خۆبەپاڵەوان دانان، خۆبەپاڵەوان ناساندن، خۆهەڵترِاندن، خۆهەڵدانەوە، لافی پاڵەوانی‌لێدان، هەوای پاڵەوانەتی لێدان، ٤- دەنگ‌وهەرا، شەرِەچەقە، گورِوهەرا، گورِەوهەرا، مەقۆمەقۆ، هاتوهاوار، هەراوهوریا، هەراهەرا،

**اشتمال:** ← شمول،

**اُشتورە:** ← اشترخار،

**اشتها:** ← اشتهاء،

**اشتهاء:** ئارەزوو، ئارەزوولێبوون، ئیشتیا، بژۆک، بێز، بێزوو، تاسە، جوفا، حەز، دڵ‌بردن، دڵ‌بۆچوون، دڵ‌پێوەبوون، دڵ‌تێچوون، دڵخواز، دڵ‌چوونەسەر، قیل، کەوْژ، گێڤل، ماعد، ماعدە، مجێز، مرخ، مەگێز، واز، واز لەخواردن، وازی‌خواردن، واژۆ، مجێز، مەزە، مەگیرانی، مەگێز، مەیل، واستش، واشتش، وەشتن، وەشتی،

**- اشتهاانگیختن:** ئیشتیابزواندن، سوێق‌سوێقەدان،

**- اشتهاانگیز:** ئیشتیابزوێن، ئیشتیاهێن، حەزبزوێن، حەزهێن، سوێق‌سوێقەدەر،

**- اشتهابردن:** ئیشتیابردن، بێزهاتن، قێزبردن، وازلەخواردنبوون،

**- اشتهاداشتن:** ئیشتیالێبوون، دلهاوردن، دلهەبوون،

**- اشتهاکورشدن:** ئیشتیاگیران، خواردن‌پێنەخوران، دڵ‌گیران، گیڤڵ کوێروبوون،

**- بەاشتهای‌دیگری‌نان‌خوردن:** بەسازی دیتران سەماکردن، بەهیوای خەڵکەوە کارێ کردن،

**اشتهار:** ١ ← اشاعە(٢)، ٢- شهرت: تاڤدەنگ، دەنگوناو، شۆرەت، ناڤدەنگ، ناڤودەنگ، نامەدەنگ، ناوبانگ، نێوبانگ، ٣-معروف‌گردیدن: بەنێوبانگ‌بوون، ناوبانگ دەرکردن، ناودەرکردن، نێوبانگ‌دەرکردن، نێو دەرکردن،

**اشتهارداشتن:** بەناوبانگبوون، بەنێوبانگبوون، ناوبانگ هەبوون، نێوبانگ‌هەبوون، نێوبەدەرەوەبوون،

**اشتهارطلب:** خوازیاری‌نێوبانگ، ناووناوبانگخواز، نێوبانگخواز،

**اشتهاریافتن:** بەنێوبانگ‌بوون، نامێ‌لوەی، ناوبانگ دەرکردن، ناوداخستن، نێوبانگ دەرکردن، نێودەرکردن،

**اشتیاق:** ئارەزوو، ئیشتیا، برِی، بیهر، تاسە، تاسی،تامەزرۆیی، تەما، تەوا، حەز، دڵبژۆکی، دڵ‌بۆکورکاندن، دڵسۆتەی، دڵسۆچیای، دڵ سووتان، دڵ سووتیان، شن، دڵکورکان، دڵکورکیان، دڵسووتیان، سوو، سوێ، سوێر، شن، عەز، عەزرەت، کەوْژ، گز، مەراق، مەرەق، مجێز، نگە، واز، واستش، هاش، هۆک، هەوا،

**- اشتیاق‌داشتن:** ئارەزووکردن، ئارەزووکەردەی، ئارەزوومەندبوون، ئیشتیا لێ بوون، بەحەسرەت بوون، بەسوو بوون، بەعەزرەتبوون، بەمەراق بوون، تاسەدار بوون، تاسەکردن، تامەزرۆبوون،

دڵبۆکورکاندن، دڵ سووتان، دڵکورکان، دڵکورکیان، سوێ بوونەوە، مەراق لێبوون، واز لێبوون، یادکردن، یادکەردەی،

**اشتیم:** ← استیم،

**اُشَج:** بەهەک، جەوگەبەهەک، جوەگەبەهەک،

**اشجار:** دارودرەخت، دارودەوەن، دارەکان، دارێ، درەختگەل، درەختەکان،

**اشجع:** ئازاتر، بوێرتر، بەجەرگتر، بەغیرەتتر، بەورەتر، دلێرتر،

**اشخاص:** کۆی (شخص)، شەخسان، کەسان،

**اَشَدّ:** توندتر، توندترین، سەختتر، سەختترین،

**اَشَدّمجازات:** توندترینسزا، سەختترین سزا،

**اشرار:** ئاژاوەچیان، ئاژاوەگێڕان، بەدکاران، خراپ کاران، خەراپکاران، خراپەکاران، شەڕفرۆشان،

**اِشراف:** ١- لەسەرەوەڕاتێڕوانین، ٢- پێزاین، لێ ئاگاداربوون، ٣- بۆلایسەرێهاتن، بەرزبوونەوە، بەرزەوبوون، زاڵبوون، سەر ئامای، هاتنەسەر، هەستان، ٤- چاودێری کردن، چاوەدێرێ،

**اشراف:** بەڕێزان، خانەدانان، خاوەنشەرەفان، گەوران، گەورەماڵان، مازنان، مەزنان، نەجیبان، نەجیمان،

**اشرافزادە:** پسمیر، نەجیبزادە، نەجیمزادە،

**اشرافزادەمفلس:** ئاغاڕووتە، بەگزادەینابووت، چەکمەبۆر، چەکمەڕەق،

**اشرافسالاری:** ← ئاریستوکراسی،

**اشرافی:** ئاغاوەتی، ئاغایانە، ئاغەواتی، ئینەجیبان، پەیوەندیدار بەنەجیبان، گەورانە، نەجیمانە،

**اِشراق:** ١- ئاورنگدان، ئەوەبریقیای، برقان،برقە، برقەدان، برقین، برووسک، برووسکان، برووسکاندن، برووسکانەوە، برووسکدانەوە، برووسکە، برووسکەدانەوە، برووسکیان، برووسکین، برووقە، برووقە دان، برووکان، برووکانەوە، بریس، بریسک، بریسکان، بریسکانەوە، بریسکە، بریسکەبریسک، بریسکەدان، بریسکەدانەوە، بریسکینەوە، بریڤان، بریق، پرشپرش، پرشە، پرشەدان، پشک، پشکدان، پرووزکانەوە، پزووسک، پزووسکدان، پزووسکە، پزووسکەدان، ترووسک، ترووسکان، ترووسکانەوە، تروسکە، ترووسکەدان، ترووسکەدانەوە، ترووسکیانەوە، تریسکە، تریسکەتریسک، تریسکەدان، تووزوسکە، تەپس، تەپسین، تەیس، تەیسان، تەیسین، تیشکخستنەسەر، تیشکدان، تیشکدانەوە، تیشکە، تیشک هاویشتن، چرسان، چرسکانەوە، چرسین، چرووس، چرووسان، چرووسانەوە، چرووسکانەوە، چرووسکە، چرووسکەدان، چرووسی، چریسکان، چریسکە، چسک، چوریسک، چیک، خشا، داترووسکان، داترووسکیان، درووشە، درووشیان، درووشین، درەخشانەوە،درەخشینەوە، درەوش، درەوشان، درەوشانەوە،درەوشە، درەوشەدرەوش، درەوشین، درەوشینەوە، زرووقە، زرووقەدان، زرووقەزرووق، زەڕق، زەڕقوبەرق، زەڕقین، سریوە، سریوەسریو، شۆقدانەوە، شەباک، شەوقئەوەدای، شەوقدان، گرشە، گرشەگرش، مەرێس، کەل، لەیلان، نوورهاویشتن، ورشە، ورشە دان، وریش، وریشە، ٢- روشنکردن: ڕۆشنکردن، ڕۆشنکردنەوە، ڕۆشنکەردەی، ڕۆشن وەکەردەی، ڕووناک کردنەوە، ڕوونکردنەوە، ساخکردنەوە، ساغکردنەوە، شیکردنەوە، دیاریکردنی نەزانراو، ٣ ← الهامگرفتن، ٤- فەلسەفەیەکبووە لەئیسلامدا شێخ شەهابەددینی سەهرەوەردی بڕەوی پێداوە، توانایی دۆزینەوەی ڕاستی بەبێ بەڵگەو تەنیا بە هەستبڕشتی زەین،

**اشراقی:** ئیشراقی، پەیڕەوی فەلسەفەی ئیشراق،

**اشراقیون:** کۆی(اشراقی) ← اشراقی،

**اشراقیین:** کۆی(اشراقی) ← اشراقی،

**اَشرِبە:** خواردنەوەکان، نۆشەمەنییەکان،

**اشرس:** ← تندخو،

**اشرف:** بەرزتر، بەڕێزتر، بەڕێزترین، بەنرخترین، شەریفترین، هەڤیاز، هێژاترین،

**- اشرفمخلوقات:** ← انسان،

**- اشرفومشرق:** سەرانسەر، سەرتاسەر، هەمووجێگایەک،

**- حضرتاشرف:** وشەی ڕێزلێنانەبۆ شازادەو وەزیران،

**- جناباشرف:** وشەی ڕێزلێنانەبۆ شازادەو وەزیران،

**اشرفی:** ئەشرەفی، سکەیەکی زێڕە، سووڕەتشایی،

**اَشعار:** شێعرەکان، هەڵبەستەکان،

**اِشعار:** ← آگاهی،

**اِشعارداشتن:** ← اِشعارکردن،

**اِشعارکردن:** ئاگادارکردن، ئاگادارکردنەوە، خەبەرپێدان، دەنگکردن، زاناکردن، زاناندن، فێرکردن،

**اِشعال:** ئاگرتێبەردان، ئاگردان، ئاورتێبەردان، پێکردن، داگیرساندن، سووتاندن، گڕتێبەردان، هەڵکردن،

**اشعث:** سەرقرژن، گژنەسەرە، مووهاڵۆز،

**اشعر:** ١- بوێژتر، زاناتر، هەستیارتر، ٢- پرچن، تووکن، ٣- شێعریباشتر، هەڵبەستیچاکتر،

**اشعە:** برووسکەکان، بریسکەکان، پڕتەوەکان، پڕشنگەکان، پڕشەنگەکان، پەرتاڤەکان، پەرتەوەکان، تاڤکەکان، ترووسکایی یەکان، تیجیە، تیراژەکان، تیرۆژەکان، تیرێژەکان، تیسک، تیشکەکان،

**اشعۀزیرقرمز:** تیشکیخوارسوور،

**اشعۀفوقبنفش:** تیشکیسەروو وەنەوشەیی،

**اشعۀنامرئی:** تیشکی نەبینراو،

**اشغال:** ١- مشغولکردن: خەریککردن، سەرقاڵکردن، سەرگەرمکردن، کارێکپێکردن، مژوولکردن، مەشغووڵکردن، ٢- دابڕکاری، داگیرکاری، ٣ ← اشغالکردن،

**اشغالکردن:** ئیشغاڵکردن، بنچۆکدان، بەرچۆکدان، داگیرکردن، دەست بەسەرداگرتن، زەوتکردن، گرتن، لەهاندن، هێزتێداجێگیر کردن، هێزلێدابەزاندن، هێزینیزامیتێخزاندن،

**اشغالگر:** پێبەر، دابڕکەر، داگر، داگیرکار، داگیرکەر، کۆلیدار،

**اشغالی:** ١- بنچۆکدراو، بەرچۆکدراو، پێبەرێتی، داگیر کراو، داگیر کریا، داگیرکریاگ، دەست بەسەرداگیراو، شوێنی گیراو بەشێوەی نیزامی، کۆڵی، ٢ ← اشغالگر،

**اشفاء:** چاکردنەوە، خۆشکردنەوە، ساخکردنەوە، ساڕێژکردنەوە،

**اِشفار:** شیرازە، قەراخ، لێوارەیهەرشتێک،

**اِشفاق:** ١ ← ترسیدن، ٢ ← مهربانی،

**اُشَق:** بەهەک، جەوگەبەهەک، جوەگەبەهەک،

**اَشَق:** ئەستەمتر، دژوارتر، سەختتر،

**اشقردیون:** زیزک، زیسک، سیری عەجەمی، مووسڵی، مووسیر،

**اشقی:** ← بدبخت،

**اشقیا:** ١ ← بدبختان، ٢ ← تبهکاران،

**اشقیاء:** ١ ← بدبختان، ٢ ← تبهکاران،

**اشک:** **ئاویچاو،** ئەسر، ئەسرین، ئەشک، ئەنوو، ڕۆنتک، ڕۆندک، ڕۆنک، ڕۆنکی، ڕۆننک، سرشک، سروشک، فرمێسک، فرێش، فرێشک، گورمیس، لۆرک، هورمیس، هۆرمیسک، هەرس، هەرسی، هەرش، هەرەس، هەستار، هەستارە، هەسر، هەڵس، هێرش، هێستر، هیستۆک، هێسیر،

- **اشک‌آلود:** بەفرمێسک، فرمێسکاوی، هەرسین، هەرسی، هەڵسی،
- **اشک‌آلود:** بەفرمێسک، فرمێسکاوی،
- **اشک‌آور:** فرمێسک‌هێنەر،
- **اشک‌افشاندن:** ئاوی‌چاوڕشتن، ئەسرین‌ڕشتن، ئەشک باراندن، ئەشکوەراندن، ڕۆندک ڕێتن، فرمێسک‌باراندن، فرمێسک‌ڕژاندن، فرمێسک ڕشتن، فرمیسک‌هەڵوەراندن، قەرەقاژە، کالین، گرەوای، گــرەوە، گـــری، گریـــان (آخرهرگریــەآخرخنـــدەایـــست / مــرد آخربین‌مبارک‌بندەایست - مثنوی فم: بەدوای‌گریاندائەنجام پێکەنینە / بەرزو پیرۆزەئەوکەسەی دووربینە نووسەر)، گرین، گریوە، گریە، گیریست، هەرسی‌ڕشنایش، فرمێسک باراندن،
- **اشک‌بار:** فرمێسک‌ڕێژ، گریاو،
- **اشک‌باری:** فرمێسک‌ڕێژی، گریان،
- **اشک‌باریدن:** ← اشک‌افشاندن،
- **اشک‌بلبل:** ١ ← شبنم، ٢ ← می،
- **اشک‌پیازی:** ← (اشک‌تمساح) ← اشک،

**اشک‌تمساح:** تەڵەکە، فرمیسکی بەدرۆ، فرمێسکی درۆیین، فرمێسکی درۆیینە، فریو،
- **اشک‌توی‌مشک‌داشتن:** ئامادەی گریان بوون، سەراوی کەسێک نیزیک بوون، فرمسک لەسەر لێوی قوونێ بوون،
- **اشک‌چیدن:** فرمێسک‌پاک‌کردنەوە، فرمێسک سڕینەوە،
- **اشک‌حسرت:** فرمێسکی‌پەشیمانی، فرمێسکی‌زۆر،
- **اشک‌داودی:** فرمێسکی‌پەشیمانی، فرمێسکی‌زۆر،
- **اشک‌ریختن:** ← اشک‌افشاندن،
- **اشک‌ریز:** ← (اشک‌بار) ← اشک،
- **اشک‌ریزان:** بەچاوی بەفرمێسکەوە، بەفرمێسک، بەگریانەوە، فرمێسکاوی، فرمێسکبار، فرمێسکڕێژ، فرمێسکوەرێن، فرمێسک هەڵوەرێن،
- **اشک‌شادی:** شەکارگری، فرمێسکبزە، کەنیگری، گریان لەخۆشیان،
- **اشک‌شمع:** تنۆکەی مۆم، دڵۆپەی شەم،
- **اشک‌شوق:** ← (اشک‌شادی) ← اشک،
- **اشک‌فشان:** ← اشک‌ریزان،
- **اشک‌فشاندن:** ← اشک‌افشاندن،
- **اشک‌کسی‌رادرآوردن:** ←(اشک‌گرفتن) ← اشک،
- **اشک‌گرفتن:** دەگریان‌کردن، گریاندن‌بەخوێندنەوەی دولکەو شتی‌وا، گریاندنی‌کەسێک، وەگریان‌خستن،

**اشکاف:** دۆڵاب، دۆڵابـی‌جلکـان، شـوێنی‌جلـک‌تێداهـەڵاوەسـین دەدیواردا، کانتۆر، گەنجە، یوک،

**اشکافت:** ← اشکافتن،

**اشکافتن:** ١- پارەکردن: ئـەرەدر، ئـەرەدرنـای، ئـەوە تلیـشنای، ئەوەتەقنای، پارچەکردن، پژلاندن، پشکافتن، پەرچڤاندن، پەقاندن، ترەقاندن، ترەکاندن، ترەکانن، ترەکنای، تلێشان، تلێشاندن، تلێشانن، تـەقانـدن، تـەقاندنـەوە، تـەقنـای، تیکپێـدان، چڕانـدن، چڕژانـدن، چلفڕاندن، داڕاندن، دادڕین، دڕاندن، دڕانن، درزپێبردن، درزپێدان، دڕنـە، دڕیـن، دەرزانـدن، دەرزپێـدان، درزتێبـردن، زڕانـدن، زڕنـای، زڤارکرن، شڕکردن، ڤەرساندن، ڤەرستن، کەلاشتن، لەبەریەک‌بردن، لەتکردن، لەتکەردەی، لەتوکوتکردن، هلپەرتاندن، هلقرتاندن، هل قەتاندن، هلهلاندن، هۆردڕنای، هۆردروون، هۆرزڕنای، هەڵپشکواندن، هەڵ تلێشاندن، هەڵتلێشانن، هەڵدڕاندن، هەڵدڕین، هەڵزڕاندن، هەڵزڕانن، هەڵزڕەپان، هەڵزڕەپاندن، ٢- چاک‌دادن: ئەوەتلیشنای، پشکافتن، پـەرچڤـاندن، ترکاندن، ترەقاندن، ترەکاندن، ترەکانن، ترەکنای، تلێشان، تلێشاندن، تلێشانن، چڕاندن، چڕژاندن، چلفڕاندن، دادڕین، دڕاندن، دڕانن، داقەڵەشتن، دڕاندن، درزپێبردن، درزپێدان، درزتێبـردن، دڕنـە، دڕیـن، دەرزانـدن، دەرزپێـدان، دەرزتێبـردن، سەکتین، شڕکردن، ڤەقەڵاشتن، قلاشتن، قلێشاندن، قڵێشاندنەوە، قلێشانن، قلێشانەوە، قلیشیانن، قەڵاشتن، قەلاشتنەوە، قەلاشدن، قەڵشاندن، قەڵەشتن، کەساخ، کەلاشتن، لەبەریەک‌بردن، هەڵپشکواندن، هەڵ ترەکان، هەڵترەکیان، ٣- شکافتەشدن: ئوترەکای، ئەرەدڕیای، بزدان، بزدین، بەرقتین، بەزدین، بەقتین، پارچەبوون، پژان، پژلان، پشکافتن، پەڕتین، پەرچڤین، پەقان، پەقین، ترۆقین، ترکین، ترەقین، ترەکان، ترەکای، ترەکیان، ترەکیای، ترەکین، تلێشان، تلێشبردن، تلیشیان، تەقان، تەقای، تەقبردن، تەقین، تەقینەوە، تیکدان، تێکچڕژان، چڕان، چڕژان، چلفڕان، داتلێـــشان، دادڕان، دڕان، درزبـــردن، درزدان، درزدای، دەرزان، دەرزبـردن، دەرزبـەردەی، دەرزدان، دەڕزیـن، زڕان، زریـان، ڕزیـن، ڕیـزای، زڤـاربوون، زەنـگ‌بـردن، شـڕبوون، شـرەقیـان، شـرەقیـان، شەقبردن، شەق بوون، شەقبەردەی، فرەقین، فەرژ، فەرژین، ڤلت، ڤـەرسان، قلێشان، قلێشانەوە، قلیشیان، قـەرشـان، قـەرش بـردن، قەرشین، قەڵشان، قەڵشبردن، قەڵشین، قەڵەشان، قەڵەشبردن، قەڵەشین، کەلشین، کەوتین(حیوان)، گرێن، گەزخان، لەبەریەکچوون، لـەتبـوون، لـەتبیـەی، وابزدیـان(دسـت‌وپـا)، وەبیـایش، وەدارتـش، وەداروتش، وەدەتش، وەدەرتش، هلپـەرتـان، هلقرتـان، هلقـەتـان، هلهلان، هۆردڕیـەی، هـۆر زڕیـای، هـەڵزریقـان، هـەڵپـشکووتن، هەڵترەکان، هەڵترەکیان، هەڵتلێشان، هەڵتلێشان، هەڵدڕان، هەڵزڕان، هەڵزڕەپان، هەڵقەڵشان، هەڵقەڵەشان،

**اشکافتە:** ئـەرەدڕیـا، تلێـشاو، تلێـشیا، دادڕاو، دادڕیـاگ، قلێـشاو، قلێشاوە، قلێـشیاو، قـەرشاو، قـەرشیو، قـەڵشاو، قـەڵـەشتی، کـەفتـە، کەلاشتی، کەلاشتی، لەبەریەکچوو، لەبەریەکچووگ، هەڵقەڵشاو، یارمە،

**اشکال:** کۆی(شکل) ← شکل،

**اِشکال:** ١- ئاڵۆزبوون، دژواربوون، سەختبوون، ٢- ئاریش، ئاریشەیی، ئاڵۆزی، ئیشکال، پچرپچر، جرەجر(با اشکال بدنبال خود کشیدمش: بەجرەجرام‌کێشا)، چەتوونی، دژواری، زەحمەت، زەحمەتی، سەختی، لەقەلەق، مشکولی، مشکوڵی، وەزەحمەتخستن،
- **اشکالات:** کۆی(اشکال) ← اِشکال،
- **اشکال‌تراش:** ئیرادگر، بیانووگر، تەگەرەتێخەر، تێکدەر، ڕەخنەگر، کۆسپ‌تێخەر،
- **اشکال‌تراشی:** ١- ئیرادگری، بیانووگری، تێکدەری، ڕەخنەگری، ٢ ← (اشکال‌تراشیدن) ← اشکال،

**اشکال‌تراشیدن:** ئیرادگرتن، بڕوبیانوو هێنانەوە، بیانووگرتن، تەگەرە تێخستن، تێکدان، تێکدای، چوکڵەشکێن، چەت‌تێخستن، چەڵتووک‌تێ فرێدان، ڕەخنەگرتن، ڕێخ تێخستن، قۆرت‌تێخستن، قۆرت وەنەسەی، کۆسپ داتاشین، گێچەڵ نانەوە،
- **اشکال‌زدائی:** ئیرادلابردن، عەیب‌لێ‌سڕینەوە، گرفت‌لابردن،
- **اشکالی‌ندارد:** باوانێ، جا چ بوو، دەی‌جا، عـەیبی نیـە، قـەینا، قەیناکا، قەیدی‌نیە، قەی‌مەکەرۆ، قیدنینە، کێشەیەک نیە، گرفتێک نیە، نەتشتە، نەخەم، نەخەمە،

**اِشکردن:** چەلاپەکردن(روی برف)، ڕاڤکرن، ڕاوشکارکردن، ڕاو کردن، سەیکردن، سەیدەکردن، شژکردن، شکارکردن، نچیرگرتن، نەچیرگرتن، نێچیرگرتن،

**اشکستن:** ١- تکـەشـدن: پارچـەبـوون، داقـوڵین، شکان، شکیان، قـەتیـان، قـەتیـن، لـەتبـوون، لـەتبیـەی، مـاڕای، مـەڕیـای، مـەڕیاڵۆ، هەرستن، هەرشین، ٢- تکە کردن: پاژپاژکردن، داشکاندن، داشکانن، دەرزاندن، ساتن، سەکتین، شکاندن، شکانن، شکەستن، شکەناندن، شـکێناندن، لـەتکـردن، لـەتکـەردەی، مـاردن، مـاردەی، مـەڕیـایی، هەرستاندن، هەڕستین، ٣- شکستن‌تخمەو..: ترووکاندن، ترووکای، تووکانـدن، تووکـانن، چرتانـدن، چرتـانن، چرتنـای، چرووکانـدن، چرووکانن، چرووکنای، قرتاندن، قرتانن، قرتنای، **اشکستە:** شکاو، لەتبوگ، شکستە، شکەستی، شکیاگ، شکیاو، مەڕیا، هوود،

**اشکستەبند:** کرکی، وەستای شکستەبەند، کەل، هەستیڤەگر، هەستیگرەک، هەڵبەس، هەڵبەست، هێسکگرەوە،

**اشکستەپا:** ١- پا شکستە: پاشکاو، لاق‌شکاو، ٢-مغلوب: بوردزاو، بەزیو، تێچوو، تێشکاو، چاڤترسەنۆک، دۆڕاو، دۆڕیا، دەوڵەت کەتی، ژێرکەوتوو، شکاو، شکست، شکستخواردوو، شکستهێناو، مەغلۆب،

**اشکستەپای:** ← اشکستەپا،

**اشکستەپر:** ١- باڵ‌شکاو، ٢- بێتاب، بێتابشت، بێتاقەت،بێتان، بێتڤاب، بێتوان، بێتووش، بێتین، بێحێل، بێدەس، بێدەست، بێدەستەلات، بێدەسەلات، بێوزە، بێوەش، بێهێز، چلەک، دەس نەڕۆیشتوو، زەعیف، کوش، کولافە، کەمدەس، کەم‌تین، ماندک، ماندگ، ماندوو، ماندی، مانگ، مانوو، مانیا، مانیاگ، ناتەوان، نزم، نوخسان، نەکاری، نەگۆمە،

**اِشکفت:** ١- ئاودەڵێنی‌جۆگە، درز، دڕنە، ٢- ئەشکەفت، ئەشکەوت، خار، خوولۆلیڤ، دەغمە، ڕەهۆڵە، زایەبەند، زڤنگ، زڤنگ، زندۆڵ، شکەفت، غار، غارە، غولولیڤ، کۆڤ، کومزەخ، کوول، کەوڕک، کەوڕگ، کەوەر، کەوێڵ، کێف، مەڕ، مەڕە، نوا، وڵێ، هاڵ، هوولۆلیڤ،

**اشکفتن:** ئەوەشکۆفیای، ئەوەگەشیای، ئەوەگەشیەی، بشکفتن، پشکفتن، پشکوان، پشکووتن، پشکووژ دەرکردن، پووشکووتن، چرۆدەر کردن، خیڤبوون، دەمدانەوە، دەم‌کردنەوەی‌خونچە، زنیان، شکۆفیانەوە، ڤەبوون، گۆترەکان، گۆترەکین، گوژان، گەشانەوە، گەش بوونەوە، گەشەوبوون، گەشیانەوە، گەشینەوە،

**اِشگُفه:** ← اشکوفه،\

**اَشکِل:** ← اشکیل،

**اَشکلک:** ← اشکله،

**اشکله:** دارۆکەیێکی چوارقامک‌درێژەو نێوەڕاستەکەی هێندێک باریکترەکەپەتکێکی لێ‌دەبەستن‌و بۆ لێک قایم کردنی دووکوتی خێوەت کەلکی لێوەردەگرن،

**اشکله‌کردن:** دانانی‌دارۆکەی(اشکله) دەنێو دوو قامکی بەندی بۆ ئەشکەنجەکردن‌و قسەلێدەرکێشانی،

**اشکم:** تی، زک، زگ، سک، لەم، ورگ، هورگ،

**اشکمبه:** ئاشک، ئۆچک، ئوورک، ئەشقەمە، تل، حورگ، حویر، سەخوڕ، عرک، عوور، عوورگ، عووێر، عویرگ، کرش، کەرش، گادک، گرگ، گەد، گەدک، گەدگ، گەدە، گەدەق، گەذێ، گەڵە، گەوەد، گەیە، گیە، لەم، مەدە، مەشک، ورگ، ورگە، هورگ، هۆلمان، هووری، هێڕک، هێلگ،

**اشکن:** ١- شکێن(پا)، ٢ ← چین‌وشکن،

**اشکنج:** خڕمووسک، قورچی، قورنج، قورنچ، قورنجک، قورنچک، قوڕنیسک، قورینج، قورینجان، قولینجی، قونجڕ، قونجڕکە، قونجریک، قونچڕک، کورچی، کورنیشک، کورینگان، کونجڕک، کونجڕکە، گفشک، نقوج، نقوچ، نقورچ، نقووج، نقورچک، نکوچک، نوقرچک، نوقورچ، نوقورچک، نەقورچ، نەقورچک، نەقوس، نەقوسکی، هەڵقورینجان،

**اشکنجه:** ئازار، ئازاروجزیا، ئەشکەنجە، تراز، جەربەزە، جەزرەبە، جەزرەوە، ساقەچەرمە، سماق‌دەرێنان، سیرمەکێش، عازابدان، عەزاودان، عەزیەتدان،

**اشکنک:** ← اشکلک،

**اشکننده:** تورت، شکێنەر،

**اِشکنه:** ١- آش پیازو تخم‌مرغ: پیازاوی هێلکە تێکراو، کارواناشی، ٢- چین، شکن: چرچ، چرچایی، چین، کوریشک، گرژ، گرنج، گنج، لۆچ، لووچ،

**اشکو:** ← اشکوب،

**اشکوب:** ١ ← اشکوبه، ٢- سقف: ئارزێنج، ئارووک، بنبان، بنمیچ، بنوودار، بەری‌بانی، پۆشە، ساپیتک، ساپیتە، سڤیک، سەراپیتە، سەر میچ، سەقف، میچ، هۆڵە،

**اشکوبه:** تەبەقە، قات، قۆر، ماخ، مەرتەبە، مەزەی، نشف، نوهۆم، نهام، نهۆم،

**اشکوخ:** ١ ← خطا، ٢ ← لغزش،

**اشکوخه:** ١ ← خطا، ٢ ← لغزش،

**اشکوخیدن:** ١ ← خزیدن، ٢ ← لغزیدن،

**اشکوفه:** باتینک، بشکووژ، پشکووژ، پۆرخ، ژێڵ(تاک)، شکۆفە، شگۆفە،گۆپک، گۆپکە، گۆپە، گۆپیتە،

**اِشکوِل:** ← ابله،

**اِشکوِه:** ← شِکوِه،

**اَشکوهیدن:** ← شکوه‌کردن،

**آشکه‌کردن:** بەدڵۆپ هاتنەخوار، تکان، وەرین (وەک فرمێسکو...)،

**اِشکی‌زدن:** مەی‌نۆشین،

**اِشکیل:** ١ ← فریب، ٢- پایبندستور: ئشکێل، ئەشکێل، پشکۆڵ، پشتکووڵ، پێوەندی ئەسپ، سمدم، سندم، کۆت، کۆستەک، کۆسەک، ٣- پەتێک کە کاتی ناڵکردنی چوارپا دەستوپای پێ دەبەستن، لزگە، ٤ ← دشواری،

**اِشگ:** ← اشک،

**اِشگرف:** ١ ← احترام(١)، ٢ ← ارجمند، ٣- بزرگ‌و ستبر: زل، زەلام، گەورەو ئەستوور، ٤- دلیر: ئازا، بدەو، بساڤ، بەپێ، بەکار، پڕنە، پەیت، پەیتوپۆڕ، پێت، پێ‌سووک، پیشک، تنوتۆڵ، توند، توندوتۆڵ، تونوتۆڵ، تونوتۆڵ، تونوتیژ،تەتەر، جەڵد، چابک، چابووک، چاپک، چاپووک، چالاک، چسک، چوست، چوستوچالاک، خڕۆڵ، خێرا، ڕەند، زرک، زرکوزینک، زرنگ، زرینگ، زیرەک، سووک، قۆچاخ، قۆچاغ، کەلەش، کرژ، کرژە، کۆرت، کۆرتک، کورژ، گوربز، گورج، گورجوگۆڵ، گورد، لۆبت، لۆپت، لەش‌سڤک، لەش‌سووک، لەشلەزگین، مجک، مجن، مجنک، مەزبوت، میجک، وریا، هوولوو، هەدرە، هەرڤە، هەڵسووڕ، ٥- نیرومند: ئاوزیاگ، بزاخ، بۆک، بۆکە، بۆنگ، بەئیختیدار، بەتابشت، بەتاقەت، بەتوانا، بەدەست، بەدەستەلات، بەقودرەت، بەقوون‌وحونەر، بەقەوەت، بەکار، بەگوڕ، بەگورد، بەهاز، بەهێز، بهێز، بیدۆر، پڕ دەستەلات، پڕزوو، پەنجەبەهێز، پەنجەپۆلایین، توانا، تیندار، چێر، خورت، خوەڕوو، دووتا، دووتس(حیوان)، دەستدار، دەستدرێژ، دەست ڕۆیشتوو، دەستڕۆییگ، دەستەلاتدار، دینەوەر، زۆخ، زووخ، زەبربەدەست، زەبردار، شەنگە، شێنا، ڤەژەنی، قادر، قەوەتدار، قەوی، قەوین، گازۆر، گوندار، گیڕ، مزور، مونزر، مونزور، هێزان، هێزدار، هێزرا، یەمان، ٦- نیکو: باش، بەجا، بەجێ، بەدڵ، بەڕێ، بەڕێوجێ، بەیاگێ، پەسن، پەسند، پەسەن، پەسەند، چاک، خاس، خۆ، خۆش، خوو،خوەشک، خۆی،دڵپەسند، ڕند، زەریف، سپەهی، شۆڕە (شۆڕەژن، شۆڕەسوار)، قاف، قانج، قەنج، لەجێ، مناسبی‌جێ، نووک (نیک‌و بد را برایش بازگوکرد: نووک‌و بەدی بۆباس کرد)، نەهیتە، وەڕێ، وەش، هاولە، هاوە، هۆ، هۆل، هۆول، هەول، هێژ، هێژا،

**اشگفت:** ← اعجوبه،

**اشگفیدن:** ١- تعجّب‌کردن: بلبسین، بوراقبوون، بەهتین، پەشێوان، پێ سەیربوون، تاسان، تاس بردنەوە، تاس بەسەرداهاتن، تاسین، تەواسان، تەواسیان، تەوسین، تیاڕامان، چاشبوون، حەبەسان، حەپەسان، حەپەسیای، حەپەسین، حێبەتی، دامان، دملاندن، دەلیان، دەلین، ڕەقهەلاتن(از تعجّب درجا خشکم زد: هێندەم پێ‌سەیربوو هەرلەجێ ڕەقهەلاتم)، زندەمان، سەرزڤڕان، سەرزڤڕین، سەرسامبوون، سەرسام مان، سەرسووڕمان، سەرگەردانبوون، سەرگەردان مانەوە،

سەرگەردانی، سەرماسین. سەرمەندی، سەرەسڕمەنەی، سەیرمان، شەرپلاندن، شەرپلین، عەبەسان، عەجایبمان، ڤەتەوشین، قورسین، کاسبوون، گێژبوون، گێژیوسەرگەردانی، لەجێ ڕەقهەلاتن، لەجێ وشکبوون، ماتبوون، ماتبیەی، واقوڕبوون، واقوڕمان، واقوڕمەنەی، واقوڕی، هۆرپرووسقیای، هەوەسیان، هێدمان، هێڕمان، هێسمان، ٢- شکفتن: ئەوەشکۆفیای، ئەوەگەشیای، ئەوەگەشیەی، بشکفتن، پشکفتن، پشکوان، پشکووتن، پشکووژدەرکردن، پووشکووتن، چرۆ دەرکردن، خیڤبوون، دەمدانەوە، دەمکردنەوەیخونچە، زنیان، شکۆفیانەوە، ڤەبوون، گۆترەکان، گۆترەکین، گوژان، گەشانەوە، گەشبوونەوە، گەشەوبوون، گەشیانەوە، گەشینەوە،

**اشل:** ئەندازە، پایە، پلە، پێوانەی پلەبەندی،

**اِشمام:** بۆنکردن، بەلێو هێما کردن،

**اِشمِئزاز:** بێز، بێزهاتنەوە، بێزهەستان، قەڵسی، قێز، قێزلێبوونەوە، قێزهاتنەوە، گرخ، مگێز،

**اَشمَل:** داگرتر، وەبەرخۆگرتووتر،

**اشن:** کاڵ، نەگەیشتوو، نیاوا،

**اشنا:** ١ ← اشناگر، ٢- ئاڤژەنی، ئاوبازی، سۆبایی، مەلەڤانی، مەلەوانی، ٣- ئاشنا، ئاشناس، ئامناس، برادەر، چێڕ، خۆناس، خۆیایی، دۆس، دۆست، ڕۆشنا، شناس، شناسیا، شناسیار، شوناس، کریڤ، کرێڤ، کریو، ناس، ناسیار، ناسیاگ، ناسیاو، نیاس، هاواڵ، هەڤاڵ، یار، ٤- جەواهێری بەنرخ، گەوهەری گرانبایی،

**اشناب:** ئاڤژەن، ئاوباز، سۆبا، سۆباییکەر، مەلۆنی، مەلۆو، مەلەزان، مەلەڤان، مەلەوان،

**اشناختن:** زمڕاندن، شناسای، شناسین، ناسکرن، ناسین،

**اُشنار:** ئاوەڕۆ، گونج، کونێ لەدیوار بۆدەربازبوونی ئاو،

**اشناکردن:** ١- آشناکردن، ٢ ← شناکردن،

**اشناگر:** ١ ← اشناب، ٢- غوّاص: نوقڤان، ٣- ملاّح: گەمیئاژۆ، مەلەوان،

**اشنان:** ئەسپۆن، بەلۆچە، تۆسینە، چەوغان، حوژە، دڕکەئاڵەت، زروی، زروێ، زرۆیی، سپۆن، شۆرەک، کەفکەفۆک، گیاکەفە، هلۆت، هیلۆ،

**اشناور:** ← آبورز،

**اشناه:** ← شنا،

**اشنگ:** رزەردەبی، ویرۆڵ شامی،

**اشنگور:** دارەڕەش، داریڕەش، نارەوەن، نارەوەند، وزم،

**اشنو:** بهستۆک، بهستیار، بیس، بیستۆک، بیستەر، بیستیار، بیسەر، گۆهدار، گۆهدێر، گوێدار، گوێدەر، گوێدێر، گوێڕاگر، گوێڕایەڵ، گوێگر،

**اشنودن:** بیستن، بەگوێ‌گەیشتن، گوێدان،

**اشنوم:** ← اشنان،

**اشنون:** ← اشنان،

**اشنه:** ← اشنان،

**اشنیان:** ← اشنان،

**اشو:** پاک، پیرۆز،

**اشوع:** سەرقرژن، گژنەسەرە، مووهاڵۆز،

**اشوق:** بەتاسەتر، تاسەدارتر، تامەزرۆتر،

**آشهاد:** شاهیدەکان، کۆی(شاهد) ← شاهد،

**اِشهار:** ئاشکرآکرذن، دەرخستن، ناودارکردن، مەنشوورکردن،

**اَشهب:** ← خاکستری،

**اَشهَد:** کورتکراوەی(اشهدان لااله‌الاّالله)،

**اَشهَدخودراخواندن:** ← اشهدخودراگفتن،

**اَشهَدخودراگفتن:** ئامادەی مەرگ بوون، شاتیمان هاوردن، شادەوئیمان هێنان، شایەتیمان هێنان،

**اشهر:** بەناوبانگتر، بەنێوبانگتر، مەنشوورتر، مەشهوورتر، نامدارتر، ناودارتر،

**اشهی:** بەتامتر، بەڕمێنتر، خۆشتر، دڵخوازتر،

**اشیا:** ← اشیاء،

**اشیاء:** ئەسباب، ئەشت، پڕپۆڵ، پڕوپیت، پڕوپیتاڵ، تشت، تەواخوا، چتمەک، چتومت، چشت، چشتومت، حەشیا، شتمەک، شتومەک، شتەکان، شڕەوبڕە، شمەک، قوماش، کالاّ، کالاّو، کووتاڵ، کەلوپەل، کەلومەل، ماڵوئەسباب، ماڵیبازرگانی، نێوماڵ، والاّ،

**اشیهه:** حینە، حڕحڕ، حیلە، حینە، شهە، شەهین، شهین، شیپە، کۆڕ، کۆڕان، نیخە، نێخە، هڕهڕ، هێرین، هیل، هیلە، هیلەهیل،

**اصابت:** ئەنگێوران، پێگەیشتن، ڕاست بۆلاهاتن، لێکەوتن، وێکەوتن،

**اصائل:** کۆی(اصل) ← اصل،

**اصابت:** ١- ئەنگاوتن، ئەنگوتن، بەرکەوتن، پێکان، لێدان، وێکەوتن، هەنگاوتن، هەنگووتن، ٢- بەهرە، سوود، هەقدەست،

**- اصابت‌رأی:** ڕاستیو دروستیی ڕاوبۆچوون،

**- اصابت‌یافتن:** بەئامانجگەیشتن،

**- مورداصابت(قرارگرفتن/واقع‌شدن):** ئەنگێوران، پێکران، لێ دران، وەبەرهاتن، وێکەوتن، هەنگێوران،

**اصارم:** کۆمەڵ، کۆمەڵانیخەڵک،

**اصالت:** ئەسڵی، بەدایکوباوکبوون، حەسڵبوون، حەسڵی، خانەدانی، خاوەن حەسڵونەسەبەبوون، ڕەسەنایەتی، ڕەسەنەتی، ڕەسەنی، ڕەسەنیەتی، ڕیشەداربوون، شەریفبوون، نەجابەت، نەجیببوون، نەجیبی، نەجیمبوون، نەجیمی،

**- اصالت‌داشتن:** پابەندی نەریت‌وبنەماکانیئەخلاقیبوون، خاوەنیڕەسەنایەتی بوون، ڕەسەنبوون،

**اصالتاً:** بەحەسڵ، خۆیلەخۆیدا، لەبنەڕەتدا، لەحەسڵدا، لەلایەنخۆوە، لەلایەنخۆیەوە،

**اِصباح:** هەستانلەبەرەبەیاندا،

**اِصبار:** ئارامکردنەوە، هاندانبۆلەسەرەخۆیی، هێورکردنەوە،

**اَصَح:** ئەسەح، ڕاستتر، ڕاستترین، ساختر، ساغتر،

**اَصحاب:** ١- دارندگان: خاوەنان، ساحەبەکان، سێحەبەکان، ٢- یاران: ئاوالاّن، ئاودەمان، ئاودەنگان، ئۆگران، خەمڕەوێنان، دۆستان، هامدەمان، هاوالاّن، هاودەنگان، هاوڕێیان، هۆگران، هۆمدەمان، هەڤالاّن، هەڤدەڤان، هەڤدەمان، هەڤدەنگان، هەڤنشینان، هەمدەمان، یاران، ٣- یاران پیغمبر: ئەسحابەکان، سەحابە، یارانی نەبی،

**- اَصحاب‌رأی:** پەیڕەوانیئەبووحەنیفە، حەنەفییان،

**- اَصحاب‌قلم:** قەڵەمبەدەستان، نووسەران،

**- اَصحاب‌کهف:** حەفتمێردە،

**- اَصحاب‌وحی:** پەیغەمبەران، پێغەمبەران،

**اصدار:** ئاشکراکردن، دەرخستن، ناردن، هەناردنەدەرەوە،

**اصدق:** دروستتر، ڕاستتر، ڕاستوێژتر،

**اصدقا:** ← اصدقاء،

**اصدقاء:** برادەران، دۆستان، هاوالاّن، هەڤالاّن، یاران،

**اصرار:** ئیستەرەم، بنار، بنارکردن، پڕکێشی، پێچەقاندن، پێ داگرتن، پێداگری، پێکوتانی، تیژبوون، جەختکردن، خوێنگەرمی، ڕژدبوون، ڕک، ڕووهێنان، ڕەک، ڕەککرن، سووربوونلەسەر، ڤەبژلان، کوڵکوموو شیکردنەوە، گیرە، لاقچەقاندن، لاقچەقنای، لووبلووب،

لەسەرچوون، لەسەرڕۆیشتن، لەسەرڕۆین، لەسەرسووربوون، مکووڕبوون، موکوڕبوون، میچ، میچڵە، میچلەسەرگرتن، هەتەر، هەتەرکردن، یەکپا،

**اصرارداشتن:** ← اصرارورزیدن،

**اصرارکردن:** ← اصرارورزیدن،

**اصرارورزی:** ← اصرارورزیدن،

**اصرارورزیدن:** ئیستەرەم، بنارکردن، پرکێشیکردن، پەرکێشی کەردەی، پێچەقاندن، پێداگرتن، پێداگری، پێ‌کوتانی، تیژبوون، جەختکردن، خوێنگەرمی‌کردن، ڕژدبوون، ڕک‌کردن، ڕەک‌کرن، ڕوو هێنان، سووربوون‌لەسەر، شێلگیری، ڤەبژلاندن، کوڵکوموشیکردنەوە، گیرەکردن، لاق‌چەقاندن، لاق چەقنای، لووبلووبکردن، لەسەرچوون، لەسەرڕۆیشتن، لەسەرڕۆین، لەسەرسووربوون، موکووڕبوون، موکووڕی کردن، میچلەسەرگرتن، هەتەرکردن، یەکپاوێسیان،

**اصراف:** ١ ←بازگردانیدن، ٢- بزوێن‌دانان‌لەسەروشە،

**اصرام:** کۆمەڵ، کۆمەڵگا، کۆمەڵگە، کۆمەڵی‌خەڵک،

**اصطبار:** دان‌بەجەرگی‌خۆدانان، ددان بەجەرگی‌خۆدا گرتن، سەبر کردن،

**اصطفاء:** بژاردن، نەقاندن، هەڵبژاردن،

**اصطبل:** ئاژەڵدان، بنی، پاکە، پاگە، پاگەهـ، پانگە، پچە، پشتێر، پشتیر، پێگە، تاوڵە، توێڵە، تەول، تەوڵە، تەویلە، تەوێڵە، تێوڵ، تێوڵە، سوو(طویلةگاوان: گاوسوو)، ستەول،سەبل، کوول، کەڵەلان، گوهەر، گەوڕ، گەوەڕ، گەوهەر، یەختەخانە، یەختەرخانە،

**اصطحاب:** بوونەدۆست، بوونەهاودەم، دۆستایەتی‌کردن،

**اصطخاب:** تێکەڵبوونی دەنگی چەندئامێری مۆسیقا کە وێکرا لێدرێن،

**اصطخر(اصطرخ):** ← استخر،

**اصطرلاب:** ← اسطرلاب،

**اصطفا:** ← برگزیدن،

**اصطفاء:** ← برگزیدن،

**اصطکاک:** ١- پێک‌گەیشتن، ڕێک‌خشان، گەیشتنەیەک، لێک خشان، وێک‌کەوتن، ٢- تێک ئەنگوانی بیروبۆچوون، ناتەبایی، نێوان‌ناخۆشی، ٣- بزووتنی دوو تەن بەسەریەکتردا،

**اصطلاح:** دەستەواژە، زاراوە، وشەی‌باو، وشەی دانراوی‌پەسندکراو،

**- بەاصطلاح:** بەڕواڵەت، بەناو،

**اصطلاحاً:** وەک‌باو،

**اصطلاحات:** وشەی‌باوەکان، وشەکانی دانراوی‌پەسندکراو،

**- اصطلاحات‌انتزاعی:** زاراوەگەلی‌دەرهەست،

**- اصطلاحات‌عینی:** چەمکگەلی‌بابەتی،

**- اصطلاح‌شدن:** بوونەباو،

**- اصطلاح‌شناسی:** زاراوەناسی،

**- اصطلاح‌نامە:** زاراوەنامە، فەرهەنگی زاراوە،

**اصطلام:** بنبڕکردن، ڕیشەکێشکردن، لەڕیشە دەرێنان،

**اصطناع:** پەروەردەکرد، چاکەکردن، دەسکرد، فەرمان دان بۆ چاکردنی شتێک، هەڵبژاردنی‌شتێک‌بۆخۆ،

**اصطوانە:** ← استوانە،

**اصطیاد:** ڕاوکردن،

**اصعاب:** دژواربوونەوە، سەختبوونەوە، وەزەحمەتکەوتن،

**اصعاد:** چوونەسەر، سەرکەوتن،

**اصعب:** ئاستەمتر، ئەستەمتر، حاستەمتر، دژوارتر، سەختتر،

**اصغا:** ← اصغاء،

**اصغاء:** ئەژنەوتن، بیستن، ژنەفتن، ژنەوتن، شنەفتن، گوێدان، گوێ‌ڕاداشتن، گوێ‌ڕاگرتن،

**اصغافرمودن:** ← اصغاکردن،

**اِصغاکردن:** بیستن، خۆگرتن، دانووستاندن، ژنەفتن، ژنەوتن، ژنەوتەی، سەحکرن، شنەفتن، شنەوتن، گوهلێ بوون، گوێچکەدان، گوێچکە گرتن، گۆهداری، گۆهدان، گۆهدێری، گوێداری، گوێدان، گوێدای، گوێ‌ڕاگرتن، گوێگرتن،

**اصغر:** بچووکتر، بووچکتر، چکۆلەتر، چووکتر، چووکەتر، گچکەتر، گچکەڵەتر، وردتر،

**اصفا:** ← اصفاء،

**اصفاء:** پاڵاوتنی کەسێک، هەڵبژاردنی کەسێک،

**اَصفیٰ:** پاکتر، پاڵاوتەتر، ڕوونتر،

**اصل:** ١ ← اصل‌ونسب، ٢- پێچەوانەی‌زڕە، حەسڵ، خاسە(خاسەکەو)، ٣- ئەسل، بنەچەک، بنەما، بنەوان، پێز، جەوهەر، چەق، ڕەگوڕیشە، سفن، سەر چاوە، سەرچەمە، شوێنەوار، عەسڵ، لانەما، ما، ماک، ماکە، مەخز، وڵتیە،هەرخۆ، ٤- بنواشە، پرەنسیپ، ٥- ڕاستەقینە، ڕاستیی بوون، هەقیقەت، ٦- ڕێسا، یاسا، ٧- هەر کام لەخاڵەکانی یاسای بنەڕەتی،

**- اصل‌انواع:** بنچینەی‌جوورەکان،

**- اصل‌کاری:** بەشی‌زۆری‌کار، بەشی‌سەرەکیی‌کار، بەشی‌گرنگی‌کار، بەشی هەرەگرنگ، حەسڵەکەی،

**- اصل‌متعارفی:** هەربنەمایەکی بەڵگە نەویستی ئەقڵی گشت (وەک چووکتر بوونی پاژ لەگشت)،

**- اصل‌مطلب:** بابەتی‌سەرەکی مەبەستی‌سەرەکی،

**- اصل‌موضوع:** بابەتی‌سەرەکی، بنەمای بەڵگە نەویست،

**- اصل‌ونسب:** باب‌وباپیران، بنچینە، بن، بن‌وبناوان، بنەچەک، بنەچەکە، بنەڕەت، بنیچە، بێخ، تۆرەمە، تۆووتۆرەمە، جسن، حەسڵ، حەسڵ‌ونەسەبە، درڤ، ڕەتەوە، ڕەچەڵەک، ڕەسەن، ڕەگ، ڕەگەز، ڕیشە، زوڤر، سۆلان، عەسڵ، کۆک، ناوپشتە،

**- در/ازاصل:** ← اصلاً(٢)،

**اصلاً:** ١- بهیچوجه: ئەبەدەن، ئەسڵەن،ببڕاوببڕ، بەهیچکلووچێک، بەهیچ‌لەون، تەرکەتولا، جەئەسڵەنە، حاشاولیللا، قەت، لەبن‌ڕا، لەتەرکەندا(لەتەرکەندانایناسم)،هەر،هەرگیز، هیچکات، ٢- بەحەسڵ، جەبنەوە، جەئەسڵەنە، ڕاستیەکەی، لە بنەوە، لەبنەڕەتدا، لەبنەڕەتەوە، لەبێخەوە، لەحەسڵدا، لەڕاستیدا، لەڕەگەوە، ٤- ئەگەریچ،ئەگەریش، دەی‌جا،

**اصلاح:** ١- ئەوەڕازنای، تیفتیفەدان، ڕازاندنەوە، ڕیش‌تاشین، سەرتاشین، سەرچاکردن، کارتک، کارتک کردن، مووکورت‌کردنەوە، وسنای، ٢- بیراز، جوانکردن، چاکردن، چاکردنەوە، چاکسازی، چاکە خوازی، خاسەوکردن، خاسەوکەردەی، دەستکاری، ڕاستکردنەوە، ڕیفۆرم، لابردنی کەمو کوڕی،

**- اصلاحات:** ١- کۆی(اصلاح) ← اصلاح، ٢ ← اصلاح(٢)،

**- اصلاح‌پذیر:** بۆچاکردن‌بوو، بۆچاکردن‌شیاو، چاکەپەزێر، چاکەهەڵگر، شیاوی چاکبوون، گونجاو بۆچاکبوون،

**- اصلاح‌دادن:** ئاشتکردنەوە، ئاشکردنەوە، پێکەوەگونجاندن، سازاندن، سازنای، سوڵح‌پێکردن،

**- اصلاح‌سر:** چاکردنی سەر، سەرچاکردن، سەردروستکردن، سەرەووەشکەردەی،

**- اصلاح‌شدن:** باشبوون لەدوای‌خراپەکردن، باشبوونەوە، باشبیەی، باشوەبیەی، چابوون، چابوونەوە، چاکبوون، چاکبوونەوە، خاس‌بوون، خاس بیەی، دروست بوون،

**- اصلاح‌طلب:** چاکسازیخواز، ریفۆرمخواز،

- **اصلاح کردن:** خاسکردن، خاسکەردەی، چاکردن، چاکردنەوە، چێکرن، دروستکردن، هەڵەچنکردن،
- **اصلاحگر:** چاکساز، ڕیفۆرمیست،
- **اصلاحگرا:** چاکسازیخواز، ڕیفۆرمخواز،
- **اصلاحی:** خاسکریاگ، چاکراو، چاکراوە، چێکری، هەڵەچنکراو،
- **اصلاحیافتن:** ← اصلاحشدن،
- **اصلاحیه:** ← (اصلاحی) ← اصلاح،

**اصلب:** پتەوتر، ڕەقتر،

**اصلح:** باشتر، بەیتەر، چاکتر، خاستر، شیاوتر، هەژیرتر،

**اصلحیّت:** باشی، چاکی، شیاوی، لێهاتوویی، هەژیری،

**اصله:** بن (یکاصلهدرخت: بنەدارێک)، بنەدار، دارێک، نەمامێک،

**اصلی:** ١- ذاتی: حەسڵ، حەسڵی، ڕەسەن، سەرەکی، ٢- بنیادی: بناخەیی، بنجی، بنچینەیی، بنگەهی، بنەڕەتی، بنیاتی، بنیادینی، بەریما، سەرەکی،

**اصلیّت:** ← نسب،

**اصلیّتاً:** بەبنەچەکە، بەحەسڵ، بەڕەسەن، بەڕەگەز، لەبنڕا، لەبنیچەوە، لەبنەچەوە،

**اصلیزاده:** بنیچەعەسڵ، بەچکەبەگ، پسمیران، تانوپۆئاوریشم، جێگەورە، خانەدان، ڕەهیشتە، عەسڵزادە، نەجیبزادە، نەجیبزایە، نەجیمزادە، نەجیمزایە، وجاخ زادە، وەجاغزادە،

**اصلیه:** ڕاستەقینە، سەرەکی،

**اصم:** ١- ڕەقوپتەو، ٢- کەڕ، کەڕوکاس، گوێکپ، گوێگران، نەژنەوا،

**اصناف:** بازاڕییان، بازاڕیگەل، پیشەوەران، خاوەنپیشەکان، کاسبکاران، کاسپی کاران، هاو پیشەکان،

**اصنام:** بتگەل، بوتەکان، کۆی(صنم) ← صنم،

**اصوات:** ئاوازەکان، دەنگەکان، سەداگەل، وشەکان،
- **اصواتزیر:** دەنگەزیلەکان،
- **اصواتبم:** دەنگەگڕەکان،

**اصوب:** باشتر، چاکتر، ڕاستتر،

**اصول:** بناخەکان، بناغەکان، بنەماکان، بنەماگەل، بنچینەکان، پڕەنسیپەکان، ڕێساکان، ڕیشەکان، سەرەتاکان، هۆکان، هۆگەل، یاساکان،

**اصولاً:** ← اصلاً،

**اصولدینپرسیدن:** بۆنووکونخۆشەرپرسین، لە سەر هەموو وردەکارییەکانی بابەتێک پرسیارکردن، دەپرسیارانگرتن، لەنووکوبەد پرسین، وردورد لێپرسین،

**اصولگرا:** بناژۆ، بناوانگر، بنەماخواز، بنەماگرەوە، پڕەنسیپخواز، ڕێساخواز، فەندەمێنتالیست، فێندامێنتالیست،

**اصولگرائی:** بناژۆیی، بناوانگری، بنەماخوازی، بنەماگرەوەیی، پڕەنسیپخوازی، ڕێساخوازی، فەندەمێنتالیز، فێندامێنتالیزم،

**اصولی:** ← ازدر،

**اِصهار:** بوونە زاوای کەسێک، زاوایەتی،

**اَصیل:** ١- ئاەر، ئەسل، بنەچەدار، بەحەسڵونەسەبە، بەڕێزوبەئابڕوو، جسن، حەسڵ، حەسڵو جسن، خانەدان، ڕەچەڵەکدار، ڕەسەن، عەسڵ، قایموپتەو، گران، نەجیب، نەجیبزادە، نەجیم، نەجیمزادە، نەجیو، نەجیوزادە، وجاخ، وجاخزادە، وەجاغ، وەجاغزادە، هێلاو، ٢- جێکەوتوو، خاوەن ئاکار یابیری سەربەخۆو شیاو، خۆگرتوو، دامەزراو،

**اصیلزاده:** ← اصلیزاده،

**اضائت:** ← اضائه،

**اضائه:** ڕۆشنکردنەوە، ڕووناکبوونەوە، ڕووناککردنەوە،

**اضاعه:** بەبادادان، بەفیڕۆدان، زایەکردن، لەدەستدەرچواندن،

**اضافات:** ١- کۆی(اضافه) ← اضافه، ٢- ئەوپارەی وا مووچەخۆر(زیاد لەمووچەکەی) دەستی دەگرێ،

**اضافه:** ١- بێژ، زۆر، زیا، زیاد، زیادلە، زیادی، زێدە، سەربار، سەربارە، سەرەڕا، لێزیاد، لێزیادی، ٢- زۆرتر، زیاتر، زیادە، زێدەتر، فرەتەر،
- **اضافۀاستعاری:** لێزیادبوو واتایجیاواز لەخۆی دەگەیێنێو وشەکە بەجێگای نیشانەدەکاردەکرێ(دست اجل: دەستیهەجەل، کەهەجەل لەڕاستیدا دەستی نیەبەلام دەستەکە نیشانەیەکیەتی)،
- **اضافهبار:** تەمبەڵیت، تەمەڵیت، چەمپاڵ، زێدەبار، سەربار، سەر بارە، سەروار، مزۆدک، ناقبار، ناقبارک، ناوبار، ناوتا، ناوکۆ، نایێش سەر، نرۆدک، نێوبار، نێوتا،
- **اضافهبر:** سەرباری، سەرەڕای،
- **اضافهبرداشت:** پووڵلەحیسابی بانگ کێشان زیاترلەوەیتێیدایە، زیادهەڵگرتن لەحیساب،
- **اضافۀبیانی:** لێزیادکراو چەشنوجۆریلێزیادبوو دەگەیێنێ(ظرف مس: دەفریمس، واتەدەفری لەمس)،
- **اضافۀتشبیهی:** لێ زیادبوویەکە وێچوون دەگەیێنێ (قدسرو: باڵا سەرو، واتەباڵای وەک سەرو)،
- **اضافۀتخصیصی:** تایبەتبوون دەگەیێنێ(زیناسب: زینیئەسپ)،
- **اضافهتولید:** بەرهەمهێنانی زێدەلەپێداویستی،
- **اضافهحقوق:** سەرکرێ، سەرمووچە، سەرمەعاش،
- **اضافهکار:** زێدەکاری، کاریزێدەلەکاتیدیاریکراو،
- **اضافهکردن:** خستنەسەر، دەسەرکردنەوە، سەرخستن، لێ زیاد کردن، وەردان،

**اضافی:** ١- زیادە، زێدە، ناپێویست، ٢- زۆی، زیادی، زێدەیی، فرەتر، فرەتەر، فرێتر، فریەتر،

**اضاقه:** ١- بەرتەسککردنەوە، تەسککردنەوە، تەنگەبەرکردنەوە، ٢- تەنگانەیماڵی، دەستکورتی، لەدەستچوونیماڵ، نیازمەندبوون،

**اضحوکه:** پێکەنیناوی، پێکەنینهێنەر، خەندەدار،

**اضحیٰ:** ڕۆژیجەژنیقوربان، ڕۆژی گێژنەی قوربانێ،

**اضحیه:** قۆچیقوربان، مەڕیقوربانێ،

**اضداد:** دژبەران، دژیەکان، دژمنان، نەیاران،

**اضر:** بەزەڕتر، زیاندارتر،

**اضراب:** ١ ← اسکان، ٢ ← اعتصاب، ٣- ڕوو وەرگێران، ٤- سەرداخستنو هیچنەکوتن، سەردەبەرخۆنان، سەرشۆڕکردنەوەو بێدەنگبوون،

**اِضرار:** زەرەرلێدان، زەرەرمەندکردن، زیان پێگەیاندن،

**اَضرار:** کۆی(ضرر) ← ضرر،

**اضراس:** ددانەکان، دگانەکان، دەدانەکان، دیانگەل، دیانەیل،

**اضطراب:** ١ ← پریشانشدن، ٢- پریشانی: ئاڵۆزی، بێتاقەتی، بێقەراری، پەرێشانی، پەژ، پەژارە، تاتێل، چۆرچ، خرتوپرت (دلم پریشان شده: دڵمدەخرتوپرتدایە، دڵم کەوتۆتە ورتەورت)، دڵپەشێوی، دڵ خورتی، دڵدوویی، دڵشەوشی، دڵکرمنی، دڵکرمۆڵی، دڵ کرمێ بوون، دڵکرمێیی، دڵلەدڵدان، دڵلەدوایی، دڵلێدان، دڵەتەپە، دڵەتەپێ، دڵەخورپە، دڵەخورپێ، دڵەدوایی، دڵەڕاوکێ، دڵەڕەپێ، دڵەلەرزە، دڵەلەرزێ، دڵەکوتە، دڵەکوتێ، دڵەگورپێ، دڵەلەرزە، دڵەلەرزێ، دڵەودوایی، ڕاچەنیوی، شڵەژاوی، ڤا، مەترسی، نارەحەتی، نهێرانی، نیگەرانی، ورتەورت، هۆفرووني، هەژقین، هەلەبەل، ٣-

لرزیدن: چۆقان، چۆقیان، چۆقین، ڕەجفین، قورف، لەرزان، لەرزانەوە، لەرزای، لەرزک، لەرزین، هەژهان،

**- اضطرابخاطر:** پەرۆشیی ڕەوانی، دڵپەشێوی، دڵخورتی،

**- اضطرابداشتن:** پەرێشانبوون، دڵپەشێوبوون، دڵخورتبوون، هەلەبەلبوون،

**- دراضطرابانداختن:** ← پریشان‌کردن،

**اضطرار:** ١- داماوبوون، ناچاربوون، ناچاری، ٢- داموکردن، ناچارکردن، ٣- بێچارەیی، داماوی، مەجبووری، ناچاربوون، ناچاری،

**اضطراراً:** بەداماوی، بەناچاری، بەهۆیناچاربوون، لەڕوویناچاری، لەمەجبووری، لەناچاری،

**اضطراری:** پێویست، زەروور، فەوری، نائاسایی، ناچاری،

**اضطرام:** بڵێسەداربوون، بڵێسەلێهەستان، کڵپەسەندن، گڕگرتن،

**اِضعاف:** بێتین‌کردن، بنێساندن، خاوکردنەوە، لاوازکردن،

**اَضعاف:** چەن‌ئەوەنە، چەن‌بەرابەر، چەن‌جارە، چەندئەوەندە، دووبەرابەرەکان، دووقاتەکان، دووهێندەکان،

**اَضعَف:** بێتوانتر، بێهێزتر، سست‌تر، لاوازتر،

**اَضغاث:** باقەکان، باقەگیاکان، باقەگیای تەڕو وشکی تێکەوەپێچراو،

**- اضغاث‌احلام:** خەونگەلی‌هاڵۆز، خەونەهاڵۆزەکان،

**اَضغان:** ڕقەکان، ڕکەکان، قینەکان،

**اضل:** ڕێ‌لێ‌ونبووتر، گومڕاتر،

**اضلاع:** پەراسووەکان، لاکان، هێڵەکانی دەوری ڕووبەرێک،

**اِضلال:** بەلاڕێدابردن، بێقامکردن، تەفرەدان، چەواشەکردن، گومڕاکردن، لەخشتەبردن، لەڕێدەرکردن، لەڕێگای‌ڕاست‌لادان،

**اَضلُع:** پەراسووەکان،

**اِضمار:** ١- بریناو دانان، ٢- بزوێن دانان بۆ پیتی نەبزوو، ٣- شاردنەوە، لەدڵدا ڕاگرتن،

**اضمحلال:** ١ ← ازبین‌رفتن، ٢ ← ازهم‌پاشیدگی، ٣ ← ازهم‌هپاشیدن، ٤- ضعیف‌شدن: بنێسان، تاویانەوە، توانەوە، چوونە ئاو (بیچاره خیلی آب‌رفته: کلۆڵە زۆر لاواز بووە)، کزبوون، لاوازبوون، لواینە وەرێو، ٥- ناپدیدی: بزری، گومی، نادیاری، ونی،

**اَضواء:** تیشکەکان، ڕۆشناییەکان، ڕووناکیەکان،

**اَضیاف:** میوانەکان،

**اَضیق:** ١- تەنگتر، ٢- دژوارتر،

**اِطابت:** ← اِطابە،

**اِطابە:** ١- بۆنخۆشکردن، خۆشچێژکردن، ٢- حەلاڵکردن، خاوێنکردنەوە، ٣- بەشێرینی‌ئاخاوتن، قسەی‌شیرین‌کردن،

**اطاعت:** ١- ئەمربەڕێوەبەری، ئیتاعەت، ئیتاعەتی‌ئەمر، سەرسپاردەیی، فەرمانبەری، فەرمان‌بەجێهێنی، فەرمان بەڕێوەبەری، گوێداری، گوێڕایەڵی، ملداوی، مل‌دانەوێنی، مل‌ڕاکێشی، ملکەچی، ٢ ← اطاعت‌کردن،

**اطاعت‌کردن:** ئەمربەڕێوەبردن، ئیتاعەتکردن، ئیتاعەتی‌ئەمر کردن، بەقسەکردن، بەقەوڵکردن، جوابدانەوە، چوونەژێرفەرمان، سەر دانەواندن، سەرسپاردن، فەرمانبردن، فەرمان‌بەجێهێنان، فەرمان بەڕێوەبردن، گوێداری کردن، گوێڕایەڵی کردن، مل‌ئەرەکێشیای، مل‌بۆڕاکێشان، ملدان، مل‌دانەواندن، مل‌ڕاکێشان، مل‌کەچکردن، ملکەچی‌کردن،

**- اطاعت‌کورکورانە:** بەڕێوەبردنی‌فەرمان بێ بیر لێ کردنەوە، بێ‌سێ‌و دوو بەقسەکردن، کوێرانە فەرمانبردن،

**اطاق:** ١- ئۆدە، چاوەخانوو، چوەر،دوێر، دیم، دیو، ژوور، وەتاخ، وەتاغ، هۆدە، ٢- چادری سەحرایی، خەرگە، خێمەی بیابانی، ٣- حوجرە، ماڵ،

**- اطاق‌انتظار:** ئۆدەی چاوەڕوانی، دیوی چاوەڕوانی،

**- اطاق‌بازرگانی:** ژووری بازرگانی،

**- اطاق‌پذیرائی:** دیواخان، دیواخانە، دیوان، دیوانخانە، دیوەخان، دیوەخانە، ژووری‌میوانداری، قۆچک، قۆچکی، کۆچک،

**- اطاق‌تجارت:** ژووری بازرگانی،

**- اطاق‌خواب:** خاوگە، دیوی‌خەو، دیوی‌نوستن، ژووری‌خەو، نوستنگە،

**- اطاق‌عمل:** دیوی‌عەمەلیات، ژووری‌نەشتەرگەری،

**- اطاق مطالعە:** دیوی‌خوێندنەوە، ژووروو ئەدۆوەنەی،

**- اطاق‌ناهارخوری:** ژووری‌نان‌خواردن،

**اُطاقە:** ← اتاقە،

**اطالە(اِطالت):** پترلەپێویست درێژکردنەوە، چزە پێدان، درێژکردنەوە، درێژەپێدان، درێژەپەنەدای، زۆرلەسەرڕۆیشتن،

**اطالۀ‌کلام:** ← اطالۀ‌لسان،

**اطالۀ‌لسان:** پترلەپێویست قسەکردن، چزە پێدان، درێژدادڕی، درێژکردنەوە، درێژەپێدان، درێژە پەنەدای، لەسەرڕۆیشتنی قسە،

**پـذیرفتن:** ١- ئیقرارکـردن، پێهـاتن، دان بـەڕاسـتیدا هێنـان، دانپیانـان، دانپێـداهێنان، ڕاسـترۆین، ڕاسـتکوتن، ڕاسـتگوتن، درکانـدن، ڕاسـتیکـوتن، ڕاسـتی گـۆتن، ڕاسـتیوتـن، ڕاسـڕۆین، ڕاسواتەی، ڕاسوتن، وەخۆ گرتن، مکوڕبوونبەگوناح، وەئەستۆگرتن، ٢- بووونـە دامـان، بەدەمـانگرتن، بـەرعۆدەبوون، پێکهێنـان، دابـین کـردن، دابینکـەردەی، دامـان، دەسـتەبـەربـوون، دەسـتەبـەر کـردن، دەستەبەری،دەمان، زامنبوون، زامینبوون، کەفیلبوون، کەفێڵبوون، گرتنـەئـەستۆ، گرتنـەمـل، گرتـەینـەمـل، لخۆگرتن، وەئـەستۆگرتن، وەئەسـتۆیخۆگـرتن، وەخـۆگرتن، ٣- بـەبـاشزانـین، بـەجـوانزانین، بەجێزانین، بەڕەوادانان، بەڕەوازانین، بەشایاندانان، بەشیاوزانین، بەموستەحەقزانین، پەزیران، پەسندکردن، پەسەندکرن، قەبووڵکردن، وەرگرتن، ٤- ئەمر بەڕێوەبردن، ئیتاعەتکردن، ئیتاعەتیئەمرکردن، بەقسە کردن، بـەقـەولکردن، جوابدانەوە، چوونەژێرفـەرمـان، سـەر دانەواندن، فەرمانبردن، فەرمانبەجێهێنان، فەرمـان بەڕێوەبردن، گوێڕایەڵی، ملئەرەکێشیای، ملبۆڕاکێشان، ملدان، ملدانـەواندن، ملڕاکێشان، ٥ ← پذرفتارشدن،

**- پذیرفتن‌برکسی:** بەڵێنپێدان، پەیمانپێدان، سۆزپێدان،

**پذیرفتنی:** ١- ئیباوەڕپێکردنێ، بۆباوەڕپێکردنبوو، جێگایباوەڕ، شیاویباوەڕپێکردن، ٢- جێگایپەسند، شایانیپەسند، شیاویقبووڵ،

**پذیرفته:** ١- دەستەبەرکراو، زەمانەتکراو، قبووڵکراو، وەئەستۆ گیراو، ٢ ← پسندیده، ٣- قبووڵبوو(دووعا)،

**پذیرفته‌بودن:** دەستەبەرکران، زەمانەتکران، وەئەستۆگیران،

**پذیرفته‌شدن:** بەژەوەندبوون، بەژەوەندکران، پەسند کران، پەسەند کران، سەلمان، سـەلمێندران، قبووڵبـوون، قبـووڵکران، قوبووڵبـوون، قوبـووڵ کران، قـەبووڵبـوون، قـەبـووڵ کران، قـەبیلبـوون، قـەبیلکران، وەئەستۆگیران،

**پذیرنده:** پـەسـندکەر، پـەسـەندکـەر، پێڕازی، سـەلمێنـەر، قبووڵکـەر، قوبووڵکەر، قەبیلکەر، قەبووڵکەر، وەخۆگر، وەرگر، هۆرگیر، هەڵگر،

**پذیره:** ١- بەپیرەوەچوو، بەرەوپیرچوو، پێشوازیکەر،٢ ← پسندیده، ٣ ← پیشباز، ٤- دەستەبەری کرێنی بەڵگە نرخدارەکان، ٥ ← رهگذر، ٦- پووڕ، پەڵیسە، تالان، تالانو بڕۆ، پووێر، چەپاو، چەپوگورپ، ڕاوو رووت، فەرهوود، قرپ، کالات،کاڵەت، گلاهە،نەژد، ٦- ئەمرقبووڵ کردن، ئیتاعەت، ئیتاعەتیئەمرکردن، بەر فەرمانی، بەقسەکردن، فەرمانبردن، گوێڕایەڵی، گوێ شلکردن، ملدان،

**پذیره‌آمدن:** ١- بەپیرەوەهاتن، بەرەپیرهاتن، هاتنە پێشوازی، ٢- هاتن بۆ بەربەرەکانی، هاتنەشەڕ،

**پذیره‌بازفرستادن‌کسیرا:** کەسێکناردنبوشەڕ، ناردنەشەڕ،

**پذیره‌بازرفتن:** ← پذیره‌رفتن،

**پذیره‌رفتن:** ١ ← پیشبازرفتن، ٢- چوونەبەربەرەکانی، چوونە شەڕ،

**پذیره‌شدن:** ← پذیره‌رفتن،

**پذیره‌فرستادن:** ١- ناردنەپێشوازی، ٢- ناردنەشەڕ،

**پذیره‌نویسی:** وەئەستۆگرتنی کارێک بەئیمزاکردنی نووسراوە(وەک ئەوەی هەرکەسە بەنووسینبەشێک لە بەشەکانی شیرکەتێک لەکاتی دامەزرانیدا وەئەستۆدەگرێ)،

**پر:** ١- فرین بەزاراوەی مندالان، ٢- فرین، هەڵفرین،

**پَـر:** ١ ← پـارە، ٢ ←پرتـو، ٣ ← پرنیـان، ٤- پـەڕ، پـەڕوپۆ، پـەل، تووکیباڵدار، کۆنک، ٤- وردەتووکیبنپەڕی مەل،

**- ازپرکلاەاوردشد:** بەپەناگوێچکەیدا تێپەڕی، بەحاڵ لەمەترسی دەربازبوو، هەر ئەوەندەی نەمابوو تووشبێ،

- **پرآور:** ← پرنده،
- **پرافشاندن:** ١- باڵ‌لێدان، ٢- وازهێنان‌لەکارێک بەهۆی نەتوانین،
- **پرافشانی:** تەرخی‌هاتوچۆکردن، پەیوەندی‌بڕین،
- **پرافکندن:** ١ ← پاچەریزشدن، ٢ ← (پرریختن) ← پَر،
- **پرانداختن:** ١ ← پاچەریزشدن، ٢ ← (پرریختن) ← پَر،
- **پراندازکردن:** باڵکردنەوە، شادمانی‌دەربڕین،
- **پَربار:** ← پرنده،
- **پَرباره:** ← پرنده،
- **پربـازکردن:** ١- رفـتن: چـوون، ڕۆیـشتن، ڕۆیـن، لـوای، ٢- جفت‌شدن: جفتبوون، جووتبوون، جووتبیەی،
- **پَربال:** ١ ← پرنده، ٢ ← مرجان،
- **پَرباله:** ١ ← پرنده، ٢ ← مرجان،
- **پَربر:** ← پرنده،
- **پَربـرآوردن:** ١- پـەلـی‌زنیـەی، تـووک‌دەرکـردن، تـووک کـردن، تووک‌لێهاتن، ٢- بە توندی‌فڕین، خیرافڕین، لەشەقەی‌باڵ‌دان، ٣- بەخێرایی ڕۆیشتن، پەلەکردن لەڕۆیشتندا، فڕین(هەرفڕی!)، ٣- باڵ‌گرتن، باڵ گرتنەوە، زۆرخۆشحاڵ بوون، لەشاییان فڕین،
- **پربسته:** ١- باڵ‌بەستراو، ٢- دەستوپێ‌بەستراو، لەجووڵەخراو،
- **پرپیشین:** پەڕی‌درشتی‌مەل، سەرباڵ، شاباڵ،
- **پَرتاووسی:** پـەڕتاووسـی، ڕەنگـی سـەوزی ئامـاڵ وەرنـەوش، کەسکەزەلال، کەسکەشین،
- **پَردادن:** ئازادکردنی‌باڵندە، هەڵفڕاندن،
- **پَردادن‌بەکسی:** ١- ئازادی‌و دەستەڵات‌پێدان، پشتگرتن‌وبەهێز کردنی‌کەسێک‌لەکارێکدا، ٢- غیرەت وەبەرنان، هاندان، هاندای،
- **پَردار:** ١- باڵدار،پەڕدار، ٢- بەپەڕ(پێ‌بەپەڕ)، پەڕدار،
- **پَردرآوردن:** ← (پربرآوردن) ← پر،
- **پرریختن:** ١- پەڕوباڵ‌وەرین، پەڕوپۆدەرکردن، پەڕوەرین، پەلێ ڕووتیەیوە، تووک ڕزیان، تووڵەکبوون، کەچەڵەبوون(جوجە)، ٢ ← درماندن،
- **پرریزان:** تووک‌وەراندنی مریشک،
- **پرریزان‌کردن:** تووک‌وەراندنی مریشک،
- **پـرزدن:** ١- بـاڵگرتن، باڵگرتنـەوە، بـاڵ لێـدان، دانـەشـەقـەی‌باڵ، دەحەواچوون، فرتکە، فڕکە، فڕین، لەشەقەی‌باڵ‌دان، هەڵفڕین، ٢- بڕینی‌پرزەزیادییەکانی قەڵەمی‌موو بۆجوانترکارکردنی،
- **پرزدن‌دل‌برای...:** دڵ‌بۆ...کورکاندن، زۆر بۆ...بەتاسەبوون،
- **پَرسفید:** ١- باڵندەیەک‌توکەکانی سپی‌بێ، پەڕسپی، ٢- جۆرە چایەکە مەیلەوسپی‌یە، چای‌پەڕسپی،
- **پَرسوخته:** پرووزە، پەڕوباڵی سووتاو،
- **پَرسیاه:** ١- باڵندەیەک‌توکەکانی ڕەش‌بێ، پەڕڕەش،
- **پرشال:** بەرپشتێند، نێوان‌پشتێندوکەمەر،
- **پرشکستن:** ١- باڵ‌شکانی‌مەل، ٢- باڵ‌کۆکردنەوەی باڵدار بۆفڕین،
- **پرشکسته:** باڵ‌شکاو، باڵ‌شکیاگ،
- **پَرغازه:** بنی تووکی باڵندە کە بەپێستەوە دەمێنێتەوە، قەڵچغ،
- **پَرغزه:** بنی تووکی باڵندە کە بەپێستەوە دەمێنێتەوە، قەڵچغ،
- **پرکاه:** ١- پەڕەکایەک، زۆرچووک، زۆرکەم، ٢- بابردەڵە، پەڕەکا، چڵەکا، قرش، قسرک، کای‌ورد کە بە هاسانی بەباداەچێ، وابەردەڵە،
- **پرکشیدن:** ١ ← (پرزدن) ← پر، ٢- دڵ‌بۆکورکاندن. دڵ بۆ لێدان، زۆر بۆبەتاسەبوون، زۆرتامەزرۆبوون،
- **پرکندن:** ١- ئاوەڕووتکردن، ئەرەڕووتنای، پرتکاندن، پرچکاندن، پەڕیتاندن، پەرێتاندن، پەڕپۆتکردن، پەڕتاندن، تووک‌کەندن، داپرووزقاندن، داپرووزقانن، داپلۆسکاندن، داڕووتاندن، داڕووچاندن، زەمتاندن، ڤە ڕووتاندن، ڤەڕووچکاندن، ڤەڕوویتاندن، ڤەڕوویچاندن، ڤەڕیچاندن، قوشقن‌کردن، ٢ ← (پرپرزدن) ← پر،
- **پرکنده:** ١ ← پراکنده، ٢ ← پسمانده(٣)، ٣ ← درمانده،
- **پرگرفتن:** ١- بازەڵەبوون، باڵ‌دەرکردن، هەڵفڕین، ٢ ← (پرزدن) ← پر،
- **پرگستردن:** ١ ← پرزدن، ٢- بێ‌ئیفادەیی، بێ‌تەکەببوری، بێ دەعیـەیی، بـێ دەمـاری، بێفیـزی، بـێ فێـزی، بێهـەوایی، خاکساری، خاکەڕایی، خۆبەچووکە دانان، خۆبەزلنەزانی، خۆبەزلنەزانین، خۆبەزۆرنەزانی، خۆ بەزۆرنەزانین، خۆپێ‌زۆرنەبوون، خۆبەکەمزانی، خۆبەکەم دانان، خۆشکێنی، نەفس‌شکاندن،
- **پرگشا:** باڵکەرەوە، بفڕ، فڕەر، فڕندە،
- **پرگشای:** باڵکەرەوە، بفڕ، فڕەر، فڕندە،
- **پرگشادن:** ← (پرزدن) ← پَر،
- **پرگشودن:** ← (پرزدن) ← پَر،
- **پرمگس:** ١- باڵی مێشێ، ٢- بسیارنازک: باڵی مێشێ، پەڕی‌مێشێ (کراسێکی دەبەردایە تەنکەوەک پەڕی‌مێشێ - فلک)، ٣- شمشیری جەوهەردار،
- **تیرچهارپر:** ئەستێرەی بارام، ئەستێرەی بارۆم،
- **مثل‌پرحواسیل:** زۆرسپی،
- **مثل‌پرزاغ:** زۆرڕەش، وەک‌باڵی‌قەلەڕەشە، وەک‌بنی مەنجەڵێ،
- **پُر:** ١- ئەرخ، بۆش، بۆڵ،پڕ، پڕ، پوڕ،پەڕ،پەڵەسەنگ، چرک، زاف، زاڤ، زۆر، زوربە،زۆرزیاد، زۆروزەبەند، زۆرو زەبەنگ، زۆروزەوەند، زەبەن، زەبـەنـد، زەبـەنـدە، زەبـەنـگ، زەحـف، زەحـەڤ، زەون، زەوەند،زیا،زیاد،زێدە، سات(تنها برای‌گرسنگی‌وتشنگی‌وخستگی)، سێبەهران، فت، فراوان، فرە، فریە، فێش، قاڕوون، قولات، قەوی، قەوین، کواکو، کەرتەک، گەلە، گەلەک، گەلەکی، گەلی، گەلێر، گەلێک، مشت، مۆل، وەسی، هەندی، هێل(این تخم‌مرغ‌زیادپخته: ئەوهێک‌هێل‌کولاوە)، هەمکە، هەمگە، ٢ ← پراپر، ٣- پر، تەواو، کامڵ(سی‌روزتمام: مانگی‌پڕ) ٤- زۆرزانابوون، زۆر زانین(آدم پری‌است: مرۆڤێکی زانایە)، ٥- سیر: پر(پڕڕەنگ)، تۆخ، توند،
- **پرآب:** ئاودار، پڕئاو، تورت، گەش،
- **پرآب‌وتاب:** زۆربەئێشتیا، زۆربەوردی، وردورد،
- **پرآتش‌شدن:** ١ ← آتشی‌شدن، ٢ ← پژمردن(٤)،
- **پرآرایش:** زۆرڕازاوە،
- **پرآزار:** دەردمەن، دەردمەند، دەردناک، دەردەدار، ڕەنجاو، ڕەنجیا، ڕەنجیاگ،
- **پرآزرم:** بەئەدەب، بەتۆرە، بەحەدەب، بەحەیا، بەڕووان‌تەنک، بەشـەرم، بەشێواز، بـەعـەدەب، پەلیار، حـەیابـەخۆ، خـوەیرێـزک، خەجاڵەتی، ڕووتەنک، ڕووگر، ڕوونەرم، شەرمن، شەرمنە، شەرمۆ، شەرمۆک، شەرمی، شەرمین، شەرمێون، فەدۆک، فهێتکار، فەدیۆک، کەمرو، کەمڕی،
- **پرآژنگ:** پرچین، پڕگنج، زۆرگنجاوی،
- **پرآسیب:** پڕدەردوبەلا، پڕدەردوڕەنج، پڕلەبەلا،
- **پرآشوب:** بەئاژاوە، پڕئاژاوە، پرکێشە، پڕلەشەڕوشووڕ، زۆرشێواو،
- **پرآشوب‌شدن:** ئاژاوەتێکەوتن، پڕلەئاژاوەبوون، پرکێشەبوون، پڕلەشەڕوشووڕبوون، شێوان، شێویان، شێویای،
- **پرآشوب‌کردن:** ئاژاوەتێخستن، پڕلەئاژاوەکردن، پرکێشەکردن، پڕلە شەڕوشووڕکردن، تێکدان، تێکدای، شێواندن، شێونای،
- **پُرآشوب‌گشتن:** ← (پرآشوب‌شدن) ← پُر،
- **پرآفت:** پڕئاسێو، پربلا، پڕزەرەر،
- **پرآمدن قفیز:** ← پرشدن قفیز،
- **پرآمدوشد:** پڕئاموشۆ، پڕهاتوچۆ،

- **پرآواز:** بەدەنگەدەنگ، بەهات‌وهاوار، بەهەراهەرا،

- **پرآوازە:** بناڤ، بەدەنگوناو، بەرنیاس، بەناڤ، بەناوبانگ، بەناوودەنگ، بەنیوبانگ، خاوەن‌ناو، دەنگانە، دەنگدار، دەنگدێر، دەنگین، دەوخ، سەر بەدەرەوە، سەرنیاس، مەشوور، مەشهوور، مەنشوور، ناسراو، ناڤدار، نامدار، نامەدار، نامی، نامییە، ناوبەدەرەوە، ناودار، ناودێر، نۆمدار، نێوبەدەرەوە، نێودار،

- **پرآوازەداشتن:** بەناوبانگ‌کردن،بەنێوبانگ‌کردن، مەشهوورکردن، مەنشوورکردن،

- **پرآوازەگشتن:** بەناوبانگبوون، بەنێوبانگبوون، مەشهووربوون، مەنشووربوون، ناوبانگ‌دەرکردن، نێوبانگ دەرکردن،

- **پرآور:** ← پراور،

- **پرآهو:** ئاهۆدار، پڕئاهۆ، پڕعەیب، حەیبدار، عەیبدار،

- **پراپر:** ئاردیپۆ، ئارەی، پڕ، پڕاوپڕ، پڕبەپڕ، پڕپڕ، تژژە، تژە، تژی، تمام‌تژە، تەخت، تیکمە، داردایی، دارماڵ، داگرتوو، داگرتی، دلێڤاڕا، دنگ، دەرگاخن، دەرگائاخن، زپ، زوفت، زەپەزەپ، ساماڵ، سەرڕێژ، سیلە، قەڵا پەچن، قەڵاپرچن، قەڵاچن، قەڵاقەڵا، کەفرێژ، کەفەڕێژ، کەلوەڕێژ، کەیل، کەییل، گۆزان، لپ، لچانلچ، لچانلیچ، لوالەو، لەبالەب، لەپە، لەم، لەمالەم، لیپ، لیپان، لیپانلیپ، لیپاولیپ، لیپە، لیڤ، لێڤڕێژ، لیڤولیڤ، لێوان، لێوانلێو، لێوانە، لێواولێو، لێوڕێژ، مالامال، مشت، مەتەلۆس، ناڤدار، ناودار، نژن، نقانق، هەبل، هەربل،

- **پرادّعا:** (١ ←پرافادە، ٢ ←پرگوی) ← پُر،

- **پرارادت:** ← ارادتمند،

- **پرازخود:** (١ ←پرافادە، ٢ ←پرگوی) ← پُر،

- **پراشتها:** ئیشتیازۆر، بەئیشتیا، پڕئیشتیا،

- **پراطناب:** درێژدادڕی، درێژکردنەوە، فرەوێژی،

- **پرافادە:** بادار، بادیهەوا، باڕەگوێکەوتوو، باسمێڵ، باغر، بافەدەنگ، بایەلان، بایی، باییهەوا، برووغ، بغور، بۆج، بەئیفادە، بەتەکەببوور، بەحینوان، بەدەحیە، بەدەعیە، بەدەعیەوتەکەببور، بەدەمار، بەرخوار، بەفیز، بەفێز، بەفیس، بەفیسە، بەهەوا، پارسوستور، پڕئیددیعا، پڕئیفادە، تامسار، ترتۆپ، ترزڕ، ترزل، حەژخوەکەر، حینواندڵ، خۆبەزلزان، خۆ بەزۆرزان، خۆبین، خۆپەرس، خۆپەرست، خۆپەسن،خۆپەسند، خۆپەسەن، خودبین، خودپەسند، خۆلێگۆڕاو، خۆویست، خوەپەرێس، خوەڤین، خەرۆ، دفرە، دفنبلند، دەمارزل، غلloor، غەڕە، غەڕڕە، فڕناخ، فیزدار، فیزن، فیسا،قاپانی،قلۆز، قودە، قۆڕ دەماخ، قۆڕدەماغ، قۆڕە، قۆڕەدەماغ، قۆز، قولم، قومپۆز، کاو، کبار، کلاچ، کەپ، کەرانە، کەشخە، کەللەبا، کیمخا، گورێخ، گەبەزە، گەوەزە، لووتبەرز، لووتزل، لەخۆبایی، لەخۆدەرچوو، لەخۆڕازی، لەخۆگۆڕاو، متەکەبیر، مەنەری، نەسەقزل، وێوین، هوشگ، هۆڤەبەر، هەر، هەرانە، هەوادار،

- **پرافسون:** ← (پالان‌سابیدە) ← پالان،

- **پرامید:** ئاواتەخواز، بەئاوات، بەهومێد، پڕهیوا، چاوەڕوان، چاوەنۆڕ، دڵڕوون، هومێدەوار، هیڤەکێش، هێڤیدار، هێڤیکار، هیوادار، هێویدار،

- **پرانُدە:** ← (پراندوە) ← پُر،

- **پراندوە:** پڕخەفەت، پڕخەم، پڕمەینەت، خەفەتبار، دڵزار، زۆر بەخەم، زۆرخەمدار، مەینەتبار،

- **پراندیشە:** ١- بەخەم، ترساو، ترسیای، دەفکران ڕۆ چوو، فکر هەڵگرتوو، ٢- ئیحتیاتکار، بەپارێز، بەشکۆ، قایمکار، لەسەرهەست، وریاوتێبین‌لەکاراندا، هەست‌ڕاگر،

- **پراندیشەشدن:** ١ ← بیمناک‌شدن، ٢ ← غمگین‌شدن،

- **پراندیشەکردن:** تووشی‌فکران‌کردن، دەفکران‌ڕۆچواندن،

- **پراندیشەگشتن:** ١ ← بیمناک‌شدن، ٢ ← غمگین‌شدن،

- **پراولاد:** منداڵ‌زۆر،

- **پرباد:** ١- ئاوساگ، ئاوساو، ئاوسیاگ، ئەستوور، ئەستووربووگ، باکردوو، پفدراو، پفەڵ، پەڵماو، پەنماو، پەنەماو، پیفلە، دێمگر، ڕەبا کەوتوو، فوودراو، فوودریا، فوودریاگ، فوودریاو، فووکراو، کف، کففە، کفە، گەراگەراوێستاو(زگی‌گەراگەراوێستاوە)، ماساو، ماسیاو، نەپەخەک، نەخفی، وەرەمن، وەرەمی، وەفرنایش، وەفەرنایش، هۆرمسا، هەڵامساو، هەڵامسیو، هەڵاوساو،هەڵپفاو،هەڵپفیاو،هەڵپفیای، هەڵمساو، ٢ ← پرافادە،

- **پُربار:** بەبەر، بەپیت، بەدەسکەوت، بەرهەم‌زۆر، بە بەهرە، بەڕێژەو، پڕبار، پڕبەر، پڕبەرهەم، پڕبەهرە، پڕپیت، پڕحاسڵ، پڕسەمەر، نەخلەش، نەخلیاش، نەخلیایش،

- **پُرباک:** بەترس، ترساو، ترسدار، ترسەر، ترسیای،

- **پُربانگ:** بەدەنگەدەنگ، بەقیژەقیژ، بەهاتوهاوار، بەهەراهەرا،

- **پُربدایع:** پڕلەشتی‌تازە، پڕلەشتی‌سووکی‌بەنرخ،

- **پُربَر:** ← پربار،

- **پُربرکت:** بەبەرەکەت، بەپیت، پڕبەرەکەت، پڕبەرهەم، پڕپیت، پڕ حاسڵ، پڕنیعمەت،

- **پُربرگ:** پڕگەڵا، گەڵازۆر،

- **پُربَسامد:** پڕهاتوچۆ، پڕهاموشۆ،

- **پُربلا:** ← پرآفت،

- **پربو:** بۆن‌توند، بۆنخۆش،بۆندار، پڕبۆن، بۆوەش، زۆربۆندار،

- **پربوستان:** پڕسەوزایی، پڕلەمێرگ‌وشینایی،

- **پربوی:** بۆن‌توند، بۆنخۆش،بۆندار، پڕبۆن، بۆوەش، زۆربۆندار،

- **پربها:** بەقیمەت، بەنرخ، گرانبایی، گرانقیمەت، نرخدار،

- **پربهجت:** زۆرشادمان،

- **پربهر:** ← (پرمنفعت) ← پُر،

- **پربهرە:** ← (پرمنفعت) ← پُر،

- **پربیم:** ترساو، ترسیای، تۆقیو، زراوچوو، زۆرترساو،

- **پربیم‌گشتن:** بزدان،بزدهان، بزدین،بەعجین، بەهتین، پرینگان(دراثرترس)، پرینگانەوە(دراثرترس)، ترسان، ترسیان، ترسین، تۆقان، تۆقان، تۆقای، تۆقیان، تۆقین، تەرسای، جنقین، جەفلین، جەلفین، جەنقین، دڵەلەرزە، دڵەلەرزێ، ڕوحچوون، ڕۆحچوون، ڕۆحلوای، زاتچوون، زاتلوای، زارەترەکبوون، زارەچوون، زاق، زاڵەترەکای، زاڵەترەکبوون، زاڵەتەقین، زاڵەتەقێن، زاور چوون، زراوتۆقان، زراوتۆقین، زاورچوون، زراوتۆقین، زراو چوون، سامکردن، هەژفین، هەژقین،

- **پرپا:** پوورایشۆکە، پیرایشۆکە، پیرۆشک، پیرێژنۆکە، تسەگورگانە، داپیرۆشک،

- **پرپایە:** پڕپا،پڕپش، پڕپە، چلپایی، خشخشۆک، خشخشە، خشک، خشگ، خشی، دووسەرە، زۆڤ، زویلۆ، زیڤزیڤ، زیڤزیڤە، زیلۆ، زیوۆر، گوهسم، مارەزیو، هەزارپا، هەزارپێ،

- **پُرپَر:** ١- پەڕزۆر، داپۆشراوبەپەڕ، ٢- پڕبەلگ، پڕپەڕ، پڕپەڕە، پەڕەزۆر، گوڵی‌پەڕەزۆر، گیایەک پەڕەی گوڵەکانی زۆربن،

- **پُرپرخاش:** بەکێشە، بەگڕیشە، کێشەسازکەر،

- **پُرپُرکردن:** ← پُرکردن(١) ← پُر،

- **پُرپشت:** بەپشت، پڕ(مووی‌پڕ، گیای‌پڕ)، پڕپشت، چڕ، چڕگە، چڕوپڕ، چوغر، چوغور، چەغور، چیپڕ، سخ(مێشەکە سخبوو)، قاڕوون، قەوغا،

- **پُرپهن:** بەربەرین، بەرین، پان، پانوبەرین،

- **پُرپهنا:** بەربەرین، بەرین، پان، پانوبەرین،

- **پُرپی:** بەپێز، هەویری کێشدار کە بۆنان‌کردن باشترە،

- **پرپیچ:** پڕپێچ، پڕچین، پڕگنج، پێچاوپێچ، گنج‌گنج،

- **پرپیچ‌وتاب:** ← (پُرپیچ‌وخم) ← پُر،

- پُـرپیچ‌وخـم: بـەخـوارەپێچـە، پـڕپێچـوپـەنـا، پێچوخـواریزۆرتێـدا، خوارەپێچ، خوارەپێچە، لابەلا،
- پُرتاب: ١ ← پرتاو، ٢ ← (پرپیچ‌وخم) ← پر، ٣- سخت‌تابیده: توند بادراو، گشت، ٤- پرحیله‌ومکر: بەفێڵۆتەڵەکە، مەکرباز، مەکرۆ،
- پُرتاب‌بودن: ← (پُرتاب‌شدن) ← پر،
- پُرتاب‌بودن اسب: پرتاوبوونی ئەسپ، سەڵەف،
- پُرتابش‌رخسار: ڕووسوورهەڵگەڕان، شادبوون‌لەشتێک،
- پُرتابش‌روی: ڕووسوورهەڵگەڕان، شادبوون‌لەشتێک،
- پُرتاب‌شدن: ← تندی(٣)،
- پُرتـاب‌کـردن اسـب: پرتـاوکردنی ئـەسـپ، تـاودان، تـاوکردن، سەڵەفکردن، لینگدان،
- پُرتاب‌کردن‌رخسار: ← (پُرتابش‌رخسار) ← پر،
- پُرتاب‌کردن‌روی: ← (پُرتابش‌رخسار) ← پر،
- پُرتاب‌گشتن: سوورهەڵگەڕانی‌ڕوخسار،
- پُرتاب‌گشتن‌روی: سوورهەڵگەڕانی‌ڕوخسار،
- پُرتاب‌وتوان: بەتاب‌وتوانا، بەتوانا، پرتاقەت، پروزەوهێز،
- پرتحـرّک: ١- کـاری: بـەکـار، تێکۆشـەر، چـەپـخـوون، هـەڵـسـووڕ، هەڵسووڕاو، ٢- آرام‌نگیر: بزۆز، بەجووڵەجووڵ، پرجووڵە، دانەسەکناو، سەهەندە، هەدا نەدەر، هەلکۆ،
- پُرتَکلّف: ١- دژوار، سەخت، سەخڵەت، گرێدار، ٢ ← باشکوه،
- پُرتلاش: ١ ← پرکار، ٢ ← چالاک،
- پُرتوان: ← پای‌آور(١)،
- پُرتوقّع: ← پرادّعا،
- پُرثروت: ← پادار(٤)،
- پُرثمر: بەبەرهەم، بەبەهرە، بەفایدە، بەقازانج، پربەر، پربەرهەم، پڕ بەهرە، پرقازانج،
- پُرجاذبه: ڕاکەش، ڕاکێشەر،
- پُرجذبه: ڕاکەش، ڕاکێشەر،
- پُرجرأت: ئاڕێشەن، ئازا، بدەک، بزراڤ، بژوون، بۆکە، بوێر، بە جەرگ، بەخیرەت،بەدەمار، بەزات،بەزاخ، بەغیرەت، بەکار، بەگون، بهنـاڤ، بێبـاک، بێپـەروا،بێسام، پاڵـەوان، پـردڵ، پـڕکێش، پیـاڤ، پیاو،تـــەبــــا، جــــامێر، جنـــدی، چارشــــا، چاوتونـــد، چاوقایم،چاونـەترس،چاونـەترساو، دلآزا، دلاوەر، دلـدار،دلزەخـم، دلسەخت، دلستوور، دلقایم، دلگەورە، دلێر، دەستکەرەوە،دەستەوەکەر، دەسکەرەوە، دەلوودلێر، دەماردار، دەمسوور، دیودڵ، ڕەشی، ڕەشید، ڕەن، ڕەند، زاتدار، زاوەردار، زەنەقدار، زەهلە دار، زیخ، سەرخۆش، سەرخوەش، سـەفدر، شامێر، شەڤگەڕ، شـەڤ گێڕ، شـەمشێرکرۆژ، شەهلەوەند، شەهـ مێر، شێرباز، شیر کوروژ، شێرکوژ، عەگن، عەگیت، عـەگید، فێـرز، فێـرس، قـادڤین، قادۆ، قـارەمـان، کـورد، کوڕەبـاڤ، کۆسەچی، کۆکەڵ، کەڵەپیاو، کەڵەمێر، کێستەک، گامبۆر، گوندار، گەڕناس، گەڕنووس، گیانبەر، لۆک، مەرخوز، مەرد، مێر، مێرخاس، ناگۆرە، نەبەرد،نەترس،نەوەرد، نەهێتە، نێر، نێرە، وایسۆ، وەرا، وەن، وەند، وێر،وێرا،وێرۆک،هالان، هۆل، هۆول، هەول، هەوێرا، یەمان،
- پرجفا: جەفاکار، زاڵم، ستەمکار،
- پرجگر: ← پرجرأت،
- پُرجمعیت: پڕئاپۆرە، پڕایـەمـەردم، پڕ جـەمـات، پڕ جـەمـاعـەت، پڕحەشامات، پڕحەشیمەت، جمکوت، شلۆق، شلۆوغ، شلووق، غەوغا، قڕوفڕ، قەرەبارغ، قەرەباڵغ، قەوغا، گەوز، نق، وەوێر،
- پُرجنب‌وجوش: پرجموجۆڵ، پردەنگ‌وبزاڤ، پرکار، پڕ هاتوچۆ،
- پرجوانی: پڕلەگەنجایەتی، تازەلاوی،
- پرجواهر: پڕگەوهەر،
- پرجور: جەفاکار، زاڵم، ستەمکار،
- پرجوش: ١- زۆرلـەجۆش، زۆرلـەکوڵ، ٢- بـەجۆش‌و خرۆش، پڕ هەراوهوریا، زۆرلەجۆش،
- پُرچاره: ١ ← (پالان‌سابیده) ← پالان، ٢- مدبر: بەتەگبیر، بەڕا، بەردەبار، بەمشوور، تەگبیرزان، زاناو بەتەکبیر، قایمکار،
- پُرچانگی: ← حرّافی،
- پُرچانگی‌کردن: ← چسی‌آمدن،
- پُرچانه: ← حراف(١)،
- پُرچین: پرپێچ، پرچین، پرخوارەپێچە، پرگنج، گنجاوی، گنجدار، گنج‌گنج، لوول،
- پُرچین‌کردن: پرچین‌کردن، پرگنج‌کردن، گنجاوی کردن، گنج گنج کردن، لوولکردن،
- پُرچین‌وشکن: پرچین، پرگنج، گنجاوی، گنج‌گنج، لوول،
- پُرچین‌شدن: پرگنجبوون، گنجاویبوون،
- پُرحادثه: پرڕووداو، پرکێشەکێش،
- پُرحاصل: پربەر، پربەرەکەت، پربەرهەم،پرپیت، پرحاسڵ،
- پُرحافظه: ئەوەی‌شتی زۆرلەبیر دەمێنێتەوە، بەزەین، بیر بەهێز، زەینباش، زەینڕوون،
- پُرحرارت: ١- بتاوێن، بەتین، پرحەرارەت، توێنەرەوە، زۆرگەرم، گەرم‌وگوڕ، ٢ ← (پرکار) ← پر،
- پُرحرض: ١- داگیرساو(لەشی نەخۆش)، ٢- بێئاقڵ، بێئاوەز،
- پُرحرف: ← پُرچانه،
- پُرحرفی: ← پُرچانگی،
- پُرحرفی‌کردن: ← پُرچانگی‌کردن،
- پُرحوصلگی: بێهن فرەهی، بەحەوسەلەیی، پشوو لەسـەرخۆیی، پشوولەسەرەخۆیی، حەوسەلە،دایاخ، سوبات، سەبر، لەسەرەخۆیی، نەرمونیانی، نەفەس‌درێژی، هێدکی، هێمنی،
- پُرحوصله: ← پُرشکیب،
- پرجنگ‌وجلب: ← پرآشوب،
- پرجوانی: ← نوجوانی،
- پرجواهر: پرجەواهێر، پڕگەوهەر،
- پرجود: ← جوانمرد،
- پرجوش: ١- بەکوڵ، ٢ ← پرغوغا،
- پرچاره: ١ ← محیل، ٢ ← مدیر،
- پرچربی: بەڕۆن،تێربەز، تێربەزۆن، تێردۆن، تێردوهن، چڤر، چەڤر، چەور، دهون، ڕۆندار، زومدار، قەڵەو،
- پُرحیله: ← (پالان‌سابیده) ← پالان،
- پُرخار: بەدڕک، بەدڕوو، پڕدڕک، پڕدڕوو،
- پُرخاصیت: ← پُرمنفعت،
- پرخدو: پرتف، تفاوی، زاربەتف، زارپڕتف، لیکن،
- پُرخراش: داڕناو، ڕناو، ڕندراو، زۆرڕندراو، زۆر ڕووشاو،
- پُرخرج: بوها، بەخەرج، پرخەرج، خەرجدار، خەرجزۆر، زۆرگران، گران،
- پُرخرد: ← پارسا(٢)،
- پرخروش: بەزەنازەنا، بەناڵەناڵ، بەهاتوهاوار، بەهەراهەرا، بەهەڵلاهەڵلا،
- پرخشم: ١ ←پرپرخاش، ٢-بەقین، پرقین، تووڕە، حرسن، قیناوی،
- پرخشم‌شدن: زۆرتووڕەبوون، زۆرڕق‌هەستان، ڕۆرقینگرتن، فرەقینهەستان،
- پرخشم‌گردیدن: ← (پرخشم‌شدن) ← پر،
- پرخشم‌گشتن: ← (پرخشم‌شدن) ← پر،

- **پرخطر:** ١- باسیسەر، بڤە، پڕخەتەر، پڕمەترسی، ترسناک، تۆقێنەر، جێمەترسی، زەننده، فەلاکەت، مەترسیدار، نەتەکن، هیلاک، ٢- عظیم: بەگەڤدە، تەڕکی، چەتل، خاوەنجەلال، خاوەنشکۆ، خوەدیڕووس، زۆرمەزن، زەلام، عەزیم، گەورە،
- **پرخم:** ١ ← پریشان، ٢ ← پرشکن،
- **پرخنده:** بەزەردە، خۆشئەخلاق، خۆشخوو، خۆشڕوو، خەنان، خەندان، خەندەلێو، خەنەران، دەڤکەن، دەڤکەنۆک، دەڤکەنی، دەڤلکەن، دەڤنەرم، دەمبەپێخەنین، دەمبەپێکەنین، دەمبەتریقە، دەمبەخەندە، دەمتەراق، ڕووخۆش، ڕووکەن، ڕووگەش، ڕوولکەن، زاربە پێکەنین، زار بەتریقە، زارخەن، کەنۆک، لێوبەخەندە، لێو بە زەردە، وەشخوو، وەشڕوو،
- **پرخواب:** بخەف، خاوین، خەوپێخۆش، خەوخەو، کەسێکە زۆر دەخەوێ،
- **پرخوار:** ← (پرخور) ← پُر،
- **پرخوارگی:** ← (پرخوری) ← پُر،
- **پرخواره:** ← (پرخور) ← پُر،
- **پرخواستار:** پڕخوازیار، خوازیارزۆر، پڕمشتەری،
- **پرخواسته:** ئەنگراو، بدار، بوود، بوودە،بوە،پارەدار، پارەمۆڵ، پووڵ دار، تێر، تێروپڕ، خاوەنسامان، خواجا، خواجە، دارا، دارندە، دەست ڕۆیشتوو، دەسڕۆیشتوو، دەوڵەمەن، دەوڵەمەند، زەنگون، زەنگین، ساز، ساماندار، کەڕانە، مالاڤا، ماڵدار، مایەوەر، هەبو، هەمپا، هەیاتی،
- **پُرخواه:** ← (پُرطمع) ← پُر،
- **پرخواهش:** پڕئارەزوو، پڕداوا، پڕهەوەس،
- **پرخور:** بخۆر، پارووزل، پاروگلێن، پەڵخەگامێش، پێل، تەشپیتڕێن،تەشیتڕێن،تەلێر، تێرنەخۆر، چڵ، چڵەک، چڵێسۆ، ، خوارا، خوارۆخ، خۆرا، خۆشخۆر، خوەرا،خۆهرا، دەرلیالووش، دەوری لێس، زاخۆران، زکتێر، زکدڕاو، زگن، زگهۆر، زگەڕۆ، زۆرخۆر، سکدڕاو، سکەرۆ، شەپەلۆخ، فازرک، فرەخۆر، فرەوەر، قرمدار، قوڕگدڕاو، کەلپاچا، کەلپاچە، گەپتیکە، لوقمەگەورە، لەپن، مێژک، نانکوور، واردۆخ، ورگدڕاو، ورگن، وەردۆخ، هەستیکۆژ،
- **پرخوراک:** ← (پرخور) ← پُر،
- **پُرخوری:** چلەکی، چلی،خوەراتی، زک بەردان، زکنانەسەر، زگبەردان، زگلەسەردانان، زۆر خواردن، سک بەردان، سک نانەسەر، واردۆخ، ورگ لەسەر دانان،
- **پُرخوریبعدازشفا:** جەممردوویی، دانبۆری،
- **پُرخون:** ١- پڕخوێن، پڕلەخوێن، خوێنزۆر، ٢- خوێناوی، خوێنین، ٣- سووربۆوە، سوورەوەبووگ، سوورهەڵگەڕاو،
- **پُرداد:** ← دادگر،
- **پُرداغ:** ← دردناک،
- **پُردان:** ← دانا،
- **پُردانش:** زانا، عەللامە،
- **پُردرآمد:** ← (پُردرامد) ← پُر،

**پُردرامد:** بەبارەچە، بەداهات، بەسوود، پڕداهات، پڕقازانج، هەزەخ،
- **پُردرخت:** پڕدار،
- **پُردرد:** پڕخەفەت، خەفەتبار، خەفەتدار، دەردزۆر، دەرد مەن، دەردمەند، دەردناک، دەردەدار، نەهارەزگ،
- **پُردردشدن:** پڕخەمبوون، زۆرغەمناکبوون،
- **پُردردگشتن:** پڕخەمبوون، زۆرغەمناکبوون،
- **پُردردودود:** ← (پردرد) ← پُر،
- **پُردرود:** پڕحەمدوسەنا،پڕستایشت، پڕلەپێهەڵاگوتن،
- **پُردروغ:** پڕدرۆ، پڕلەدرۆ، درۆزن، هەمووگیاندرۆ،
- **پُردشمن:** دوژمندار، دوژمنزۆر،
- **پُردغدغه:** بیرئاڵۆز، بیربڵاو، خەیاڵاوی، سەوداسەر، گێژو وێژ،
- **پُردل:** ١ ← پرجرأت، ٢- بەخشندە،بەدڵ، بەدڵو دەروون، بەزاخ، بەنان، بەهیمەت، پیاڤ، پیاو، جامێر، جوامێر، جوانمەرد، جوانمێر، جۆمەرد، خواردە، خۆشنان، دڵاوا، دڵفراوان، دڵفرەوان، دڵگوشاد، دەرووندار، دەستبڵاو، دەستڤالا، دەستکراوە، دەسگوشاد، دەسواز، دەسەنەدار، دەهندە، سەخاوەت،سەخی، سەغی، کەرەم دار، کەرەمکار، مەرد، مەردوڕەند، مەردەمیر، نانبدە، نانده،ناندەر، وەشنان، هەدار،
- **پُردلی:** ١- ئاریش، ئازاتی، ئازایەتی، ئازایی، ئەگیتی، بڕک، بزراڤی، بژۆن، بژوونی، بوێری، بەجەرگی، بەخیرەتی، بەدەماری، بەزاتی، بەزاخی، بەشاڕەت، بەغیرەتی، بەکاری، بەگونی، بێباکی، بێپەروایی، بێترسی، بێسامی، بێگەڤی، پاشەر، پاڵەوانی، پڕدڵی، پڕکێشی، پشتووری، پیاڤی، پیاگەتی،پیاوەتی، تاقەت، توانایی، توروش(جرأتنکردبگوید: توروش نەکر بێژی)، توندڕەوی، جامێری، جوامێری، جوانمێری، جورئەت، جورعەت، جەربەزە، چاوتوندی، چاوسووری، چاوقایمی، چاونەترساوی، چاونەترسی، دڵازایی، دلاوەری، دڵداری، دڵزەخمی، دڵسەختی، دلستووری، دڵقایمی، دڵگەورەیی، دلێری، دەستکەرەوەیی، دەستەوە کەری، دەسکەرەوەیی، دەمارداری، دەمسووری، دێودڵی، ڕەشیدی، ڕەنی، ڕەندی، زات، زاتداری، زارە، زاڤر، زاڵۆ، زاڵە، زاور، زاورە، زاوەر، زاوەرداری، زاوەرە، زراو، زۆخ، زووخ، زەحلە، زەردەکی، زەنەدەق، زەنەدەک، زەنەق، زەنەقداری،زەهلک، زەهلە، زەهلەداری، زیخی، زیەلک، سرتی، سەرخۆشی، سەفدڕی، شامێری، شەهلەوەندی، شەهمێری، شێربازی، عەگنی، عەگیتی، عەگیدی،غیرەت، فێرزی، فێرسی، قارەمانەتی، قارەمانی، قەنجاتی،کەڵی،گامبۆری، گەڕناسی، گەڕنووسی،موکوری، مەرخوزی، مەردازایی، مەردایەتی، مەردمەی، مەردومی، مەردی، مێراتی، مێرئازایی، مێرخاسی، مێری، مێریتی، مێرێنی، ناگۆرەیی، نەبەردی، نەترسان، نەترسی، نەترە، نەوەردی، وایسۆیی، ورار،ورە، ورینگ، ورینگە، وەرار، وەرایی، وەنی، وەندی، وێر، وێران،وێرایی، وێرۆکی، وێریان، وێرین، هالانی، هورە، هۆلی، هۆولی، هەترە، هەترەش، هەناو، هەوتانایش، هەولی، هەوێرایی، هەوێری، هەیهێز، هێز، هێزیدڵ، هیممەت، هیوڕ، یارای، یەمانی، ٢- سخاوت: ئادا، دڵاوایی، بەخشندەیی، بەدڵی، بەدڵودەروونی، بەنانی، جوامێری، خواردەیی، دڵاوایی، دڵفرەوانی، دڵگوشادی، دەروونداری، دەستبڵاوی، دەستڤالایی، دەستکراوەیی، دەسەنەداری، دەهندەیی، سەخاوەت، سەغاوەت، کەرەمداری، کەرەمکاری، نانبدەیی، نانده‌ری، ناندەیی، هەداری،
- **پُردو:** ئازالەغاردان، غاردەری باش،
- **پُردوام:** بەدەوام،بەرگر، پڕدەوام،خۆڕاگر، قایم، موکوم، مەحکەم، وەرگر، مایەدار،
- **پُردود:** بەدووکەڵ، پڕدووکەڵ، دووکەڵزۆر،
- **پُردودبودن:** خەفەتباربوو، خەمناکبوون، خەمینبوون، غەمگینبوون،
- **پُردهان:** زارپڕ،
- **پُردهان:** پڕبەزار، پڕبەزاری،
- **پُررنگ:** پڕڕەنگ، پشتدار، تۆخ، ڕەنگدار، مایەدار،
- **پُررو:** ← (پالانسابیده) ← پالان،
- **پُررودگی:** ← پرچانگی،
- **پُرروده:** ← پرچانه،
- **پُرروزی:** ڕسقزۆر، سەربەڕسق، گوزەرانباش،
- **پُرروشدن:** خاران، چەقەسرۆکردن، حەیاوەلانان، ددانسپیبوونەوە، دیانچەرمگەوبوون، ڕوودامالاوبوون، ڕووکرانەوە، ڕووکردنەوە، سیوادبوونەوە، شەرمشکان، شەرمنەمان لەڕووی گەورەتردا، فهێدنەمان، لەشەرمنی رزگاربوون،
- **پُرروی:** ← (پالانسابیده) ← پالان،

- **پُررویی:** ئازایەتی، ئالوولەیی، ئاولەئاوەڕۆدەرکردن، ئاوەسۆیی، ئاوەسوویی، باتیزۆیی، باتیزۆکی، بازەڵەخوێندن(...چاکبازەڵەی خوێند)، بازەڵەیی، بڵحەڕوویی، بوێری،بەقلیسۆکی، بەینەشەیی، بێئابڕوویی، بێباکی، بێچاوڕوویی، بێحەیایی، بێشەرمی، بێفەهێتی، پڕڕوویی، پۆس کڵفتی، پێستئەستووری، جەڕەبەزەیی، جەسارەت، چارداوڕوویی، چاوڕووقایمی، چوختیبوون، چەتەوەڕوویی، چەتیمی، چەتیمۆکی، چەختیایتی، چەرداوەڕوویی، چەقاوەسوویی، چەقەسرۆیی، چەقەسوویی، چەلاقی، حەیاتکاوی، حەیتەیی، داشۆریاگی، دلێری، دمەک دڕیاگی، دەلووقەلی، ڕوودامالاوی، ڕوو دامالراوی، ڕوودامالیاگی، ڕوو ڕەشی، ڕووسەختی، ڕوو شەلی، ڕووقایمی، ڕووهەلمالاوی، ڕووهەلمالراوی، ڕیپالی، ڕیلاسی، زڕزۆپی، زڕیئامایش، زڕشەرمی، سازندەیی، ساوازی، ساواژی، سایوازی، سرتی، سلساری، سواوی، شەرمتکاوی، شەرمنەکەری، شەرمنەماوی، شەلاتیگەری، شیپالی، قالی، قولتەشی، قولتەشەیی، قەڕنەقیلی، قەرەچەناخی، قەرەچەناغی، کاولیگەری، کۆل نەدەری، کولەشی، کەلپزایی، کەلپزەیی، کەولیگەری، گوساخی، گۆسارتمەیی،گوستاخی، گەڤەندەیی، لۆتیایەتی، موکوری، نەترسی، وێرایی،

- **پُرریش:** ١- بەلمەڕیش، ڕیشباقەبەلم، ڕیشزۆر، ڕیشن، ٢- برینزۆر، پڕبرین،

- **پُرزا:** ئەوەیمندالیانزۆردەبن، بزۆک، بەزاووزوو، بەزاووزێ، بەزگوزا، بەزەوەزوو، پڕزاووزوو، زایا، زایی، زگکەر، زەیۆک، عەولادزۆر، فرەزێ، فرەفرزەند، مندالزۆر،

- **پرزادورود:** ← (پرزا) ← پر،

- **پرزادوولد:** ← (پرزا) ← پر،

- **پرزخمت:** پڕزەحمەت، پڕدەردەسەر، پڕکوێرەوەری، زۆربەزەحمەت،

- **پرزحیر:** ← پراندوە،

- **پرزور:** ١ ← پایآور(١) ← پا، ٢- بەتەوژم، بەتەوەژم، بەلووزەو، بەلێشاو، بەخوڕ، بەخوڕڕەم، وشێڕەت، لووش،

- پُرزیان: بەزەڕ، بەزیان، پڕزەرەر، پڕزیان،

- **پُرستیز:** ← پرخاشجوی،

- **پُرستیزە:** ← پرخاشجوی،

- **پُرسخا:** ← جوانمرد،

- **پُرسخن:** ← (پرچانە) ← پر،

- **پُرسروصدا:** بەدەنگەدەنگ، بەهاتوهاوار،

- **پُرسکنە:** ١ ← (پرجمعیت) ← پُر، ٢- پڕلەدانیشتوو،

- **پُرسو:** پڕنوور، ڕۆشن، ڕووناک،

- **پرسوز:** ← پرسوزوگداز،

- **پرسوزوگداز:** بەسۆز، پڕسۆز، پڕناڵەوسووتان، زۆربەناڵەناڵ،

- **پُرسوی:** پڕنوور، ڕۆشن، ڕووناک،

- **پرشاخ:** پڕلک،

- **پُرشاخوبرگ:** پڕلکوپۆپ، پڕلکوگەلا،

- **پُرشتاب:** ١- باعجلە: ئازا، بریڤ، بلەز، بەپەلە، بەپەلەبچوڕکێ، بەپەلەپچڕ، بەپەلەپچڕێ، بەپەلەپچووڕکێ، بەپەلەپڕووزە، بەپەلەپڕوزکێ، بەپەلەپڕووزێ، بەپەلەپڕووسکە، بەپەلەپڕوسکێ، بەپەلەپەل، بەپەلەپەلو هەلەهەل، بەپەلەقاژە، بەپەلەوداوان، بەپەلەولەز، بەحەلوەلا، بەحەولو وەلا، بەدەستوبرد، بەدەسواکرد، بەشاکەشاک، بەفڕەفڕ، بەگوژولەز، بەل، بەلەز، بەلەزوبەز، بەهەڕەمە، بەهەشتاو، بەهەڵە داوان، بەهەلەوپەلە، بەهەلەهەل، پێسۆر، پێلەسۆل، تەنگاو، تەنگەتاو، خۆش، خۆشخۆش (خۆشبڕۆ، خۆشخۆشبڕۆ)، خێرا، زۆربەپەلە، ساتی، سەرپێ، کوڵووکی، گەرم، لەپ، لەپە، لەزاهی، لەزالەز، لەزبلەز، لەزکانی، لەزلەز، لەزوبەز، لەژ، وەپەلەکەوتوو، وەتاو، هشتاو، هشتاوی، هەپش، هەتاو، هەشتاوی، هەڵپ، هەڵپڕووز، هەڵپە، هەڵکوت هەڵکوت، هەیتا، ٢- پێلەسۆل، زۆرئازا، زۆربەپەلە، زۆربەپەلەوداوان، زۆربەپەلەولەز، زۆربەشاکەشاک، زۆربەفڕەفڕ، زۆربەگوژولەز، زۆربەلەزوبەز، زۆربەهەڕەمە، زۆربەهەشتاو، زۆر تەنگاو، زۆرتەنگەتاو، زۆرخێرا، وەپەلەکەوتوو، ٣- چالاک: ئازا، بدەو، بساڤ، بەپێ، بەکار، پەیت،پەیتوپۆڕ، پێت، توند،توندوتۆڵ، توننوتۆڵ، تونوتۆڵ، تونوتیژ، تەڕدەس، تەڕدەست، جەڵد،چابک،چابووک،چاپک، چاپووک، چالاک، چسک، چوست، چوستوچالاک، خێرا، زرک، زرکوزینک، زرنگ، زرینگ، زیرەک، سووک، سەوۆک، قۆچاخ، قۆچاغ، کەلەش، کرژ، کرژە، کۆرت، کۆرتک، کورژ، گوربز، گورج، گورجوگۆڵ، گورد، لۆبت، لۆپت، لەشسڤک، لەشسووک، لەشلەزگین، مجک، مجن، مجنْک، مەزبووت، میجک، وریا، هوولوو، هەدرە، هەرڤە، هەڵسووڕ، ٤- ناآرام: بێئۆقرە، پەرێشان، دانەسەکناو، نائارام،

- **پُرشدن:** ١- پربوون، زۆربوون، زیادبوون، ٢- ئاردیپۆ بوون، پڕاوپڕ بوون، پڕبوون، پڕبەپڕبوون، پڕپڕبوون، پڕەوبوون، پەڕبیەی، تژژەبوون، تژەبوون، تژیبوون، تمامتژەبوون، تەختبوون،تیکمەبوون، داردایی‌بوون، دارمالبوون، دەرگاخنبوون، دەرگائاخنبوون، ڕتمین، زپبوون، زوفتبوون، زەپەزەپبوون، سەرڕێژبوون، قەلاپەچنبوون، قەلاپرچنبوون، قەلاپەچن بوون، قەلاچنبوون، قەلاقەلا بوون، کەفرێژبوون، کەفەڕێژبوون، کەلوەڕێژ بوون، کەیلبوون، لپبوون، لچانلچبوون، لچانلیچبوون، لوالەوبوون، لەبالەب بوون، لەپەبوون،لەمالەمبوون، لیپانلیپبوون، لیپاو لیپبوون، لێڤرێژبوون، لیڤولیڤبوون، لێوانلێوبوون، لێواو لێوبوون، لێوڕێژ بوون، مالامالبوون، مشتبوون، مەتەلۆس بوون، ناڤداربوون، ناوداربوون، نژنین، نقانقبوون، هەبلین، هەربلین،

- **پُرشدنقفیز:** ١ ←پرشدن(٢)، ٢ ← پرشدنپیمانە (١) ← پر، ٣- تەواوبوونیکاتیشتێک، تەواوبوونی ماوەی شتێک، ٤ ← مردن،

- **پُرشدنپیمانە:** ١- تاقەتنەمان، تەواوبوونیسەبر، سەبرتەواوبوون، سەبرنەمان، ٢- تەمەن تەواو بوون، هەجەلهاتن،

- **پُرشرار:** ← (پرشرر) ← پُر،

- **پُرشرر:** پڕشنگدەر، بەئاورنگ،بەئاورینگ، بریسکدەر، بەپڕشەنگ، بەگرفەگرف، گڕدار،

- **پُرشرم:** بەحەیا، بەشەرم، بەشەرموحەیا، شەرمن،

- **پُرشروشور:** ١- پڕشەڕوئاژاوە، پڕشەڕوشووڕ،٢ ← (پرهیاهو) ← پُر، ٣- ئۆقرەنەگر، بزۆز، بەتفەڕ، بەهەلبەزدابەز، دانەسەکناو، زرتوزریو، زرتوزینوو، زیتەڵ، زیتەڵە، سەربزێو، نەحاواوە، نەحەجمیو، هاروهاج،

- **پُرشعف:** زۆربەکەیف، زۆرخۆشحاڵ، زۆرشاد، زۆرشادمان،

- **پُرشکاف:** پڕتیک، پڕقەڵش، تیکتیک، قەڵشقەڵش،

- **پُرشکستگی:** پڕقۆرتە، پڕکۆسپ، پڕکەندولەند، پڕلەبەرزیونزمی، ناڕێک،

- **پُرشکم:** تۆراغدان، تەلیر، تەنگەئەستوور، تەنگەتیلە، دەفزگ، دەفەزگە، زکبەل، زکزل، زگدەرپەڕیگ، زگ دەرپەڕیو، زگدەنە، زگزل، زگزەلام، زگ مەشکەدۆ، زگن، زگەستوور، زگهۆڕ، سکزل، سکن، سێتەنگە، عوورمەزن، کرشە، کەرشین، گرز، لەمزل، لەمن، گرگن، گەدگن، مەشکن، مەشکۆ، ورگن، ورگە، ورگن، ورگنە، هورگن، هورگنە،

- **پُرشکمشدن:** تەنگەئەستووربوون، زکزلبوون، زگ دەرپەڕین، زگزلبوون، زگزەلامبوون، سکزلبوون،

- **پُرشکمگردیدن:** ← (پُرکمشدن) ← پُر،

- **پُرشکمگشتن:** ← (پُرکمشدن) ← پُر،

- **پُرشکن:** ← (پُرشکنج) ← پُر،

- **پُرشکنج:** ١ ← (پُرچین) ← پُر، ٢- پڕخەفەت، پڕخەم، پڕکەسەر، غەمزۆر،

- **پُرشکنە:** بادەر، سەماکار، سەماکەر،

- **پرشکیب:** ئارام، ئۆقرەگرتوو، ئەرەسەکیا، ئەرەمرکیا، ئەهوەن، ئەهوەند، بارکێش، بارهەلگر، بردەبار، بەپشوو، بەپشی، بەتاب، بە تەحەممول، بەحەوسەلە، بەحەوسەڵە، بەسەبر، بەسەبروپشوو، بەسەبرو حەوسەلە، بەکێش، بەگیر، بەگیرگە، بەلێبوور، بێپێژن، بیندرێژ، بین

فـره، بينفـرەھ، پـڕزوو، پـشوودرێژ، پـشووسەور، پـشوولەسـەرخـۆ، پشوولەسـەرەخـۆ، تابهێنـەر، تـەوات، تێربـاڵ، جـەرگـقـايم، چاڤفره، خـۆڕاگر، خـۆگر، خـۆگير، خوێنـسارد، چـاڤـفـره، دابين،داتـەمريـاگ، داسەكناو، داكەسياى، دامركاو، دڵفراوان، دڵفره، دڵفرەوان، دلڤال، دلڤـەكرى، دڵكراوە، دەروونـدار، زانـى، زكفـراوان، زەوت، زەود، ژيرو لەسەرەخۆ، سرەوتوو، سنگفراوان، سەرەخۆ، سەماس، سينگفرەوان، عالوسال، ڤەنهشتى، قاڕ، كەمۆ، كێش(پا)، لسەرخۆ، لەسەرخۆ، لەسەرە خۆ، مەند، نشمى، نەتووڕە، نەرم، نەرموشل، نەرمونيان، نەرموو، نەرمو هاژۆك، نەفسپيت، نەفسدرێژ، نەفەسدرێژ، نەمْر، نەملْچ، وس، وست، ول، ونسارد، هارام، هشڤەكرى، هەدار، هەدراندى، هەندرياى، هێدى، هێمن، هێواش، هێۆر، هێۆڵ، هێۆن،

- **پُرشوخ:** ← پليد(١)،

- **پُرشـور:** بـەتـين، بـەسـۆز، بـەگـوڕ، بـەھـەسـت، پڕجـۆش، پـڕ جۆشوخرۆش، پڕحەرارەت، پڕسۆز، پڕشۆر، گەرموگوڕ،

- **پُرشوروشر:** ← (پُرشروشور) ← پُر،

- **پُرشهوت:** ← شهوتپرست،

- **پُرشير:** بەدۆ، پڕشير، شيرزۆر، پێچەوانەیچڕدۆ،

- **پُرصبر:** ← پرشكيب،

- **پُرصدا:** بەدەنگەدەنگ، بەهاتوهاوار،

- **پُرطاقت:** بەتاقەت، پڕتاقەت، تابهێنەر، خۆڕاگر،

- **پُرطايفه:** بەخزموكەس، بەسۆرەوتۆرە، بەكەسوكار، خزموكەسزۆر، ساحێبعاشيرەت، سێحەب حەشيرەت، سێحەب عاشيرەت، سێحەب وەرەسە، كەسوكارزۆر،

- **پُرطراوت:** پڕئاو، تورت، تێراو، زۆرتازەوشەق، گەش،

- **پُرطرايف:** پڕلەشتیتازە، پڕلەشتیسووكیبەنرخ،

- **پُرطمع:** ئاجگی، ئارفەر،باڵیمێشمژ(تنگچشم است: باڵیمێشێ دەمژێ)، بەئێرەيی،بەتەماح، بەتەماع، بەتەماعی، بەرجل، بەرچاو تەنگ، بەرچڵ، بەغيل،بێچەڵم، پاروبژێر، پاروو ژمێر،پنتی، پووردژ، پيسكە، تواحكار، تەماحكار، تـەمـادار، تـەماكـار، تـەوادار، چاڤبرچی، چاڤتـەنـگ، چـاڤـفـره، چاوبرسـی، چاوتـەنـگ، چـاوچنۆك، چاولـەدوو، چاونزار، چاونزێر، چاونەبار، چاو نەزێر، چرووك، چكود، چكووس، چلخـووس، چنـۆك، چـەپخـووز، چـەپخـووس، چـەتـوون، چـەڤـتـەنـگ، چەمئاورا، چەمبرسی، چەمتـەنگ، چەنچووز، چەنخووس، حەسوود، خنس، خونك، دراڤكەتی، درژ، دڵبژۆك، دڵنزم، دنيا نەدڵ، دەزگرتی، دەسـتقووچاو، دەسـتگرتی، دەستهيـشك، دەسـقووچاو، دەسـقووچياگ، دەسـگرتی، ڕژد، ڕوژد، ڕك، ڕەزيـل، ڕيـشۆ، زوفـت، زێـدەخـواز، سايەوشك، سمنج، سەربۆر، سەقيل، شتين، قارنان، قاقڕ، قرتن، قرچۆك، قرنووس، قرنيس، قوڕگدڕياگ، قەتەر، قەمتەر، قەمتەركراو، قەمتـەری، قيڕسيچم، قيڕسيچمە، كنۆژ، كنۆس، كنووس، كۆتاوين، كۆدۆ، كورتبين، كۆرنان، كۆژۆ، كوڵوونياى، كۆمڕەش، كوند، كونۆش، كۆنە، كوێرنان، كەریتۆپيوكەوڵكەر، كەنسی، گاڤبەر، گزاف، گزاڤ، گووئيـشك كـەرەوە، گووكـوڵێن، گووكوڵێنـەوە، گـونكژمێر، گـەنـووس، گەوش، گيانسەخت،گير، گيرا، لەچەر، ماسك، ماڵپارێز، مچ، مچكە، مردارخۆر، مووسەنەك، مەندەموور، نادان، نانبژێر، نانتاڵ، نانكۆر، نـانكوێر، نـەخـۆر، نـەكـەس، نـەكـێش، نـەنووكهيـشك، وشـك، وەرەچەمتەنگ، هاڤيژ، هەرزانكڕ، هەسوود، هەفهەفی، هەندەيی، هەنگوتكژمێر، هەويادار،

- **پُرعاهت:** ← پرآفت،

- **پرعايله:** خێزاندار، خێزانزۆر،ديزەبەكۆڵ، عايلەمەن، عايلەمەند،

- **پرعتاب:** پڕسەركۆنە، پڕلۆمە، پڕمەلامەت، ڕەخنە گرانە،

- **پرعجايب:** زۆرسەير، زۆرعەجايب، سەيروسەمەرە،

- **پرعشوه:** ← پرفريب،

- **پرعطر:** بۆنخۆش، بۆندار، بۆوەش،

- **پرعقل:** زۆرئاقڵ، زۆرعاقڵ،

- **پرعقوبت:** پڕئازار، پڕئەشكەنجە، پڕعازاب،

- **پرعمر:** بەتەمەن، تەمەندار، تەمەندرێژ، حەمردرێژ، عومردرێژ،

- **پرغرور:** ← (پرافاده) ← پر،

- **پرغريو:** بەدەنگەدەنگ، پڕدەنگەدەنگ، پڕهاتوهاوار،

- **پرغصّه:** پڕخەفەت، پڕخەم، پڕكەسەر، غەمزۆر،

- **پرغم:** پڕخەفەت، پڕخەم، پڕكەسەر، غەمزۆر،

- **پرغمزه:** بەناز، بەنازونووز، پڕناز،

- **پرغوغا:** بەدەنگەدەنگ، پڕدەنگەدەنگ، پڕهاتوهاوار،

- **پُرفايده:** ← سودمند،

- **پُرفراز:** پڕهەوراز،

- **پُرفريب:** ١ ← (پالانسابيده) ← پالان، ٢- بـەمـەكر، پڕعيـشوە، فريوكار، مەكرۆ،

- **پُرفساد:** پڕفەساد، پڕلەخراپە، زۆرخراپ، فاسيد،

- **پُرفسوس:** (١ ← پرحسرت، ٢ ← پرفريب، ٣ ← پر فسون) ← پر،

- **پُرفسون:** بەمەكر، شارەزا، زۆرلێزان، فێڵاوی، فێڵەزان، مەكردار،

- **پُرفكر:** ← (پرانديشه) ← پُر،

- **پُرقبيله:** ← (پُرطايفه) ← پُر،

- **پُرفن:** ← (پرحيله) ← پر،

- **پُرفند:** ← (پرحيله) ← پر،

- **پُرفندوفعل:** ← (پرحيله) ← پر،

- **پُرقوت:** بەتوانا، بەقەوەت، بەهێز، وزەدار،

- **پُرقيمت:** ژۆربەنرخ، گران، گرانبايی، گرانقيمەت،

- **پُركار:** ← (پُركاره) ← پُر،

- **پُركاره:** بەكار، پڕكار، تێكۆشەر، سەرپڕ، سەرقاڵ، قنگ بەگێچەڵ، قوونبەگێچەڵ، كارزۆر، گژووێژ، هەميشەخەريك،

- **پركبر:** ← پرافاده،

- **پُركردن:** ١- زۆرئـەنجامدان، زۆرجاركردنـەوەيكارێـك، زۆردووپات كردنەوە، ٢- پڕكردنەوەیچەك، پڕكردنەوەی ددان، ٣- پڕكردنەوەی باتری، دەشارژنانەوە، شارژكردنەوە، ٤- بەئيشكردن، پاپاكردن، پڕكار كردن، خافلاندن، خافڵنای، خاواندن، خاوانن، خلافاندن، خلافانن، خلـەفانـدن، خـەريـككـردن، خـەريكـی كارێـككـردن، داگيركـردن (تەلەفۆنەكەیداگيركردووە)، سەرجەنجاڵكردن، سەرقاڵكردن، سەرگەرم كردن، سەرگەرمیكارێككردن، سەرلێتێكدان، مژوولكردن، مەشخووڵ كـردن، مـەشـغووڵكردن، ٥- پڕاوپڕكـردن، پڕپڕكـردن، پڕكـردن، پڕكردنەوە، پڕەوكردن، پەڕكەردەی، تژژەكردن، تژەكردن، تەختكردن، دارمـاڵكردن، داگـرتن، ڕتمانـدن، ڕەتيمانـدن(چالـە)، سـەرڕێژكـردن، سەريكرن، سيلەكردن، كپانن، كەفرێژ كردن، كەفەڕێژكردن، گۆزانن، لپكـردن، لچـانلچكردن، لچـانليچكردن، لوالـەوكـردن، لـەبالـەبكـردن، لەپەكردن، لـەمالـەمكـردن، لـەمكـردن، ليپـانليپكردن، ليپـاوليپكردن، لێڤرێژكردن، ليڤـوليڤكردن، لێوانلێوكردن، لێواولێوكردن، مالامالكردن، مـشتكردن، مـشكردن، مـەتـەلۆسـكردن، ناڤـداركردن، نـاوداركردن، نژاندن، نقانقكردن، هەبلكردن،

- **پُركردنشكم:** ئاخنينیگەدە، زۆرخواردن، مەعدە پڕكردن،

- **پُركرده:** ئاخنراو، پڕكراو،

- **پركرشمه:** بەلارولەنجە، پڕنازوغەمزە، زۆربەناز،

- **پُركِش:** ← بسيار،

- **پُركُنِش:** ← چالاك،

- **پُركواَكب:** پڕئەستێرە،

- **پُركواكب:** پڕئەستێرە،

- **پُركننده:** پڕكەر، پڕكەرەوە،

- **پُركوك:** پڕقورميش، تەواوقورميشكراو،

**- پُرکیمیا: ← پرحیله،**

**- پُرکین:** حرسن، زۆرحەسوود، قیناوی، قینلەزگ،

**- پُرکینه:** حرسن، زۆرحەسوود، قیناوی، قینلەزگ،

**- پُرگداز:** بەسۆز، پڕسۆز، پڕناڵەوسووتان، زۆربەناڵەنای،

**- پرگردیدن: ← پُرشدن،**

**- پُرگره: ← پرشکن،**

**- پرگزند:** بەزەڕ، پڕزیان، زەڕندە(کوتیان بەراز هێلکەی کرد! کوتیداعبایەکی‌زەڕندەیەکردی‌کردی! فلک)،

**- پرگشتن: ← پُرشدن،**

**- پُرگفتن:** زۆرکوتن (پرگفتن‌قرآن‌خوشست: زۆرکوتن قورحان خۆشە-فلکلور)، زۆرگوتن، فرەوێژی،

**- پُرگل:** پڕگوڵ،

**- پُرگناه:** پڕتاوان، تاوانبار، گوناحبار، گوناحزۆر،

**- پُرگند:** بۆگەن، بۆگەنیو، بۆن‌پیس، بۆن‌ناخۆش،

**- پُرگنه:** پڕتاوان، تاوانبار، گوناحبار، گوناحزۆر،

**- پُرگو: ← (پرچانه) ← پر،**

**- پُرگوشت:** بەگۆشت، پڕگۆشت، قەڵەو، گۆشتن،

**- پُرگونه: ← متنوع،**

**- پُرگوهر:** ١- پڕجەواهێر، پڕگەوهەر، ٢- دارای‌نسبی عالی: بەحەسڵونەسەبە، بەروپشت‌حەتڵەس، خانەدان، ڕەگەزشەریف، ٣- بایەخدار، پڕگەوهەر، نایاب،

**- پُرگو: ← (پرچانه) ← پر،**

**- پُرگویی: ← پرچانگی،**

**- پُرگهر: ← پرگوهر،**

**- پُرگیا:** پڕگیا، گیاجاڕ، مێرگ،

**- پُرگیاه:** پڕگیا، گیاجاڕ، مێرگ،

**- پرگیرودار:** پڕچەقەچەق، پڕچەقەوگوڕە، پڕشەڕوشووڕ، پڕکێشەوهەرا، پڕهەراوهوریا،

**- پرلاف: ← لافزن،**

**- پرلطایف:** ١- پڕحەنەک، پڕلەقسەی‌خۆش، ٢ ← رنگارنگ، ٣ ← زیبا،

**- پُرماجرا:** پڕڕووداو، سەربەگۆوەند،

**- پُرماجریٰ:** پڕڕووداو، سەربەگۆوەند،

**- پُرماز ← پُرچین،**

**- پُرماه: ← بَدر،**

**- پُرمایه:** ١- ئازیز، خاوەن‌شکۆ، شەریف، گەورە، هێژا، ٢ ←پارسا(٢)، ٣ ← پرخطر(٢)، ٤- پڕمایە، پڕناوەڕۆک، مایەدار، ٥- بزان، بەماریفەت، پسپۆڕ، پیتۆر، پیتۆڵ، تۆرەڤان، چەنەزان، حەکیم، خیبرە، دانا، دووربین، ڕێزان، زانا، زانایۆخ، زانیار، زۆرزان، شتزان، عالم، فامیدە، فامیە، فرز، فرەزان، فرەزانا، فەرزان، فەرزانە، فێرزانە، فریەزان، کاربین، کارزان، کۆنا، کۆنە، لۆتەر، لەدنیازان،لەسەرخۆ، لێزان، وان، ورد بین، هۆزان، مەحلان، مەزبووت، مەعلان، وادار، وتە، وریا، وشت، وشیار، ها، هاگیدار، های، هایا، هایدار، هایلێ، هایە، هشیار، هۆزان، هوشیار، هۆشیار، هەدار، هەشار، هویل، یەمان، ٦- بوها، بەقیمەت، بەنرخ، نرخدار، نرخزۆر، گران، گرانبایی، گرانبەها،گرانقیمەت،گرانمایە، ٧ ← (پُر خاسته) ← پُر، ٨- ئەسل، بەحەسڵونەسەبە، جسن، حەسڵ، حەسڵوجسن، خانەدان،ڕەسەن، عەسڵ، نەجیب، نەجیم، نەجیو، وجاخ، وەجاغ، هیلاو، ٩- خەست، خەستوخۆڵ، مایەدار،

**- پُرمداخل:** پڕداهات، داهات‌زۆر،

**- پُرمدّعا: ← پرافاده،**

**- پُرمشغله: ← پرکار،**

**- پُرمشقّت:** ئارووشە،ئاریشە،ئاسێ،ئاڤزێمکی، ئەستەم، بەزەحمەت، پڕچۆرت، پڕچەرمەسەری، پڕدەردەسەری، پڕدەردی‌سەری، پڕڕەنج، پڕزەحمەت، پڕکوێرەوەری، پڕگێرەوکێشە، تووش، چەتن، چەتوون، چەرمەسەرە، حاستەم، حەستەم، خاوکێش، دژوار، دشوار، دوخشار، زەحمەت، ستەم، سەخت، سەگەمەرگی، سەمەرگی، کوڵەمەرگی، گران، مشکول، نەنگواز، هاسێ، هەستەم، هش،

**- پُرمصرف:** پڕمەسرەف، مەسرەف‌زۆر،

**- پُرمعنی:** پڕمانا، پڕناوەڕۆک، زۆربەمانا،

**- پُرمغز:** ١- بەکاکڵ، بەکاکڵە، کاکڵەدار، بەناوەڕۆک، پڕمێشک، پڕناوەڕۆک، مەژگەدار، ٢- بەمژی، بەمێشک، زانا، مەژگدار، مەژوودار، ٣- بەکاکڵ، بەنرخ، کاکڵدار، پڕناوەڕۆک، مانادار،

**- پُرمکر: ← پرحیله،**

**- پُرمگس:** پەڕی‌مێشێ، زۆرتەنک (تەنکەوەک پەڕی مێشێ)، زۆرناسک،

**- پُرملال:** پڕخەفەت، خەفەت‌هێنەر، غەم‌هێنەر،

**- پُرملالت:** پڕخەفەت، خەفەت‌هێنەر، غەم‌هێنەر،

**- پُرمناعت:** حەیابەخۆ، ڕوح‌گەورە، شایی‌بەخۆ،

**- پُرمنش:** ١ ← پارسا(٢)، (٢ ← پرافاده، ٣ ← پرجرأت، ٤ ← پرقوت، ٥ ← پرمایه(١)) ← پر، ٦ ← پریشان رُو(١)،

**پرمنفعت:** ئادان،بەبەهرە، بەخێر، بەسوود، بەفایدە، بەقازانج، بەکارهاتگ، بەکەڵک، بەهرەدار، بەهرەدەر، بەهرەوەر،پڕسوود، پڕ قازانج، پڕمەنفەعەت، خێردەرەوە، خێرئەوەدەر، دابەر، زۆربەسوود، سوددار، سوودمەند، فەڕدار، کێراتی،

**- پُرمو:** پڕموو، تووکن،موززۆر،کوڵکن، هۆڕپەموو،

**- پُرموی:** پڕموو، تووکن،موززۆر،کوڵکن، هۆڕپەموو،

**- پُرمهر:** پڕخۆشەویستی، پڕموحیببەت، زۆرمێهرەبان،

**- پُرمیوه: ← پرحاصل،**

**- پُرنار: ئاگراوی، ئاوردار، پڕئاگر،**

**- پُرناز: ← پرغمزه،**

**- پُرنازوغمزه: ← پرغمزه،**

**- پُرناله: ← پرغصه،**

**- پُرنَخوَت:** ١ ← پرغمزه، ٢ ← پرافاده،

**- پُرنشاط:** زۆرشاد، شادمان،

**- پُرنعمت:** پڕبەرەکەت، پڕپیت، پڕسامان، پڕلەکاڵا، پڕ نیعمەت،

**- پُرنفس:** ١ ← پرگو، ٢- ئەوەی لەغاردانادا درەنگ پشووی سواردەبی،

بەپشوو، بەنەفەس،

**- پُرنقش: ← (پُرنگار) ← پُر،**

**- پُرنگار:** بەنەخش‌ونیگار، پڕنەخش، پڕنیگار، ڕەنگاوڕەنگ،

**- پُرنمایش:** خۆنوێن، ڕواڵەت‌ڕازاوە،

**- پُرنمک:** ١- تێرخوێ، چێشتی خوێ‌زۆر، ٢- ئاواڵ، ئاوەڵ، ئۆفلاز، ئێسک‌سووک، باناز، بخوێ، بەردل، بەردڵ، بەردلک، بەناز، پەرسار، جوانی‌دڵکیش، جوانی‌دڵگر، حەز، حەژ، خۆشتڤی، خۆشتەڤی، خۆشخوین، خۆشەوی، خۆشەویس، خۆشەویست، خوونسووک، خوێدار، خوێنشیرین، خەزێم‌شۆڕ، دڵ ئەستێن، دڵڕاکێش، دڵڕفێن، دڵگر، دۆست،دەلال، ڕاکەش، ڕەزا سووک، ڕەزاشیرین، زویر، زەڕە شیرن، ژیرلۆ، ژیکەڵلۆکە(کوچولو)، ژیکەڵە(کوچولو)، سەرنج ڕاکێش، کێشەر، فرۆک، فۆدل، گران، گووڵکە، گیان سووک، گێژگوول، لەبەردڵ، لەبەردڵان، مەحبووب، مەکین، مێریڤان، نار، نازار، نازدار، نازکار، نازگەر، نازلی، نازنوێن، نازۆ، نازەنین، نازی، نمەکدار، نمەکین، ونشیرین، وەردڵ، وەشەسیا، هەستی‌سڤک، هەڤین، هەڤینی، یار،

- **پرنم‌کردن:** تەڕکردن، شێدارکردن، نمادند،

- **پُرنور:** پڕنوور، زۆرڕووناک،

- **پُرنورد:** ← **پُرچین،**

- **پُرنهیب:** بەسام، پڕترس، پڕلەنیگەرانی، زۆرشێواو،

- **پُرنیاز:** ئاتاج، موحتاج،

- **پُروپیمان:** ← (پُراپُر) ← پُر،

- **پُروفا:** ← **وفادار،**

- **پُرهراس:** بەسام، پڕترس، ترسێنەر، تۆقێنەر،

- **پُرهمّت:** بەهێز، بەهیمەت، پڕهیمەت، تێکۆشەر، جوامێر، خۆڕاگر، دلێر،

- **پُرهنر:** بەحوننەر، بەهونەر، پڕهونەر، زانا، هونەرمەند،

- **پُرهول:** پڕترس، تۆقێنەر، زۆربەسام، زۆرترسێنەر، فرەترسێنەر،

- **پُرهوس:** بولهەوەس، بەهەوەس، هەوەسباز،

- **پرهیاهو:** بەدەنگەدەنگ، بەگوڕەگوڕ، بەهاتو هاوار، پڕهاتوهاوار، پڕهەراوهوریا،

- **پرهیاهوی:** ← (پرهیاهو) ← پُر،

- **پُرهیب:** ← **شبح،**

- **کارپُرکرده:** زۆرئەنجامدراو، کاریزۆرکراو،

- **کسی‌راپُرکردن:** لێ‌پڕکردن، هاندان‌بۆدوژمنایەتی،

**پراتیک:** ئەزموون، پراتیک، تاقیکاری، تەجرەبە، خۆۆ، ڕاهێنان، عادەت، کار، کردەوە، مومارەسە،

**پَرازران:** ← **زغن،**

**پَرازده:** ١- ئەنگوتکەهەویر، ٢- ئەوهەویرەی‌لەئەنگوتکی دەکەنەوەبۆ چووک‌کردنەوەی، ٣- ئاری نێوکەوڵی، ٤- کۆڵووی نانی،

**پراشتوک:** ← **پرستو،**

**پراشیدن:** ١ ← پریشیدن، ٢ ← پراکندەکردن،

**پَراشیده:** ١- بەبادادراو، ٢- بێهۆشبوو، لەهۆشخۆچوو، ٣ ← پراکنده(٦)،

**پراکندگی:** بڵاوی، بەلاڤی، پرژوبڵاوی، پرژی، پڕژی، پرشوبڵاوی، پەراکەندەیی، پەرتی، پەرژی، پەرش‌وبڵاوی، تارومارکراوی، تیچانی، تیچی، چرڤری، شەپلین، شپرزە بوون، شپڕێوی، شەپلینی، لێک‌بڵاوی، لێک‌دابڕاوی، وڵاوی، وەڵایی،

**پراکندگی‌خاطر:** ← **پریشانی‌فکر،**

**پراکندن:** ١ ← پراکندەکردن، ٢ ← پراکندەشدن،

**پراکنده:** ١- ئاوارە، بیانی، بێگانە، تاجیک، تاچیک، تەرەکەمە، خاریجی،
خەریبە، دەرەکی، دەرەوەیی، غەریبە، غەوارە، کەجە، کەدە، کەسنەناس، گەجە، گەچە، لاپرە، لاپرەسەن، لاپرەسەنگ، لاپۆرە، لاوەکی، لایدە، نائاشنا، ناس‌نەکری، نامۆ، نەشناس، نەناس، نەنیاس، هاڤی، ٢- بێ‌سەرەوبەرە، کەمتەرخەم، گوەفرە، گوێنەدەر، گەللایی، هۆتۆ، ٣- فەوتاو، دلێنەشیە، لەناوچوو، لەنێوچوو، ٤- کەم ئاقڵ، کەم‌ئاوەز، ٥- جۆراوجۆر، جۆربەجۆر، جوورجوور، جۆرەجۆرە، چەندتەرح، ڕەنگاوڕەنگ، فرەجۆر، قاتی‌وپاتی، گۆناگۆن، نەوع‌نەوع، هەڕەمەگوڵخار، هەفتەبیجاڕ، هەمەجۆرە، ٦- بڵاو، بەلاڤ، پرژ، پڕژ، پڕژاو، پڕش، پڕشاو، پشان، پەخش، پەخشان، پەڕاوە، پەرژ، پەرژ، پەرژوبڵاو، پەڕشە، پەلاتە، تارومار، تامەتام، تەنک، جیاجیا، چرژ، چرڤر، خوەخسان، دانگو، دەراندە، ژێک‌بژالە، شاش، شاڵ، شپرزە، شپرزیاگ، شپڕێو، شەپرزە، شەپڕێو، شەپل، شەرپەزە، کولۆپانە، گژۆلە، لێک‌جیا، وڵاو، وەڵاو، هاویر،

- **پراکندەخاطر:** ← پریشان(٣)،

- **پراکندەدل:** ← پریشان(٣)،

- **پراکندەشدن:** ١- ئاڤەڕیبوون، ئاڤیبوون، ئاوارە بوون، ئاوەکی بوون، ئەراگیلبوون، ئەوارەبوون، ئەوداڵ بوون، باشیلبوون، بەرەزەبوون، بێدەرەتانبوون، پەڕاگەندە بوون، پەڕەتەوازەبوون، پەڕەوازەبوون، تاران، ترافیبوون، تەرکە وڵاتبوون، تەرەبوون، چەنەقۆمیای، دەربەدەربوون، دەروەدەربوون، ڕاتوولبوون، ڕەهندەبوون، سەرگومبوون، سەرگەردان وون، شەویبوون، شەویلکبوون، گەڕانۆبوون، لانەوازبوون، لوونەوازبوون، لێقومیان، لێقۆمین، لێقەومان، لێقەڵمان، مشەخ‌بوون، مشەختبوون، مەرژیربوون، وەنە قۆمیای، وەیلان‌بوون، وێڵبوون، وێڵبیەی، هەڵوەدابوون، هەرزەگەڕبوون، هەڵەتبوون، هەروەکەردبوون، هێوەلەکبوون، ٢- ئاوپەڕەبوون، ئەوەتەنیەی، بژکین، بڵاو بوون، بڵاوبوونەوە، بڵاوە، بڵاوەکردن، بڵاوەلێکردن، بەلاڤ بوون، پڕژان، پرژوبڵاوبوون، پژان، پشان، پەرتبوون، پەرت‌بەستن، پەرتەتێکەوتن، پەرژان، پەرژبوون، پەرشو بڵاوبوون، پەشکیان، پەلدان، پەلهاویژتن، پەلهاویشتن، تەنینەوە، چۆپڕیان، داپڕژان، داپژان، داپڵان، درکان، درکای، ڕاورتن، شنیای، ڤەبژکان، ڤەبژکیان، ڤەبژکین، ڤەپڕژین، ڤەپڕژیان، لێک‌بڵاوبوون، لێک‌دابڕان، لێک دوورکەوتنەوە، لێک هەڵاوێران، متەی، وڵاویەی، وەشان، وەشیان، ٣- ئادارلەسەر پادارنەمان، بشکافتن(دوخت)، بشکاڤتن(دوخت)، بڤاشتن، بڤەشان، پڕچیای، پرووسقان، پسان، پسپسبوون، پشکافتن، پەڕەم‌پەڕەمبوون، پەقان، پەقین، تێکوپێکچوون، لەبەریەکچوون، لەبەریەکچواندن، لەگرێژەنەچوون، هلشان، هلوەشان، هلوەشین، هلیشان، هۆرپرچنا، هەڵپچڕکان، هەڵپسان، هەڵتەقان، هەڵتەکان، هەڵتەکین، هەڵوەشان، هەڵوەشانەوە،

- **پراکندەکاری:** پەڕشەکاری، شپرزەکاری، شپڕێوەکاری،

- **پراکندەکردن:** ١- ئاڤەڕێ‌کردن، ئاڤیکردن، ئاوارەکردن، ئاوەکی کردن، ئەراگیلکردن، ئەوارەکردن، ئەوداڵکردن، باشیلکردن، بڵاوکردن، بەرەزەکردن، بێدەرەتان‌کردن، بێلێفەکردن، پەڕاگەندەکردن، پەڕەتەوازە کردن، پەڕەوازەکردن، تاراندن، تەرکەوڵات‌کردن، تەرەکردن، دوور خستنەوە، دوورکردنەوە، دەربەدەرکردن، دەروەدەرکردن، ڕاتوولکردن، ڕاڤەناندن، ڕەتاندن، ڕەتنای، ڕەهندەکردن، سەرگومکردن، سەرگەردانکردن، شەرداندن، شەویکردن، شەویلکە کردن، عەبداڵکردن، عەوداڵکردن، لانەوازکردن، لوونەوازکردن، لێقەڵماندن، لێقەوماندن، مشەختکردن، مەرژیرکردن، وەیلانکردن، وێڵکردن، وێڵکەردەی، هەرزەگەڕکردن، هەڵوەداکردن، هەڵەتەکردن، ٢- ئاوپەڕەتێخستن، ئاوپەڕەکردن، ئاوشتەی، بژالەکرن، بژکاندن، بژکین، بڵاوکردن، بڵاو کردنەوە، بڵاوەپێکردن، بۆهەموولایەک‌ناردن، بەلاڤکرن، پڕژاندن، پرشاندن، پژاندن، پشاندن، پەخشەوەدان، پەخشین، پەرشوبڵاوکردن، پەلاتەکرن، تارومارکردن، تیچاندن، جیاوەکردن، چرڤراندن، چرڤرکردن، داپڕژاندن، داپژاندن، ڕاپساندن، ڕشاندن، ڕەشاندن، ڕەڤشاندن، فیشاندن، فیشانن، ڤەبژکاندن، لێک‌دابڕین، لێک هەڵاواردن، وڵاونەی، وەشاندن، وەشانن، ٣- ئادار لە سەرپادارنەهێشتن، بشکافتن(دوخت)، بشکاڤتن(دوخت)، بڤاشتن، بڤەشان، پشکافتن، پرووسقاندن، پساندن، پڕچنای، پس‌پسکردن، پەڕەم‌پەڕەمکردن، پەقاندن، تێک‌و پێکدان، دافرەقاندن، دافەتاندن، لەبەریەکبردن، لەبەریەک‌بڵاوکردن، لەبەریەک چواندن، لەبەرێک‌بڵاوکردن، لەگرێژەنەبردن، لێککردنەوە، هلشاندن، هلوەشاندن، هلوەشین، هلیشاندن، هۆرپرچنای، هەلاهەلاکردن، هەڵپچڕکاندن، هەڵپساندن، هەڵتەقاندن، هەڵتەکاندن، هەڵتەکانن، هەڵساندن، هەڵوەشاندن، هەڵوەشاندنەوە، هەڵوەشانن،

- **پراکندەگو(~ی):** ← **بیهودەگو،**

- **پراکنده(گویی/گفتن):** بڵە، بڵەبڵ، پتپتە، پلپلی، پۆتپۆت، پەرتوپەلابێژی، ترەتڕ، جووتنەوە، جوونەوە، چناکەدان، چناگەدان، چناگەهەڵتەکانن، چنچنی، چنەچن، چەقەسرۆیی، چەقەسوویی، چەقەکەری، چەقە مرۆیی، چەڵتەچەڵت، چەڵەچەڵ، چەناگەدان، چەناگەدای، چەناگەکوتانن، چەنەبازی، چەنەچەن، چەنە دان، چەنەدرێژی، چەنەسووکی، چەنەگەتەکاندان، چەنەگەلێدان، چەنەلێکدان، چەنەلێدان، چێڕوکەوان، چیرەدرێژی، دم‌هەراشی،

دەمبەردان، دەم چەرفدان، دەمەتەقێن، دەمهەراشی، ڕنگانەوە، ڕینگانەوە، ڕیوەڕیو، زڕوڕە، زماندرێژی، زماندریژیکردن، زۆربڵەیی، زۆربێژی، زۆرکوتن، زۆروەڕی، ژاژەژاژ، سۆرەوتۆرە، قۆڕیات، قسەی بێتامکردن، قسەیبێجێ کردن، قسەیپووچوبێمانا، قسەیشڕ، قسەیقۆڕ، قەرەچناخی، قەرەچەناخی، قەرەچەناغی، قەرەزاخی، قەوچەکردن، قەوچەکەردەی، کووش، کۆڵەوێژی، کەڵپەتڕ، گەزارەدەرکێشان، گەزارە کێشان، گەزافگوتن، گەفگوڕکردن، گەوجەگەوج، گیڕە، گێژەگێژ، لاقەردی، لاکێشی، لەوتلەوت، لەوج، مزەمزە، منجەمنج، وڕئەنەددای، وڕلێدان، وڕە، وێڵواچی، هاتەرانپاتەران بێژی، هەچەهەچ، هەرزەبێژی، هەرزهچەنەیی، هەڵەوەڕی، یافا،

**پراکندیدن:** ← پراکندەکردن،

**پراگماتیسم:** ڕەسەنایەتییکردەوە، فەلسەفەیکردەیی، کردەگەرێتی، کردەوەخوازی، کردەوەگەری،

**پراگماتیک:** کرداری، کردارەکی، کردنی، کردەوەیانە، کردەیی، کردەوەیی،

**پراگندگی:** ← پراکندگی(وهمهٔترکیباتش)،

**پراگندن:** ← پراکندن،

**پراگندە:** ← پراکندە(و همەترکیباتش)،

**پَرالک:** ١- ئاسنیجەوهەردار، ٢- تیخیجەوهەردار،

**پران:** ١- امربەپراندن: بفڕێنە، هەڵفڕێنە، ٢- انداز(پس): هاوێژ (سنگپران: بەردهاوێژ)، ٣- پر: ئەوەیدەفڕی، باڵندە، فڕ، فڕندە، فڕۆک، ٤- پرواز دهندە(پس): فڕێن، هەڵفڕێن(کبوترپران: کۆترهەڵفڕێن)، ٥- در حال پریدن: دەفڕیندا، لەفڕیندا،

**پرانتز:** کەوان، کەوانە، کەوشە،

**پرانتزباز:** ← پرانتزبازکردن،

**پرانتزبازکردن:** ١- دانانی نیشانەی"( " لەسەرەتای ڕستەدا، کەوانە کردنەوە، ٢- وتنی ڕستەیەکی ڕوونکەرەوە لەنێوان وقسەدا،

**پارنتزبستە:** ← پرانتزرابستن،

**پرانتزرابستن:** دانانی نیشانەی") " لە کۆتایی ڕستەدا، کەوانە بەستن، کەوانەداخستن،

**پرانداخ:** ← پرنداخ،

**پرانداخت:** ← پرنداخ،

**پراندن:** ← پرانیدن ،

**پرانیدن:** ١- پروازدادن: باڵدادین، پەڕاندن، فڕاندن، فڕانای، فڕنەی، هۆرفڕنای، هەڵساندن، هەڵستاندن، هەڵفڕاندن، ٢ ← پراکندن(١)، ٣ ← پَرتابکردن، ٤- خەوتنی ژن جارجارە لەگەل پیاوگەلی جۆراو جۆردا،

**پراور:** ١ ← پرندە، ٢ ← تیزرو،

**پَرانە:** سارووخ، فیشەکەشێتە، قیژەک، مووشەک، وژەک، هاژەک،

**پَرانی:** ١- پەڕاندن، فڕاندن(کبوترپرانی)، فڕێنی، هەڵفڕاندن، ٢- خستن، شانەی، وەشاندن، هاوێژی (جفتکپرانی)، هاویشتن،

**پَربار(~ه):** ١- باڵەخانە، هۆدە، ٢- ماڵیهاوێنە،

**پَرپاش:** سینییدارین بۆ تەتەڵەکردن،

**پُرُپاگاند:** ← پُروپاگاند،

**پَرپُر:** ← تیهو،

**پرپر:** پڕەپڕ، دەنگیفڕینیباڵندە، فڕەفڕ،

**پَرپَر:** ١- پەڕپووت، پەڕپەڕ، پەڕەپەڕە، لێک بەربوو(کتێبوپەڕاو)، وەرەوەرەق، ٢- فڕەفڕ، ٣- پەڕە پەڕەی گیایوەریو، پەلپەل، هەڵوەریو(وەک لێکبوونەوەی پەڕەکانی گوڵ)،

**پَرپَرزدن:** ١- باڵەتەپێ، باڵەفرکە، باڵەفڕە، باڵەفڕێ، خۆبەولاوئەولا دادانی باڵندە پاشسەربڕان، هەڵبەزینەوە، ٢- جوانەمەرگبوونی لەناکاوو بەبێ نەخۆشیی بەردەوام، ٣- پرپرزدنجوجەپرندە: باڵەفرکە، شاکە، فڕەفڕکردن،

**پَرپَرشدن:** پەڕپەربوون، وەرین، هەڵپرووکان، هەڵوەران، هەڵوەرین،

**پَرپَرکردن:** پەڕپەڕکردن، وەراندنیپەڕەیگوڵێک،

**پرپرکردن:** دەنگەدەنگیباڵیمەل لەفڕیندا، فڕەفڕکردن،

**پرپرو:** تەنکوسووک،

**پرپرە(پَرپَرە):** ١- سکەیکەمنرخوەک: فلووسوشاییو..، ٢- دینار،

**پرپرە:** ئەوەی بەبە بسووڕێ، فڕفڕە،

**پرپری:** ١- جلکیاناو...یزۆرتەنک، ٢- کۆترە مێی کلکهەڵقاچراوکە کۆتریدیکەی پێ بانگدەکەنە سەربان،

**پَرپَهن:** ← خرفە،

**پَرپین:** ١ ← پروین، ٢- دووعایەک بوو بۆچاکردنەوەی سەگیهار گەستوو دەیانخوێند،

**پرپینچی** ← **پرپینگر،**

**پرپینگر:** دوعاخوێن بۆچاکردنەوەی سەگی هار گەستوو،

**پرت:** ١- بێمانا، پەرت، قۆڕ، ٢- بڕک، برگ، برنگ، پەرت، دوور، دوورکەوتوو، دوورەدەست، ٣- بەحت، بەهت، بێهۆش، پڕووزکاو، پڕووزگار، پەرت، پەشێو، تاس، تاساو، تەبا، تەواساو، چوارچاو،چەنگ، حۆل، حەبەساو، حەبەسیا، حەپەساو، حەیران، حەییری، حێبەتی، حێول، خەڕڕە، داماو، دۆش، دۆشئەرەمەنە، دۆشداماو، دەرمەنە، دەسەسەر، سەراسیمە، سەرتاساو، سەرسام، سەرسووڕ، سەرسووڕماو، سەرگەردان، سەرگەشتە، سەرمەند، شەرپل، عەبەساو، فەحە، کاس، گیج، گێج، گیر،گێڕ، گێژ، گێژوداماو، گێژووێژ، گێژوهوڕ، گێل، مات، ماتوگێژ، متەحەیر، متەحەییر، واقماو، واقوڕ، واقوڕبووگ، واقوڕماو، واقوڕمێن، وڕ، وڕوگێژ، هاج، هاجو واج، هاژ، هاژوواژ، هوڕ، هوول، هوولە، هەوڵ، هەوەسیاگ، هەیهۆلان، هێر، هێڕ، هێس، ٤- ئاڤاڕێ، ئاڤڕێ، تلاساو، ڕێگومکردوو، ڕێلێگۆڕاو، سەرڕێداچوو، کلا،گومڕا،گومڕاە، گومڕە، لادەر، لادەرلەڕێگە، لاڕا، لاڕێ، لەڕێ لادەر، لەڕێدەرچووگ، لێچ، هەتڵە، ٥- بێجێ، دوورلەمەبەست، نابەجێ، وەشن، ٦- پۆخڵەوات، پەرتاوتە، زەدەدار، عەیبدار،

- **پرتاندیشی:** بیربڵاوی، هۆشپەرتی،

- **پرتبودن:** دوورەدەستبوون،

- **پرتداشتن:** بەپەرتاوتەبوون، زەدەداربوون، عەیبداربوون، نالەباربوون بۆدەکارکردن،

- **پرترفتن:** بەخەسارچوون، بەفیڕۆچوون، پەرتاوتەهێنان، خەساربوون، زایەبوون، فیڕۆچوون (چرامیگذاری پارچە اینقدر پرت برود)،

- **پرتشدگی:** تووڕهەڵدراوی، فڕێدراوی، هلقەتین، هەڵدێراوی،

- **پرتشدن:** بەربوونەوە، پەرتبوون، پەرتبەستن، پەرتبیەی، پەکین، داکەفتن، داکەوتن، ڤەزەلین، کەوتن، کەوتەیرە،گلان، گلێرای، هۆرداریای، هەڵدێران، هەڵدێریان،

- **پرتشدنحواس:** بیرئاڵۆزبوون، بیرتێکچوون، بیرهاڵۆز بوون، فکر تێکچوون، هۆشپەرتبوون،

- **پرتشدە:** ئاوێژراو، بۆدوورهاوێژراو، تووڕدراو، تووڕ هەڵدراو، فڕێدراو، قەوانچە، گلاو، گلێرا، هاڤیتە، هلقەتایی، هۆردار یا، هەڵدێریاگ، هەڵدێراو،

- **پرتکردن:** ١ ← پرتابکردن(١)، ٢- دوورئەوە وەسەی، دوور خستنەوە، ناردن بۆجێگای دوور، ٣- دوورخستنەوەلەمەبەست، بیری کەسێک لەسەر بابەتی سەرەکی لادان، ٤- بیرئاڵۆزکردن، فکرئاڵۆزکردن، هۆش پەرتکردن،

**- پرت‌کننده:** ئاوێژ، ئاوێژەر، تووڕدەر، تووڕهەڵدەر، فڕێدەر، هاڤیتەر، هاوێژ، هاوێژەر،

**پَرتکی:** بێبیرکردنەوە، لەخۆڕا، وێشوە، وێشەو، هەروا (پرتکی چیزی گفت: هەروا شتێکی کوت)،

**- پرتگاه:** پەرتگا، پەرتگە، تەرت، تەلان، دەن، زنار، فڕەک، کەن، کەوْر، ماە، مای، مشەفل، نشووڤ، هەزاربەهەزار، هەڵدێر، هەڵدێرکە، هەڵدێرگە، هەڵەت، هەلەم، هەڵەمووت، یارمە،

**- پرت‌گفتن:** بێسەروبەرقسەکردن، قسەتووڕدان، قسەیبێتامکردن، قسەیقۆڕگوتن، وتەبەردان، هاتەران پاتەران کوتن، هەڵیتوپەڵیت وتن،

**- پرتگو:** ← (پرتگوی) ← پرت،

**- پرتگوی:** بێتامویژ، دڕدووک، دڕدووک‌پیاڵە، دم هەڵە، شیتەوێژ، ڤرتۆ،قسەشڕ،قۆڕپاتبێژ،کۆڵەوێژ، گەفوگوڕکەر، لەوجڕ، لەجەڕ، لەوچە، هاتەرانپاتەرانوێژ، هەڵەوەڕ،

**- پرت‌وپلا:** ١- پڕتوێژی، پەرتوێژی، تەرتەوەرتە، حەللەقمەللەق، قسەی قۆڕ، ولنگە، هاتەرانپاتەران، هاشوواش، هاشوهووش، هەللەقمەللەق، هەڵیتوپەڵیت، هەیتوهوت، هەیتوهیت، ٢ ← پخش‌وپلا،

**- پرت‌وپلاشدن:** بڵاوبوون، بڵاوبوونەوە، پرژوبڵاوبوون، پەراگەندەبوون، تاروماربوون، تەرتەوەرتەبوون، چرڤران،

**- پرت‌وپلاکردن:** بڵاوکردن، بڵاوکردنەوە، پرژوبڵاوکردن، پەراگەندە کردن، تارومارکردن، تەرتەوەرتەکردن، چرڤراندن، دەراندن،

**- پرت‌وپلاگفتن:** قسەیقۆڕکردن، هاتەرانپاتەران کردن،

**چون:** ١- زیرا: بۆئەوە، بۆئەوەی، بۆیە، بەوبۆنەوە، چکۆ، چنکی، چونکە، چونکی، چوون، چوونکا، چوونکە، ژبەرکو، لۆ، لەبەرئەمە، لەبەر ئەوە، لەبەرئەوەی، لەورا، لەوماکو، ٢- مانند: ئاسا، ئاسایی (مانند خودت: خۆت ئاسایی)، ئافتا، ئاماڵ، ئامتا، ئاواڵ، بار، باو، بەجۆری، بەربهەڤ، بەش، پاسنە، پێسە، پێل، تا، تار(وەهار هیلال‌تار وەروان قەرداردا غوڕڕەی‌شارشۆر دلان‌دیاردا - مەولەوی)، تزبوور، تۆ، تۆف، تووز، تەخلیت، تەرح، تەرز، تەویر، جزم، جنس، جۆر، جۆری، جوور، جوون، چب، چوون، چاشنی، چون، چەشن، چەشنەت، چەشنی، چەشیت، دەردی، ڕەنگ، زاناف، ژانر،ژبەرکشب، شبی، شەبی، شێوە، فەن، فەنا، فەننا، ڤەکە، ڤەکی،ڤواش، کسم، کەڵە(پا)، گۆر، گۆرەبا، گۆنە، گوهارتۆ، گوێن، گێن، لای، لف، لنگە، لۆ، لۆن، لەتەرح، لەتەرزی، لەجۆر، لەجوور، لەچەشنی، لەڕەنگ، لەڕەنگی، لەگوێن، لەگوێنەی، لەنگە، لەون، لەوێنە، لەوێنەی، لێچوو، مانەن، مانەند، مەرسەلا، مەیلەو، مینا، میناک، نفش، نۆتل، نۆلا، نەزم، نەوح، نەوع، نیزیک‌بە، نیشە، واش، وەک، وەکا، وەکۆک، وەکوو، وەکە، وەکی، وەکیەک، وەگ، وەن، وێچوو، وێنە، وێنەی، هامتا، هاوتا، هاوتەک، هاوجفت، هاوجووت، هاوشان، هنداق، هوول(پا)، هوولە(پا)، هەردە، هەروەک، هەروەکو، هەروەکی، هەڤتا، هەڤجووت، هەڤری، هەم، هەمبەر، هەمپا، هەوتا، یەو، یەیی، ٣- هنگامی‌کە: ئەگەر، ئەودەمەی، ئەودەمەی‌کە، ئەوکاتەی، ئەوکاتەی‌کە، دەمێ‌کو، کاتێ کە، کە، گاڤاکە، وەختارێ، وەختارێوە، وەختێ‌کو، وەختێ‌کە، هەرکە،

**چونان:** ← چنان،

**چونکە:** بۆیە،بەهۆی،چوون،چمکۆ،چمکە،چمکی، چونک، چونکوو، چونکە، چونکی، چونکین، چونکینێ، چونگین، چونگینێ، لەبەرئەوە، لەو، لەورا، لەوما، لەوەر، مافر،

**چون‌وچرا:** چۆن‌وچلۆن، سێ‌ودوو،

**چونە:** ئەنگوتک، ئەنگوتکی هەویر، چونا، شونگو، گر، گونتک، گونک، گونگ،گرتک، گرتکە، گرک، گشتک، گشک، گڤشک،گلۆر، گندک، گوتک،گود، گودا میری، گووشت، گونتک، گوندک،گونکە، گونکێ، لیندو، هەویرواتا،

**چونی:** چلۆنایەتی، چۆناوچۆنی، چۆنایەتی، چۆنی، چۆنیەتی،

**چونین:** ← چنین،

**چە(چە):** پاشگری‌چووکە، چک، چە، ژە، کەڵە، ڵە، لە، ۆکە( باخچە، باغچە، باغۆکە)، یچک، یچە، یلکە،

**چە:** ١ ← چقدر، ٢ ← چونکە، ٣ ← چیز، ٤- حرف پرسش: چ (چە چشمداشتی ازاو داری؟ چ چاوەڕوانیەکت لێیەهیە؟)، چوە، چە، چی، چێش، ش (شدەکەی؟)،

- **چەچیزمان:** چما، چمان، کامشتمان،

- **چەچیزی:** چشتێک، چی، کام شت؟ کامک،

- **چەزود:** چزوو، چماوەبلەز، کوێرا، کێرا،

- **چەسان:** چاوا، چتۆ، چلۆن، چۆن، چۆن‌چۆنی، چوون، چوین، چەوا، شتۆ، شتەو، کتۆ، کسا، کسان، کلۆن، کوو، کووسا، کووسان، کووم، کەسان، کەسین،

- **چەکار:** ← چکار،

- **چەکارە:** ← چکارە،

- **چەکسی:** کامک، کامکەس، کامکەسۆ، کامۆ، کێ،

**چها:** چ، چشتگەلێ، چە، چێش،

**چهار:** چار، چهار، چوار،

- **چهارآخُر:** ← چهارعنصر،
- **چهارآخُرسنگین:** ١- چوارلای‌جیهان(ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوور، باشوور)، ٢ ← چهار عنصر،
- **چهارآخشیخ:** ← چهارعنصر،
- **چهارآیین:** ١- چوارخەلیفە، ٢- ئایینی سوننی،
- **چهارآیینه:** چوارئاوینە، چواراوینە، چوارائینە، چوار ئایینە، جلکیکی شەڕکەران بوە،
- **چهارارکان:** چوارلای زەوی (ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکور، باشوور)، چوارقوڕنە، چوارنکال،
- **چهاراسبه:** بەتاو، بەغار،پڕتاو،تەقڵەکوت، جوارناڵە، چوارە، خێرا(چهاراسبه درمسیرترقی‌می‌تاخت - فدک)،
- **چهاراقران:** ← (چهارارکان) ← چهار،
- **چهارباغ:** ← چهارپاره،
- **چهاربالش:** ← (چهاربالشت) ← چهار،
- **چهاربالشت:** ١- چوارباڵنج کە بۆ پاڵ وێدان لەکاتی‌دانیشتن دا دایدەنێن، ٢- تخت: تەخت، تەختک، چارپا، چارپایە، چارجێ، چارچی، چارلنگ، چواربەن، چوارپایە، چوارپاچکە، چەرپا، چەرپایە، سپەنگە، کەت،کورسی، ٣- دنیا(ک): جیهان، دنیا، گیتی، (٤ ← چهارعنصر، ٥ ← چهارجهت) ← چهار،
- **چهاربر:** ← (چهارضلعی) ← چهار،
- **چهاربسیط:** ← (چهارعنصر) ← چهار،
- **چهاربُعدی:** بەچواربارى(درێژایی، پانایی، بەرزایی، کات)ەوە، چوارلایەنی، چوارلایی،
- **چهاربند:** ١- چوارجمگە، چوارجومگە، چوارگە (چوارگەی دوو ئەژنۆ و دوو ئانیشک)، ٢ ← چهار عنصر، ٣ ← چهاربالش(٣)،
- **چهاربیخ:** ← چهارعنصر،
- **چهارپا:** ١ ← چاروا، ٢- چورپا، چوارپێ، هەرئاژەڵێکی بەچورر پەل بڕوا،
- **چهارپاره:**١- جواربەش، چوارکوت، ٢- هەر بەیتێکی شێعرکە دابەش بووبێ بەچواربەشی بەکێش کە سێبەشی قافیەی‌خۆیان‌هەیەو بەشی‌چوارەم لەسەر قافیەی‌قەسیدە یاغەزەلەکەیە، ٣- چوارتیکە، چوارپارە، جۆرە گوڵلەیەکی تفەنگی ساچمەییە،
- **چهارپای:** ← (چهارپا) ← چهار،
- **چهارپایه:** ١ ← چهاربالش(٢)، ٢- تەپڵەک، چتی، چوارپاچکە، کورسیلە،
- **چهارپهلو:** چواپاڵوو،
- **چهارپهلوشدن:** ١- ڕەپبوون، ڕەپبیەی، زۆر خواردن، ٢- لەسەرپشت‌ڕاکشان، تەخت‌بۆی‌کەوتن، لەسەرتەختی‌پشتی‌ڕاکشان، لەسەرگازی‌پشت‌درێژ بوون،
- **چهارتا:** ← چارتا،
- **چهارتار:** ← چارتار،
- **چهارتاق:** ١ ← چهارتاق، ٢- بەتەواوی ئاوەڵە، لەسەرپشت، لەسەرگازی پشتێ(درهارا چهارتاق باز گذاشته‌بودند: دەرکەکانیان لەسەرپشت بەجێهێشتبوون)،
- **چهارتخم:** تێکەڵێک لە(تۆمگەلی وەردێنە، ڕەکێشەو ناوکە بەهێو سیپیسوو)، چوارتوخمە،
- **چهارتکبیر:** نوێژی‌مردوو،
- **چهارجوهر:** ← چهارعنصر،
- **چهارجهت:** جوارڕوکن، چوارکەناران، چوارلا، چوارنکال،
- **چهارجهت‌اصلی:** چوارلای سەرەکی( خۆرەلات (ڕوژ هەڵات)، و خۆرنشین (ڕۆژئاوا)،و باکوور و باشوور)،
- **چهارجهت‌فرعی:** چوارلای ناسەرەکی: (باکووری ڕۆژ هەڵات، باکووری‌ڕۆژئاوا، باشووری‌ڕۆژهەڵات، باشووری ڕۆژئاوا)،
- **چهارچشمی:** چارچاوڤ،چارچەڤ، چارچاو، وشیاری وئاگاداریی زۆر، چارچەش، چارچاڤ، چوارچاو، چوارچەوی،
- **چهارچوب:** ١- پەرواز(نازک: قابءکس‌و...)، تار، چارچم، چارچووڤە، چارچێوە، چوارچۆ، چوارچێوە، دۆربەند، ڕێژەک، قاپ، قالب، کێرەشک، ٢- پەرێز، سنوور، کەوشەن، ٣- چارچێو، دوزەنە، مرێس(کار باید چهارچوب داشته‌باشد - فدک)،
- **چهارچوب‌قالیبافی:** دارتەڤن، دارتەون، دەزگای تەونگەران،

**چهارحَدّ:** ← (چهارجهت‌اصلی) ←چهار،

**چهارحَمّال:** ← (چهارعنصر) ←چهار،

- **چهارخانه:** چوارخانە، شەترەنجی،
- **چهاردریچه:** چوارکونی‌سەر(لووت،زار،گوێ،چاو)،
- **چهاردست‌وپا:** چارلەپک(چهاردست‌وپا راه‌رفتند: بچار لەپکی چوون)، چالەپا(لسەرچالەپادگەڕێ)، چوارباڵ، چوارپەل، چوارچنگۆڵە، چوارچەقەل، چوار دەست‌وپا، چوارلەپ، خڕمچوون، گامۆڵە،
- **چهاردور:** چاردەور، چارکەنار، چواردەورە، چوار کەنار، چوارلا، چوارلانە، چوارمیدۆر، دەرمادۆر، دەوراندەور، هاویردۆر،
- **چهارده:** چاردە، چواردە،
- **چهاردهم:** چاردەهەم، چواردەمین، چواردەهەم،
- **چهاردهمین:** چاردەهەمین، چواردەمین، چواردەهەمین،
- **چهاردیوار:** ١ ← چهاربالش(٣و٤)، ٢- چوار دیوار، ٣- چوارڕوکن، چوارسنووری‌جیهان، چوارقوڕنە، ٤- بەدەن، قالب، لەشی‌مرۆڤ،
- **چهاردیواری:** چواردیوار، خانوو، ماڵ، یانە،
- **چهارراه:** چارجێ، چارچی، چارڕێک، چارڕێیان، چوارڕێ، چوارڕێگان، چوارڕێگایان، چوارڕێیان، خاچەڕێ،
- **چهاررئیس:** ← (چهارعنصر) ← چهار،
- **چهارزانو:** چارتیکانێ، چارمەشقە،چارمەشقی، چار مێرکی، چوارچمک، چواچمکی، چوارزرانی، چوار مەشقان، چوار مەشقە، چوارمەشقان، چوارمەشقێ، چوارمێردەکی، چوارمێرکی، چوارمێزەکی، چوار مێزیلکە، مێهڤانیک،
- **چهارزانونشستن:** پانەوپان‌دانیشتن، چارتیکانێ دانیشتن، چارمەشقەدانیشتن ، چارمەشقی‌دانیشتن، چارمێرکی‌دانیشتن ، چوارچمک دانیشتن، چوارزرانی دانیشتن، چوارمەشقان‌دانیشتن، چوار مەشقەدانیشتن، چوارمەشقێ‌دانیشتن، چوارمێردەکی‌دانیشتن، چار مێرکی‌ڕۆنیشتن، چوارمێزەکی‌دانیشتن، چوار مێزیلکەدانیشتن،
- **چهارزبان:** ئەوەی زووزوو قسەی خۆی دەگۆڕێ،
- **چهارسمت:** ← چهارجهت،
- **چهارسو:** ١ ← چهارجهت، ٢ ← چهارراه، ٣ ← چهارسوق، ٤ ← جهان،
- **چهارسوق:** ١- چوارڕێیانی‌نێوبازاڕ، چوارسوو، چوارگوزەر، ٢ ← جهان،
- **چهارشاخ:** تەبوور، شەن، شەنە، ملهێب،
- **چهارشانه:** بلەز، تێکسڕماو، تێکسمڕاو، تێمسیرپاگ، چارشانە، چوارشانە،
- **چهارشنبه:** چارشەم، چارشەمب، چارشەمبە، چار شەمە، چار شەنب، چوارشەم، چوارشەمۆ، چوار شەمبۆ، چوارشەمبی، چوارشەممە، چوارشەمە، چارشەمب،
- **چهارشنبه‌سوری:** چارشەماسۆر، چارشەمە سووران، چوارشەمۆی پێش‌نەورۆز، چوارشەمەسووران، چوارشەمەسوورە،چوارشەممەکوڵە، دوایین‌چوارشەممۆی ساڵ، قوڵەچوارشەمۆ، قوڵەچوارشەممە، کوڵەچوارشەمۆ، کوڵەچوارشەممە

- **چهارضلعی:** چواربەر، چوارسەدمی، چوارسەدەمی، چوارگۆشە، چوارلا، چوارلاسک،

- **چهارطاق:** ١- گومبەزی لەسەرچوارئەستوونان، هەیوانەبەرزە، ٢ ← چهارعنصر،

- **چهارطبع:** چوارسروشت، گەرمیوساردیو وشکیو تەڕی،

- **چهارعنصر:** چوارسروشت، چوار ماک(کە دەیان کوت دنیای لێ سازکراوە : ئاو، ئاگر، هەوا، خاک)،

- **چهارعملاصلی:** چوارکاری سەرەکی لەبیرکایدا (لێکدان ×، دابەشکردن ÷، کۆکردنەوە+، کەمکردنەوە)،

- **چهارعیال:** ← **چهارعنصر،**

- **چهارفصل:** چواروەرز، چوارکژیساڵ(بەهار، تاوسان، پایز، زمسان)،

- **چهارقد:** ← **چاقد،**

- **چهارکرکس:** ١- تەختیشەدداد، تەختی کەیکاوس، ٢ ← چهارعنصر،

- **چهارگامه:** ئەسپیخۆشڕۆ، ئەسپی ڕەهوان،

- **چهارگاه:** چوارگا، شێوازێکی دەنگە،

- **چهارگل:** ١- جۆشانەی چوارگوڵ بۆدەرمان (وەنەوشە، کوولەکە، نانەحاجیلە، لاولاو)، ٢ ← چهارگوشە(١)،

- **چهارگلخن:** ١← چهارجهت، ٢ ← چهارعنصر،

- **چهارگوشه:** ١- چارچک، چارقۆزی، چارگۆشە، چارمیدۆر، چوارچمک، چوارسووچ، چوارسووک، چوار قورنە، چوارقوژبن، چوارقولینچک، چوارکەنار، چوار گۆشە، چوارلک، چوارنیچک، خانە، خشتی، خەتدراوی چوارگۆشە، ٢- تەختیشا، ٣- تابووت، چاردار، چوارداره، دارباس، داربەست، دارتەرم، دارمەیت، دارمووق، دارەبازە، دارەبەس، دارەبەست، دارەمەیت، دالۆپ، سندریک، سندروویک، سوندروک، سوندریک، سەرەجە، لەزاگ، وەخم، ٤- چوارلایزەوی، ٥- سفرەیبچووک، ٦ ← مستطیل،

- **چهارگوشی:** چوارقولفی، چوارهەنگڵ، چوار هەنگوڵ، چوارهەنگۆڵ، کووپەوکووپەڵەیچوارهەنگڵ،

- **چهار(گوهر/گهر):** ← چهارعنصر،

- **چهارم:** چارەم، چوارەم،

- **چهارمادر:** ← چهارعنصر،

- **چهارمردکی:** قەلەفیسک(چهار زانو نشستن: قەلەفیسکا ڕۆنیشتن)، قەلەڤزگین، قەلەقزگین،

- **چهارمنظر:** ئاسمانیچوارەم، شوێنیڕۆژ لەحاسماندا،

- **چهارمی:** چارمی، چوارەمی،

- **چهارمیخ:** ١ ← چهارعنصر، ٢- چوارمیخە، چوار نیخە، خاج، خاچ، ٣- بەچە بازی، بەچەوازی، چاو قووڵکە، قنگەگان، منالبازی، منداڵبازی، نێربازی، هەتیوبازی،

- **چهارمیخه:** ← چهارمیخ(٢) ← چهار،

- **چهارمین:** چارەمین، چوارەمین،

- **چهارنظم:** ← **(چهارعنصر) ← چهار،**

- **چهارنعل:** ← **(چهارنعله) ← چهار،**

- **چهارنعله:** پڕتاف، پڕتاو، ترەختان، تەقڵەکوت، چارگاڤ (هەسپێ‌من چارگاڤ دچێ)، چارگاڤی، چوارناڵ، چوارناڵەیی، چوارناڵی، چوارە، ڕەپاندن، ڕەپانن، لینگدانی پڕتاوی ئەسپ، لنگ‌کوت،

- **چهاروا:** ← **چاروا،**

- **چهارهنگام:** ← **چهارفصل،**

- **چهاریار:** چوارخەلیفە، چوارياریی‌نەبی،

- **چهاریک:** ← **چارک،**

**چهچهه:** چریکە، چەهچەهە، خوێندنی بولبول، فیکەفیک،

**چهچهەزدن:** چریکاندن، چریکەکردن، خویندنی بلبلو باڵنەی دەنگخۆش، فیکەفیک‌کردن،

**چهر:** ← **چهره،**

**چهره:** ١- اصل: بنجی، بنەچەک، بنەچەکە، بنەڕەت، بنیاد، بنیچە، ترووم، تۆرەمە، توخم، توورم، تووم، جسن، حەسڵونەسەبە، دامار، دەول، دیدمان، ڕەتەوە، ڕەچەڵەک، ڕەسەن، ڕەگ، ڕەگەز، زوڤر، سۆلان، عەسڵ، قنێت، کرۆک، کۆک، مەحسەنەک، ناوپشتە، نەژاد، ٢- صورت: بێچم، تەتەڵە، جەفەر، جەمین، چار، چارە، چرۆچاو، چرۆچەم، چرۆچەنە، چرۆخە، چەفەر، چەهرە، چێر، چێرە، درۆشم، دموچاو، دەفک، دەموچاو، دیدار، دیم، دیمە، دیمەن، ڕوخسار، ڕوو، ڕووچک، سیما، ٣← شخصیت(چهرەسیاسی/سینمائی)،

**چُهره:** ١ ← چاکر، ٢ ← چهر، ٣- چەرخی جۆلا، ٤- دەکەڵ، دم ڕووت، دەمڕووت، سادە، لاوی موو لە ڕوو نەهاتگ، لووسکە، لیسکە، نگڵ،

**چهرەآرا:** ← گریمور،

**چهرەآرایی:** ← گریم،

**چهرەئی:** ← **چهرەیی،**

**چهرەباز:** ١ ← خوشحال، ٢ ← خوشرویی،

**چهرەبرافروختە:** ڕوخساری سووورداگیرساو بەهۆی شەرم یا تووڕەییو...، ڕوویسوورهەڵگڕاو، ڕووی سوور هەڵگەڕاو، ڕوویهەڵگرساو، ڕوویهەڵگیرساو،

**چهرەپرداز:** ١ ←(چهرەنگار) ←چهرە،٢ ← گریمور،

**چهرەپردازی:** ١- سووڕەتگەری، نیگارکێشی، وینە گەری، ٢ ← گریم،

**چهرەپردازیکردن:** نیگارکێشانەوە، وێنیەکێشانەوە،

**چهرەشدن:** بوونەکەسایەتییەک، بوونەکەسێکی دیارو بەناوبانگ، درەوشانەوە، ناو دەرکردن،

**چهرەگشای:** ڕوونیشاندەر، یاری ڕوویخۆ نیشاندەر،

**چهرەگشایی:** ١- نواندن، نیشاندان،نیشاندای، ٢- نیگارکێشان،

**چهرەنگار:** دیمەنکێش، سووڕەتگەر، شێوەکێش، نیگارکێش، وینەگەر،

**چهرەیی:** ١- بیزی، پەمبەیی، پەمەیی، چێرە، چێرەیی، ڕەنگیئاڵی کراوە، ڕەنگیگوڵی، سووریکاڵ، سووڕەتی، کنووشک، کولکولی، گولخار، گوڵی، ٢- بەفروخوێن، ڕەنگی پێشتی چوانوپاراو، سووروسپی، سووروسنج،

**چەکار:** ← چکار،

**چەکارە:** ← چکارە،

**چهل:** چل، چەل، چهل،

- **چهل‌تاج:** کەڵەشێری پۆپەگورەوپان،

- **چهل‌چراغ:** چلچرا،

**چهلم:** چلەم، چلەمین، چلهەم، چلهەمین،

**چهلمین:** چلەمین، چلهەمین،

**چی:** ١← چەچیزی، ٢ ← چیز، ٣- دار: چی(پا)، خاوان، خاوەن، خاوەند، خودان، خودێ، خۆدی، خوەدی، خوەدێ، خوەدیکۆ، خوەی، خوەهی، خوێ، خوێدار، خوێگ، خۆیی، خێو، خێوی، داژدار، ساحێب، ساحێو، سەرپەرست، سێحەب، ماخۆ، ماڵخۆ، ماڵخوێ، مەن، وایر، وایەر،وەئەر، وەندە،وەهار، وەهەر، وەیر، ٤- ساز: پاشگری بەواتا دروستکەر، چی، ساز، ٥- چی، فرۆشیار(چایچی)، ٦- بەکاربەر، چی، دەکارکەر، کار(کەنکەنەچی، باڵەبانچی، شکارچی)، کر، کەر، گەر،

**چیت:** چیت،

**چیتساز:** چیتساز،

**چیدن:** ١← چینەکردن، ٢- پانکردنەوەیسفرە، داخستنیسفرە، ڕاخستنیسفرە، ٣- بانیەکنان، چنین، چنینبانیەک، چنیەی، داچنین، لەسەریەکدانان، هۆرچنەی، هەڵچنین، یەکەونیان، ٤- بەتەنیشتیەکەوە دانانیشت بۆفرۆشتن، دانان، ٥- پاچینەوە، تاشین، هۆرپاچای، هۆرپاچەی، هەڵپاچان، هەڵپاچین، ٦- ئەرەپاچای، پاچین، داپاچین، هەڵپەرتاوتن، ٧- بەدەست هەڵکەندن، چنگەڕن، چنگەڕنێ، چنگەکرکێ، چنگە کرە، چنگەکرێ، چنین، چنیای، چنینەوە، چنیەی، چنیەیوە، چەنن، دروونەوە، دروینەبەدەست، دەسکەنە، ڕنە(خوشۀشالی)، ڕنین، ڕنینەوە، قوڕافتن، قوتمساندن، قورچمین، قۆرچین، کەندن، کەنن، هۆرپرچنای، هەڵپساندن، ٨- گرفتن ناخن: ناخونقرتانن، نینۆکقرتاندن، نینۆککردن، ٩-گزیدن: بژاردن، پەسەنکردن، تەلبژێن، جوداکردنەوە، جیا کردنەوە، دەستبژێرکردن، ڤەبژارتن، نەقان، نەقاندن، وژ، وژاردن، وژانن، هلبژارتن، هەژماردن، هەڵبژاردن، هەڵبژانن،هەڵبژنین، هەڵتژین، هەڵژماردن، هەڵگرتن، هەڵمژاردن، ١٠- چێکرن، داڕشتن، دانان(نەخشە، پێشەکیو...)،

**چیدە:** ١- بالایهم قراردادە: بەڕێکی کەڵەکبووگ، بەڕێکی کەڵەکە کراو، بەسەریەکادانراو، بەسەریەکاهەڵچنراو، بەسەریەکدا کۆماکراو بەڕێکی، قەفەنگێو (بۆشیشەتووتن)، قەلاچن، قەلاقەلا، هۆرچنیا هەڵچناو، هەڵچنراو، یەک لەسەریەک، ٢- گستردە: ئەرەکەوتە، بڵاو، پان، پانکراوەوە، داخراو، داخریاگ، ڕاخراو، ٣- گل یا میوۀ کندەشدەبادست: بەدەست هەڵکەنراو، ڕناو، ڕندراو، ڕنراو، ڕنیاگ، ٤- منتخب: ئاوارتە، باشقە، بژاردە، بژارە، بژنیاگ، بەتایبەتی، بەربژار، بەرچاو، بەرگوزیدە، پەسەنکریاگ، تڵ، تلژێن، تەل(لەنێو هەمواندا تەلە)، تەلبژێن، جوایەز، جودا، جوداکراوەوە، جودایەز، جیا، جیاکار، جیاواز، جیاوەکراو، چک، خاسە، خەسما، دانستە، دانسقە، دەستبژێر، دەستەژمێر، دیار، زۆرباش، سەرتا، سەرتڵ، سەرتەل، سەرتۆپ، سەرچن، سەردەستە، سەردەق، سەرشڤ، سەرگوڵ، شاز، عالی، قوتحە، ناوازە، ناوێزە، نەقاندی، ورچنیا، وەرەچەمی، هلبژارتی، هلبژنیاگ، هلچنیاگ، هۆرچنیا، هەرەباش، هەژماردە،هەڤیاز، هەڵاواردە، هەڵبژارتو، هەڵبژارتە، هەڵبژارتی، هەڵبژاردو، هەڵبژاردە، هەڵبژراو، هەڵبژیاگ، هەڵبژێراو، هەڵبژێردراو، هەڵژماردو، هەڵژماردە، هەڵژمێراو، هەڵکەوتوو، هەڵکەوتە، یەکەم، یەکی یەکی(نالیومەولەوی دووشاعیری یەکییەکین)، یێکەیێکە،

**چیر:** ← چیرە،

**چیرگی:** باڵادەستبوون بەسەر...دا، باڵادەستی، پێوێران، تاقەت پێشکان، دەربەستئامای، دەڕۆستهاتن، دەروەستهاتن، دەروێستهاتن، دەرەقەتئامای، دەرەقەتهاتن، دەستبەسەرداڕۆیشتن، دەڤخۆر، زاڵی، زۆربردن، زۆربرن، زوربە، ژێدەرکەفتن، سەرکەوتن بەسەردا، قەوە پێشکان، قەوەتپێشکان، لەعۆدەهاتن، لەگۆڕهاتن، هێگن،

**چیرە:** ١- باڵادەست،باوخۆش،تاقەتپێشکاو، جەکارنە بەرئامای، چەپگەڕ، چەپگەرد، چێر، چیرە، دەستبەسەرداڕۆیشتوو، دەستدرێژ، دەستڕۆیشتوو، دەستەلاتدار، دەسڕۆیشتوو، زاڵ، سوار، سەرکەوتوو، سەرکەوتە، ٢ ← چیرەدست،

**چیرەدست:** ئارەقچنیاگ، ئازالەکار، ئیشزان، باڵا دەست(دەستێکی باڵای لەوکارەدا هەیە)، بەئەزموون، بەدەستوبرد، بەردەبار، بەرگەڕ، پسپۆڕ، تالیمدراو، تەڕدەس، تەڕدەست، تەعلیمدادراو، تەعلیمدراو، تەی، تەیەوبووگ، چنگە، چەنەزان، جەرجهە، جەرجەه، جەکارنەبەرئامای، چالاک، چێ، چنگە، حاملاو، حاملێندراو، خاراو، دەست ڕەنگین، ڕاهاتوو، ڕاهاتی، ڕاهێندراو، ڕاهێنراو، زانەچان، زەبربەدەست، زەبەر دەست، ژیلافە، سەرڕاست،سەرناس،شارەزا، شەهرەزا، شاک، عاملاو، غارا، فەنتازی، فێرکراو، فێرەکار، قاڵ، کارامە، کارامەد، کارئاشنا،کاربین، کارجوان، کارچاک، کاردیتوو، کار دیتی، کاردیدە، کاردیە، کارزان، کارکردە، کارناس، کارەما، کراری، کرمکار، کەیکوا، لەبار، لەکاردەرهاتگ، لەکاردەرهاتو، لەکارزان، لێزان، مامۆسا، مامۆستا، ماهر، ماهیر، مەحلان، مەزبووت، مەعلان، مەلاح، مەشق پێکراو، وەستا،

**چیرەدستی:** ئادا، ئوسایی، ئیشزانی، باڵادەستی، بەئەزموونی، بە دەستوبردی، بەردەباری، بەرگەڕی، پسپۆڕی، تالیمدراوی، تەڕدەستی، چەنەزانای، خاراوی، دەستڕەنگینی، دەستڕەقاسی، ڕاهاتنیدەستلە کار، ژێڵ، شارەزایی، شەهرەزایی، عاملاوی، فێرکراوی، فێرکاری، قاڵی، کارامەدی، کارامەیی، کارئاشنایی، کاربینی، کارجوانی، کارچاکی، کاردیدەیی، کاردیەیی، کارزانی، کارکردەیی، کارناسی،کارەمایی، لێزانی، ماهری، ماهیری، مەحلانی، مەهارەت، وەستایی، هۆستایی،

**چیرەشدن:** بەسەردا زاڵبوون، بەسەرداهەبوون، پەنەویارای، پەیویرستن، پێوەستان، پێوێران، تاقەت پێشکان، چەربیان، دەرەقەت هاتن، دەستبەسەردا ڕۆیشتن، زاڵبوون، زاڵبیەی، زەرفەتپێبردن، زەفەر پێ بردن، سەرکەوتن بەسەردا،

**چیز:** ١- آنچیز،چیزە: ئەوەک، بیڤان، تشت، جایی، چی(چییەکەم لەبیرچوو)، چیک، چیکچیکێ، شتەکەی ناوینابەم، کابرا، واک، وانێک، هەرامە،هین، ٢- شیء: ئەسبابات، ئەشت، پڕپۆڵ، پڕوپیت، پڕوپیتاڵ، تشت، تەبا، تەوا، تەواخوا، جوردە، چت، چتمەک، چتومت، چشت، چشتومت، دلێیانەی، شت، شتمەک، شتومەک، شڕەوبڕە، ششت، شمەک، قوماش، کالا، کالاو،کووتاڵ، کەلوپەل، کەلوپەلیماڵ، کەلومەل، ماڵوئەسباب، ماڵیبازرگانی، نێوماڵ، والا، ناها، نەها،

**چیزخور:** دەرمانخوارد، دەرمانخواردوو، دەرمان خۆر، دەرمانخۆرکراو، دەرمانداو، دەرمانوار،

**چیزدار:** ← دارا(١)،

**چیزفهم:** تێگەیشتوو، تێگەییو، چنەیاوا، ژیرلۆ، ژیرلە، ژیرلێ، فامیدە، فامیە،

**چیزک:** شتۆکەیەک (تانباشد چیزکی مردم نگویند چیزها: تا شتۆکەیەک نەبێخەڵک شتاننالێن)، شتێکیکەم،

**چیزمیز:** تشتومشت، شتومت،

**چیزی:** ١- چتێ، چێوێو، چێویە، شتێ، شتێک، ٢- چتێکی، چێوێوش، چێویەش، شتێکی(چیزیناداشت - فدک)،

**چیست:** چ شتیکە، چەس، چەسە، چێش، چێشا، چێشەن، چیە، چییە،

**چیستان:** ئەوەچیە، پەردەک، تشتانۆک، تشتەنۆک، چمام، چمامک، چەوچە، خزوورە، شتێکانێ، فروسەلە، فیشاردە، قاف، قەوسەل، قەوسەلە، لۆتەر، لەغەز، لەگەز، لیچار، مامک، موعەمما، مەتەڵ، مەتەڵۆک مەتەڵۆکە، ، مەتەڵە، مەتهەڵۆک، هەتەڵ، هەڵهێن،

- **چیستانپرسیدن:** لیچارپرسین، مەتەڵداهینان،

- **چیستانحلکردن:** مەتەڵ هەڵینان، زانینی لەگەز،

**چیستی:** چەبوون،چەسی،چەیی،چییەتی، ناوەرۆک،

**چیغ(چیق):** چیت پەردە، چیخ، چیغ،

**چیلان:** وردەئامرازیسازکراو لەئاسن،

**چیلان:** ← عناب،

**چیلانگر:** ← چلنگر،

**چیلانە:** ← عناب،

**چیلِر: چیلێر**، سەرماساز، فێنککەرەوە،

**چین:** ١- پەلک، تفل، تو، تۆ، توا، تۆخ، تۆفڵ، تۆکڵ، تولاش، تووژ، تووژگ، تووشگ، توێ، توێخ، توێژ، توێژاڵ، توێژاڵک، توێشکانە، توێکڵ، تەبەق، تەبەقە، چین، تێخوڵ، تێکوڵ، چین، خوز، شکولک، قابلۆخ، قاپۆڕ، قاپێلک، قات(لەقاتیکەوایدابوو)، قاشل، قاشوول، قالک، قەپێلک، قەد، کۆل، کەواخە، کیلوودە، لا، لان، لاوان، لۆ، لۆغ، ناو، ناودووتوی، لۆیە، نهام، نهۆم، ٢- چرچ، چرچولۆچ، قورمچک،

کوریشک، گنج، لالەسەر لا، لۆچ، لووچ، ٣- چن، چین، ڕن(مەوو/ بێستان ڕن)،

**- چینآوردن‌ابرو:** ← (چین‌برابرواندا‌ختن) ← چین،

**- چین‌افتادن:** چرچولۆچ‌تێکەوتن، چین‌تێکەوتن، گنج‌تێکەوتن،

**- چین‌برآوردن:** هۆرقرچیای، **هەڵقرچان، هەڵچرچان،**

**- چین برابروافکندن: ← چین برابرواندا‌ختن،**

**- چین‌برابرواندا‌ختن:** ئەخمکردن، ترشڕوویی، چەرمە، خۆمۆن‌و مرچ‌کردن، دموچاوتێکنان، دوژەنگ یەکدان، ڕووتاڵکردن، ڕووتاڵی، ڕووترشکردن، ڕووترشی، ڕووگرژکردن، ڕووگرژی، قۆرتانن، گرژبوون، لچ‌ولێو تێکنان، لچ‌ولێوگرژکردن، مروز، مۆچی، مۆڕبوونەوە، مۆڕی، مۆنی، ناوچاوترشانن، ناوچەوان بەیەکادان، نێوچاوان تێکنان، نێوچاوان گرژکردن،

**- چین‌برچین: ← چین‌چین،**

**- چین‌پیراهن‌زنانه:** چیم‌کراس، گنجی‌کراس،

**- چین‌پیشانی:** چرچی‌ناوچاوان، دۆژەنگ، لۆچی‌ناو چاوان،

**- چین‌چین:** بەتوێ، ترنج‌ترنج، تواتوا، توێ‌توێ، توێخ‌توێخ، توێژتوێژ، تەبەقەتەبەقە، چیناوی، چینبەچین، چینچین، چین‌چیناوی، چین‌چینە، چیندار، چین‌لەسەرچین، ڕێک‌کوشراو، قەدقەد، گرنج‌گرنج، گرۆگرۆ، گنجاوی، گنجگنج، گنجدار، لابەلا، لالەسەرلا، لاوەلا، لۆلۆ،

**- چین‌چینی:** توێتوێ، توێدار، چیندار،

- چین‌خوردگی: ١- بلندی‌و نەویایی سەرزەوی، شاخەکان، ٢- چیناوچینی، چین‌چینبوون، چین چینی، چینی‌یەک‌لەسەریەک، گرژهەڵاتوویی، لۆچی،

- چین‌خوردن: تاخواردن، چینهەڵگرتن، گنجاویبوون، گنج‌گنج بوون، لۆتێکەوتن، لۆچ‌تێکەوتن،

- چین‌خورده: چینهەڵگرتوو، گنجاوی، گنجاویبوو، گنج‌تێکەوتوو، گنج‌گنج بوو،

**- چیندار: ← چین‌چین،**

**- چیندارکردن:** بەتوێ‌کردن، ترنج‌ترنج‌کردن، چکووڕاندن، چەرمکاندن، چیناوی‌کردن، چین‌بەچین کردن، چینچینکردن، چین چینەکردن، چیندارکردن، ڕێک‌کوشین، قەدقەدکردن، گرنج گرنج کردن، گرۆگرۆ کردن، گنجاوی‌کردن، گنج‌گنج کردن، لابەلاکردن، لالەسەرلاکردن، لاوەلاکردن، لۆچکردن، لۆلۆکردن،

**چین‌وچروک:** پۆت، چرچ، چرچولۆچ، خوز، قرمچی، قورمچک، کوریشک، گنج، گنج‌وگرژ، لالەسەرلا،

**- چین‌وچروک‌خورده:** چرچاو، چرچوچیندار، چرچولۆچ تێکەوتوو، چرچ‌ولۆچدار، گنجی،

**- چین‌وچروک‌صورت:** پرمقی، چرچولۆچ، چرچی، قولووچ، قەمیچک، کۆرمیچەک، گرژی، گنجی‌دەم‌و چاو، لۆچی، مروز،

**- چین‌وچروک‌لباس:** ناوە، چرچی لیباس،

**- چین‌وشکن:** توێ‌لەسەرتوێ، چرچ، چرچولۆچ، دۆژەنگ، قورمچک، کوریشک، گنج، لالەسەرلا،

**- چیننده: ← چین(٣)،**

**چینە:** ١- چینەی‌دیواری‌قوڕ، مۆرە، ٢- چونگە، چیمک، چنیک، چینە، دانەمریشک، ٣- تۆژ، توێیەوکی بەرچاو لە پێستی زەوی بەئەستوورایی چەند سانتیم تا چەند میتر، چین،

**چینەدان:** ئاشگە، بەرجۆم، بەرچیلک، بەرچینۆک، بەرچینەک، پەزیزانگ، جقەدانە، جیدانە، جیقڵدان، جیقڵدانە، جیقەتۆرە، جیکڵدانە، چڵەدان، چڵەدانک، چیقلدانە، جیقڵدوو، چیکرووت، چیکڵدان، چیکڵدانە، چین، چینک، چینەک، چینەدان، چینەدوو، سیق، سیقلدان، سیقلدانک، سیقلدانە، سیقە، سیقەتۆرە، سیقەدانە، سیکەتۆرە، عرک، غەلە، قیسک، قیسکە، کاسینۆک، کوڵەزرک، کەلناس، کوڵەزرک، کەلە زرک، گژار، گژاژ، گەپرووک، گەژار، گەژاژ، گەوو، گەیە، هیرک،

**چینەشناس:** شارەزای چینەکانی زەوی،

**چینەشناسی:** شارەزایی لەچینەکانی زەوی،

**چینەکردن:** پێپرژە، پێپرکێ، چینە، چینەکردن، خەپارتن، خەپراندن، خەپەرەکردن، کەچیچ، چونگە کردن، دانهەڵگرتنەوەی مریشک،

**چینەکشیدن:** چینەکێشان، دانانی‌دیواری‌مۆرە، دیواری قوڕ دانان،

**چینی:** ١- چینی، دەفری‌چینی، دەهدەلیک، فەخفووری، فەرفوون، ٢- چینی، خەڵکی‌چین،

**چینی‌بندزن:** گاوکەر، گەوکەرەوەی چینیی‌شکاو،

**چینی‌جا:** بووفە، جێگای فرۆشتنی خواردەمەنی‌و نۆشەمەنی لە شوێنەگشتییەکاندا(وەک سینەماو...)،

# ح

**ح:** پیتێکی ئەلفوبێی کوردو فارسو عەرەب، ح، حێ،

**حائز:** ← حایز،

**حائض:** ← حایچ،

**حائط:** ← حایط،

**حائل:** ← حایل،

**حابِس:** بەرگر، ڕاگر، گرسێن، گرسێنەرەوە(چای خشک و ماست حابس شکم است - فدک)،

**حاتم:** ← قاضی،

**حاتمبخشی:** بەخشینیوەکحاتەم (بەتەوسەوە دەیڵێن)، تەخشانپەخشان، تەخشانوپەخشان، دەس بڵاوی،

**حاجّ:** ← حاجی،

**حاجآقا:** ١← حاجی، ٢- ئاحاجی، بابەحاجی، خاڵۆ، خاڵە، مامە، نازناوە بۆ پیاویبەتەمەنی موسوڵمان، ٣- مامۆستا، مەلا، نازناوە بۆ ئاخوندی شیعە،

**حاجات:** کۆی(حاجت) ← حاجت،

**حاجب:** ١- ئەبرۆ، برم، برۆ، بروو، بروە، برۆی، بْرْە، بریی، بورگ، ژەنگیت، قاژ، ٢- پەردەدار، دەرکەوان، سەرپەردەدار، سەردەرکەوان، کوێخادەرک، ٣ ← حایل،

**حاجت:** ١- احتیاج: ئاتاجی، ئەوجەپێبوون،ئیحتیاج، ئیحتیاجپێ بوون، بگردگ، بەیواستن، پەکپێکەوتن، پێداویست، پێداویسبوون، پێداویستی، پێدڤی، پێدڤیاتی، پێویا، پێویس، پێویست، پێویستبوون، پێویستی، پێویستیپێبون،تەوزیم، چەتن، حاجەت، حەوجەبوون، حەوجێبوون، داخواز، داوخواز، دۆز، زەرۆلە، زەروور، زەرووری، شەرت، قاپۆ، کەلک، کەڵک، کەمایەسی، گەرەک، گەرێ، لازم، لەسەر، لەسەر بوون، موحتاجبوون، موحتاجی، مەهجەت، نیاز، نیازپێبوون، واجببوون، واجۆ، واجۆبوون، واژو، واژوبوون، وەج، وەرج، هەوجە، هەوجە پێبوون، ٢- چشمداشت: ئارەزوو، چاوەڕوانی، چاوەڕێیی، هیوا،

**حاجتبرآوردن:** ← حاجتڕواداشتن،

**حاجتخودراگرفتن:** بەنیازی دڵیخۆ گەیشتن، حاجەت جێبەجێ بوون، حاجەتڕەوابوون، حاجەتوەدیهاتن، نیازبەگائامەی، نیازیدڵهاتنەدی،

**حاجتداشتن:** ئاتاجیهەبوون، ئەوجەپێبوون، ئیحتیاجپێبوون، پەک پێکەوتن، پێداویستبوون، پێداویستی، پێویستبوون، پێویستی پێبوون، حەوجەبوون، حەوجێبوون، موحتاجبوون، نیازپێبوون، نیازمەند بوون، هەوجەپێبوون،

**حاجتروائی:** ١ ← حاجتڕواداشتن، ٢ ← حاجت خودراگرفتن،

**حاجتڕواداشتن:** ١- ئاتاجیبەجێهێنان، حاجەت جێبەجێکردن، حاجەتڕەواکردن، حاجەتوەدیهێنان، نیازبەجێهێنان، نیازبەگائاردەی، ٢- دووعابەجێهێنان، دووعا ڕەواکردن، نزاقبووڵکردن، نیازهێنانەدی،

**حاجتڕواشدن:** ← حاجتخودراگرفتن،

**حاجتطلبیدن:** پاڕانەوە، لالانەوە، دووعا کردن، نزاکردن، نیازکردن،

**حاجتکسیرادادن:** ← حاجتڕواداشتن(٢)،

**حاجتکسیراڕواکردن:** ← حاجتڕواداشتن،

**حاجتمند:** ئاتاج، ئارامەنە، ئال، ئاوسەرکەم، ئێخسیر، ئەوەجە، برچی، برەش، بلەنگاز، بووژما، بەدبەخت، بەرڤاڵە، بەستەزمان، بەسەزمان، بەلەنگاز، بێجە، بەوبەخت،بێئەنوا،بێباڵ، بێبەرگ، بێپارە، بێپەنا، بێپێلاو، بێتوتە، بێتووک، بێچارە، بێچارەولێقەوماو، بێحاڵ، بێدەرفەت، بێدەرەتان، بێشانس، بێشەنس، بێدەس، بێدەست، بێزەوەر، بێسامان، بێسەروسامان، بێکەسوبێدەر، بێماڵ، بێنەوا، پاپەتی، پاخروا، پاوروا، پاوریای، پاوریایی، پرنسی، پۆرکوور، پەپووک، پەپوویک، پێخاس، پێخاوس، پێخواس، پێدڤی، پێڕووت، تەپەسەرا، تەنگدەس،تەنگدەست، تێماو، چارە ڕەش، چارەنەماو، چاولەدەست، چفتە، چەل، چەنە کەوتەی، حەوجێ، خاکسار، خاکەسەر، خاکنشین، خاوس، خزان، خزای، خوازەر، خواس، خۆپان، خێزانی، داتەکاو، داخاز، داخواز، داماو، داواکار، داوخواز، دۆبڕاو، دۆبڕیاگ، دەسبەتاڵ، دەستتەنک، دەستتەنگ، دەستخاڵی، دەستڤالا، دەستڤالە، دەستکورت، دەستنەڕۆیشتوو، دەستەنک، دەستەنگ، دەستخاڵی، دەستکورت، دەستنەڕۆیشتوو، دەسخاڵی، دەسکورت، دەسنەویەردە، دەوڵەتکەتی، ڕژ، ڕووت، ڕووتوپووت، ڕووتوڕەجاڵ، ڕەپوڕووت، ڕەجەن، ڕەزڵخوا، ڕەزەڵخوا، ڕەنجەڕۆ، ڕەواڵ، ڕیپاڵ، زادئاو (زادی ئاوە)، زار، زگورتی، زگورد، زوار، زووگورد، زووگوورت، زەبوون، زەلیل، زیڤار، زیڤال، ژار، ژارۆ، سالووک، سوخت، سەرکز، شڕوشۆڵ، فەقیر، قوڕبەسەر، قەسیان، قەلاش، قەلەندەر، کاسۆ، کڵۆڵ، کەمدەس، گدی،گونا، گوناح، گوناه، گونەک، گونەه، لات، لاتوپات، لاتولووت، لامیسک، لانەواز، لیتەک، لێکەوتوو، ماعتاج، ماعتاژ،ماڵبەکۆڵو ڕەبەن، مالکامباخ، ماڵوێران، مانقێر، مرداڵ، مسکێن، مۆتاز، موحتاج، موفلیس، مەهەیر، میسکێن، نابووت، ناک، نانودۆبڕاو، نچار، نسک، نک، نکوناهومێ، نکوناهومێد، نەبوو، نەتێرە، نەدار، نێچار، واربای، واردەس، وارواى، وەزا، هاوسەرکەم، هەرزانکڕ، هەڕیبسەر، هەژار، هەناسەسارد، هەوجەدار، هێلانەواز، یەخسیر،

**حاجتمندی:** ١- تهیدستی: ئاتاجی، ئاوسەرکەمی، بێپارەیی، بێچارەیی، بێدەرەتانی، بێعیلاجی، بێماڵی، پارس، تەنگدەستی، تەنگ دەسی، خزانی، خزانیتی، خەزانی، داماوی، دەستتەنکی، دەست تەنگی، دەستکورتی، دەستەنکی، دەستەنگی، دەستنەڕۆیشتن، دەست نەڕۆیشتوویی، زوو گووری، زیڤاری، ژاری، سرت، شپرزەیی، فەقیری، کەماسایی، کەماسی، کەمایەسی،کەمدەسی، کەمەی، لاتی، ناگوزووری، ناگوزیری، نامانگووری، نەبوونی، نەداری، نەیینی، هەژارەتی، هەژاری، ٢- نیازمندی: ئاتاجی، ئەوجە، ئیحتیاج، بگردگ، بەیواستن، پەکپێکەوتن، پێداویستی، پێدڤی، پێدڤیاتی، پێویا، پێویس، پێویستی، تەوزیم، چەتن، حاجەت، حەوجەیی، حەوجێیی، داخاز، داخواز، داوخواز، زەرۆلە، زەروور، زەرووری، شەرت، قاپۆ، کەلک، کەڵک، گەرەک، گەرێ، لازم، لەسەری، موحتاجی، مەهجەت، نیاز، نیازمەندی، واجببوون، واجۆبوون، واژووبوون، وەج، وەرج، هەوجە، هەوجەپێبوون،

**حاجتومند:** ← حاجتمند،

**حاجخانم:** ١← حاجیە، ٢- دایە، دایەحاجی، نازناوە بۆ ژنیبەتەمەنی موسوڵمان،

**حاجز:** ١- پێشگر، تیغە، لەمپەر، ٢- پەردەی نیوان ئەندامانی نیوزگ، جوداکەرەوەینێوان دوو شْت،

**حاجی:** حاجی، هەجی،

**- حاجیآقا:** ← حاجآقا،

**- حاجیارزانی:** (بەتەوسەوە بەگرانجانیدەیڵێن)، گرانفرۆش،

**- حاجیبازاری:** بازرگانی زۆردەوڵەمەندی حوجرە نشین، حاجی بازاڕی،

**- حاجیخانم:** ← حاجخانم،

**- حاجیفیروز:** حاجیفیرووز، مرۆڤێکە لەنەورۆزان جلکی سوور دەبەردەکاو کاری سەیردەکا بۆخەڵک شادترکردن (شتێکە وەک کۆسەی خۆمان)،

**- حاجیلقلق:** ← (حاجیلکلک) ← حاجی،

**- حاجیلکلک:** حاجیلە، حاجیلەکلەک، حاجیلەقلەق، حاجی لەگلەگ، لەکلەک، لەگلەگە،

**- حاجیحاجیمکە:** ئەوکەسەیدەچێتەجێگایەکو درەنگدێتەوە یا ناگەڕێتەوە،

**- زنحاجی:** حاجیژن، هاوسەری حاجی،

**حاجیە:** حاجیخانم،حاجیژن،حاجیە،ژنیحەجکردوو،

**حاد:** ١- ببڕ، بڕەر،تیژ، ٢- تیژ،تامتیژ، ٣ ← سخت،

**حادث:** ١- تازە، تازەپێشهاتوو، تازەڕووداو، نوێ، ٢- بەدیهاتوو، پێکهات، خوڵقاو، دیاردە، ڕووداوە، لواو (جمعی جهان را حادث میدانند و جمعی دیگر قدیم - فدک)،

**حادثشدن:** ١- بەدیارکەوتن، بەدیهاتن، وەدیار کەوتن، ٢- پێکهاتن، خوڵقان، سازبوون،

**حادثگردیدن:** ← حادثشدن،

**حادثگشتن:** ← حادثشدن،

**حادثە:** ١- بۆیەر، بەسەرئامای، بەسەرویەردە، بەسەرهات، پاکەفتن، پێشکەوتن، پێشهات، پێکهات، ڕوودان، ڕووداو، ڕوودای، ڕووەدای، قچان، مەرسەلا، مەسەلە، هەڵکەوت، هەڵکەوتن، ٢- تازەئەنەئامە، تازەبابەت، تازەداهاتوو، نۆباو، نۆبەرە، ٣- رویدادناگوار: قۆمان، قۆمیان، قۆمیاو، قۆمیای، قۆمین، قەومان، قەوماو، قۆمیاو، کارڕەهات، کارەسات، کەت، مقەدەر،

**- حادثەآفریدن:** قەڵماندن، قوماندن، قەوماندن، کارەساتپێکهێنان، کارەساتنانەوە، کەتنژەی، کەتن کردن،

**حادثەجو:** ← حادثەجوی،

**حادثەجوی:** بەدوایخەتەردا، دڕوشەڕانی، سڵ نەکەرلەکاری پڕمەترسی، سەربەگۆبەنگ، سەگیهار، شەڕاشۆ، شەڕفرۆش، قوون بەگێچەڵ، گورخ، گوریخ، لەدوایشەڕوشووڕ، لەدوایکاریپڕترسو مەترسیدار، نەترس، نەترساو لەکاری پڕمەترسی،

**حادی:** ١- وشترئاژۆ، وشترلێخوڕ، ٢- سروودخوێن، گۆرانیبێژ،

**حاذق:** ١- ئارەقچنیاگ، ئازالەکار، ئیشزان، بەئەزموون، بەبڕشت، بەدەستوبرد، بەردەبار، بەرگەڕ، پسپۆڕ، تالیمدراو، تەڕدەس، تەڕدەست، تەعلیمدادراو، تەعلیمدراو، تەی، تەیەوبووگ، جەرجهە، جەرجەه، جەکارنەبەرئامای،چالاک،چەنەزان،چستە،چنگە،چەپخوون، چێ، چنگە، حاملاو، حاملێندراو، حەکیم، خاراو، خیبرە، دەستڕەنگین، ڕاهاتوو، ڕاهاتی، ڕاهێندراو، ڕاهێنراو، ڕێزان، زانەچان، زەبربەدەست، زەبەردەست، ژیلافە، سەرحەساو، سەرڕاست، سەرناس، شارەزا، شەهرەزا، شاک، عاملاو، غارا، فەنتازی، فێرکراو، فێرەکار، قاڵ، کارامە، کارامەد، کارئاشنا، کاربین، کارجوان، کارچاک، کاردیتوو، کاردیتی، کاردیدە، کاردیە، کارزان، کارکردە، کارناس، کارەما، کراری، کرمکار، کەیکوا، لەبار، لەکاردەرهاتگ، لەکاردەرهاتو، لەکارزان، لێزان، ماهر، ماهیر، مەحلان، مەزبووت، مەعلان، مەلاح، مەشقپێکراو، وەستا، هۆزان، هونەر مەند، ٢ ← چابک،

**حارّ:** داخ، داغ، سووتێنەر، گەرم،

**حارِث:** بکێڵ، بەرزگەر، جفتیار، جفتەوانە، جووت بەندە، جووتکار، جۆتیار، جووتیار، جووتێر، زەویکێڵ، فەلا، فەللاح، فەلەخوێ، کشتیار، وەرزگار، وەرزیار، وەرزێڕ، هیتەوان، هیتیار،

**حارِس:** ئاردەڵ، ئاگادار، ئۆتۆرڤان، ئێشکچی، ئێشکگر، بیەگر، پارازک، پارازۆ، پارێزدار، پارێزگار، پارێزگەر، پارێزەر، پازگر، پاژەر، پاستار، پاسدار، پاسدەر، پاسگر، پاسەوان، پاواندار، پۆس، پەهڤان، پێبەر، جەزایەرچی، چاتمە، چۆکدار، چەتەنە(کشتی)، چەتەوڵ، چەرخەچی، حەرەس، دبدب، دبدۆب، دەستهەمان، دەسیاگ، دیاردی، دیارەهۆ، دیدەڤان، دیدەوان، ڕەخدار، زێرەڤان، سەرجەنگ، ڤان، قۆڵچی، قەرەوڵ، کۆت، کۆڵەلە، کێشک، کێشکچی، کێشکڤان، نڤاندا، نگادار، نۆبەتچی، نۆبەچی، نۆبەدار، نۆتر، نۆترڤان، نۆتۆرڤان،نۆگەچی، نیگابان، نیگادار، وان(پا)، وانە(پا)، وەردیان، هێشکچی، یاساوڵ، یەسەوڵ،

**حازم:** دووربین، وریا، وشیار،

**حاسّ:** بەهەست، هەستدار، هەستکەر، هەستیار،

**حاسب:** حیسابڕاگر، حیسابگر، ژمێریار،

**حاسَّت:** ١ ← حسّکنندە، ٢- هێزیهەستکردن،

**حاسِد:** ١ ← حسود، ٢ ← (بداندیش) ← بد،

**حاسِدین:** کۆی(حاسد) ← حاسد،

**حاسِر:** ١- بێزرێ، ٢ ← برهنە،

**حاسە:** هەست(حاسۀباصرە: هەستبینایی)، هێزیهەستکردن،

**حاشا:** ١- ئینکار، ئینکاری، ئینکێری، بەژێریادان، حاشا، حەشا، دانپێدانەهینان، ماندەل، نەبە، هەشا، هاشا، ٢ ← حاشاوکلا،

**حاشاکردن:** ئینکارکردن، ئینکاری، ئینکێری، بەژێریادان، حاشا کردن، حاشاکەردەی، حاشالێکردن، دانپێدانەهێنان، ماندەلکرن، نکوولی لێکردن، نەبە، نەبەکردن، هاشاکردن، هەشاکردن،

**حاشاوکلا:** ١- ببڕایببڕ، حاشا، حاشاوەلیللا، حاشەوەلیلا، قەت، قەتقەت، هەرگیز، هەرگیزایهەرگیز،

**حاشیت:** ← حاشیە،

**حاشیە:** ١- پەڕ، پەراوێز، پەڕاوێز، حاشیە،خافۆ، دم(درحاشیۀ رودخانە: لەدمچۆمی)، ڕۆخ، ڕەخ، ڕەفی، زێوار، سەر، قەراغ، کۆبە، کەراخ، کەف، کەنار، کەنارە، گەڤەر، لەب، لیچ، لێو، لێوار، لێوارە، ٢- دەوروبەر، کەسوکارو ماڵو منداڵو خزمەتکاران، نیزیکان، ٣- هاو دەمان، هاونشینان،

**- حاشیەای:** ١- پەراوێزی، پەڕاوێزی، خافۆیی، زێواری، لێواری، ٢- دوورلەمەبەست، لابەلا، لاوەلا، لەپەراوێز،

**- حاشیەبافی:** پەراوێزلێنان، کۆبەچنین،

**- حاشیەدوختن:** پەراوێژگێرتەی، پەڕاوێزلێنان، زێوارگرتن، کۆبەلێنان، کەفاندن،

**- حاشیەدوزی:** ← حاشیەدوختن،

**- حاشیەرفتن:** ئەمبەروئەوبەرکردن، ئەمپەلوئەوپەل کردن، پارێزلێکردن، حاشاکردن، خۆپاراستن، خۆ لادان، خۆلێلادان، دوورکەوتنەوە، لادان لەچەمکی قسە، لادانلەمەبەست،

**- حاشیۀسیمبافعبا:** پەراوێزیبەزێوچندراوی عەبا، سورمە،

**- حاشیەنشین:** ئەوەی لەقەراغ مەجلیس دادەنیشێ، پەراوێزنشن، کەنارەنشین،

**- حاشیەنوشتن:** پەراوێزنووسین، پەڕاوێزنووسین، حاشیەنووسین، تێبینینووسین لەژێریاقەراغنووسراوێک،

**- حاشیۀنوشتە:** قیراچ، پەراوێزی نووسراو،

**- حاشیەنویس:** پەراوێزنووس، پەڕاوێزنووس، حاشیەنووس،

**حاصِد:** براندۆخ، براندۆک، پاڵە، پالەڤان، پاڵەکار، ترپانکێش، داسکێش، داسوەشێن، دروێنەوان، درەوان، درەوکار، درەوکەر، درەوگەر، درەوەنی، ساپان، سەپان، فاڵە، مەڵەخانگێڕ، مەڵەغانچی، مەڵەغانگیڕ، نادرو،

**حاصِر:** ١ ← محاسِب، ٢- بەربەستکار، پێشووپێگر، پێشگر، ٣- بۆریەچن، حەسیرچن،

**حاصل:** ١- ئاکام، ئیجاد، ئینتاج، بەر، بەرخوەر، بەروباو، بەروبۆ، بەروبوو، بەروبووم، بەرهەم، بەش، بەهرە، بەهرەی‌کار، تبار، تەبارە، تەولید، حاسڵ، داهات، داهاتی‌زەوی، دەسکەوت، دەسهات، ڕەوار، ماسول، میوە، وارە، وەدەستهاتوو، وەرهەم، هاڤل، هلبەر، ٢- بارە، بەرخوەر، بەرە، بەهرە، بەهرەچە، بەهرەک، بەیر، چەخش، دایەخ(بەدایەخم‌نیە)، دایەق، دۆ، دەرامەت، دەرامەد، دەسکەوت، زەرۆلە، سوو، سوود، فایدە، فاییە، فەیدە، فیدە، قازان، قازانج، قازانی‌سەودا، قانجاز،قەرەم،قەزانج، کار، کەراو، کەرەم، کەل، کەی،کەلک،کەڵک، گویچ، لۆتم، ماعف، منفەحەت، منفعەعت، مەفاە، مەفعەت، مەنفەحەت، مەنفەعەت، ناعفەت، نەحف، نەف، نەفح، نەهف، وەچ، وەچە، هاوە، هۆ، هوو، ٣- بەرماو، پاشماوە، ٤ ← وجود، ٥ ← خلاصە،

- **حاصل برداشتن:** بەرهەڵگرتن، بەرهەم‌هەڵگرتن، حاسەت‌هەڵگرتن، حاسڵ‌هەڵگرتن، دەسکەوت‌هەڵگرتن، دەسهات‌هەڵگرتن،
- **حاصلجمع:** ئەنجامی کۆکردنەوە، بەرکۆ، کۆ،
- **حاصلخیز:** ئادان، بەبرشت، بەبەروبووم، بەپیت، پڕبەروبوو، پڕبەرهەم، پڕ پیت، زەمینی بەبەرەکەت، زەویی بەرپێژەو، ماک، ماکە، نانگر، نانگیر، نەخت،
- **حاصل‌دادن:** ئاکام‌دان، بەردان، بەرهەم‌دان، حاسەت‌دان، حاسڵ‌دان، دەسکەوت‌دان، دەسهات‌دان، هاتنەبەرهەم،
- **حاصلضرب:** ئەنجامی لێکدانی دوویا چەند ژمارە،
- **حاصل‌کردن:** ئاکام‌وەرگرتن، بەدەستهێنان، بەدەسهێنان، بەرگیرخستن، بەرهەمهێنان، بەگیرخستن، بەگیرکەوتن، پەیاکردن، پەیداکردن، پەیذاکەردەی، حاسڵکردن، دەستگیرکردن، کۆکردنەوە، کۆوەکەردەی، گرەوتش، گیرئاوردەی، گیرکەوتەی، گیر هاوردن، گیریایش، گییریەیش،وەدەستهێنان، وەدەس هێنان، وەگیرهاتن، وەگیرهێنان، هەڵکڕاندن، هێنانەگیر،
- **حاصل‌کلام:** بەکورتی، بەکورتی‌وپوختی، پوختەی وتە، پوختەی‌قسە، خولاسەی‌کەلام،
- **حاصل‌مصدر:** بەرچاوگ، وشەیەکە بەچاوگ دادەنرێ بەلام وەک چاوگ بەپێی کات‌وکەس داناڕێژرێ (وەک: وتار، کردار)،
- **حاصله:** بەروبوو، بەرهەم، بەرهەمهاتوو، داهات، دەستکەوت، قازانج، وەدەست هاتوو،

**حاضر:** ١- ئامادە، ئامادەکراو، ئامادەکریاگ، ئاماذە، بندەست، بەدەستەوە، بەدەسەوە، بەردەست، بەرهەڤ، بەرهەم، پوخت، پەرداخ، پەرداخکراو، پەرداغ، تەدارەک، تەیفەز،تەیڤەز،تەیار،چاخ،چک، چێ، حازر، خوەشە، دروست، دەبار، دەردەست، ڕێکوپێک، ساز، سازکراو، سازکری، سازوباز، سەروبەر، سەروبەند، فەراهەم، فەرهەم، قومراخ، کارکری، کەمەربەستە،گەلالە، گیف، گیڤ، ونار، وەخۆ، هێبەر، ٢- ئامادەی حزوور، ئامادەی‌دیدار، ٣- شارنشین، شارەیی، ٤- ئەلحان، ئەوەدەمە، ئەوکاتە، کاتێ‌ئێستا، نهۆ، هەنووکە،

**حاضرالذّهن:** خاوەن‌زەینێکی‌ئامادە، لەسەربیر، لەسەرزەین،

**حاضرباش:** ← آمادەباش،

**حاضربودن:** ئامادەبوون، ئاماذەبوون، بندەست بوون، بەدەستەوەبوون، بەدەسەوەبوون، بەردەستبوون، بەرهەڤبوون، بەرهەمبوون، پەرداخبوون، پەرداغبوون، پێکهاتن، تەدارەکبوون، تەیفەزبوون، تەیڤەزبوون، تەیاربوون، حازربوون، دەباربوون، دەردەستبوون، سازبوون، فەراهەمبوون، فەرهەمبوون، قومراخبوون، کەمەربەستەبوون، گیفبوون، گیڤبوون، لەبەردەستدا بوون، لەحزووربوون، ونازبوو، وەخۆبوون، هێبەربوون،

**حاضرجواب:** ١- ئامادەبۆجوابدانەوە، ئەوەی هەر لەجێ‌جواب دەداتەوە، بۆجواب‌دانەماو، بۆقسە دانەماو، حازرجواب، خێراجوابدەرەوە، قۆشمە، هەمیشە جواب‌پێ، ٢ ← (پالان‌سابیدە) ← پالان،

**حاضرجوابی:** ١- بێبیرکردنەوەجوابدانەوە، حازرجوابی، زووجواب دانەوە، ٢- بذلەگوئی: ئاگر خوەشی، بەگفتولفتی، تەڕدەمی، تەڕزمانی، تەڕزوانی، حەنەکچێتی، خۆشدەڤی، خۆشراوێژی، خۆشزوانی، خۆشزوبانی، زارخۆشی، زمانخۆشی، زمانشیرنی، زمان شیرینی، سیقافی، شەکرلێڤی، شەکرلێوی، شیرنزمانی، شیرینزوانی، شیرنکەلامی، شیرینگوفتاری، قسەخۆشی، قسەڕەنگینی، قسەسەیری، قسەشیرنی، قسەشیرینی، قسەقوتی، کای‌کەردۆخی، گفتو لفت‌خۆشی، لەبلەبانی، مەزەداری، نەقاڵی،

**حاضرشدن:** ١- ئاشکرابوون،ئاشکرابیەی،ئامانەڕوو، ئامانەی وەرواس، بڵاوبوونەوە، بڵاوبوونی‌نهینی، بەدیار کەوتن، بەدی ئامای، بەدیهاتن، بەرچاوکەوتن، بەرکەوتەی، پەیابوون، پەیدابوون، پەیذابیەی، تان دەرکەوتن، چەرمگەوبوون، خرانەڕوو، خۆشاندان، خویابوون، داپلان، درکان، درکای، دەرزکردن، دەرکەتن، دەرکەفتن، دەرکەوتن، دەرەوکەفتن، دیاربوون، دیاردان،دیاردی،دیارەهۆ،دیاریدان، دیاردانی وەشارتی، ڕوونبوونەوە، ڕۆشنبوونەوە، ڕەوشەنبوون، زاهیربوون، زڕان، زڕانی‌ڕاز، زڕیان، زڕیای، زڕین، سوڕدرکان، سووربوونەوە، سووروەبیەی، عەیبوعار وەدەرکەوتن، فارشبوون، ڤەدیارکەتن، ڤێڤرین، لەقاودران، وەدەرکەوتن، وەدیارکەوتن، وەدیهاتن، هاتنەڕوو، هاتنەگۆڕ، ٢- ئامادە بوون، ئامادەیی، پەرداخبوون، تەیاربوون، تەیفەزین، تەیڤەزین، چلیان، حازربوون، خۆئامادەکردن، خۆپەیتکردن، خۆتەیارکردن، خۆخڕدان، خۆخڕهەڵدان، خۆکارکردن، خگورجکردن، خەبابەت، دروستیی‌کردن، دروستیاخۆکردن، رازان، رازیان، رازین، راژان، زیچ، سازبوون، سازبیەی، قۆڵ‌هەڵماڵین، کار دروستاییکردن، کەوتنەخۆ، گورج بوونەوە، گورجوەبیەی، گورجەوبوون، گورجەوبیەی، وەخۆکەوتن، وێ‌گورجکەردێ، هلستن، ٣- بەدیهاتن لەخۆ وە، بەرهەم هاتن، پەیابوون، پەیدابوون، پەیذابیەی، خوڵقان، خوڵقیای، خەلق بوون، ڕەخس، ڕەخسان، ڕەخسای، ڕەخسین، ڕسکان،

**حاضرغایب:** بەسەرکردنەوەی ئەوکەسانەی‌پێویستەلە جێگایەک‌کۆ بنەوە، حازروغایب،

**حاضرغایب‌کردن:** کۆنترۆڵکردنی ئەوانەی هاتوون یا نەهاتوون، بەسەرکردنەوەی ئامادەبوان‌ونەبوانی کەسانی دیاریکراو بۆکاریک،

**حاضرکردن:** ١- آمادەکردن: ئابوور، ئامادەکردن، ئامادەکەردەی، بەرهەڤکرن، پەرداخکردن، پەرداغ کردن، پێکهینان،تەدارەک، تەکووزکردن، تەیارکردن، تەیڤەزاندن، چاخکردن، چلانن، حازرکردن، داگرتن(شەوێ باران دادەگرین‌و بەیانی‌زوو لێدەنێین)، دەبارکرن، سازدان، سازدای، سازکردن، سازکەردەی، سەروبەرکردن، سەروبەند بەستن، سەروبەندگرتن، کارتەواوکردن، کاردروستاییکردن، کاردش، نەریتکردن، کارسازیکردن، ونادرن، وەخۆخستن، هلستاندن، ٢- ئامادەکردن، حازرکردن، هێنانەحزوور، هێنانەخزمەت،

**حاضرکردنی:** ١- ئامادەکردنی، ئی‌ئامادەکردنێ، سازکردنی، ٢- ئی‌لەبەرکردنێ(دەرس‌و...)، بۆ لەبەر کردنێ، لەبەرکردنی،

**حاضروآمادە(حاضروقت،حاضروناظر):** ئامادە، ئاماذە، بەتەواوی ساز، بەدەستەوە، حازروبازر، حازروبزر، حازرووازر، ساز، تەیار، سازوباز،

**حاضری:** ١- ئامادەبوان، ئامادەبوو، بەرەوڕوو، حازری، لەپێشچاو، ٢- ئەوخۆراکەی کوڵینی ناوێ، حازری،

**حاضریراق:** ئامادە، ئاماذە، حازر، حازروبزر، تەیار، گورج، گیف، گیڤ، لەبار، لەسەرپێ،

**حافِد:** ١ ← خادم، ٢ ← نوە،

**حافِر:** ١- پێچلە،پێدار، پێدارینە، سۆلی‌دارین، سەندەڵ، سەنەڵ، سەنەلی، قابقاب، قاپقاپ، قاپقاپۆکە، کەوشەدارینە، کەوشی‌لەدار، گێنۆ، کەوشی‌دارین، ٢ ← سُنب، ٣- هەڵقەن، هەڵکەن،

**حافظ:** ١- ئەوەی‌لەبەرشتی‌دەزانی، لەبەرکەر، ٢- حافزی‌قورئان، قورئان‌لەبەر، ٣ ← حارس،

**حافظـه:** ١- بیـر، بیـرەوەری، زەیـن، شـتلـەبیرمانـەوە، هـۆش، هێزیوەبیرهاتنەوە، یاد، یادگە، یاو، یای، ٢- ئامێری لەخۆدا ڕاگرتنی زانیـاریو وێنـەو...، پاشـەکـەوت کـەری کـامپیۆتێر، ٣- توانـای لەیاددامانەوە،

**حافی:** بێپێڵاو، پاپەتی، پاوروا، پاوریای، پاوریایی،پرنسی، پێخاس، پێخاوس، پێخواس، پێڕووت،

**حاق:** ١- ڕاستەقینەیشتێک، ڕاستییبابەت، ٢- ناوەڕاستیشتێک، ناوەندیشتێک،

**حاقد:** ← بداندیش،

**حـاکم:** ١- ئاغـا، ئـەمیـر، بـەخـشدار، پارێزگـار، توژمـاڵ، تووشـماڵ، چەترمان، حاکم، خاوەن دەستەڵات، خاوەنفرمان، خشەنیتە، خواجا، خواجـە، خوونکار، دەستەڵات دار، دەسـەڵاتـدار، دونـدار، دەوڵـەتگێـڕ، دیوانـدڕ، ڕاژوور، ڕەئـیس، سـالار، سـەردار، سـەرکـردە، سـەرگـەورە، سـەرۆک، سـەرەک، سـەروەر، فـەرمـانبین، فـەرمـانـدار، فـەرمانـدە، فەرماندەر، فەرمان ڕەوا، قایممەقام، قۆڵەمیر، کاربڕ، کەیخودا، گەورە، مازن، مەزن، مەزند، میر، یەکمان، ٢- قاضی: حاکم، دادوەر، قازی،

**حـاکمبـودن:** ١- بـەدەسـتەڵاتبـوون، چیـرەبـوون، زاڵبـوون، ٢- حاکمبوون، فەرمانڕەوابوون، میربوون،

**حاکمشرع:** حاکمشەرع، دادوەریشەریعەت،

**حاکممطلق:** بکوژوبڕ، دەستەڵاتداریبێبەرهەڵست،

**حـاکمنـشین:** حاکمنـشین، شاریحـاکملێدانیـشتوو، شـاری شـوێنی حاکم،

**حاکمه:** ئەوانەی حوکمدەکەن، حوکمکەران،

**حاکمیت:** ١- چـەڤانـدن، حـوکم، دەستڕۆیـشتن، دەستڕۆیـشتوویی، دەسـتڕۆیین، دەسـتەڵات، دەسـتەڵات داری، ڕاژووریـتـی، زاڵبـوون، زاڵبیـەی، زاڵـی، فـەرمـان ڕەوایـی، میرایـەتـی، ٢- حکومـەت، کـاری دەوڵەت بۆ سەپاندنی دەستەڵاتو یاسا لە وڵاتدا،

**حاکمیتملّی:** دەستەڵاتدارییەتەوەیی، فەرمانڕەواییەتەوەیی،

**حاکی:** ١- باسکەر، بەیانکەر، حەکایەتخوان، گێڕەرەوە، گێڕەوە، ٢- چیرۆکبێژ، حیکایەتگێڕەوە، ٣- ڕاگەیەنەر، ڕاگەیێنە، نیساندەر،

**حـاکیمـاوراء:** هـەرچـیشـتی دیکـەی لـەپـشتیڕا دیـار بـێ وەک شووشەو...،

**حالّ:** جێگر، خۆتێداجێکەرەوە،

**حال:** ١ ← حالا، ٢ ← حوصله، ٣- بار، بارودۆخ، باریژیان، تووز، چلۆنایـەتـی، چلۆنـەتـی، چۆنـاوچۆنی، چۆنایـەتـی، چۆنـەتـی، چۆنیـەت، چۆنیەتی، چەینەوچەینی، چەینیەتی، حاڵ، حاڵەت، دۆخ، دۆن، ڕێگا، شـێوە، وەزع، کـەیـف، لـۆر، مـەرە، مـەرەد، وەزع، هـاڵ، هالـەت، ٤- پاشـایەتـی، تـووکرووونی، خۆشـڕابواردن، خۆشـگوزەرانـی، خۆشـی، سـەرخۆشـی، سـەرمـەسـتی، فرهـەی، عـەیـش، کـەیـف، کـەیفسازی، کەیفکردن، کێفکردن،

**- ازحالبگردانیدن:** بارەوبارپێکردن، بارەوبارکردن، بارەبارپێکردن، گۆهارتن، گۆڕین،

**- تابەحال:** تائێستا، تائیستە، تائێستەکانێ، تائێستێ، تائیسە، تایسە، هەتانوها، هەتا نهۆ،

**- حالآمدن:** ئامایوەحاڵ، ئامایوەهۆش، ئامەیوەپوێرە، ئەوەژیوای، بووژانەوە، ژووژانەوە، ژیانەوە، ژینەوە، قەڵەوبوونەوە، گۆشتگرتنەوە، هاتنەوەحاڵ، هاتنەوەسەر حاڵ، هاتنەوەسەرەخۆ، هاتنەوەهۆش، وەهۆشهاتنەوە،

**- حالآنکه:** ← (اگرچه) ← اگر،

**- حـالآوردن:** بووژاندنـەوە، ژیاندنـەوە، قـەڵـەوکردنـەوە، کـەیـفساز کردن، هێنانەوەسەرحاڵ، هێنانەوەسەرەخۆ،

**- حالبەحالگردیدن:** ← حالبەحالشدن،

**- حـالبـەحـالشـدن:** تێکچـوون، تێکـشیەی، حـاڵ گـۆڕان، لەحاڵێکەوەبۆحاڵێکیدیکە چوون، ناڕەحەتبوون، گۆڕان، واریای،

**- حـالبهمخـوردن:** ١- تێکچـوون، تێکـشیەی، حـاڵتێکچـوون، حاڵوویۆیتێکشیەی، کەیفتێکچوون، ناڕەحەتبوون، ٢- بیهۆشبوون، لەهۆشخۆچوون، ٣-ئەڕشانەوە، ئیستیفراق، ئێقکردن، ئێقهاتنەوە، بۆغ کردن، حـوقکردن، حـەیـزە، خێسانەوە، خێورانـەوە، دڵبـەیـەکاهـاتن، دڵپێکاهـاتن، دڵتێکـەڵهـاتن، دڵتێکهـەڵاتـن، دڵدەخێڵـەکـەوەهـاتن، دڵدەخێڵەوەهاتن، دڵڕابوون، دڵڕابین، دلغەلینەک، دڵکەفکردن، دڵ لـەخێڵـەوەهـاتن، دڵلـەژێڵڵاهـاتن، دڵهـۆروەئـەمـای، دڵ هـەڵاتـن، دڵهەڵچوون، دڵهەڵشێوان، دڵهەڵشێوانەوە، دڵهەڵشێویان، دڵیۆرەلوای، ڕتک، ڕشانەوە، ڕشیایۆ، ڕەشەڕشاوە، زێڵۆشێویای، فرتک، ڤەڕشین، ڤـەڕەشـان، ڤـەڕەشـیان، قرتـک، قـەس، قـەسـیان، قـەسـیو، قـەی، قـەیـووکردن، نـشر، نشراندن،نـشرین،وەڕشـان، وەڕشـیان، وەڕشـین، هۆرئاوەردەی، هۆر شێویای، هۆروەئاوەردەی، هۆق، هۆڵنج، هۆڵونج، هـەراژ، هـەراش، هـەڵاوردن، هـەڵـشێوان، هـەڵـشێویان، هـەڵـنج، هەڵۆهاوردن، هەڵهاوردن، هەڵهاوردنەوە، هەڵەوهاوردن، هەڵێنج، هێق، هێڵنج، هێڵنجدان، هێڵنج دای، هێنانەوە، یەق، یەقکردنەوە، یێقکردنـەوە، ٤- بێزلـێهاتنـەوە، بێزلـێ هـەسـتان، دڵلـێتێکچـوون، زێڵشێویەیوەچنەی، قێزلێ شێویانەوە، قێزلێهاتنەوە،

**- حالبەحالگردیدن:** ← حالبەحالشدن،

**- حالبەحالگشتن:** ← حالبەحالشدن،

**- حالحاضر:** ← حالا،

**- حالداشتن:** ١ ← حوصلەداشتن، ٢- بەکەیفبوون، ئەوەگەشیای، ئەوەگەشیەی، گەشانەوە، گەشینەوە، بەدەماغ بوون، لەسەرزەوق بوون، ٣- ئـەوەگـەشیـەی، خـەنـیبـوون، خـەڕۆبـوون، دڵکرانـەوە، شـادبوون، شـادبیەی، کـەیفخۆشـبوون، گـەشـانەوە، گـەشـبوونەوە، گـەشـەکـردن، گەشیانەوە، گەشینەوە،

**- حالشراداشتن:** حەوسەلەی...هەبوون، لەسەروازبوون، وازلێبوون،

**- حالکردن:** خۆشیکردن، کەیفکردن، هالەوکردن،

**- حـالکـسیراپرسیدن:** حـاڵپرسـین، حـاڵیکـەسـێک پرسـین، لەحاڵیکەسێپرسین، هەواڵی کەسێپرسین،

**- حالکسیراجاآوردن:** ئازاردان، ئازاردای، ئاقڵ کردن، ئەدەبکردن، بـەخزمـەتگەیـشتن، بەسزاگەیاندن، بیرازکردن، بیسکانی، پرزەبڕین، تڕاندن، تـەربیـەتکردن، تـەمبـێ، تـەمبێکردن، تـەمـێ، تـەمێکـردن، تەنبێ، تەنبێکردن، خەمخواردن، خەملێخواردن، سزادان، سزادای، عاربـەیـەکێـکنـان، عازابـدان، عـازاودان، عـەدەبکـردن، عـەزیـەتـدان، گوێبادان، گوێ کێشان، گاوەسەرکردن، گوێڕاکێشان، گەهراندن، لووتشکاندن، لووتشکانن، مشوورخواردن، مشوور لێ خواردن،

**- حالکسیجاآمدن:** حاڵی کەسێهاتنەوە سەرخۆ، هاتنەوەسەرەخۆ، وەهۆشهاتنەوە،

**- حالکسیسرجاآمدن:** ← (- حالکسیجاآمدن) ← حال،

**- حالگردان:** ١- حاڵگۆڕ، ٢ ← خدا،

**- حالگرفتن:** بێزارکردن، تەنگەگرتن، جاڕزکردن، جاڕسکردن، حاڵگرتن، سەرلێسەندن، وەڕەسکردن،

**- حالگیر:** بارهنگڤ، بارهنگێڤ، بێتام، بێمەزە،

**- حـالنداشـتن:** بێئـارامبوون، بێتاقـەتبـوون، بێحـەوسـەلـەبـوون، بێلەشبوون، تاقەتچوون، تاقەتشیەی، تالێهاتن، حەوسەلەلوای، سەخڵەتبوون، سەخڵەتی، لەسەرخۆنەبوون،

**- حالواحوال:** حاڵ، حاڵوئەحواڵ،

**- حالوحوصله:** تاقـەت، حـاڵوحـەوسـەلـە، حـەوسـەلـە، دەسودڵ، دەماغ، زەوق، گوردوهۆگر، واز،

**- حالوروز:** بارودۆخ، ڕۆژگار، ۆژوڕۆژگار، حاڵوڕۆژ،

**- حال‌وهوا:** ١- بار، بارودۆخی‌کەسی(امروز در چه حال‌وهوائی هستی؟ - فدک)، ٢- ڕەنگ‌وبۆ، ڕنگ‌وڕوو (شهر حال‌و هوای روزهای عید را داشت - فدک)،

**- درحال:** ← (بیدرنگ) ← بی،

**- درحال‌حاضر:** ← حالا،

**- درحالیکه:** جاوەختەنە، حاڵێونە، ژڤێگاڤێدا، لەکاتێدا، لەکاتیکدا، لەکاتێکداکە، لەوئانەدا، لەوحانەدا، لەودەمەیداکە، لەوکاتەدا،

**- درهرحال:** بەهەرجۆر، بەهەرحاڵ، هەرچۆنێ‌بێ، هەرچۆنێک‌بێ، هەرچۆنێک‌بێت، هەرچێوبۆ،

**حالا:** ئائێستا، ئائێستە، ئایسە، ئالەم‌هەلەدا، ئەلحان، ئەمسا، ئەمێسا، ئەمێستا، ئەمێستاکە، ئەمێستاکێ، ئەمێستە، ئەمێستەکانێ، ئەمێستەکە، ئەمێستەکێ، ئەو دەمە، ئەودەمەی‌تێیداین، ئەوێستاکە، ئیرەنگە، ئێس، ئیسا، ئیساکە، ئیساکێ، ئێستا، ئێستاکانێ، ئێستاکوونێ، ئێستا کە، ئێستاکێ، ئیستە، ئێستە، ئێستەکە، ئێستەکانێ، ئێستەکوونێ، ئێستەکێ، ئیستێ، ئێستێکانێ، ئیسە، ئێسە، ئیگلە، تازە، تازەکۆکە، حاڵی‌حازر، دەسبەجێ، عەلعان، ڤێگا، ڤێگاڤێ، ڤیگاڤێ، ڤێگاوی، کانی، گامو سەعەتی، گوژ، لەئێستەدا، لەجێ، نارا، نانکا، نکاین، نۆکا، نۆکە، نووکە، نوە، نوها، نوهۆ،نها، نەقۆ، نەکای، نهۆ، نەوکە، نەوە، نەها، نهە، نەهە، وێستا، ویستا، وێستان، وێسە، ها، هالی‌هاور، هەرئێستا،هەرئێستاکێ، هەرئیستە، هەرئێستێ، هەرلەجێ، هەرنهۆ، هەمانهۆ، هەنگا، هەنگاڤێ، هەنگاوێ، هەنووکە، هەنهۆ، هەنهە، هەوکە، هێستا، هێستاکانێ، هێستاکوونێ، هێستاکینێ، هینگا، یەمە،

**حالات:** ١- ئەوزاع، چۆنیەتیەکان، ٢- ڕووداوەکان،

**حالاحالا:** ← حالاحالاها،

**حالاحالاها:** بەمزوانە، بەوزوانە، جارێ، جارێکان، جارێو، جاریە، هالەکوێ، هەڵەی، هێشتا، هێما،

**حالِب:** چووچ، میزەڕۆ، ڕەگی میزپێداهاتن،

**حالت:** ١ ← حال(٣)، ٢- بیرەهۆش، دەبیرەهۆش ڕاچوون، زیندەخەو، ٣- غش‌ازشادی: شاگەشکە، ٥ ← حال‌داشتن، ٦- حالت‌نزع: ئاوزینگ، ئاویلکەدان، چەناگە کوتان، چەناگەکوتێ، چەنەگە هەڵتەکاندن، دواهەناسە،دەمەداچەقە، دەمە داچەقێ، دەمی ئاویلکەدان، دەمی‌ڕوحدەرچوون،دەمی‌مەرگ، دوا گیان، زارداچەقاندن، سەرەمەرگ، غەرغەرە، کاتی‌هەجەل، گیان کەنشت، گیانەڵآ، گیانەلاو، گیانەلاو، گیانەڵڵآ، نختکاپەیەنی، نوقتکا پەیەنی، هەوزینگ، ٧- خۆشی، سەرخۆشی، سەرمەستی، ٨- چۆنیەتی باری‌ڕووحی، دۆخ(دیروز حالت گرفتەای داشت - فدک)، لۆر، ٩- ئاستیان دۆخی‌فیزیکی، دۆخ (حالت جامد، مایع، گاز و...)، لۆر، لەون،

**حالِق:** دەرمانی‌تووک‌لابەر،

**حالی:** ١ ← آراستە، ٢ ← آنگاە، ٣ ← کنونی، ٤- ملتفت: ئەنەیاوا، تێگەیشتوو، حاڵی، فامیدە، فامیە، هاڵی، ٥- همینکە: کە، هەرکە، هەوکوو، هەمما،

**حالیا:** ← حالا،

**حالی‌بەحالی‌گشتن:** ← حال‌بەحال‌شدن،

**حالی‌بەحالی‌گردیدن:** ← حال‌بەحال‌شدن،

**حالی‌بەحالی‌گشتن:** ← حال‌بەحال‌شدن،

**حالی‌شدن:** ئی‌دیم‌وئەودیم‌بیەی، حاڵ گۆڕان،

**حالی‌شدن:** ئاڤسین، ئاوزان، ئاوزیان، ئاوزین، ئەنەیاونای، ئەنەیاوەی، بەرخواردن، پەیبردن، تێگەشتن، تێگەهشتن، تێگەیشتن، تێگەین، تێگەیین، حاڵیبوون، زانین، سەروەدەرکردن(لەمکارە سەرودەر ناکەم)، سەرودەرووکردن، سەرەدەرەدەرکردن، فاماندن، فامکردن، فامین، فەهمکردن، فێربنوون، دەرک‌کردن، مسایش، مسایە،

**حالی‌کردن:** ئەنەیاونای، پێفاماندن، تێگەیاندن، حاڵیکردن، دان‌سەحکرن، زاناندن،فاماندن، ڤەپێچرین، ڤەوەراندن، گەشتاندن، لەبنی‌کوولەکەدان، نیشاندان، نیشاندای،

**حامِد:** سپاسکار، ستایشکار،

**حامِل:** ١ ← حاملە، ٢- ئەووەوار، داگرتەک، ڕاگوێزەر، گوێزەرەوە، هۆرگیر، هەڵگر، ٣ ← انگیز،

**حامل‌رأس‌الغول:** ← پرسیاوش،

**حاملگی:** ئاڤسی، ئاوسی، بارداری،بەتۆلی، بەتێشتی، بەچشتی، پسداری، تلداری، تۆلداری، حاملەیی، حامیلەیی، دووگیانی، دووەگیانی، زکپڕی، زگداری، سکپڕی، سکداری، هاوسی، نێوەشەی، نێوەشەی عەیلەی، یاوسی،

**حاملە:** ئاڤز، ئاڤس، ئاوس، ئاوسە، باردار، بەتۆل، بەتێشت، بەچشت، بەزگ، پسدار، تلدار، تۆلاوتۆل، تۆلدار، تۆل‌لەسەرلێوان، تینگاوتینگهاتوو، حاملە، حامیلە، دڤەگیان، دووگیان، دووەگیان، زکپڕ، زگدار، زگ‌هەبوو، سکپڕ، سکدار، لەمپەڕ، نێوەشاگەدێ، هاوس، هەمل، هەمیلا، یاوس،

**- حاملەازتماس‌بدون‌دخول:** ئیشکاوس، حشکاوس، کچێک بە ڕێخستن ئاوسبووبێ،

**حاملەشدن:** ئاڤسین، ئاوسبوون، بسەخلبوون، تۆل پڕبوون، حامیلەبوون، زگپڕبوون، سکپڕبوون، منداڵ وەزگی کەوتن، هەڵژەڤین، یاوسبوون،

**حاملەکردن:** ئاڤساندن، ئاوسکردن، تۆل‌پڕکردن، حامیلەکردن، زگ‌پڕکردن، سکپڕکردن، منداڵ‌وەزگی خستن، یاوسکردن،

**حامی:** ١ ← حافظ(٣)، ٢ ← پشتیبان(١)،

**حانوت:** ١ ← کلبە، ٢ ← مغازە، ٣ ← میکدە،

**حاوی:** تێدا، دەنێودا، داگر، داگیر، دەخۆدا جێکەرەوە، دەنێوخۆگر، لەناودا، وەبەرخۆدەر، هەڤبەر، هەڵگر،

**حایر:** حەبەساو، سەرسام، سەرسووڕماو، واق‌وڕماو،

**حایز:** ١- پێکهێنەر، کۆکەرەوە، ودەستهێنەر، ٢- بەدەستەوە، خاوەن، خودان، دارا، داگر، وەبەرخۆدەر،

**حایزاکثریت:** خاوەنی‌زۆربەیی، خاوەنی‌زۆرینە، زۆرینەبەدەست، زۆرینەبەدەستەوە،

**حایض:** بێنوێژ، پۆنی، ژنی‌لەحەیزدا، مەهک، ناخاوین،

**حایضە:** بێنوێژ، پۆنی، ژنی‌لەحەیزدا، مەهک، ناخاوین،

**حایط:** دیوار، حەسار،

**حایک:** ← جولا،

**حایل:** بەربەست، بەربڕ، بەربن، بەرپەرچ، بەرپەرچە، بەرزڤک(چوبی)، بەرزەفت، بەرگر، بەرگڕ، بەرگیل، بەرگێو، بەرهەڵست، بەست، بەند، پەرچین، پەرژین، پەکخەر، پێش‌پێگر، پیێشگر، تەگەرە، جڵەوگر، جڵەوگیر، جڵەوگیرە، جیاکەرەوە، جوێکەرەوە، خەش، دارەست، ڕتم، سەد، سرتی، سفک، ڤۆرت، ڤەید، ڤەیدی، ڤەی، کۆرت، کۆسپ، کەسپ، کەندکۆسپ، گرفت، گرێ، گەپل، گیر، گێرەوە، لەغ، لەمپەر، مانح، مانح، مانیع، نەهیز، نەهێڵ، نێوانکەر، وەرگر، وەند، وەنگە،

**حایل‌شدن:** پێش‌بەوێک‌کەوتنی دوو شت‌گرتن، کەوتنەنێوان، لێک‌جیاکردنەوە، نێوانکردن،

**حایل‌گردیدن:** ← حایل‌شدن،

**حایل‌گشتن:** ← حایل‌شدن،

**حَبّ:** ١- حەب، گزمووڵەدەرمان، ٢- حەب، دەنک، شتی بچووکی نیزیک بەئەندازەی دەنکەنۆکێک،

**حُبّ:** ئەڤین، حەباندن، خۆش‌گەرەکبوون، خۆشویستن، وەش‌سیای،

**- حُبّجاه:** ئەڤینی پلەوپایە، پلەپەرستی، گەورەییپەرستی،

**- حُبّمال:** پارەپەرستی، سامانپەرستی، ماڵدۆستی،

**- حُبّمقام:** ← حُبّجاه،

**- حُبّوطن:** نیشتمانپەرستی، نیشتمانپەروەری،

**حَبائل:** ئاژاڵ، ئاژەڵان،

**حُباب:** ١- بقلیقۆک، بکلیقۆک، بڵق، بلۆق، بۆفرە، بۆقژە، بەقبەقۆک، پۆقژە، پەقپەقۆک، پەقژ، پەقیژۆک، پەقویشک، پەقیشک، تۆقلە، تەقلە، چووزرکە، زەنگولۆک، قڵپ، قەپووچکە، گڵۆپە، گومزە، گۆمەز، گومەزە، هەک، هەگ، ٢- ڕووپۆشیچرا لەشووشە یا بللوور، قاربووز، قارپۆز، قەربووز، گوێزوو، گوێزە،

**حبابچە:** بڵقەک، بڵقیژە، بڵقیلە، پەقژک، تۆقلەک، تەقلۆکە، خانەی بچووک، گڵۆبچە، گومەزەک، گومەزەل، گۆیژە،

**حبابدادن:** بڵقاندن، بڵقدان، بەڵقاندن،

**حبابک:** ١ ← حبابچە، ٢- هەریەکلەکیسەوردەکانی نێوسیی بڕبڕەدارن،

**حبابوار:** بڵقئاسا، وەکبڵق،

**حَبّات:** کۆی(حبّە) ← حبّە،

**حُباحِب:** ← کرمشبتاب،

**حُباریٰ:** ← هوبرە،

